# خەوی پساوەی قەندیل



دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی

زنجیرەی ڕۆشنبیری

*

**خاوەنی ئیمتیاز: شەوکەت شێخ یەزدین**

**سەرنووسیار: بەدران ئەحمەد حەبیب**

* * *

ناوونیشان:

دەزگای چاپ و بڵاوکردنەوەی ئاراس، شەقامی گوڵان، هەولێر

# خەوی پساوەی قەندیل

## کەریم کاکە



ناوی کتێب: خەوی پساوەی قەندیل – ڕۆمان
نووسینی: کەریم کاکە
بڵاوکراوەی ئاراس– ژمارە: ٧٩٩
هەڵەگری: شێرزاد فەقێ ئیسماعیل
دەرهێنانی هونەریی ناوەوە: ئاراس ئەکرەم
بەرگ: مریەم موتەقییان
چاپی یەکەم، هەولێر ٢٠٠٨
لە بەڕێوەبەرایەتیی گشتیی کتێبخانە گشتییەکان لە هەولێر ژمارە ١٦٧٢ی ساڵی ٢٠٠٨ی دراوەتێ

لەسەر پایەی حەفتەمی پەیژەی ماچ، ماچم دەچنییەوە، ماچێ کە هەرگیز لە چێوەی ئاگایی ناگیرێ، نازانم نە هەڵگەڕان دایدەگرتم نە داگەڕان هەڵی گرتبووم.. هێندەم لە بیرە ڕاپەڕینێ ڕاپەڕیم، نە هیچ ئەسپێ وا ڕاپەڕیوە نە هیچ میللەتێ، ڕێک چۆلەکەیێ بووم خۆم لە ئاقاری پشیلەدا دیتەوە، مەزەندە دەکەم لە ڕیزی ڕاچڵەکینە ئەفسانەییەکان، ڕاچڵەکینەکەی من جێگەیەک بگرێ..

«رابە حەفت خولەک لە ئێشکگرییەکەت ماوە ئەوەی دوای خۆت بە ئاگا بێنە»

ئەوە دەنگی ئەو پیاوە بوو، کەس کەس نایناسێ، من نزیکەی هەزار و یەک شەو هاموشۆم کرد هێندەی چاکوچۆنییەکی سەرپێییش نەمناسی، بە ناوەکەی ئاشنا بووم و بەس..

«خارە خولە!» بە هەر نشێوییەک نشێو دەبییەوە شوێنپێی ئەو پیاوە دیارە، چاو لە هەر هەورازەیەک دەبڕی جێ پەنجەی ئەو پیاوەی پێوەیە، بەڵام نیشانە و هێمای ئاڵۆز و نەکراوەن.. من هیچم لەو هێمایانە هەڵنەکراند، ئەوە نەبێ، پێ ناچێ ئەو پیاوە بۆ تامی ئەفسانەش خزمایەتیی لەگەڵ ئەفسانەکانی دی هەبێ، بە





ئەفسانەبوونی ئەو پیاوە لە سادەییەوەیە، ڕەنگە لە سادەییەوە هاتبێت، لەوەوە هاتووە کە هێند لە ناو چاوانە، هێند لە ناو دڵانە، بە هیچ چاوێ نابینرێ، منداڵەکانیشی هەر هێندەی منی لە بارەوە دەزانن... لە کتێبەکەی (نوح)، پیاوێ لە دواوەی کەشتییەکە سوار بووە هێند لەو خارەیە دەکات، پڕ لە لافاوی گومانی کردووم، شەپۆلەکانی دڵنیام دەکەنەوە کە ڕێک هەوە، لە کتێبی (قەرات) وێنەی کابرایەک هەیە کە لە نزیک گوندی کونەگورگ شەڕی ئەسحابان دەکات هەر زۆر بەو دەچێت... پیرێکی بنارنشینی دەیگۆ:

«وابزانم هەر ئەو پیاوە بوو دوو سێ جار سمکۆی شکاکی لە مردن ڕزگار کرد..»

کەرەتێ حەفت پرسیارم لێی کرد وەڵامی یەکیانی دایەوە و هۆشدارییەکی توندیشی دامێ کە ببڕای ببڕ پرسیاری لێ نەکەم، ئیدی وەک ئەوەی خزمی خواوەند بێت دەرگای پرسیاری بە توندی داخست.. هەر هێندەی گوت:

«ئەگەر بمزانیبا ناوی ئێشکگرەکەی دوای تۆ بخوێنمەوە، لە پەیژەی ماچم نەدەکردی»

ئەو وەڵامە هەر بە جارێ تۆقاندمی، هەستم کرد داوم بە داوی پەیامبەرێکەوە بووە.. ئەوە دوا جار بوو، ناوی من لە ئێشکگریی لە دوای ناوی خارە خولەوە بێت، ئەوە دوا جار بوو، ئەو پیاوە من بە ئاگا بێنێت، لە وێوە تا ئێرە و لە هەموو ساتە ترساوەکان، کە بە نیازی خەون خەو دەمباتەوە، دوعا دەکەم ئەو پیاوە خەبەرم بکاتەوە.

گوێم لە دەنگی پیاوێکە، هێشتا نازانم نە خەونە نە وڕێنە، ڕەنگە هیچیان نەبێ، پیاوێک بە دەنگی نووساوەوە دەڵێ:

«دەمەوێ لە دەرەوەی چیرۆکەوە چیرۆکی خەوی چیایی بگێڕمەوە، لە دەرەوەی خەویشەوە پیاسەیەک بکەم بە بزنەڕێی هەوڵدان بۆ نووسینەوەی خەوی چیرۆکی گۆرانییەکان، یەکە یەکەی گۆرانییەکان، گۆرانیی جەنگاوەران، تا پێشم بکرێ خۆم لە ناوهێنانی پیاوەکە دوور دەگرم بۆ ئەوەی چیرۆکەکەم داگیر نەکات..»

***

ئەفسانە کوا جمکانەی تیرو کەوانە!

نا سەر بە بەرەی تفەنگیش نییە

ئەفسانە نە زادەی لە گۆڕ هەستانەوەیە

نە بە ئاقاری شەڕیشدا پیاسەیەکی کردووە..

ئەفسانە حیلەی بەجێماوی ئەسپە

جریوەی بەجێماوی چۆلەکەیە

تەنها لە بێخەوییەوە دێ

لە بێخەوییەوە دەحیلێنێ، دەجریوێنێ..

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***

چیایەک هەبوو (قەندیل) یان دەگوتێ، ئەو قەندیلە زۆر لە دێرزەمانەوە ڕێکەوتنامەیەکی نهێنیی لەگەڵ هەوری ئاسمانان مۆرکردبوو، دەبوایە هەتا قەندیل قەندیلە حەفتیەکی بەفری هەوران بۆ وی بێ، ئەگەر نا ئاسمان دەکاتە ئاگر و هەرچی هەورە گڕ تێبەردەدا، لاپەڕەکانی بەفری قەندیلێ زۆرن و هەڵنادرێنەوە، ژمارەیان پترە لە لاپەڕەی هەموو ئەفسانە و ئاینەکان، دەڵێن چی وای لە کچە جوانەمەرگەکانی حەوا کەمتر نییە، لە ژنە کۆچەرییەکم بیست، قسەی من نەبێ، زۆر لەو لاپەڕانە پەنجە مۆری خارە خولەیان پێوەیە، من کە وەک بزنێکی هەڵاتوو بە پێڵاوی دڕاوەوە بە قەندیلێدا هەڵدەزنام، دوا شەوی مانگێ بوو، مانگی ساڵێک لەو ساڵانەی لە ڕۆژژمێری خوداوەندا سڕابوونەوە. ئەو شەوە هەر ئەو شەوە بوو کە برایمی مەلا زێندینان لە ڕێ بوو، ئەو برایمەی بۆ هەتایە بووە درەختی بەفر و چوار وەرزە کلوە دەگرێ و بەردارترین درەختە... وەک ئەوەی لەوەرەکەی خۆش بێت، مامەوە، نازانم چەند لەوێ مامەوە، هێندەم لە بیرە لاپەڕەیەکیدیش هاتە سەر لاپەڕەکانیدی، شەوانە برایم دەستەکانی خۆی بە من گەرمدەکردەوە، من لەوێ شێتبوونی چیام دیت و ئاشنای بووم، خەڵکی قەندیل دیتی بەو شێتبوونەیان دەگوت زریان، دەیانگوت:

«ئاگاداربن شێتیی چیا مرۆڤیش دەگرێتەوە..»





درەنگ تێگەیشتم و زوو گرتمییەوە.. زریان لە دایکم میهرەبانتر داپۆشیم، چ بەختەوەرییە نوستن لە شێتبووندا، نوستم، ئێستاش وا دەزانم لە باخەڵی کچە ڕەوەندییان نوستم.... کچە دارخورماییەک پێدەچوو جادووی هەور لە بەسراوە گەیاندبێتییە قەندیلێ و بە بەرەوەو لە گوێز بە تامتر ڕواندبێتییەوە، ئەو کچە ناوی خۆی و چەند ناوی دیشی هەبوو، وەلێ من هەر بە فاتیمە گازم دەکرد، بۆیە ئێستاش ناوەکانی دیکەی فاتیمەم بیر ناکەونەوە، دەیگوت (فاتیمە) بۆ؟ وەڵامی پرسیاری وا لە تێگەیشتنی دارخورما سەختتر بوو، ئاخر لە مەستی چاودا کچە شیعرییەکەی هەردی بوو، لە نەرمونیانی ژنە ئاینییەکەی ئیمامی عەلی، لە زۆر شتی دیش زۆر فاتیمەی دی...

فاتیمە ساتێ بە ئاگای هێنامەوە، لە بازنەی ئاگر خەریکی پیاسەی خولانەوە بووم.. لەوێوە دەنگێ لەسەر ڕیتمی بەفربارین دەیگۆ:

«بەخێر بێن بۆ بەهەشت...».

لەوێدا زۆر چاوم بۆ ژن گێڕا، هەر پیاو بوو لە ئاگردا دەخولانەوە، دەمویست بپرسم بەهەشت و ئاگریان گگگ... فاتیمە دەستی نەگرتبام تا ئێستاش بەردە سەهۆڵێ دەبووم بە جەستەی قەندیلەوە، بە دنکە قەسپێ کە هەر لە هی سۆفیی لە خوا فەنابوو دەچوو، منی بە ژیان ئاشنا کردەوە، ئیدی لەوێوە لەو دوورەوە بەسرام بە خورماوە لە باوەش گرت، لە باوەشگرتنێ خواوەند هیچ پەیامبەرێکی خۆی بەو توندییە لە باوەش نەگرتووە.. زریان تەواو شەکەت ببوو، بە نابەدڵی بەرۆکی قەندیلی بەردا، دیتم بەدیوێکدا ئاودیو بوو، خواوەندە بەسراییەکەش لە ئاوڕدانەوە قەسپییەکانی کە لە پێش منەوە دەڕۆیشت، هەستی پێ کردبوو کەم کەم شێتیم لێ دەڕەوییەوە، ئەو ساتانە من لە بیرم چوو بوو یان هەر نەمدەزانی چەند ڕۆیشتووین و بۆ کوێ ڕۆیشتووین و بۆ کوێ دەڕۆین، هێندەم دەزانی ڕۆیشتن ئەرکێکی قەندیلییە و دەبێت بەجێی بێنین.. بەدەم ڕۆیشتنەوە و لەسەر ڕیتمی بەفر شکاندن، ئەو سەرهاتانەی بۆ دەخوێندمەوە کە لەسەر ڕێچکە ئەفسانەییەکانی قەندیل و لەو بۆشاییەی دەکەوێتە نێوان بەفرو تاشەبەرد، تۆماری کردبوون، فاتیمە چاوی لە خارە خولەش تیژتر بوو، پیتی سڕاوەشی دەخوێندەوە.. لە کچی دارخورماییەوە من

سەرهاتی کۆڵەپشتەکەم بیست، ئەو کۆڵەپشتەی دەڵێن ئیستاش نەکراوەتەوە، فاتیمە هەبوو نەبووی نەبوو، لە دەسپێکی گێڕانەوەی هەر چیرۆکێ دەیگۆ:

«ئەو قەسپەی تۆ دەیخۆیت ناوکەکەی لە کنە منە، ئەو قەسپەی من دەیخۆم ناوکەکەی لە کنە وییە...»

ئەو (وی) یە گرێیەک بوو لەسەر دڵان و نەیدەکردەوە.

«ئێستاش کۆڵەپشتەکە بە پشتی کوڕێکەوەیە ناوی کاوەیە، بۆ جیاکردنەوە لە هەموو کاوەکانی دی بە حەرامزادەکانیشەوە، چاوی خۆی شین کرد، ئەو کاوە چاوشینە شەوێک تووشی بە تووشی ئەفسانەیەک دەبێت، ئەفسانە پێی گوتبوو:

ئەگەر نیازی یاخیبوونت هەیە، دەبێت لە سەرەتاوە لە باوکت یاخی بیت.

ئەویش حەزی یاخیبوونی لەسەر دەرژا، چووە ئەزموونی یاخیگەرییەوە، هەرچی دەکرد باوکی پێی پێدەکەنی و لە ئەزموونەکە دەرنەدەچوو، دوای چەند خۆ جەرپاندنێک هات ناوی خۆی گۆڕی و کردییە کاوە، لەوەوە باوکە لە جیاتی پێکەنین دەموچاوی گرژ بوو، ئیدی کاوە لە ئەزموونی یاخیگەرێتی بە نمرەی باش دەرچوو.. ئیدی لە کۆلان، گەڕەک، شار، دەوڵەت.. یاخی بوو...

فاتیمە لە ڕاستە ڕێیە کورتەکان، ڕستەکانی درێژتر دەکردەوە:

ئەو زستانەی قەندیل پشتئاشانی بوو، کاوە بە نهێنی مێژووی ئەو چەند شەوە زستانییەی پشتئاشانی خستە کۆڵەپشتەکەیەوە و ملی ڕێیەکی گرت کە من و تۆ وا پێیدا دەڕۆین، زۆر کەس بە منیشەوە /فاتیمە دەیگۆ/ هەوڵی دزینی کۆڵە پشتەکەیان داوە، بەڵام وەها بە پشتییەوە نووساوە مەپرسە، مەگەر جادوویەک لێی بکاتەوە، ئەویش زەحمەتە، بیستوومە دەڵێن ئەگەر ڕێکەوتننامەکەی نێوان قەندیل و هەور هەرەس بێنێ، ئەو دەمانێ ڕەنگە پشتئاشان و پشتی ئەو جەنگاوەرە دەسبەرداری یەکتر بن، تۆ بزانە لە بارەی پشتئاشانەوە کە زۆر نهێنیی قەندیلی تێدایە کەس هیچی لێوە نازانێ، ئێ پشتئاشانیش وا لە ناو کۆڵەپشتەکەی کاوەیە...»

فاتیمە تێر تێر سەرهاتی بۆ گێڕامەوە، لە بەفر ڕوونتر ماندوویەتی پێوە دیار بوو،





کەچی هەر لێی دەشاردمەوە، بۆ پتر ڕەوینەوەی شێتایەتیم دەیشاردەوە، بە ڕستەی پچڕ پچڕ هەوراز و نشێوی لە ڕاستە ڕێیەک لێکدی گرێ دەدایەوە.. دەنگی پیاوێ، لە دەوری ئاگرێ کۆی کردینەوە، لەوەتەی مرۆڤ فێری کارکردن بووە، سەختترین کارێ ڕووبەڕووی مرۆڤ بووبێتەوە، لە زستانی قەندیلێ ئاگرکردنەوەیە، لەگەڵ ئەو هەموو سەختییەش هەر چەند ساتێکی پێچوو ئاگر کرایەوە، پێشمەرگە ئەگەر لە کارەکانی دیکەش هێندەی ئاگرکردنەوە شارەزاو خاوەن ئەزموون با، پلەیەک لە مرۆڤ بەرزتر دەبۆوە، هەر بە بۆن لە بن بەفری ئەستوور چیلکەو چوال و دڕک و داڵان دەبینێتەوە، بە دنکە شخاتەیەکی تەڕ، کۆلکە دارێکی تەڕی لە ئاو هەڵکێشراوی دەکردە مەشخەڵ، پێشتر هەر لە خاوەن دەنگی ئاگرکەرەوە بیستبووم کە:

«هەموو دانیشتوان و ڕێبوارانی قەندیل ئاگرپەرستن، ئەگەر بۆ تاقە شەوێکیش ڕێت بکەوێتە قەندیلێ و هەر لەو شەوەشدا عیزرائیل بە ڕێکەوت تووشت بێت و بتباتە بەر دلۆڤانیا خودێ، ئەوا خودا دەتخاتە لیستی ئاگر پەرستانەوە، ئەوجا لە بەهەشت یان دۆزەخ لەسەر ئەو ئاینە لێپرسینەوەت لەگەڵ دەکات..»

من تا پەرستگای قەندیلم بە چاوی خۆم نەدیت ئەو قسەیەم وەکو نوکتەیەکی خۆش وەرگرتبوو، ئێستا بە تەواوی بڕواوە و بێ هیچ زۆرلێکردن و لە دوورەوە نیشاندانی پاداشتێ، ئاگرپەرستم و بە شەوقەوە خۆ سازدەکەم بۆ سرووتەکانی ئاگرپەرستی، ئەوەتا لەگەڵ فاتیمە و دەنگەکە و ئەوانی دی لە جوانترین سرووتی ئاگرپەرستیدا، عەشق دەکەین، لە دووکەڵی بخوورییدا بزردەبین و نووری ئاگر جاروبار دەماندرەوشێنێتەوە...

– ها ئێستا لەسەر کام ئاینی؟ دەنگەکە وای گۆ.

– جگە لە ئاینی ئاگر چ ئاینی دی ناناسم..

ئەو دەنگە (کانەبی)یان دەگۆتێ، پیاوێ بوو نازانم کێ زۆر بە گەورەیی دروستی کردبوو پێدەچوو لە دەستی دەرچووبێ، بۆ تەوقەکردن لەگەڵ ئەو پیاوە کەتەیە، دەبوایە بچیتە سەر گابەردێ، یالا دەستی تەوقە دەگەیشتە دامەنی، چاو و برۆیەکی سەیرو پڕ سامی هەبوو، کورم دەویست لە لاوەش بیتوانیبا بۆ چەند ساتێ سەیری بکات و ڕووی خۆی وەرنەگێڕێ، ئەو پیاوە لەسەردەمی ئەسکەندەری مەگدۆنییەوە بە

جەنگاوەری لە دایک ببوو، دەڵێن ئەگەر ئەو پیاوە نەچووبایەتە پێش سوپاکەی ئەسکەندەر، هەولێر دەبووە تڕی بن گۆمێ، ئەو جەنگاوەرە هەمیشە ماندوو دیار بوو، دەتگوت هەر ئێستا لە شەڕی هەندرێن هاتووەتەوە، لە شەڕێکی دەستەویەخەیی بە سەختی بریندار کرابوو، دەیانگوت:

پێی چەپی حەفت کیلۆ پلاتینی تێدایە..

شەلینێکی جوان دەشەلی، ڕێک لە تەیمووری لەنگ دەچوو، هەر کاتێ ڕێم بە ڕێی ئەو پیاوە بکەوتبا، وام هەست دەکرد لەڕێی داگیرکردنی جیهان ڕێدەکەم.. ئەو گەورە جەنگاوەرە بێ شەرمکردن لە گەورەیی خۆی باسی گەورەیی و ئازایەتی خارە خولەی دەکرد، بەو گوێیانەی خۆم گوێم لێیبووە دەیگوت:

«لە کاتی خەوتنی خارە خولە تاکە کەسێ کە شایەنی ئەوە بێت پاسەوانیی لێبگرێت جەنگیزخانە، بەڵام لە بیرتان بێت خارە خولە دوورو نزیک خزمایەتیی لەگەڵ خەودا نییە، ئەوەی بیستبێتم یەکجار خەوی لێکەوتووە ئەویش لەناو ڕووبار...»

ئەو پیاوە لەوەتەی دنیا دنیایە هەر ئەو ناوەی هەیە چەندێ ویستوویانە ناوی بگۆڕن، یان خۆی نیازی بووبێت بیگۆڕێت، نەگۆڕاوە و وەک خۆی ماوەتەوە، بەڵام لەو سەفەرەی قەندیلێ بە ئاسانی گۆڕا و بووە ئیمامەی پساوە، ئێمە لە نێوان خۆمان هەر بە ئیمامەی پساوە ناومان دەبرد..

ئاگر تا دەهات بڵێسەدارتر و قەندیلیش لە سپێتیدا شەوی دەکردەوە، بە دیار ئاگرەوە هەموومان ڕێک پشیلەی سپی بووین و هەڵتووتکابووین..

ئەوەتا بە دیار پیاوانی ئەشکەوتەوە دانیشتووم، هەر شەشیان بە فاتیمەوەش لە نێوان ئاگرو بەفر بەسەر چیچکانەوە مردوون، لە پەرستگای قەندیلێ تاکە ئاگرپەرستێکم جوولەی پەرستنم تیا مابێ، ئیرەییم بە برادەرە بەفربووەکانم دەبرد، ئەو تۆپەڵە بەفرانەی بەدیوی ئاگردا چۆڕاوگەیان بەستووە و دەڵێی چاوی زەردەشتن چۆڕ چۆڕ فرمێسکیان لێ دەچۆڕێ.. درەنگ تێگەیشتم شێتیی قەندیل پەڕیوەتەوە برادەرەکانیشم، بەڵام کەمێک جیا لەو شێتییەی پێشتر هاتبووە منیش، لەسەر ڕژان بووم جارێکی دی بڕژێمەوە شێتی، تەزووە یادێ لە خارە خولە، لە





ڕژانی کردم، لە چۆکی خۆم دا کە لە دەستم چوو لە چاوەکانییەوە هەندێ ڕۆشنایی بێخەویی بخوازم، ڕەنگبوو دڵی نەشکاندبام، بەر لەوەی بە قەندیلێ بکەوم و بێمە ڕێزی ئاگرپەرستانەوە، لەسەر ئەو زوورگەی گەرمیان و کوێستان لێک دابڕدەکا و پێکیان دەبەستێتەوە، خارەم دیت... چاوەکانی تەژی بوون لە قسە، من سەرەو کوێستانێ و ئەو بەرەو گەرمیانێ، باشووکە ئاسا دەفڕی، کەسێکی دیشی لەگەڵ بوو، وابزانم لەبەر یارەکانی (دەیار)یان دەگوتێ، ئەو جەنگاوەرەش یەکێ بوو لە بابیاخییەکان، زوو ناوی خۆی گۆڕیبوو، بەس دەیانگۆ ناو گۆڕین لە شێتێکەوە فێر ببوو نەک لە ئەفسانەوە، ئەوەی جێی پرسیاران بوو کەس سەرەدەری لێدەرنەدەکرد ئەو دەیارە دواتر بێ یارە لە شێتەوە هاتبوو، کەچی دەگەڵ ئەفسانە کەوتبوو، من بەو دوو چاوانەی خۆم دیتم لەگەڵ خارە خولەدا فڕی... بیرمە لە فڕینەکەدا کوڕێکی دیش لەگەڵیان بوو، هەموو خەڵکی ئەو مەملەکەتەی دەکەوتە نێوان سەفین و قەرەچووخ، بە شەهێن گازیان دەکرد، چ شەهێن! دەتگوت هەموو شەهێنی شاخان لە دەموچاوی ئەوەوە کۆپی کراون، بەڵام خەڵکی ئەوێندەرێ دەیانگۆ ئەو شەهێنەی بە (شەهێن)وە نیشتییە لەو پێکچوونە نەهاتییە کە لە نێوانی سەروسەکوتی شەهێن و شەهێنەکاندا هەیە، دەیانگۆ:

ڕۆژێکی هاوینی، شەهێن لەگەڵ کۆمەڵێک شەهێن لەو پیرە سەفینە، خۆیان دابووە سێبەرێ، لە پڕ خەبەری لۆ چوو کە برادەرێکی لەسەر قەرەچووخێ دەوری گیرایەو شەڕ گەرمە، ئاوی لێ بڕایەو گەلەک تینووە، ترسی گوللەی نییە، حەیفی لەوەی دێ تینوێتی بیکوژێ، هەر هێندەی جگەرەیەک دووی بکێشی، شەهێن بە خۆ و بە مەتارەیەک ئاوی سەفینییەوە لەسەر قەرەچووخ نیشتبۆوە، ئیدی لەوێ ڕۆژێوە بووە شەهێن.....

خەوی شێتبوون بەری نەدەدام، خوا کردی (بەغدا) فریام کەوت، دیارە بە دووربینی جادوو ئاگرەکەی دیتبوو، لوورەی تۆپ هاتە گوێم، نێوان لوورەو لرمە دوورایی مژێکی قووڵی جگەرە بوو، زەوی ئەگەر چەند لرمەیەکی وا بە خۆیەوە ببینێ دڵنیام ناچار بە جێگۆڕکێ دەبێت، برادەرە مردووەکانم وەک ڕێواسی ناو بەفر زیندوو

بوونەوە، لەوێوە تێگەیشتم ئەو جۆرە تۆپانە مردووش زیندوو دەکەنەوە، ئەگەر ئەو لرمە قەندیل هەژێنە نەبایە، فاتیمەو ئەوانی دی لەو خەوە قووڵە بەفرە ئاگرینییە بە ئاگا نەدەهاتنەوە، کەچی بێ ئەمەکیم کردو سوپاسنامەیەکم بۆ بەغدا نەنارد..... لە فاتیمەم پرسی:

– ئەرێ ڕاستە دەڵێن لەوەتەی بەغدا بەغدایە چاوی بە ئاگرو ڕووناکی هەڵنایە و بەردەوام لە شەڕی ئاگردایە؟

– منیش بیستوومەو دەڵێن وایە....

– ئا ئا وایە هیچ گومانی تێدا نییە....

بایز هەڵیدایێ .

ئەو پیاوە زۆر داغستانی بوو دەیانگوت خزمی ڕەسول هەمزاتۆڤ دەبێتەوە، لەگەڵ باپیرە گەورەی وی ژن بە ژنێی کردبوو، دەڵێن چیایەک نییە لەو دنیایە ئەو پیاوە شەڕی تێدا نەکردبێت، ئەگەر تووشی شەڕیش نەبووبێت، ڕاوی لێ دامەزراندووە، ڕاویشی بۆ مەیسەر نەبووبێت ئاوی لە کانییەکی خواردۆتەوە، ناوی چیایەکانی دنیای لە منداڵەکانی خۆی جوانتر لە بەر بوو، لە زۆر شوێن هەتا نەتگوتبا پیاوە داغستانییەکە کەس نەیدەناسییەوە چ سمێڵێکی هەبوو خودایە! بەر ڕوومەتی هەر کچێ بکەوتایە حەفت شەو و حەفت ڕۆژان خوێنی لێ دەچۆڕا، ئەو پیاوە لە نەخوێندەواریی خۆیەوە خەونی بە کۆڵپشتەکەوە دەدیت و لە خەونێدا لاپەڕەکانی هەڵدەدایەوە، ئەو پیاوەش گەلێ شتی لە بارەی خارە خولەوە دەگوت، پیاوە داغستانییەکە کە بە پێوە دەوەستا، ڕێک بنە داربەڕوویەکی گچکەلەی خرکەڵە بوو، زۆر داخی لە قەندیل بوو، قەت بە چاکە ناوی نەهێناوە دەیگوت:

«بە خودای ئەو قەندیلە بەڵایە بەڵا، تا قەندیل مابێ شەڕی براکوژیش هەردەمێنێ»

پیاوە داغستانییەکە لەو قەندیلەداو لە سەردەمانێکی زوو گوللەیەکی براکوژی چووبووە دڵییەوە، ئێستاش پێوە وەک ئامانەتێک لە شوێنی خۆی هەڵی گرتووە و دەستی لێ نەداوە، جارێک سەردانی نەخۆشخانەکانی مۆسکۆی کردبوو، دکتۆرەکان پێیان گوتبوو:





ئێمە ئەو توانایەمان نییە نەشتەرگەریی براکوژی بکەین.

ئەو پیاوە چەندێ ڕقی لە قەندیل دەبۆوە بارتەقای ئەوە فاتیمەی خۆشدەویست، کەچی ئێستاش پێوە بە دڵی خۆی قسەیەکی لەگەڵدا نەکردووە، چونکە لە تێری لێکدی نەدەگەیشتن... پیاوە داغستانییەکە لە سێ ڕستە قسە دوو ڕستەی لە بارەی قەندیلەوە بوو، دەیگۆ:

کوڕینە دەزانن ئەو قەندیلە چەند کڵوو بەفری گرتووەتە باوەش، هێندە گوللەشی لە سینگیدا ڕاچووە، دەک دەستیان خۆش بێ! ئەها ئەو گوللەتان دیتییە وا لە دڵی منە، یەکەم جار بە بەردەکی قەندیلێ کەوت ئەوجا هاتە دڵی من، گوللەکان بەر لەوەی ماچی جەنگاوەران بکەن ئەگەر بە سووکە ماچیش بێ قەندیل بەسەردەکەنەوە.

من هەر کە بە وردی لە سمێڵی پیاوە داغستانییەکەم دەڕوانی بە دەستە خۆم نەبوو، کات ساڵ ساڵ بەرەو پاشێ دەچوو، تا دەگەیشتمەوە ماڵی مەلا عوسمان ڕانەدەوەستا...

لە هەولێر گەڕەکێ هەبوو هەر بە بەلاش بە بەلاشاوە ناودێریان کردبوو، هەر بە بەلاشیش ماڵی ئێمە کەوتبووە کن ماڵی مەلا عوسمان، لەوەش بەلاشتر من ڕۆژی شەش حەفت جاران دەچوومە ئەو ماڵە، بە بێ ئەوەی هیچ مەبەستێکم لەو چوونە هەبێ، لە ژووری دانیشتن دوو وێنەی گەورە زۆر گەورە بە تەنیشت یەکەوە نیوەی لا دیوارێکیان گرتبوو، لە بن یەکیان بە خەتێکی ناخۆش نووسرابوو:

(شێری خوا ئیمامی عەلی)

لەبن ئەوی دی بە خەتێکی ناخۆشتر:

(شێری بەشەریەت هاوڕێ ستالین)

من دوای ئەو هەموو هاموشۆیەم بۆ ئەوێ کەوتمە داوی خۆشەویستی هەردوو شێرەکە خۆزگەم دەخواست مەلا عوسمان وێنەیەکی منیش لە نێوان هەردوو شێرەکە هەڵواسێ و لە بنی بنووسێ شێری بەلاشاوە.. وێنەی شێری بەشەریەت کتومت ئەو پیاوە داغستانییەیە، ئێستاش بڕوام وایە ستالین و پیاوە داغستانییەکە هەریەکن، لە کن مەلا عوسمان ستالینە و لە کنە مە پیاوە داغستانییەکەیە، بەڵام لەوەی تێمابووم،

بیستبووم ستالینەکەی مەلا عوسمان ئەگەر لە دژی وی قسۆکەک کرابا، با ئەو قسەیە لە گەڕەکێکی فریشتە نشینەوەش بکەوتایەتە سەر زاران، دەهات گەڕەکەکەی نغرۆ دەکرد.. بەڵام ئەوەکەی ئێمە لە میهرەبانیدا مەسیح بە مەسیحایەتی خۆی بە تۆزی پێشی ڕانەدەگەیشت، مەلا عوسمان دەیگۆ:

کە خوای گەورە شێرەکی لۆ خۆی دروست کرد، بەشەریەتیش بیری کردەوە کە شێرەک لۆ خۆی دروست بکات ئەوە بوو ستالینی دروست کرد، ئەو دوو شێرە هەردووکیان جێگەی ڕێزن و پیرۆزن، دەستکردی بە شەریەتیش وەک دەستکردی سروشت پیرۆزە...

پیاوە داغستانییەکە کە لە دەست بە سمێڵ داهێناندا لاسایی ستالینی دەکردەوە، دەیگۆ:

ئەها لەو پێچە بادەیتەوە دوندێک بە دیار دەکەوێ بڵندترین دوندی قەندیلێ یە ئەوەی لە مانگی برایم زێندینانێ بگاتە سەر دوندەکە، شارەزا دەبێت بە هەموو نهێنییەکانی ئاسمانێ، بەڵام پیاوم دەوێ دەو مانگەیدا بگاتە ئەوێ، وەڵڵا دەڵێن خارە خولە خۆی گەیاندیتێ، هەر لە بەر هەندێشە کەس تێی ناگات، خۆ منیش لە گەرمەی ڕۆیشتنێ بووم بۆ سەری دوندی... بەڵام ئەو گوللە سندان کوشتییە ساردی کردمەوە....

لەو قسانەی پیاوە داغستانییەکە هەوای ئەو دوندە لە سەری دام بە تێڕامانی قووڵەوە چاوم هەر لەو پێچە بوو کە پیاوە داغستانییەکە پەنجە بە جگەرە زەردبووەکانی بۆ درێژکرد، دەمویست بە ڕێی خارە خولەدا هەڵکشێم، پیاوە داغستانییەکە دەتگوت نیازی منی خوێندۆتەوە:

کەس بیر لە گەیشتن بە دوندی ئاسمانێ نەکاتەوە، چونکە ئەگەر بەفریش ڕەقت نەکاتەوە، یەک لە سێ تیرەکە ساردت دەکاتەوە و سەگتۆپت پێدەکات، دەڵێن تیر و کەوان بە دەستێ هەیە، هەر کەسێ بگاتە نزیک دوندەکە، سێ تیرانی تێدەگرێ مسۆگەر یەکیانت هەر پێدەکەوێ، کەسیش نازانێ تیرو کەوان بە دەست لە کیهان لاوە سێرانت لێدەگرێ، بە خودای ئەمن بیستوومە ئەو تیرهاوێژە، شەیتانە، ئا ئا شەیتان شەیتان، ئەو سەگبابخێوە حەزناکات بەشەر شارەزای سڕوترِی ئاسمان





بێت، بەس کوڕینە ئەمن تێمامە نازانم خارە خولە کو خۆی گەیاندێ، کو ئەو هەموو بەفرەی شکاند و نەبووە چلوورە، ئەدی کو بەر تیرێ لە تیرەکانی شەیتانێ نەکەوت، هەبێ نەبێ لەو کاتەی خارە گەیشتیتە ئەوێ شەیتان خەریکی دەست بە ئاوگەیاندن بووە، وەڵڵاهی بڵێم چ....

لەو قسانەی پیاوە داغستانییەکەوە تیری شەیتان سەری بەتاڵ کردمەوە لە هەوای دوندە ئاسمانییەکە، گوتم باشترە بە دووی سڕو ترِی ئاسمان نەکەوم، بکەومە دووی نهێنییەکانی زەوی، بۆچی بە پێی خۆم بچمە ناو سێرەی شەیتانەوە...

هەر حەفتمان حەفت دنکە تەزبێحی پساوە بووین، لە بیرم نییە تەزبێحەکە کەی و لە کوێ و لە دەستی کێ و بە هۆی چییەوە پسابۆوە، هێندە دەزانم ئەوە قەندیلە ئێمەی پێکدی ئاشنا کردۆتەوە، لەوێدا زریان دەمنادەمێ هەڵیدەگرتین و پەرت و بڵاوی دەکردینەوە، هەر لەوێدا لە پەنای زریانەوە ئاگر هەڵدەبوو، وەک منداڵە هەتیوەکانی خۆی لە باوەشی خۆی کۆیدەکردینەوە، ئەو قەندیلەی من دیتم ئەو قەندیلە نەبوو کە لە کتێبی جوگرافیا و مێژوو خوێندبوومەوە، ئەوەش نەبوو کە لە نەخشە سەربازی و زۆر نهێنییەکان کێشرابوو، ئەو قەندیلەش نییە وا لە بینایی تۆدا هەڵچنراوە و لە هزرتدا لە بن بەفر خەوتووە و زریان ڕایدەژەنێ.. نا نا کەس سەرەدەری لەو قەندیلە دەرناکات، ئەوە ناڵێم خارە خولە شتێکی لێ بزانێ، لە وێدا هەندێک شەوی ساڵ هەیە بە قەد یەک ساڵی ڕێک بە هەموو شەو و ڕۆژەکانییەوە تەمەن دەکات، بە قسەی پیرەمێردێ بێ کە لە کونە کۆتر سەنگەری گرتبوو.. من لەوێ دیتم، پیاوە کونەکۆترییەکە دەیگۆت:

ڕێیەکی کورتیلەی قەندیلێ لە ڕێی حەجێ دوورو درێژترە، من ساڵێک پێش ئەوەی وشەی ئەنفال بێتە سەر زاری بەشەریەت، چوویتمە حەجێ، بە چوون و هاتنەوە ساڵێک و چەند ڕۆژێکم پێچوو، بەڵام ئەها لەو قەندیلێهێ کەوا لێرەوە دیارە ڕێم بەڕێی وا کەوتیە حەفت ساڵ ڕۆیشتنی ویستیە.

من ئەو هەموو کاتەی تەمەنم کە نازانم چەندە لەوێ وەک گوڵەبەڕۆژە قرتاند، ئێستاو ئێستاش چی تێنەگەیشتم، نازانم لە چ کیشوەرێکەوە دەست پێدەکاو لە کوێ بە کۆتایی دێ، بە بەر چاوتەوە دنیایەک سەرهات بەرانگژی یەکتر دەبن بێ ئەوەی

دەستت بگاتە سەرە داوێکی تێگەیشتن، لە بێ سەرو بنیدا لە دنیایێ تاقانەیە، ئەوە نییە لە چەند جێگەیەک هەندێک نهێنیی شاردبێتەوە، هەر خۆی نهێنییەکی گەورەیەو خۆی لە دنیا شاردۆتەوە، لە دینت دەکاو دینت دەداتێ، سپیترین شەو شەوی قەندیلە، شەوترین ڕۆژ ڕۆژی قەندیلە، دوندێ دەتکاتە تۆپ و دەتهاوێ وێنەی بەرخۆڵەیێ لە باوەشی دوندێکی دی خۆت دەبینییەوە...

***

ئا.. ئا
بەردیش ساتی نەرمبوونی هەیە
ئا.. ئا
بەفریش ساتی گەرمبوونی هەیە
ئەو ساتانەی موگناتیسی خەو
بە دوا وزەی خۆیەوە هەڵدەکاو
وەک سوپای باران داگیرم دەکا
بەرد لە بەفر نەرمترە
بەفریش گەلەک گەلەک گەرمترە
لە سوخمەی ئارەقاوی کچە ڕەوەندی

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***

لە بن دوندێ کەوتینەوە سێیەکی دنیای لێوە دیاربوو، لەوێ سێ گابەردی گەورە، زۆر گەورەتر لەو بەردەی پیرەی کونەکۆتری لەسەر شانیدا سەنگەری چێ کردبوو، شەڕی ئایەتی ئەنفالی دەکرد، سەریان پێک کردبوو خەوێ خەوتبوون بیستبووم کاوە چاوشین بەو بەردانە یان بە بەردەکانی وەکو ئەو بەردانەی گۆتبوو:

«خوداوەند دڵی نایە بە ئاگایان بێنێتەوە..»

ئەو بەردانە لە بنەوەش بە قەد سەرێ، زیاتریش بەفریان گرتبوو، هەر حەفتمان کەوتینە بەفرماڵینی بنێ، هۆڵێکی سێگۆشەیی بوو، ئێمە بۆ نووستن پێویستمان بە







شەش جێگە هەیە، کەچی لە تێری حەفت جێگەی لێ ڕابخە، پێدەچوو جێی کۆبوونەوەی فریشتان بێ، فاتیمە خەریکی خەتی ڕەشکراوەی سەر دیوارەکان بوو:

«بەخێرهاتنی ئاگرپەرستان دەکەین».

فاتیمە هەر هێندەی گوت، دیسانەوە ئاگر لێرەو لەوێ ئاگری بچووک بچووک ڕێک لە وێنەی ئەو ئاگرانەی لە دۆزەخدا بۆ ئاگرپەرستان دەکرێنەوە... بەختیار بە دەم باوێشکی قووڵەوە هەر باوێشکێ جگەرە کێشانێ بوو:

«دەزانن هەر کڵووە بەفرێ بەر ئەو قەندیلەی دەکەوێ دنکە ڤالیۆمێکی تێدایە.»

ئەو کوڕە خزمی حاجی قادری کۆیی دەبۆوە، کە لە بەر مەمکان دەبێت شیری دایکی تێری نەدەکرد، دایکەی قوڕ بەسەر زۆر جار ئەو ڕێیە دوورەی دەبڕی و دەیخستە باوەشی دایکی عەلی بەردەشانییەوەو تا مڕ دەبوو شیری دەخوارد.. گەلەک جار دەیگۆ:

من چم لە حاجی قادر کەمتر نییە هەر دەبێت ببمە شاعیر.

شەو هەبوو حەفت شیعری درێژی دەنووسی، لە قسانیش لە هەموو تەمەنی خۆشی بە وردی و تێگەیشتنەوە شیعرێک چییە نەیخوێندبۆوە، بەردەوام بە دەنگی بەرز شیعرەکانی خۆی دەخوێندەوە، کە بەدەوری ئاگردا دەخولایەوە و لە شیعری هەڵدەدا دەروێشێکی زەردەشت بوو بۆ خۆی.. ئەو کوڕە هەر بەگچکەیی بۆتە برادەری مراوییانی گوندی، لە دەو زێی گچکە، ماڵێکی لە داریان هەبوو، شەو و ڕۆژ لە ناو زێدا خەریکی مەلەکردن بوو.. ئەو کوڕە هێندە لەناو ئاو دەمێنێتەوە تا وای لێدێ دەبێتە مەشقکار و بێچووە مراوییان فێرە مەلە دەکات، دەڵێن ئەو شەوانەی لە بابی تووڕە دەبوو، چەند مراوییەکی بەگەڵ خۆی دەداو پێکەوە لەناوزێی گچکە شەویان دەکردەوە، تا ئێستاش زۆر کەس بە بە منیشەوە بە سەردەستەی مراوی ناوی دێنن.. لە خۆیم بیستووە:

حاجی قادری کۆیی هێشتا منداڵ دەبێت لە دەو زێیێ پێی لە بەردەکی هەڵدەخلیسکێ و دەکەوێتە ئاوەوە، من نەبام ئاوەو ئاو دەچوو، ئەگەر دەرم نەدەهێنا، شاری کۆیە تادنیا دنیایە برکە شیعرێکی لێ شین نەدەبوو، ئا ئا من شیعرم ڕزگار

کرد، دەزانی هەر لەو ڕۆژەوە ناوم لە خۆم نا بەختیار، دەنا پێشتر ناوەکم هەبوو شەیتانیش ناوی وای لە کوڕی خۆی نانێ، نازانم چ دوژمنایەتییەکم لەگەڵ بابم هەبوو ئەو ناوە قۆڕەی لە من نابوو.

ئاگر لە حەفت لاوە بڵێسەی دەدا.. ئەگەر بۆ چەند ساتێکیش بێت سێبەری مرۆڤیش وەک نیوە مرۆڤێ بێتە ڕێزەوە، ئەوا ژمارەکان خۆی لە حەفتا کەسێ دەدا، هۆڵی ژێر گابەردان لە تەمەنی خۆی سەمای وای بەخۆیەوە نەدیتبوو، هەر سێبەر بوو دەستی سێبەر لە دەستا، هەڵپەڕینێ هەڵدەپەڕین شەیتان ئیرەیی پێ دەبردین، بە تیەچاوێ سەیری چاو و برۆی ئیمامەی پساوەم دەکرد، چاو و برۆیێ دەتگوت بنەگوێنین و تازە لە بن بەفر قیت بوونەتەوە، ئیمامەی پساوە چیاییانە دەنگی هەڵبڕی:

دەتوانن بە دڵنیاییەوە بنوون ئێرە ئەو شوێنەیە نە تۆپی بەغدا و شام نە هی ئێران و تورانیش نایگرێتەوە، بڕوا ناکەم شەیتانیش قەت ڕێی بێرە کەوتبێ.

هەرگیز نەمدیتبوو پیاوە داغستانییەکە لە دەوی کەس بداتەوە:

تڕحێو! کوڕە کێ دەڵێ ئێرە ئاودەستی شەیتان نییە، ئا ئا لێرە بەر لەوە نوێژ تەرک بکات، چەندان جار دەزنوێژی هەڵگرتووە، ما جێ هەیە لەو قەندیلە بەر تڕی شەیتان نەکەوتبێ!

ئیمامەی پساوە پێکەنینێ پێکەنی من دەڵێم بەغدا گوێی لەو پێکەنینە بووە، لە پیاوە داغستانییەکەوەش جوانترین بزەی سمێڵ، ئاخر پیاوە داغستانییەکە تەنێ بزەی سمێڵانی هەبوو کەس گوێی لە دەنگی پێکەنینی ئەو نەبووە، سەردەستەی مراوییش شیعرێکی پێداکرد، شیعرێ بە خوێی شێویش خزمی شیعر نەدەبۆوە، من هەر بۆ ئەوەی سەردەستەی مراوی لە قسە بکەم:

– دەزانن ئێمە سەگێکمان کەمە، ئەگەر سەگێ پەیدا بکەین مێژوویەکی جوان، ئەفسانەیەکی جوانتر دووبارە دەکەینەوە..

پیاوە داغستانییەکە دیسانەوە هەڵیدایێ:

– بە خودای ئەو قەندیلە نەفرەتییە ئەتووشی هێڕو هوڕ کرد، کوڕە ئەدی ئەو سەگە





چییە لە بەردەمت (پەنجەی بۆ سەردەستەی مراوی درێژکرد)

– ئاخر ئەگەر سەردەستەی مراوی سەگەکە بێت، شەش دەمێنینەوە، نابێ..

– دەڵێم هێڕبووی.. ئەدی فاتیمە دوو پیاو نییە؟

برادەرەکەی گیڤارا هەڵیدایێ:

– ئەوەش مەڵێ ئەدی ئیمامە بە قەد دوو پیاوان نابێت؟

– دە وەڵلاهی مادام سەگم نانووم و دەبێت ئەو شەو هەزارو یەک شیعرتان بۆ بخوێنمەوە و هەمووتان هێڕو هوڕ بکەم.

– نا چاوەکەم ئەوە نەکەی! ئەمن سەگەکەم  برادەرەکەی گیڤارا وای گۆ.

برادەرەکەی گیڤارا لە مێژ نەبوو لە کن گیڤارا گەڕابۆوە، گیڤارا پێی گۆتبوو:

نیازم هەیە سەردانێکی قەندیل بکەم، بەڵام ئەگەر مەرگ مەودای نەدا، تۆ لەوێ جێنشینی منی..

برادەرەکەی گیڤارا هەمیشە وەک جەنگاوەرێکی لە شەڕ براوە قسەی دەکرد:

ڕاسپاردەیەکی گیڤارام پێیە بۆ خارە خولە بەس نیوەی دنیام لە دووی کرد نەمدیتەوە... پێم سەیر بوو کو خارە خولە دەناسێ! کە بەگیڤارام گۆت:

– دەزانی خارە خولە خوێندەواری نییە؟

سەری سوڕما و ئێستاش باوەڕی نەکرد.

– لە دنیایێ هەموو شتێک دەبێت بەس ئەوە نابێ و نابێ!

وەڵلا ئەو سووربوونەی گیڤارا منیشی خستە گومانەوە، منیش بڕوا ناکەم خوێندەواری نەبێت.... خۆش بوو لەگەڵ گیڤارا لە دوای شەڕێکی گچکە چووینە سەر چیایەک ناوی سیراماسترا بوو لە لەبن بەردێک دانیشتین و دەستمان بە کێشانی جگەرە ئەستوورەکان کرد.. دیتم هۆگریش پەیدا بوو.. قەڵەم و کاغەزی دەرهێنا و گیڤارای پرسیار ڕێژ کرد دنیایەک پرسیاری لێ کرد، پرسیار لە هەموو شتێک، زیانی جگەرە، لەناو بردنی نەخوێندەواری، نوح، مارکس، کورە ئەتو بلێ! ژەهرەکەی سوقرات هی فیرعەونی نازانم چەندەم، نوکتەکانی خارە خولە، نهێنیی قەندیل..

هەموو شتێک... گیڤاراش حەفت دنیا وەڵامی دایەوە... لە بیرمە لەوەڵامەکانیدا کە دەهاتە سەر دوو بابەت، وشەی (رەنگە)ی زۆر بەکار دەهێنا ئەوانیش قەندیل و خارە خولە بوون..

– ئەرێ ئەو هۆگرەی ناوت هێنا هۆگرە کەڵەگەتەکەی ئێمە بوو؟

– ئا ئا ئەو دەڵێم.

– کورە حیکایەتی ئەو کورە وا لە کنە منە.. لە مۆسکۆ دیتمەوە.. لە خەستەخانە لەسەر سەرم بوو، تەرجومانی من بوو، کاتێ دکتۆرەکان عیلاجی دەردی دڵی منیان پێ نەکرا زۆر تووڕە بوو، خەریک بوو بەشەڕ بێ من نەمهێشت، بە دکتۆرەکانی گۆ:

ئەنگۆ دەبێت بچنە کن گیڤارا دەورەکتان لۆ بکاتەوە.

شەوێک لەگەڵ هۆگر لە ڕۆخ ڕووباری ڤۆدگا هەتا بەدمەست بووین ڤۆدگامان هەڵچۆڕاند... پێشتریش لە قەندیل دیتمە لە بیرم نەبوو لێی بپرسم کو دەرچووە! ئەوجا لەو بەدمەستییەدا دێتە بیرم دوو چاوپێکەوتنی بۆ خوێندمەوە، یەکیان لەگەڵ قەیسەر بوو ئەوی دی لەگەڵ ستالین، ئەو دووە هەرچی جوونی پیسی دنیا هەیە بە یەکدییان دابوو.. هۆگر گۆتی:

ئەوانە بڵاو ناکەمەوە بەشەریەت حەیای دەچێت.

بە حەفت ڕۆژ پێش ئەوەی لە مۆسکۆ بگەڕێمەوە هۆگر گەڕابۆوە، بەڵام نەمدیتەوە و نازانم لە کوێیە.. هەبێ نەبێ خۆی گەیاندیتە خارە خولە، چونکە گۆتی:

ئەوجارە تایبەت بۆ خارە خولە دەچمەوە، دەبێت چاوپێکەوتنێکی دوور و درێژی لەگەڵ بکەم.

من وەختی خۆی لە هەورێ ئەو چیایەی قەندیل تیلمە هەورێکی پێ بەخشیبوو، لەوێ کۆڵەپشتێکم دیت، وا بزانم هی شەهێن بوو، لەسەر کۆڵە پشتەکە وێنەی گیڤارا، چنینێکی جوان چنرابوو.. هەر چەند لە سیمای ئەو برادەرەی گیڤارا ورد دەبمەوە، چ جیاوازییەکی ئەوتۆ لە نێوانیان نابینمەوە، کێ نالێ هەر هەو نییە!.. برادەرەکەی گیڤارا نیوەی دنیا گەڕابوو، دەوڵەت نەبوو لەو دنیایە ئەو کورە شەڕی لەگەڵ نەکردبێت، هەرچی سروودی شۆڕشگێریی دنیا هەیە لە بەری بوو، بە چەندان





زمان سروودانی دەچڕی (کوردی، ڕووسی، ئیسپانی، هیندی، فارسی، عەرەبی...وابزانم بەس تورکی نەدەزانی.. دەیگۆ:

میللەتێک خاوەن ئەتاتورک بێت، هەرگیز سروودی شۆڕشگێری لێ ناڕسکێ....

قەندیلی پڕکردبوو لە سروود، گۆتم:

ژمارەی وشەی سروودەکانی برادەرەکەی گیڤارا کەمتر نین لەو کڵووە بەفرانەی لەسەر قەندیل دەنیشنەوە.

ناوە ناوە تێی هەڵدەکرد:

لە قەندیلی سەر بەرزەوە
وەڵامت بۆ دەنێرمەوە
شەهید بوونم شانازییە
جوانێ ڕەنگە نەتبینمەوە

پۆڵا وابزانم لە تەواوی تەمەنی خۆی یەک چیرۆکی گێڕابۆوە، ئەویش بۆ من:

«خارە خولە کاتێ گوێی لەو سروودە بووە، بە برادەرەکەی گیڤارای گوتووە:

وەڵڵا ئەگەر شەهید بی لە تڕێی سەی دەچی، ئەوجا ئەگەر شانازی بە تڕی سەوە دەکەی لۆ خۆت هەر شەهید بە..

بەڵام برادەرەکەی گیڤارا بەو قسانە سارد نەدەبۆوە و بڵندتر تێی هەڵدەکرد»

من بەر لەوەی وەک بزنە کێوی بەرەڵڵای قەندیلێ بم، جاروبار ئەو سروودەم لەبەر خۆم دەگوتەوە، بەڵام قەندیل کەتنەکی وای پێ نەکردم چیدی بە سەر زمانمدا بێ... پیاوە داغستانییەکە بە پەنجە خرپنەکانی سەرپۆشی سمێڵی برکۆکەک لەسەر دەمی لادا:

– وەڵڵاهی ئەو سروودە گەلەک خۆش دەبوو، ئەگەر ئەو قەندیلە نەفرەتییەی لەگەڵ نەبا، ئەرێ برادەرەکەی گیڤارا! نابی تفەکی لەو قەندیلەی بکەی؟ ئێ دە گارە، مەتین، سەفین، ئاگری، ئاویەر کورە هەورێیەک بخە جێی وی

– نا نا! ناکرێ، قەندیل گیانی سروودەکەیە لایدەین دەمرێ.

– گووی سروودەکەیە.

دیتم سەردەستەی مراوی سەگانە خۆی لە برادەرەکەی گیڤارا نزیک دەکردەوە:

– ئەرێ ئەتو شیعری دنیایێت کردە سروود، لەبەرچی شیعرێکی منیش ناکەیتێ؟!

– کورە ئەتو چ شیعرت هەیە! وشەکانت دەڵێی بزماری سەبەن لە بەردیان دادەکوتی، خۆ من شێت نیم دەنگی خۆم بزمار ڕێژ بکەم.

– دە وەڵاهی سەد شیعرم هەیە لە شیعرە ئیسپانییەکە خۆشترن، ئەوەی ئەوێ ڕۆژێ نەتدەبریەوە، بەڵام ئەنگۆ چاوتان بە من هەڵنایێ، حەز ناکەن بناسرێم.

– کوڕە کەرە ئەو سرووده جوانترین شیعری ئیسپانی و دنیاشە، ئەتو چ لە شیعر دەزانی! برۆ هەندێک شیعری جوان بخوێنەوە ئەوجا دەو لە شیعر بدە، دەزانی کێ ئەو سرووده‌ی زۆر دەگوتەوە؟

– بە خودای بابی زەردەشتیش گۆتبێتیەوە، لە چاو شیعرەکانی من چ نییە.

– گیڤارا لە هەر شەڕێک دەگەڕایەوە، بەو سرووده مژدەی سەرکەوتنی دەدا هاوڕێکانی..

پۆڵا لە هەمووان جوانتر سەمای دەکرد، دەستی فاتیمەش لە دەستا، حاڵگرتنی ئەو لە هەمووان ڕەشبەڵکتر بوو، جگە لە زاری هەموو ئازای گیانی وێردی دەخوێند، کەس هەتا فاتیمەش لە بارەی بێدەنگیی هەمیشەیی پۆڵاوە شتێکی ئەوتۆی نەدەزانی.. ئاگری ئەو شەوەی قەندیل لە کزی نەدەدا، بڵێسە دوای بڵێسە بلێسەدارتر.. دەتگوت شەیتان بەنزینی پێدا دەکات، لە سیما ستالینییەکەی پیاوە داغستانییەکەوە نووری زەردەشت چەپک چەپک دەدرەوشایەوە.. سەردەستەی مراوی مراوی ئاسا باڵی لێکدەدا و لە ئاگری ئاوی مەلەی دەکرد.. فاتیمەی دارخورماییش پرچی کردبۆوە دەتگوت دیجلەیە لە ئاگردا شەپۆلان دەدا.. ئیمامەی پساوەش ڕێک داربەڕووی بەر غەزەبی ڕەشەبا بوو، خەریک بوو هەموومان لەگەڵای چاو و برۆی بزر بین..

«فاتیمە دوو چاوی مەستت پڕ تەلیسمی جوانییە





لارو لەنجەت مۆسیقایە، بەستەیە، گۆرانییە.....»

ئەوە منم بۆ یەکەمین جار لەو قەندیلە گۆرانی بچڕم، فاتیمە جوانتر شەپۆلانی دەدا ...دەنگم تێکەڵی شەپۆلەکانی فاتیمە دەبوو، شەپۆل دەنگی منی برد، بردی بردی.. تا ئەو ساتە نەمزانیبوو، قوڕگی من ئەو دەنگەی هەیە، ئەوە دوا گۆرانیشم بوو... مەزەندەم وایە ئەگەر پیرترین کەری دنیا بەرەڵلای قەندیل بێ و بە دیار ئاگرو شەپۆلی پرچەوە گۆرانی بڵێ، (سەی ئەلی ئەسغەری) بە شاگردی دەبێت.. بیرم لە بڕیاری خوداوەندی دەنگ کردەوە.. ئەگەر خوداوەند کەمێ کاتی هەباو لەو قەندیلەدا گوێی لە گۆرانیی مرۆڤ و کەر و هەموو بەندەکانی خۆی بگرتایە بەو جۆرەی کردی، بە کەری نەدەکرد..... بێ شمشاڵییە، دەنا من و گۆرانییان نەگوتووە، من شمشاڵم هەبێت، هەرگیز دەنگ نادەمە گۆرانی، تەنها بە زمانی شمشاڵ گۆرانی دەچڕم، زمانی شمشاڵ لە هەموو زمانێک ناسکترە، زولالترە، گۆرانیترە، پتر دەچێتە دڵانەوە، ئەوەی فێر بێت بە پەنجە گۆرانی بڵێت، پەنجەکانی بۆ هەتایە دەبەخشێتە شمشاڵ، وەک من چۆن بەخشیمنە شمشاڵ و لێیان ناپرسمەوە و قەت نەمگوتووە کوا پەنجەکانم، لەو ڕۆژەوەی شمشاڵەکەم چوو، پەنجەکانیشم چوون، دەمێکە بێ پەنجە ماوم، بێ پەنجەیی بوو گۆرانیم گوت و کەس نەیناسیمەوە، ئەوانە بە شمشاڵ من دەناسنەوە، فاتیمە بە شمشاڵ دەمناسێتەوە، ئەگەر شمشاڵم دەبوو، چ ئاوازێکم دەژەنی، چ سەمایەکم دەخستە نا ئەو سەمایەوە، دەبوو بە ئاوازێک توانەوەیەک بخەمە ئەو سەهۆڵبەندانەی قەندیل کە گورگ دەبەستێت، ئاوازێک بژەنم، لە هەموو میهرەبانییەک میهرەبانتر، ئاوازێک بچێتە ماڵی شەیتان و دەستی بگرێت و بیهێنێ، بیهێنێ تا دەگاتە کۆشی پڕ لە بەزەیی خوداوەند هەر بیهێنێ، لەوێ لەو کۆشە نەرمە دەست بە گریانێک بکات بە شمشاڵ نەبێت بە چ ژێر نەبێتەوە، ئاوازێک بژەنم، جەنگاوەران خۆ لە بیرکەن کە جەنگاوەرن و لە سەمادا بزر بن، ئاوازێک دەستی فاتیمە بگرێ و بڕوا بڕوا، لەو سەما بۆ ئەو سەما بیگێڕێ و تا قەندیل قەندیلە فاتیمە هەر لە سەما بێت و سەر بە ماڵی پشوودا نەکاتەوە.. فاتیمە ئاشنایە بە شمشاڵی من، شەوێکی هاوینی بوو، لە شەڕێک هاتبووینەوە، پشوومان دەدا بۆ شەڕێکی دی نێوانی ئەو دوو شەڕە چیایەک بوو، شیرنی ناو بوو، شەو درەنگ بوو، بۆ ئێشکگریی

بانگیان کردم، دیتم فاتیمە بە ئاگایە و ناخەوێت، نازانم چی خەوی زڕاندبوو، گوتم:

حەزت لێیە بخەویت؟

گوتی:

خەریکە شێت بم بۆ چۆرە خەوێک و خەو نایە..

نەرم نەرم شـمـشـاڵم ژەنی، نەرمـتـر لەو ڕووبارە پایـزییـە، دایکانـە گەڵای درەخـتـە زیزەکانی ئەو بەر و ئەم بەری خۆی لە دەستی با وەردەگرێتەوە دەیانلاوێنێتەوە، نەرم نەرم تا دوا نەرمـیی نەرم شمـشاڵم بۆ فـاتیمـە ژەنی، هەرچی ئاوازی ڕووباری هەبوو، ڕووباری هاوینی و پایزی من بۆ فاتیـمەم ژەنی، دنیا ڕووناک ببۆوە من هـەر شـمشاڵم دەژەنی، نازانم فاتیمە لە کەیەوە نووستبوو، چەند خەونی شمشاڵیی دیتبوو، من هـەر شـمـشـاڵم بۆ فـاتـیـمـە دەژەنی، نازانم ئێـشکگریم بۆ چەند جـەنگاوەر گـرت و هـەر شمشاڵم ژەنی، فـاتیمـە تێر خەویش بـوو، هەستایەوەش من هـەر ئاوازی خـەوتنم بۆ فاتیمە دەخوێند، لەو شـەوەوە فاتمە بووە عەشـقی شمشاڵ، لـە هـەر جێگەیەک تووشم بایە حـەزی لێبوو شـمـشـاڵی بۆ بژەنم بەڵام کـەم جار نەبێت دەنا دڵیم شکاندووە... ئێستا شمشاڵم هەبا، هێندەی هەموو دڵشکانەکانم بە زیادەوەش بۆ دەژەند، بە قەت فـرمـێـسکەکـانی زەردەشت دەبوو ئاوازی بۆ بژەنم، ئەو فـرمـێـسکانـەی لە کـاتی مـاڵـئاوایی لە قـەندیل بە سـەر بەفردا دڵۆپ دڵۆپ هەڵیـوەراند... بیسـتـوومـە لە زۆر کەسم بیستووە، زەردەشت نەیویستووە لە ئاقاری قـەندیل بچێتـە هیچ ئاقارێکی دی، بەڵام موغـەکان زۆریان لێ کردووە، زۆر تکایان لێ کردووە، کە دەبێت قـەندیل چۆڵ بکات، ئیـدی نازانرێ چۆن ڕازی دەبێت، دەگێڕنـەوە لەو جێگەیەی کەشکۆڵەکەی بە کۆڵی دادایە تا دوا سنووری سپیی قـەندیل هـەر فرمێسکی داباراندووە، لێی دەپرسن ئەو هەمـوو فـرمـێـسکە بۆ؟ هیچ وەڵام ناداتەوە، زۆر هـەوڵی لەگـەڵ دەدەن هۆی ئەو هەمـوو فـرمـێـسکە گـەرمـەیان بۆ ڕوون بکاتەوە، بێ سـوودە و هـیچ ناڵێت، هـەندێک دەڵێن ویستـوویەتی لەو بارەیەوە قـسـەیەک بکات، بـەڵام هەنسک و گـریان ڕێگەی قسـەیان پێ نەداوە، ئیـدی هەتا سـەریشی نایەوە، گـریان قـوڕگ و چاوی بەرنەداو، چەندی کـردی و کـردی ئێـسـتـاش نەیتـوانی قسـەیەک بکات، بەرد قـسـەی کـرد،





زەردەشت نەهاتە قسە..

– ڕاوەسـتن ڕاوەسـتن شیعرم هات

– کورە گووت هات

– هەر دەیڵێم:

ئۆخەی ئۆخەی خودایە

لە بیرم نەبوو

هەندێک شەکرو چام پێ مایە

بنە مەتارەی بێنن

نۆش نۆش چای هەڵقوڕێنن

– وەڵڵاهی ئەوە جوانـترین شـیـعری دنیـاییـیـە، هەمـوو سـروودەکانی برادەرەکەی گیڤارا دەهێنێ، شیعر دەبێت تامی چای بدا.

ئیمامەی پساوە پێش هەمووان بنە مەتارەی هێنا... بە دزییەوە گۆتم:

جوانترین شیعرە لە ناو شیعرەکانی سەردەستەی مراوی....

چا چ چا عـەمـرم! ئەگەر لە یەکەم ڕۆژی کـە مرۆڤ بە دنیـایێ وەربوو، هەندەک تۆ چا و شـەکریشـیان بۆ رووکردبا، بڕوا ناکەم هەتا هەتایێ لۆچەکی گرژی لە مێژووی مرۆڤایەتی دەرکەوتبا.. ئێوە نازانن بە تامترین چا، چای ناو بەفری دیار ئاگرێیە..

– توخوا شیعری من بزماری سەبێیە! کوڕە شیعرە چایە شیعرە چا...

هەر بنە مـەتارە بوو هەڵمی ئارامی لێ هەڵدەستا، هـەر سـەردەستەی مراوی نەبێ، بە شـیـرانەوە دەیشـیـعـراند.. بۆوەی ڕستـەکانی سـەردەسـتـەی مـراوی بپـسـێنم، ئەو ڕسـتـانەی هـەندێکیـان سێ بەقـەد بەژنی ئیـمـامـەی پسـاوە دەبوون، بۆوەی گـوێم لە دەنگی پۆڵا بێت:

– ئەرێ چۆن ڕێت لە تەیمووری لەنگ گرت؟

– زۆر گوتراوەتەوە پێویست ناکات.

وا بوو، زۆر گوترابۆوە، بەس لە زاری پۆلاوە نا.. ئەوە کاتێ تەیمووری لەنگ ڕێی دەکەوێتە ئەو چیاو چۆلانەی ئەولا – کام لا؟ – پۆلاو چەند جەنگاوەرێ وابزانم فاتیمەشیان لەگەڵ دەبێت، ئا ئا فاتیمەشیان لەگەڵ دەبێت، ڕێی پێدەگرن و ڕێ نادەن بە ئاقاری ئەواندا تێپەڕێ، شەڕ گەرم دەبێت، لەشکری تەیموور پیس دەشکێ.. تەیموور هاوار دەکاتە پۆلا:

– بە خۆشی ڕێ بەردەی باشترە، من تەیموورم!

– زۆر تەیموورم لێرە کردۆتە خواردنی دڕندان، بگەڕێوە باشترە بە دەستی ئەو ژنە خۆت بە کوشت مەدە.

– واز لەو ژنە بێنەو دەگەڵ من کەوە کە هیندستانم گرت، تەیموور پاشا نەبم، ئەگەر نیوەی هیندستانێت دە قەبەر نەکەم.

– چاوێکی ئەو ژنە بە هەموو خاکی هیندسان ناگۆڕمەوە.

– پیاوەکی زۆر کەرە خۆی لێ لادەین باشترە.

تەیموور تا ڕێی خۆی نەگۆڕی پێی بە هیندستانێ نەکەوت.. هەر ئەو پۆلایە وەختی خۆی هێشتا زەردەشت قەندیلی بەجێ نەهێشتبوو، ماڵیان لە خانەقی دەبێت، ئەو دەمەی حوسێن لە کەربەلا لێی دەقەومێ، لە ڕێی باوە برووسکەیێ بۆ پۆلا دەکاو دەڵێ بگە هانام، دەڵێن پۆلا تاکێ پێلاو لە پێ دەکات بەوی دی ڕاناگات، تا دەگاتە ئاقاری کەربەلا پشوو نادات، بەڵام بەسەر چدا بچێت و چ ببینێ! خوێن لاشەی دەبرد، لاشەی حوسێن بێ سەر مابوو، نەیارانی حوسێن دەوری پۆلا دەدەن، هەرچی شیرو تیری شامی و قورەیشییان هەیە، بە سەر پۆلادا دەبارێ، کەچی پەنجەیەکیشی بە خوێن نایە، ئەو پۆلایە لەوێوە دەبێتە پۆلا، دەنا پێشتر ناوێکی دی هەبوو....

دێتە بیرم لە ناو قەیسەری هەولێرێ دوکانێکی وێنە فرۆشی هەبوو، وێنەی گەورە گەورەی هەڵواسیبوو، ئەو دەمەی من دەیلێم هێشتا تازیمانەی مەلیکی هەولێر هەڵنەگیرابوو، ناوی کۆشکی پاشا هەر کۆشک بوو نەببووە مەزاری سوڵتان موزەفەر، پڕ بە گەرووی قەیسەری هاواری دەکرد:

«وەرن ئەوەتا کوڕی شێر! کوڕی شێری خوا بە دە عانە»





چەندێ لە سەرو سەکوتی پۆلا ڕادەمێنم، ئەو دە عانەیەم بیر دێتەوە کە دایکم لە باوکمی وەرگرت و عەبای بە سەری داداو وەک ڕەشۆڵە بەرەو قەیسەری فڕی و بە کوڕی شێرەوە گەڕایەوە ماڵ.... بیستوومە پۆلا پێش ئەوەی سەرەو خانەقی هەڵکشێ و ئاقاری کەربەلا بەجێ بێڵێ، حەفتا شەو و حەفتا ڕۆژی لە سۆراخی سەری بڕاوی حوسێن کردۆتەوە... ئەو قەندیلە سەرڕێژی گومانی کردووم، قسەی من نییە! قەندیل لە چاو تروکانێکا مردووی سەردەمی نوحیش زیندوو دەکاتەوە و دەیهێنی لە تەنیشت تۆوە سەمای ئاگری پێدەکا و لە بنە مەتارە چایەت لەگەڵ دەخواتەوە.. هەر ئەو قەندیلە لە تەنیشتتەوە دەستی زیندووێک دەگرێ و دەیبا دەیبا تا دەگاتە ڕابردوویەکی دوور دوورو لەوێدا لەبن عەردی دەنێ...

قەندیل چوار وەرزەی ساڵ ئاوێنەیە، بڵێم دوو وەرزە چونکێ ساڵی قەندیل دوو وەرزە، وەرزێکیان تەمەنی هەر ڕۆژێک دەبێت، ڕۆژەکانی دی هەمووی وەرزەکەی دی دەیبات... دەڵێن لە چلەی زستانێ و لەو ساتانەی زریان هەموو دوندەکانی قەندیل پێکدی دەگەیەنێ و بۆ میزکردنیش دۆڵێ نابینییەوە، ئا ئەو دەمانەی لە هێلکەی زەوی دەچێت، چاوێک هەبێ بە ڕووی زریان بێتەوە، بینای لە بینایی وی ببڕێ و نەیترووکێنێ، ئا لەو ئاوێنەیەوە بە ڕوونی هەموو کوڕو کچانی حەوا بە زیندوو مردووەوە بە زیندوویێتی دەبینێ و دەشتوانێ یەکە یەکە قسانیشیان دەگەڵدا بکات.... قەندیل دەفتەری بیرەوەریی هەموو مرۆڤێکە، هەر کەسێ خوا بە قەندیلی بێخێ، ئەگەر حەز بکات هەموو سەرهاتی خۆی چ هی ساتەکانی ئاگایی چ ئەوانەی لە خەوێدا خەوتوون چ ئەوانەش کە لە زیندە خەوێ یەخەی گرتوون، دەتوانێ هەموو ئەوانە لەو دەفتەرە بخوێنێتەوە... ئیمامەی پساوە دەیگۆت:

«دەڵێن خارە خولەو زریانی قەندیلێ چاو لە چاوی ئێکدی دەبڕن خارە خولە نابەزێ و نابەزێ...»

زۆر کەس بیستوویانە، لە خارە خولە دەپرسن:

ئەرێ (کونەگورگ) لە چییەوە هاتووەو کێ ئەو ناوەی لێ ناوە؟

دەڵێن خارە گوتوویەتی:

بەو چاوانەی خۆم زەمانی حەفتاو حەفت مەلیکی هەولێرم بە مەلیکەکانەوە دیتییە، لەو مەلیکانە یەکەمیان نا، ئەوانی دی هەر هەمووویان لە پەنای ئەو تفەنگەی دەستمەوە گەیشتوونەتە سەر تەختی دەسەڵات، ئەمن نەبام بە خەونیش تاجی مەلیکیان لەسەر نەدەنا، ئەوەی دوایی لێ دەرکە لە تازیمانەی هەمووشیان تەقەی خۆشیم کردییە، بەس یەکەمیان نەبێ دەنا ئەوانی دی خرپیان ڕۆژێک پێش ئەوەی تاجی مەلیکی لەسەر نێن، گەلەک گفتی هەنگوینییان بە مە دایە وەکی: خارە! بەس ئەمن ببمە مەلیکی ئەو هەولێرە پیاو نەبم ئەگەر ئەو کونەگورگە نەکەمە جوانترین چەپکە گوڵ، دەبێت لە ناو گوڵدانی هەولێرێ لە دوورەوە دیار بێ و بۆن و بەرامەی بە سەر هەموو مەملەکەتی بڕژێنێ، ئەوجا هەر مێوانەک ڕێی بەو مەملەکەتەی بکەوێ، پێی دەڵێم: بنۆڕە ئەها ئەوە ماڵی خارە گوڵە! شەرتبێ لە شەرتی برادەرایەتیمان دەبێت کونەگورگەکەت بکەمە بەهەشت و هیچ گورگەک بە خەونی شەوێش ڕێی بەو گوندەی نەکەوێ..... بەڵام مەلیکەکان ناپیاوەتیان لە یەکدی گرتبۆوە، ئەمن لەهیچ لەو مەلیکانە لە دانە ڕۆژەکی زیاتر برادەر نەبوومە، لۆ دانی هێوارێ کە چوویتمەوە ماڵێ دەبینم مەلیکی تازە چەند گورگەکی لۆ من بە دیاری هەناردییە و دەورەی ماڵێیان گرتییە، ئەمنیش کردیتمە تەق و تۆق، لۆیە ئەو تفەنگەی من قەت ئیسراحەتەکی نەکردییە، ناوی کونەگورگ لەوەی هاتییە و من ئەو ناوەم بە سەردا بڕییە، دەنا پێشتر ناوێکی دی هەبوو..

بەخارەیان گۆتیە:

– باشە تۆ بۆچی یەک هەڵەت حەفتاو ئۆندە جارە بێ دەسکاری و بە یەک شێوە ئۆندە بارە کردۆتەوە؟

– شێت حەفتاو حەفت جۆری هەیە (بە پێکەنینەوە) من هەرجارەی جۆرێ لەو جۆرە شێتانە بووم..کورە خەڵکەکی زۆر لەو دنیایە وەکی منن، بەڵام من هەست پێدەکەم کەچی ئەنگۆ...

– باشە تۆ کە مەلیکی کۆنت وەلا دەنا بۆ خۆت نەبوویە مەلیکی تازە؟

– وەڵڵاهی هەرچی مەلیکی دنیایێ هەیە لە سەی ناو گەنم سەترن، هەی سەیە! ئەمنیش ببمە سە؟! بەڵام بڕیارم داوە لە مەو پاشی نەبمە چاو ساخی کەس،





چاویشیان دەرێ، دەستی کەس ناگرم و نایبەمە سەر تەختی مەلیکایەتی، بەڵام لەگەڵ مەلیکی ئێستاو هیچ مەلیکەکی کە لە دوای ئەویش دێت، ئاشت نابمەوە و دەبێت شانەکم هەر لە ملەی مەلیکان بێت...

هەموو ئەو کەسانەی لە خارە خولە دەدوان و سەرهاتی ئەویان دەگێڕایەوە، کە دەتپرسی کێ وای گۆ؟ بە چاوی خۆت دیتت؟ وەڵام «منیش بیستوومە» هەر ئەوە بوو....

پیاوە داغستانییەکە دەستی بۆ کیسە توتنەکەی برد، ئەو کیسەیەی فەردە تووتنێکی دەگرت.. بە خێرا خۆی جگەرەیەکی بۆ منیش پێچایەوە... بە بیرمدا هات ئەو سپێدەیەی ئادەم و حەوا لەسەر زەوی نیشتنەوە، ئەگەر پیاوە داغستانییەک هەبا سەرو جگەرەی پێشکەش بکردبان و بە پۆلووە ئاگری چا لەسەر ڕژاو دایانگیرساندبا، لەوێوە تا ئێرە مرۆڤێکت نەدەدیتەوە، بە خێرایی و بێ بیرکردنەوەی قووڵ بڕیار لەسەر هیچ شتێک بدات..

سەردەستەی مراوی هەر شیعری دەخوێندەوە و کەسیش گوێی نەدەدایێ.. کەمێک مابوو دان بە هێڕایەتی خۆمدا بنێم، ئاخر ڕێک لەو سەگانە دەچوو بێ ئەوەی جوولەی سێبەرێکیش ببینن، بێ ئەوەی دەنگی مێشوولەیەکیش ببیستن، حەپەحەپیان بوو حەو حەو حەوووووووو هەزار جار حەو حەو.. نایبڕنەوە.. پێدەچوو دڵنیا بووبێ لەوەی دەوری سەگەکەی دیوە:

– بریا کوڕی دۆش لێرە با.

– ئاخر میمیاش لێرە دەبوو.

– تێکت دا

ئەو دووە ئەگەر لە ساتەکانی خەوتن و دەست بە ئاو گەیاندن دەسبەرداری یەکتر بان، دەنا هەر بەیەکەوە بوون و لێکدی دانەدەبڕان، ئەو گوللە تۆپانە گابەردیان لێکدی دەکرد زەفەریان بەو دووە نەدەبرد و لێکدی جیا نەدەبوونەوە، دەیار گۆتەنی:

«لە ناو کەشتییەکەی نووحیش بە تەنیشت یەکەوە دانیشتبوون، لەوەتەی لە کەشتییەکەش دابەزیون هەر بەیەکەوەن، ئەوە نییە لە شەڕیشدا هەر یەکیان سەنگەر

خۆش دەکا و جێی ئەویدیش دەکاتەوە...»

میمیا گۆتبوویە کوڕی دۆ:

– قەت لە حەمرین بەو دیودا نەچی، بۆ هیچ مەبەستەکی، ئەگەر بە نیازی شەڕکردن بوو قەینا

– نا نا ئەوە مەڵێ، ئەوە نابێ

– کورە کوڕی ئاسمان ئەتوو ئەو بەرەبابەی ناناسی بە قسەی من بکە هەر کێ لەو دیوەوە بەمدیودا هات تەقەی لێ بکە، مەپرسە کوڕی عەلی یە هی عومەرە، بابی موحەمەد مەهدی جەواهێرییە.. کورە هەر کەسەک لەم دیوەوەش بەرەو ئەو دیو ڕۆیشت بە گوللەی گەرم ساردی بکەوە، بروا بکە لە سەلاحەدینی ئەیووبی پیاوتر نابێ

– کو وا دەبی!!

وا نابێ! دین حیز، لە بیرت چوو نەنکتیان چ لێ کرد؟ دەرپێیەکەیان لۆ کێندەرێ برد؟!

– بە خودای ئەمن لە دەرپێی نەنکمەوە بیر ناکەمەوە.

– کوڕی ئاسمان ئەدی لە چییەوە بیر دەکەیتەوە؟

– لەو قاوەیەی لە ماڵە عەرەبێکی بەغدایی خواردمەوە.

– دە وەڵڵاهی بەو قاوەی دەمری، هەبێ نەبێ ژەهری ناو قاوەکە ئێکسپایەر بووە دەنا هەتا ئێستا سندانی دەگەیاندێ

– وا نییە، ئەدی بەو خەڵکانەی ئەودیوی حەمرین چ دەڵێی! ئەوەتە شان بەشانی تۆ لە شەڕێدان؟

– بە خودای ئەتوو زۆر کەری، بڕۆ لە ناو گووی بیربکەوە، دەزانی ئەو ڕەفیقلعەزیزانە....

نا لەسەر گووی! کوڕی دۆ قسەی بە میمیا بڕیبوو هەڵاتبوو بۆ گووکردن– ڕاوەستە ئێستا دێمەوە.. ئەوجا هەندێک دەڵێن هەر ئەو (دێمەوە) یە بوو ئێستاو ئێستا نەهاتەوە، هەندێکی دی دەڵێن: نا دەستوبرد گەڕایەوە و سازشیان کرد، بە کەوچکی





چای، نەرمییان لەگەڵ یەکدی گۆڕییەوە.

لە بیرمە نازانم سەردەمی مەلیکی چەندەم بوو ڕەنجان بۆی گێڕامەوە :

«لەو دەمەی کوڕی دۆ بە نیازی بیرکردنەوە چووبووە گووکردنێ، میمیا گۆتبووی:

هەتا ئێستا لە دنیایێ بەس سێ موحتەرەم هەبوون، م. قەزافی، حاکم.ح، ک. دێزە.. بەڵام پێدەچێت ئەو کوردۆیەش موحتەرەم! بێت.

دەیار زۆر پێش ئەوەی باڵ بگرێ بە دەم خەوەوە بۆی گێڕامەوە:

«دەزانی ڕەنجان بۆ ڕەنجانە! ئەو کورە لە هەموو تەمەنی خۆی لە هیچ شتێکی ئەو دنیایە بە گیان و بێ گیانەوە، نەڕەنجایە، یان هیچ شتێک لە کنە وی شایانی ئەوە نەبووە لێی بڕەنجێ.. بەس من پیس ڕەنجاندم، ڕەنجانێ هەتا هەتایێ لەگەڵیدایەو لێی نابێتەوە،

(– گوێت لێمە خۆ نەنووستووی!

– ئا نا گوێم لێتە)

ئەویش لەسەر ئەوەی ویستم ناوی میمیا بگۆڕم و بیکەمە (دۆردووە شێت) ئەو کورە شێت بوو! ڕوح و گیانی میمیا بوو، لە کنە وی ئەگەر سێ عاقڵمەند لە دنیایێ مابن یەکەمیان یان دووەمیان ئەو میمیایە.. ئیدی لەو ڕۆژەوە گۆتی ئەوەی بە ڕەنجان بانگم نەکات خوای دەکرد میمیاش دەبوو کەڕم و گوێم لێ نییە، دەنا پێشتر ناوێکی هەبوو باشە باش لە بیرم نییە، بیلێم زراوت دەچێت... بەڵام پێش ئەوەی ببێتە ڕەنجان بۆ ماوەیەکی کەم بە ناوێکی دیش تێپەڕی، بەڵام زوو گەڕایەوە سەر ناوە بنجییەکەی.. ئەوەش کوو بوو بڵێ چ! ئەو ڕەنجانە (تەرەسەکە)ی میمیاش دەرچوو. ئەو نازانم لە کێندەرێ شیو ئامادە بوو کەس تاقەتی تێکردنی نابێ.. میمیا بە کوڕی دۆ دەڵێ: دە کوڕی دۆ بڕنجەکەی تێبکە تەرەسەکیش هەر دەبێت مەرەگەکەی تێبکا، هەر بە خۆی ڕوو دەکاتە ڕەنجان ئەتووش مەرەگەکەی تێکە. ڕەنجانیش تەرەسەکەی لە بیر نییە بە جوانی مەرەگەکەی تێدەکات... (درێژەی بە قسە دا، زۆر عاشقە قسە بوو دەتگوت حەفت ساڵان دەویان بەستووەو ئەوشەو بۆ منیان کردۆتەوە. لە کاتی باوێشکدانیش لە قسان نەدەکەوت) ئا ئەوەم لە بیر چوو ئەو دەمەی بڕیاری ناو

گۆڕینی دا، عەریزەیەکی دوورو درێژی نووسی و بۆ حاکم.ح بەرزکردەوە، ئەوجا ئەو حاکمە ڕۆژانە سێ جەمە عەریزەکەی دەخوێندەوە:

چۆن وا ئەبێ! نا نا ناوگۆڕین بەو ئاسانییە نابێ.

ڕەنجان ڕۆژی سێ جار دەچووە لای حاکم:

ها جەنابی حاکم ئیشەکەت ڕایی نەکرد بڕیارت نەدا؟

وا بزانم ئێستاش هەر وا دەخوێنێتەوەو بڕیاری لەسەر نەدا، بۆیە ناوگۆڕینی ڕەنجان لە هی هەموو جەنگاوەران قاچاخترە بەس لە هی خارەی خولە، نازانم...»

***

ئەو دەمانەی وێنەی ڕستەی ئەزبەرکراو

لەسەر پێم بۆ ڕژان

ڕژان بۆ توێی پەرەگرافی خەو

ڕووپەڕێکم نادەنێ بۆ پاڵکەوتن

ساتێکیش خەو شیعر ئاسا دەزڕێ

دنیا باوەشی خەو دەکاتەوە

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***

لە قەندیلێ و لە ساتەکانی گورگە خەویدا، نهێنییەکم دیتەوە، بڕواناکەم هیچ جێیەکی دنیایێ ئەو شتەی تێدا بێ کە لە قەندیل هەیە، شتێک هەندێ جار دەتتۆقێنێ، تۆقینێکی وا چ کوڕێکی دنیا بەو جۆرە لە باوکی نەتۆقیوە.. هەندێ جاریش ئارامییەک دەبەخشێ، چ دایکێک ئارامیی وای بە کۆرپەکەی نە بەخشیوە.. هەر کەسەک میوانی قەندیل بێ و ئەگەر لە دوورەوەش بێ، بتوانێ بڕەک چاو لە چاوی زریان ببڕێ، بە شەرتەکیش پێشتریش عاشق بووبێ، ئەوا هەموو سەرهاتی تەمەنی خۆی ئەگەر بە ڕوونیش نا بە لێڵی دەبینێ..

ئەوەتا لە زگی ژنێک هاتمە دەرەوە.. کۆمەڵێک ژن دەوریان داوم ئەها شتەکیان لێ کردم.. وا دەگریێم... نەتدیتییە! وا لە پەڕۆکم دەپێچن، ئەها بەو ژنەی دەڵێم دایە بەو



کەریم کاکە (٣)



پیاوەی بابە.. جانتام لە پشتێیە دەچمە قوتابخانە..دەستم بۆ داری ئەو ئەفەندییە گرتووەتەوە.. هەمووی دەبینم.. وەڵڵا ئەو کچەم ماچ کرد.. ئەو پیاوە ئەو دارەی بە سەرما کێشا.. ئەو کتێبە چییە دەخوێنمەوە....ئەوە سێ پۆلیس بە دوام کەوتوون... گەیشتمە ئاقاری.... دەرچووم... وەڵڵا ئێرە کونە گورگە... ئەوە بۆ لام نەدایە ماڵی خارە خولە! گەیشتمە ئاقارەکی دی... ئەو کۆمەڵە چەکدارە چین؟ نەمکوژن... ئەها ئەوە خارە خولەیە..ئەو شتە چ بوو لێیم وەرگرت! جوان دیار نییە زۆر لێڵە دەڵێی تفەنگە!..... ئەو چیایە بڵندە کێندەرە! قەندیل نەبێ!! تەواو... ئاوێنە پشتی تێ کردم....

فاتیمە دەیگۆ:

لاپەڕە هەڵنەدراوەکانی قەندیل، بە قەد هەموو ئاسمانان نهێنییان تێدایە...

سەردەستەی مراوی گۆتی:

خارە خولە گۆتیتی لەو سەری قەندیل (نازانم کیها سەری) دوندێک هەیە دبێژنە وی جاسووسان، ئەو جاسووسانە چاوی دەرەوەی قەندیلە، کاری ئەو چاوە هەواڵگرییە، کاری ئەو وێنەگرییە، جاسووسە ئەمما جاسووس! هیچ پەیامبەرێک بە زەردەشتیشەوە چاوی وای نەبووە، هەرچی سڕو تڕی دنیا هەیە بە ڕەنگ و دەنگەوە، بە بۆن و تامەوە لە کن ئەو جاسووسانەیە، وێنەی هەموو دنیا دەگرێ و دەیداتە قەندیل، ئەو چاوە وردە زیندەوەرو گیاو گۆڵی بنی دەریاکان دەبینێ، لە دوورترین بیاباندا مێرووله دەبینێ...هەر ئەو جاسووسانە دەبینێ و ئاگای لێیە جوولەیەک، وێنەیەک، دەنگەک ئەگەر بیەوێ ئاقاری قەندیل بەجێ بێڵێ، یەکسەر دوندەکی دی ئاگادار دەکاتەوە، ئەو دوندەشیان (چەکوچ)ی ناوە، ئەو چەکوچە هێندەی بڵێی یەکو دوو دەگاتە سەریان و پانیان دەکاتەوە، چما شتەک هەیە لە دەستی ئەو چەکوچە دەرچێ!! بەڵام ئەوە هەیە ئەو چاوە جاسووسە سەرەکەی دیکەی قەندیل نابینێ و چەکوچەکەش ناگاتە وێندەرێ.

– خارە خولە ئەوەی کو زانییە؟

برادەرەکەی گیڤارا پرسی

– ئەوجا من ئەوە نازانم.

– دە وەڵاهی کەس ئەو حیکایەتەی لە خارە خولە نەبیستووە، ئەوەت لە سەگایەتی خۆتەوە هەڵبەستووە!

پیاوە داغستانییەکە ئەوهای گۆ

– وەڵا قسەی خارە خولەیە، بەڵام با قسەی تۆ بێ

– نا نا بە ڕاست هی خۆتە یان هی ئەو؟

– دەبا پێشت بڵێم خارە گۆتیتی ئەگەر ژن و مێرد ژووری خۆیان کونبڕ بکەن و دەرگەو پەنجەران لە قیرپیش بگرن، لە حوکمی چاوی ئەو جاسووسانە دەرناچن و بە ڕووتی ڕەسمیان دەگرێ، ئێستا ئەو قەندیلەی جوان بگەڕێی ڕەسمی سەدام و ژنەکەی بە ڕووتی لە بن لێفە دەبینییەوە...

نازانم لەو دەمە سەردەستەی مراوی ئەو قسانەی بۆ کرد! موچڕکی ترس لە تەوقی سەرمەوە هاتە ژووریٚ گەیشتە بنی پێم..نیشانەی موچڕکەم لە وانی دیش بەدی کرد.. فاتیمە و پۆلا نا، هەموومان دەستمان بۆ جگەرە برد... لە مژی جگەرەوە تێگەیشتم هەموومان بیر لە جاسووسان دەکەینەوە... دیتم لە بەینی ئیمامەی پساوە و پیاوە داغستانییەکەو فاتیمە بووە فسکەفسک و مقۆمقۆ، هێندەم لێیان هەڵکراند، هیچیان لە بیریان نەمابوو جاری پێشی بە کام سەری قەندیل ئاقاری قەندیلیان بڕیبوو، وردە وردە بەرزترو ڕوونتر قسانیان دەکرد:

– نازانم ئەو جاسووسانە لە کوێیە!

– کە قەندیل هەڵیدامە مۆسکۆ نازانم بە کام دەست و لە کام سەرەوە بووا!

– بەس بزانم ڕۆژ لە کوێوە بەرەو کوێ دەچێت، ڕەنگە ڕێم بە ڕێی دەرچوونی جاری پێشی بکەوێتەوە.

– ترِحێو! ئەوجا شەیتانیش لە قەندیلێ دەزانێ ڕێی ڕۆژێ لە کێیە؟.. ئیلا ئەگەر خارە خولە جاسووسان بناسێتەوە بزانێ لە کێندەرێیە، ئەو خارە زیندەیە لە هەموو جێیەک هەیە، لە بەختی مە لێرە بە دیار ناکەوێ، ئاخر لۆ بەرەو گەرمیانێ ڕۆیشتی!

– واز لەو قسانە بێنن، پێم بڵێن کێ لە دووی من ئێشکگرە؟ نهێنیی شەو چییە؟





(لە قسەکانی پۆلا)

لەوەتەی بە قەندیلێ کەوتووین، ئەوە درێژترین ڕستە بوو لە زاری بێتە دەرێ، بە قسە هاتنی پۆلا ترسی چەکوچ و جاسووسانی نزیکتر خستەوە، ئاخر کەس گوێی لە پۆلا نەبووە لە خۆوە هەڵداتە قسان ئیلا ئەگە پرسیار ڕێژی بکەی ئەویش ئەگەر بە ئا و نا وەڵامت بداتەوە...لە دڵی خۆم گوتم هەبێ نەبێ پرسیارەکی گەلەک گرنگ و ترسناک ڕژایتە دڵی پۆلاوە...ئیمامەی پساوە پارچە کاغەزێکی دەرهێنا:

«ئەو کچە جوانە لەدووتە، نهێنیی شەویش خارە»...

من کەنگێ ترسم لە دڵ با باشتر دەنووسم، کەسم نەدیتییە وەک من بێ... ترساوەکان هەمیشە بە ئاگان، لە پەنایەکیش هەڵکورمێن هەر لەسەر پێن.. ترساوەکان بێ چاوترووکان، چاودەگێڕن و لە هەموو لاوە ترس دەبینن، خەو بۆ جەژنانەش سەردانی ترساوەکان ناکات..کەچی من ڕەنگە لە هەموویان زیاتر بترسێم، ترسێک ئا ئەوەتا کەوتمە ناو چاوی جاسووسانەوە.. ئێستا نا دەمێکی دی چەکوچەکەم دەگاتێ و دەمکاتە لیتاوی بەفر... کەچی خەو بەرم نادا .. نازانم کێ بوو پێی گوتم:

من دڵنیام تۆ بە پێوە نامری، بە دانیشتنەوەش نامری، تۆ لە خەوێکی قووڵ دەمری.

ڕەنگە وابێ من ترسنۆکترین ئازا بم، دەترسم بە زیندوویێتی چاوان بمرم، کێ زاتی ئەوە دەکات بە ئاگاییەوە بە خێرهاتنی مەرگ بکات! من پیاوی ئەوە نیم، من بەرگەی ئەوە ناگرم.. ئەگەر لە خەوێدا بێ، مردن چ ترسەکی نییە.. ئا من لە ساتە ترساوەکان، لەو ساتانەی هەڕەشەی گەورە چوار دەورت دەداو نە ڕێگەیەک هەیە بۆ هەڵاتن نە بەرانگژی چارەت دەکات، نووستن تاکە ڕێیە...من ئێستاش نازانم بۆچی لەو ساتە ترساوییانە دەچمە خەوەو خەو بەرم نادا! ئەوەتە کیسەی خەو سینگ و بەرۆکی بۆم کردۆتەوە و بانگمدەکات..

سەردەستەی مراوی دەستی بە زگی خۆیدا هێنا:

– زۆر گچکە بوویتەوە بەتاڵە / چاوی بڕییە ئیمامەی پساوە / ئەو پیاوە لە برسان

دەمانکوژی، تا کەنگی لێرە دەمێنینەوە؟!

– دوا ئێشککگر با لە نیوەی ئێشککگرییەکەی چایەکەی دێم کاو بانگمان بکات.

– ئەرێ برادەرەکەی گیڤارا دە تووش بیرێک بکەوە بە کام لادا برۆین؟ نەکەوینە بەر چاو و چەکوچەکە

– لەسەر مە ڕۆیشتنە...

من دوا ئێشککگر بووم، ئەو جارەش فاتیمە بە ئاگای هێنام، لێیم پرسی:

– من زوو لە قسەو باسان دابڕام، پێش نووستنێ گەیشتنە کێندەرێ؟

– پێش دابڕان و دوای دابڕان وەکو یەکە، هیچ نەگۆتراو هیچ نەکرا.

جاسووسان ئێستا لە مندا چەقی بیرکردنەوەیە، هەر بیرۆکەیەک لە جاسووسانەوە یا بەرەو ئەوێ هەڵنەکا، لە مێشکما تەمەنی زۆر درێژ بێ هێندەی تف ڕۆکردنێکە، هەر دەنگێ لە (چەکوچ)ەوە بەرزو نزم نەبێتەوە، لە گوێی مندا دەنگی نییە.. بای سەرهات گێڕانەوەیەک، چاوە خەواڵووەکانمی کردەوە، گێڕانەوەیەک زۆر پێش نازلبوونی ئایەتی ئەنفال.. کوڕێک هەبوو نازانم بۆچی پێیان دەگۆت ڕێحێ، لەسەر ئەو (ح) ڕاکێش ڕاکێش بوو، هەندێک دەیانبردەوە حەمرین، هەندێک هێندەیان ڕادەکێشا هەتا وڵاتی حەج گیر نەدەبوون، زۆریش دەیانگۆت: هێندە ڕاکێش ڕاکێشی پێ مەکەن، لەو حەسارە ڕایگرن و تەواو.. لەگەڵ ئەو ڕێحێیە بە دیار بابەگوڕگوڕەوە دانیشتبووین و خۆمان گەرم دەکردەوە، لە بیرمە گۆتی: «ڕۆژێک میمیا لە پڕا پشتاو پشت بە حەمرینێ کەوت، کە چووینە سەری ها چ بوو؟ کێ و لە کوێوە وا بە حەمرینی دادای؟ هێندەی تێگەیشتین لە قەندیلەوە فڕێدرایە.." هێندەم زانی چیایەک کە لە شێوەی چەکوچ بوو، چەکوچێک بە قەد دنیایەک گەورە، بۆم هات... بەس من زوو خۆم هەڵدا، هەڵدانێکی وا لێرە کەوتمەوە

– ئێرە کوێیە؟

– حەمرینە

– دیوی ئاگر یا دیوی حوشتر؟





– دیوی خۆمان

– سوپاس خوایە"

ئەوجا من بە چاوی خۆم نەمدیت و بە گوێی خۆشم نەمبیست بەس گۆتیان خارە خولە یەکسەر گەیشتە سەری و گوتبووی:" چ نییە هەندێک ئاوی بۆ بێنن" دوای ئەوە نەمدیتەوە»

جارێکی دی لە جێیەکی دی، جێیەک سارد سارد بتخستبایەتە ناو بابەگوڕگوڕیش گەرم نەدەبۆوە، ڕێحێم دیتەوە.. ئەو جەنگاوەرە چا خۆرەوەیەکی بێ ڕەزا بوو، چایخانەیەک تایبەت بۆ ئەو چای لێبنایە، پێیڕا نەدەگەیشت، مەگەر من هێندەی ئەو چا بخۆمەوە، بە دەم چا خواردنەوە قسەیەکی خارە خولەی گێڕایەوە، بەڵام لە زاری خارەوە نا، لە زاری زارانەوە نازانم بە چەند پشت دەگەیشتەوە خارە خولە:

«لەو قەندیلە دۆڵێک هەیە (کۆگە)ی ناوە ڕێک دەکەوێتە بن پێڵووی جاسووسانەوە ئەو کۆگەیە لە هەر حەفت ساڵێک، حەفت ڕۆژ خۆی نیشان دەدات، ئەگەر کەسێک هەبێ لەو حەفت ڕۆژەی حەفت ساڵەیە، بگاتە ئەوێ و بە وردی لە کۆگە بڕوانێ، دنیا بەکۆن و تازەوە دەبینێ، کۆگە کۆگای وێنەو دەنگە، سینەمایەکە هەرچی فیلمی تۆ بتەوێ نیشان دەدرێ.... دەڵێن خارە زۆر فیلمی لەوێ دیوە»

لەسەر بەفرو بە دیار ئاگرەوە ورتکە نانمان بە چاوە دەخوارد، ئەو ورتکە نانانەی لە ناو کوڵەپشتا حەفتاو حەفت جار چووبوونەوە ناو دۆخی هەویری و گەڕابوونەوە سەر دۆخی نانی.. قەسپەکانی فاتیمە بەجێ بێڵە لەو قەندیلە چ هێندەی ورتکە نان بە چاوە خۆش نییە، ڕێک تامی ئەو ساتانەی دەدا، ساتەکانی برسێتی کە بە منداڵی نانم دەخستە ناو چایەی زۆر گەرمەوە... پشتم لە سیانیان و ڕووم لە سێیەکەی دی کرد:

– ئێوە بیستووتانە لە قەندیل جێیەک هەبێ بە ناوی دۆڵە کۆگە؟

– بڕوا ناکەم ئەو ناوە لە قەندیل دەست بکەوێ.. بەس نازانم لە ڕووسیا هەیە یا نا!

– کۆگە؟! کۆ...گە..کۆ.. گە غەریب نییە! لە کوێیە کوێ؟ لە کێم بیستووە!! ئا ئا

ناویم بیستووە بەس نازانم دیتمە یان نا.. ئا بیرم کەوتەوە م. جوامێر باسی کرد، خۆ دەیناسن! پێکەوە لە بازاڕی (سونێ) نازانم لە دووی چ دەگەڕاین دەمانچە بوو شتەکی ئەوها.. ئەودەم، نازانم ئێستا کووە، گەورەترین بازاڕی دنیایێ بوو هەرچی خواو بەشەر دروستیان کردییە لەو بازاڕەیدا دەست دەکەوت، هەموو بازرگانە گەورەکانی دنیا ڕوویان تێ دەکرد.. باشترین چەک و تەقەمەنی، باشترین تریاک، شەراب، هەنگوین، کورە جوانترین کچ لەو بازاڕەیدا هەڕاج دەکران.. ئەوجا م. جوامێر قسەی هێنایە سەر ئەو کۆگەیە «کانەبی! دەڵێن ئەها لەو بەرزاییێهێ ئاودیو بیت جێگەیەک هەیە (دۆڵە کۆگە)ی پێ دەڵێن – من خۆم نەمدیوە– دەڵێن ئەو کۆگەیە هەمیشە بزرە و کەس نایبینێ.. بە چەندان ساڵ جارێک بە دیاردەکەوێت، لەو کۆگەیە ڕەسمی ئەو (سونێ)یەی هەموو تێدایە بە ڕەسمی من و تۆشەوە، ئەو قسەی لێی دەکەن وەک تەلەڤزیۆنە نا نا لەو عەنتیکەترا!.. مەسەلەن تۆ شتێکت لێ ون دەبێت ئەگەر بچییە کۆگە، لە ڕەسمێ شوێنەکە دیار دەخاو دەڵێ بڕوانە ئەوەتە شتەکەت.. بیستوومە خارە خولە لێرە، تەزبێحەکەی بزر دەبێت، چەندی دەگەڕێ نایدۆزێتەوە، خۆی دەگەیێنێتە دۆڵە کۆگە کە دێتەوە بێ پرسیارکردن ڕاستە و ڕاست دەچێتە سەر ئەو جێگەیەی تەزبێحەکەی لێ کەوتووەو هەڵی دەگرێتەوە، بەڵام نەمبیستووە لە خارە خولە بترازێ کەسی تر بە چاوی خۆی کۆگەی بینیبێ»

ئیمامەی پساوە بە ئاخ هەڵکێشان و دەست لە چۆکدانەوە:

بەڵام من بە هەندم وەرنەگرت و وەک سووکە بایەک بە بن گوێمدا ڕەت بوو.

– ئەو ناوە لە لای من ئاشناتر لە ناوی خۆم، بەڵام هیچی لە بارەوە نازانم، نازانم لە زەوییە یان لە ئاسمان.. پێم بڵێ تۆ ئەو پرسیارەت لە کوێ هەڵگرتووەتەوە؟ خۆت چی لە بارەیەوە دەزانی؟

فاتیمە بەو پرسیارەوە لەسەر سەرم وەستاوە..وەک بڵێی من بیری ئاوبم و ئەو پەقرەجی شۆڕ کردبێتەوەو لە چاوەڕێی پەقرەجەکە بێت بە پڕ ئاوەوە، فاتیمە زۆر تینو بوو تینووی وەڵام لە منەوە.. خۆزگەم دەخواست ببمە پەقرەجێ پڕ لە وەڵام و بڕژێمە فاتیمەوەو بۆ هەتایە تینوێتی بشکێنم.. ئای خارە خولە لە کوێی! ئەگەر بە هێمای ئاڵۆزیش بێت، چۆرێک دۆڵەکۆگەم پێ ببەخشە، لە فاتیمە تینووترم...





– ها بۆ قسەیەک ناکەیت؟

ئۆه خۆ فاتیمە هەر لەسەر سەرم وەستاوەو چاوەڕێی وەڵامە، ئەوە جاری یەکەم بوو، فاتیمەی دوورە دەست هەڵمبگرێ و لە فاتیمەی بەردەستمم دووربخاتەوەو ئاگام لێی ببڕێ...

– دەبێت بیگەمێ، یان خارە ببینم دەنا هیچی لێ نازانم.

– ئێ دەڵێی چی ڕۆیشتنت پێ باشە یان بمێنینەوە؟

– باشترە جارێ بمێنینەوە، ئەگەر ئیمامەی پساوە پێی باش بێت.

هەر حەفتمان دنکە تەزبێحی پساوە بووین، جیاوازیی کانەبی لە ئێمە ئەوەبوو ئەو ئیمامە بوو.. دنکە تەزبێح بە تەزبێحەوە واتایەک دەبەخشێ، تەزبێح لە پسانەوەدا بە واتاوە دەپسێ، لە پسانەوەدا ئیمامەکەشی هەر هێندەی دنکە پساوەکانی دی واتای بۆ دەمێنێتەوە...دامان نا بمێنینەوە... ئەوجارە ڕووم لە سێیەکەی دی کرد، باشترە بچینە ڕاوێ، چووین، بەو پەڕی نائومێدییەوە هەنگاوی ڕاویمان دەنا.. چەند تەقەیێ.. کوشتی برادەرەکەی گیڤارا کوشتی فیلەتەنێ بە بۆڕە بۆڕ غلۆر بۆوە کەس دەنگی نە ناسییەوە، پۆلا بەو بێدەنگی و تێرامانە قووڵەی خۆی نەیناسییەوە.. سەردەستەی مراوی دەستی بە کەوڵکردنی کرد نەیناسییەوە... پیاوە داغستانییەکە کەل و پارچەی کرد نەیناسییەوە، سەری فیلەتەنی لە پێش خۆی دانابوو، تەماشای ناو چاوی دەکرد، ورد ورد لێی ورد دەبۆوە، لە لمۆزی، لە کەپووی، دەوی، ددانەکانی، گوێی.. ورد دەبۆوە، نەیناسییەوە، دەیگۆت: «لە هیچ چیایەک، لە هیچ جێگەیەکی دنیا من ئاژەڵی ئەوهام نەدیتووە» هێنامانەوە، نەمانناسییەوە وا لێی دەخۆین هەر نەناسرایەوە... پیاوە داغستانییەکە بەدەم تکە لێدانەوە:

– خۆشترین گۆشت ئەو گۆشتەیە نەیناسییەوە.

– ناخۆشترین شتیش ئەوەیە، بکوژی و نەزانی چییە.

– ئەدی کەوڵی بکەی و نەزانی چییە؟

– ئەو شتە بڵێ لەسەر ڕۆیشتن بیت بەرەو مەرگ، لەپڕ پەلت ببەستێ و لە جوولەت بخات؟ ئەوە دەنگی ئیمامە پساوەکە بوو

– لە ئاقاری قەندیل ئەو قسانە بە بادا دەچن، وەلامتان دەست ناکەوێت!!

تا دەگاتە بەردەم دەروازەی دڵنیایی دڵنیا بوومەوە لەوەی قەندیل لە ساڵەکانی خۆیدا، دەبێت چەند ڕۆژێکی نامۆی لە خۆیدا هەڵگرتبێ، چەند ڕۆژێ تەواو نەوازە ڕۆژەکانی و بە شێوەیەکی جیا، جووت دێنەوە لەگەڵ ڕۆژەکانی دەرەوەی قەندیل.. هەبێ نەبێ هەر دەرچوونێ لە قەندیل دەکەوێتە ڕۆژێ لە ڕۆژە نەوازەکان.. بەڵام ئەو ڕۆژانە لە کوێن و کەی دێن!!!

***

ئەودەمانێ خەیاڵ.. خەیاڵ
خەیاڵ باڵی هەموو باڵندانی هەبوو
بە سەر دەریا بە سەر شاخان
لە ساتێکا گەرمیانی دەکرد، کوێستانی دەکرد
وەلێ ئێستا لە جاسووسانا
لە دەرەوەی فڕین هێلانەی چێ کرییە
باڵی نییە بۆ تاوێ فڕین

هەر بایێ لە جاسووسانەوە نێ
ئومێدی پێ ناشنێتەوە
هەر دەنگێ لەوێوە هەڵنەکا
گوێ شک نابەم بۆ بیستنی
هەر ڕەنگێ لەوێوە دانەکا
دیدەم نییە بۆ دیتنی

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***





کۆڕی گەرمی ئاگرپەرستان، ئەگەر چیلکەیێ نەمێنێ بۆ سووتان، بڵێسەی لێ نابڕێ.. ئێمەو ئاگر دەڵێی جمکانەی قەندیلین.. لە بەغداوە هەرچی تۆپی دنیا هەیە، ڕووەو قەندیل لوورەی دەهات و نەیدەگرتینەوە.. دەنگی تۆپ هەندێ جار ئاوێتەی دەنگی سەردەستەی مراوی و کەمتریش ئاوێزانی دەنگی برادەرەکەی گیڤارا:

قەندیل بوو ئاگری وەهای خستە جەرگەوە
بە عەشقەوە وا دەڕۆین بەرەو پیری مەرگەوە

سەردەستەی مراوی دەیزانی کەس گوێ لە شیعرەکانی ناگرێ، دەیدیت لە ترسی شیعری ئەو، هەموو پەنجە دەپەستنە گوێی خۆیانەوە.. بەڵام دەنگە شیعری سەردەستەی مراوی لە پەنجە دەگەڕێتەوە! نەدەوەستا هەتا دەگەیشتە بنەبانی مێشک..بەردەوام بزماری لە سەبە دەکوتی... بەڵام خاتریشی دەگرتین.. ناوە ناوە دەچووە بێدەنگییەکی زۆر قووڵەوە، دەمدیت لە پۆلاش قووڵتر ڕۆچووە، لە قووڵایی بێدەنگییەوە قسەیەکی دەهاویشت:

– قسەیەک دەکەم ڕەنگە باوەڕ نەکەن بەس بە ڕاستیمە، لەوەتەی بە بیرم دێ هەر ئەو شەرواڵەم لە بەرە و نەمگۆڕیوە!

– کو باوەڕ ناکەین! دەزانم ئەو مامانەی لە کن لاقی داکت دانیشتبوو بە دەستی خۆی ئەو شەرواڵەی لە پێ کردی... لە قسەکانی ئیمامەی پساوە.

سەردەستەی مراوی ڕاستی گۆ..خستمیە سەربردەی شەرواڵەوە، تێر تێر زەینم دایە شەرواڵی خۆ، بەشەرواڵدا شۆڕبوومەوە پێدا سەرکەوتمەوە تا نە گەیشتمەوە (هەورێ) دانەسەکنام... لەوێ شەرواڵێکم لە پێ بوو سەد سووندت دەخوارد لەبەردەم سەگەکانی ئەتاتورک هەڵگیراوەتەوە.. چەند کون لەو دنیایە هەیە هێندە کونەی تێدابوو... باش دێتەوە بیرم دایکم بە دەستی خۆی لە پێی کردبووم... دیتم جەنگاوەرێک هەر دەیڕۆنییە شەرواڵی من دەتگوت لە کونەکانەوە نهێنیی دنیای

دیتیه.. هاته پێشێ:

– شەرواڵێکی زیادم پێیه ئەوه فڕێده

– یادگاریی دایکمه

– دەزانم بەڵام..

– نا فێره شەرواڵ گۆڕینم مەکه

بەزۆری زۆردارەکی پێی داکەندم و له پێی کردم..

ئەو جەنگاوەره دڵنەوا بوو، له قسەکانیڕا تێگەیشتم له هیچ شتێک دڵنیا نییه، هەتا له گووکردنێش، بۆئەوەی دژایەتی خۆی بکاو له خۆی یاخی بێت ئەو ناوەی له خۆی ناوه.. قسه قسەی ڕاکێشا.. هەر ڕاکێش ڕاکێش بوو تا گەیشتینه (تورەق)ێ:

«ئەو تورەقه له شەیتان ڕەقەکارتره. نەک هەر تووەکەی، هەموو شتەک لەوێ به ڕەقی شین دەبێت و گەوره دەبێت و وشک دەبێت، به منیشەوه.. له بیرمه بابم بردمیه حوجره بۆوەی دواتر ڕێی بەهەشتێ نیشانی خەڵک بدەم..حەزم لێنەبوو، بەزۆر بردمی..مەلای حوجره له هەمووان ڕەقتر بوو، هەتا ئاویشی به ڕەقی دەخواردەوه.. ئێ.. نەحەوامەوه.. گۆتمه بابم:

بشموکوژی ناچمه حوجره..

وەڵڵا نیوه مردی کردم، بەڵام چاوم به مەلا نەکەوتەوه... ئەوجاره بردمیه قوتابخانه بۆ وەی دواتر ڕێی دۆزەخ نیشانی خەڵک بدەم، هەر بەزۆر..چ ببینم! دیتم کوڕی مەلا مامۆستایه، کوڕ له باب ڕەقتر، هەواشی به ڕەقیەوه هەڵدەمژی... نەحەوامەوه.. گۆتمه بابم:

نیوه مردیت کردووم، نیوەکەی دیکەش تەواوکه..

دایکم زوو گەیشتێ دەنا تەواوی دەکرد... دایکم بەشه لێدانی منی بۆ خۆی برد، بەڵام چاوم به کوڕه مەلای نەکەوتەوه.. بابم وازی نەدەهێنا دەیگۆ:

لەو دنیایه دوو ڕێ هەیەو هەردووکت له پێشه ڕێی سێیەم نییه، یەکیان دەتباته کن کوڕ ئەویدیش دەگاتەوەکن باب، چارت نییەو هەڵبژێره...





زۆر له ڕێی سێیەم دەگەڕام نەمدیتەوه... شەوەک له خەونێدا پیاوەک هاته سەرم:

وەره ئاقاری کونەگورگ.. من خاره خولەم..

هەر هێنده و بەخەبەر هاتم... یەکسەر هەستامەوه... هێشتا شەو زۆری مابوو، کەرەبابیش له خەوێدا بوو، ڕاستەو ڕاست چوومه سەر سەری بابم:

– بابه.. بابەهه کوڕه باباااااااااااااااا.... ئۆندەی له خۆی هەڵدا

– ئەوه چییه، چ بووه!!

– هەڵم بژارد

– حوجره یا مەکتەب؟

– کونەگورگ

– کونه گورگ چییه کوڕه شێت بووی؟

ئیدی چاوم به بابم نەکەوتەوه و دایکیشم لۆی بەجێ هێشت.. بەو شەوه بەڕێ کەوتم.. باش بوو له ڕێیێ تووشی هەڵات بووم.

– وا بزانم دەیناسی.

– ئەوەی میز به خەسار نادا؟

– ئا ئا ئەرێ وەڵڵا

کۆنه شەرۆڵ هەڵاتیشی هێناوه یاد.. ئەوه به تۆبزی دەیبەنه عەسکەری.. شەڕەک دێته پێشێ، سەرۆکەکەیان خیتابەک دەدا، دەڵێت ئەو کەسه به هەڵۆیستە کە سینگی خۆی بداته بەر گوللەو نەگەڕێتەوه، ئەوەی ڕابکات بێ هەڵۆیستی کوڕی بێ هەڵۆیستە... ئەو کوڕه له دڵی خۆی دەڵێ ده وەڵاهی من هەڵدێم و به هەڵۆیستیشم.. لەوەوه ناو له خۆی دەنێ هەڵات... ئەو هەڵاته له میزکردنیش به هەڵۆیستە له عومری خۆی میزێکی به زایه نەدایه.. له ژیانیدا هەر میزەکی کردبێ له جێی میزه قسەیەک شین بووەو تامەکەی کەوتووەته سەر زاران و ئەم لەوەوه تامی کردووه.. هەر هیچی دەست نەکەوتایه به سەر کتێب و دەفتەرەکانی خۆی دەیمیزاند.. بیستوومه پێش

بانگدانێ دەچووە پێش دەرگای مزگەوتێ و دۆخینی شل دەکردەوە، چاوەڕێی مەلای دەکرد، مەلا هەر پێی داوێشتە ژوورێ، لە پشتەوە میزی بە کەواکەیدا دەکرد.. لەسەر ئەوە مەلاو مەلاژن بەردەوام شەڕیان بوو.. مەلاژن دەیگۆتە مەلا، مەلای بۆن میز، تا خۆی بە تەلاقدان دا.. بەڵام هەتا ئێستاش خەڵک پێی دەڵێن مەلا بۆن میز.. هەڵات بە نیازی گرتن دەچێتە سەر ڕەبیەکی عەسکەران.. دەبینێ سێ چار عەسکەر وەک مەڕ بۆ خۆیان نوستوون لەو کاتە میزی دێت دەڵێ پێش ئەوەی دیلیان بکەم، با میزەکیان پێدا بکەم، وەڵڵا مەسینەی میزیان لەسەر ڕادەگرێ.. عەسکەرەک لەوانی دی خەوی سووکتر دەبێت یان پتر بەر میزێ دەکەوێ هاوار دەکات: کوڕە هەستن ڕێژنەبارانە!.. هەڵات لە پێکەنینا لەسەر پشت دەکەوێ هێزی دۆخین بەستنەوەشی تێدا نامینێ.. ئیدی عەسکەر تەقەی لێ دەکەن، پوختە گوللەک بە قوونی دەکەوێ، ئەوجا پێکەنین بەری دەدا و هەر کووەک دەبێت خۆی ڕزگار دەکات... ئەوجا دوایی گوتبووی:

قوون چییە چا نەبوو بە میزڵدانم نەکەوت، دەنا ئەو هەموو میزە نازدارە بە هەدەر دەچوو...

باشم لە بیرە شەوێکی زۆر تاریک بوو من و هەڵات بە ڕێدا دڕۆیشتین..گۆتی:

ئەرێ ئەو قۆپچەی ملم گیر بووە بۆم ناکرێتەوە بزانم ئەتو..

من دەستم لە قۆپچەی دەگێڕا هێندەم زانی گەرمایی بەکن گونمدا هاتە خوارێ گەیشتە ناو پێڵاوێ..

– کوڕە هەی هیچ و پووچ..

– کەرە! لەو دەشت و چۆڵە و لەو تاریکییە لە هەر کێندەری بمیزی بە زایە دەچێت و هیچی لێ شین نابێ......

هەتا فرێشم دا هەستم دەکرد بۆنی میزەکەی لێ دێ.... ئەو کوڕە زۆر یاخی بوو، وا بزانم بەس لە بابی یاخی نەبوو..دەیگۆ: هەتا بۆم بکرێ بۆ گووکردنیش بە ڕێیەکدا ناچم کە خەڵکی دیکە پێدا چووبن... دەیگۆ: وەختی خۆی دەمدیت هەر کوڕە لە بابی یاخی دەبێت.. من بۆ ئەوەی لەوان نەچم هاتم لە دایکم یاخی بووم...

ڕوخساری فاتیمە ئاگرێ بوو نەدەکوژایەوە.. ئاگر لەودا بڵێسەی دەداو لە دوورەوە





دەدرەوشایەوە.. کە لێم نزیک دەبۆوە، گەرماییەکی دەرژاندە گیانمەوە، هیچ پیری تەریقەتێ نەیرژاندۆتە دەروونی موریدەوە:

– ماوەیەکە زۆر سەردانی بێدەنگی دەکەی، بە ماڵی قسە ناکەویەوە! وابڕوا ناوت دەنێین (پۆڵا ٢)!

– چەند ڕۆژێکی ساڵی قەندیلم بزر کردووە سۆراخیان دەکەم...

– ئەو ڕۆژە بزربووانە بڕوا ناکەم لە ماڵی بێدەنگیدا بدۆزرێنەوە

– فاتیمە تۆ پێم بڵێ....

– ئا سەرە داوی سەرهاتێکم دیتەوە.. لە بیرتە کە لە دۆڵە ڕەقە دەوردرابووین و بەغدا زۆر لە ئێستا توندتر دەیکوتاین.. لەوێ چەتار ئەوەی هەمیشە پڕ قسە بوو.. گوێم لێی بوو:

– خواوەند هەڵیداین تا لە (دۆڵە کۆگە) بنیشینەوە.. بە هەڵە لە (دۆڵە ڕەقە) کەوتینەوە..

– دۆڵە کۆگە چییە؟ لە کوێیە؟!

– نەمدیتووە، بەڵام بیستوومە کە خۆشترین جێیە لە دنیایێ.. ئەسحابەیێ بە هەڵە ڕێی کەوتبووە ئەوێ، لە دین وەرگەڕابوو گۆتبووی بەهەشت لەسەر دنیایە نەک لە بن دنیا.. هەواڵی ئەو دۆڵە کۆگەیە دەڵێن لە زاری خارە خولەوە دزەی کردووەو کەوتووەتە سەر زاران...

بە ڕاستی من بە هەندم هەڵنەگرت و لە سەری نەڕۆیشتم.. بەڕاستی وەک نوکتەیەکی خۆش وەرمگرت.. خۆت دەزانی ئەو کوڕە گیرفانی پڕ نوکتە بوو.. نوکتەکانی خارە خولەی لە سوورەتی فاتیحا ڕەوانتر لەبەر بوو.. خۆ دێتەوە بیرت.. دەیناسی؟

– ئا ئا ئەوە نەبوو، تاکەکەس بۆ تەوقەکردن لەگەڵ ئیمامەی پساوە پێویستی بە چوونە سەر بەردی گەورە نەبوو؟

– با با هەتا کونە کۆتریش لەگەڵمان بوو.. دواتر تۆپەکە پەرتی کردین و تەزبێحەکە جارێکی دیش پسایەوە..

– ئێ چیدی!

– لە بیرەوەریمدا، جارێ (دۆڵە کۆگە) هەر هێندە جێیەی هەیە..

ئێشکگریی لەگەڵ تەمەنەو نابڕێتەوە.. زنجیرەیەکە بە چاوی گورگیش چاوی بدێ جێ پسانەوەیەکی تێدا نابینییەوە... بەهای نووستن لە ساتەکانی پێش ئێشکگریی، پڕە لە واتاو لە واتاوە بە ئاگا دێت..لە خەوی خەوناوی خەوتبووم.. خەونێکی گیراوەی خەناوی.. خەنەیەک لە خەنەی بووکان خەنەتر... بانگی کردم و لە خەونی خەناوی کردم:

– خەبەرم نە دەکردییەوە، با هەندێک ڤۆدکا..

– ڤۆدکا!! تەشتێ خەونی خەناوی بەلاگێڕی چۆڕێ ڤۆدکا بێت..

لە شەوی سپیی قەندیلی کە بەفری جێیان، لەوێ چاو بە ڕەشایی دەخوێندەوە، تک تک لە نووری مەی دەتوامەوە.. توانەوەیەک کڵوە بەفری سەر هیچ ئاگرێ، پێی نەگەیشتبوو.. پێشی ناگات... ئاوێتەیەک لە من و ڤۆدکاو بەفرو ئاگر.. چاوەڕێی توانەوەی (پۆلا)ش بووم.. ئێستا نا ئێستا، لە توانەوەیدا دەچمەوە ناو نهێنییە ڕژاوەکانی و بە هەڵگرتنەوەیان ڕاناگەم.. ڕەق ڕەق دەبوومەوە.. دەتوامەوە.. ڕژ ڕژ دەڕژامەوە.. گیر گیر دەگیرامەوە.. پۆلا هەر پۆلا بوو.. شاراوەیی کونێکی تێ نەکەوت، کەوچکە قسەیەکی نەگوتراوی لێوە نەڕژا... سەردەستەی مراوییش بە شیعری خەواڵووەوە گەیشتێ، نەگوتراوێ لە پۆلاوەوە نەهات...

سەردەستەی مراوی بڕیاری خۆی دابوو، دەبێت ببێتە شاعیر.. کۆڵەپشتەکەی شیعرێکی دی نەدەگرت.. نەماندەزانی ئەو هەموو پارچە کاخەزە لە کوێ دێنێ.. دەیگۆت: ئاخ نەمردبام ئەو ڕۆژەم بە چاوی خۆم دیتبا، شیعری من سروودی سەر زاری هەموو جەنگاوەرانی دنیا با.... سپارتاکۆس بە شیعری من لە خەو هەستابا..خارە خولە بە شیعری من خەوی لێ بکەوێ.... سەردەستەی مراوی خڕ خڕ لە دەوری ئاگر دەخولایەوە و بەفر لە بن پێی کرتە کرتی بوو..

– ئەرێ تۆ شتەکی لێ دەزانی، کەنگی دەبمە شاعیری تەواو؟!

– هەر کاتێ دکتۆر شەنگ بووە دکتۆر.





– دە وەڵڵا ئەو قەت نابێتێ.. دەزانی.. منداڵەک دووپشک پێوەی دابوو.. هەتا دەرزییەکی دووپشکی لێ دا، من حەفت دێرە شیعرم لەسەر دووپشک نووسی..

– باشترە ئەنگۆ ژن بە ژنێ پێکتر بکەن

– یانی چی!

– با ئەو دەرزی و حەب بۆ تۆ بەجێ بێڵی و تۆش شیعر بۆ ئەو.

هەولێر تازە لە دایک ببوو.. هێشتا حەفتەی نەچووبوو، ماڵی دکتۆر شەنگ، دێتە هەولێرێ.. کەچی ئێستاش پێوە چوار ڕستەی هەولێریانی لەبەر نییە.. خۆیشی بە هەولێری دانانێ.. گوتبووی ئێمە دەگەڕێینەوە سەر زنجیرەی حەمرین و من حەمرینیم.. ئا ئەگەر حەمرین لە دەریاش نوقم بێ و ئاسەواری نەمێنێ من هەر حەمرینیم.. هەر کاتێکیش کە لێی دەپرسن ئەدی بۆچی ناوت (دکتۆر حەمرین) نەبوو؟ وەڵڵا ئا.. ئا وەڵلا... هێندە وەڵلا ئای دەگوتەوە، تا (وەڵلائا) دەبووە چەقی قسەوباس و نەخۆی نەکەسی دی لە بیریان نەدەما، چ پرسیارەک کراوە... دەڵێن لە مەجلیسان بە پڕتاو بۆ دەست بە ئاوگەیاندنێ هەڵدەستا، لە بیری دەچوو بچێتە ئاودەست، ڕێی جێنووستنێی دەگرت و دەتدیت پرخەی خەوی دێت.. خەڵک دەیانگۆ ئەو دکتۆرە لە دروستبوونیا پشکە قوڕەکی تێدا نییە و لە شیلەی گوڵەوە هاتییە.. دەیانگۆ خواوەند ویستوویەتی بە پەپوولەیی هەڵیفڕێنێتە دنیا، بە بەشەری بەرەڵای دنیای کردووە.. هەندێک دەیانگۆ کوڕ و کچەک بە ناوی (پێکەنین) و (لەبیرچوونەوە) زەماوەند دەکەن منداڵێکیان دەبێت.. بەس کەس جێو ڕێی ئەو منداڵە پێ نازانێ.. ئەو دکتۆر شەنگە زۆربەی ئەو پرسیارانەی لێی دەکرا، وەڵامەکان پێکەنینێ بوون.. نە لەبەر ئەوەی نەیدەزانین، نا، زوو پرسیارەکەی لە بیر دەکرد... ڕۆژێک م. جوامێر هاوار دەکات کوڕە وەرن، کوڕە ونبووەکەم دیتەوە..

– کوا لە کوێیە؟

– ئەوەتا نایبینن!

دەبینن دکتۆر شەنگ لە دەو جۆگەکە دانیشتووەو فریشتە ئاسا پێدەکەنێ.

– چۆن دەزانی هەوە!

– ئەوە ناردم.. ئەها لە ناو ئەو جانتایەی خۆی دوو دنکە حەبم بۆ بێنێ.. دیتم ماوەیەک لێرە بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە.. زانیم لە بیری کردووە، ئەو جارەش پێم گوتەوەو جانتایەکەشم نیشان داوە.. دە بیبینن چوویتە کوێ و چ دەکا!

ئەو دکتۆر شەنگە لە دنیایێ تەنها دوو شت لەبیر ناکاو ناکا، ئەوجا لە ناو شەڕێ بێ، لە ناو ئاگرێ بێ، لە باخەڵی ژنێ بێ، لە هەر جێیەک بێ.. ئەوانیش، دووەمیان حەمرین، یەکەمیان لەبیر چوونەوە، لە بیرمە لەمێژ نەبوو فەرمانی قەدەخەکردنی شەراب، لە بیابانەوە دەرچووبوو، هەرکەسێک بوتڵە شەرابی بە دەستەوە بگیرابا، دەیانگرت و بە بوتڵەوە هەڵیاندەدا.. هەڵدانێ، لە بنەبانی دۆزەخێ بە عەردی دەکەوت.. ئەو فەرمانە بووە فەرمانی مەلیکی هەولێریش، بە پێی خۆی بە پێش دەرگای ماڵاندا پیاسەی دەکرد.. دەرگا دەرگا بۆنی دەکرد.. لە هەر ماڵێکەوە بۆنی شەراب بهاتایە، بە ڕێی بیاباندا ڕەوانەی دۆزەخی دەکرد.. تا وای لێ هات فەرمان بووە دەستوورێک لەسەر خەڵکی چیاو چۆلانیش پێڕەو کرا.. دەگێڕنەوە خارە خولە هەتا ئەودەمانێ بۆ دەرمانیش فڕە شەرابێکی بە لێوی نەکەوتبوو... دەیانگۆت هەر بۆنی بۆی بهاتایە هێڵنجی دەهاتێ.. بەڵام دەمەو عەسرانێک، خارە بە بوتڵێک شەرابەوە دەچێتە سەر منارەی چۆلی و بە دەنگێکی هەولێرییانە ڕادەدێرێ:

مادام فەرمان لە مەلیکەوەیە ئەگەر سوڕ بزانم پێشی دەمرم دەبێت لەمەودوا لە باتی ئاو، هەموو سبەینانێکی قومەک لە شەراب بە حەلاڵی بخۆمەوە...

جەندرمەی مەلیک لەسەر قەلات بۆی شۆڕدەبنەوە.. هەتا دەگەنە بن منارە، خارە گەیشتیتە کونە گورگ.. هەتا ڕێی کونەگورگ دەبیننەوە، خولە لە کونە کۆتر دەنیشێتەوە.. دنیای لە دوو دەکەن نایبیننەوە... ڕۆژێک حەزم چووە شەرابێ، لەمێژ بوو تامم نەکردبوو.. نەشمدەزانی خارە خولە کوویە شەرابی لە کێندەرێ شاردۆتەوە.... ئەو دکتۆر شەنگەم لێ پەیدابوو.. زانیم یەک بوتڵ شەراب لەناو کوڵە پشتەکەیەتی.. گۆتی:

بۆ تۆم هێناوە..

چەندان جار پێم گۆت:







دە بێنە..

دەستی بۆی دەبرد لە بیری دەچۆوە بمداتێ.. بە خۆم کوڵە پشتم کردەوە، دەنا ئێستاش بەبیری نەدەهاتەوە شەرابی بۆ من هێناوە.. لێی پرسیم:

ئەرێ ئەو دووکونە (گورگ و کۆتر)...

نەگەیشتە ئەوەی وەڵام لە بیر بکات! پرسیارەکەیشی لە بیر چۆوەو نەیکرد.. «من دەڕۆم بۆ لای نەخۆشێک..» کێ دەڵێ بۆ ئەوێ چوو...

ئێمەی حەوتەوانە هێشتا وا لە هۆڵی کۆبوونەوە... ئەو هۆڵەی سەروەختانێ فریشتەکانیش ئێمە ئاسا بۆ کۆبوونەوە تیایدا کۆدەبوونەوە، پێدەچێت قسەو باسی ئەوانیش لە بارەی نەهێنی زەوییەوە بووبێ و ئاکامیش بە جانتای بەتاڵەوە و بە دڵشکاوی پایدۆسیان لێ کردبێ.. بۆیە سەروەختانێکی دی لە سەردەم وەگەڕێکی دی، شەیتان بە نابەدڵی و لە ناچارییەوە کردبێتییە ئاودەست..

«کوڕینە، ئێوە بۆنی میزی شەیتان ناکەن؟!»..

ئاودەست بە ئیزن وەرگرتن لە شەیتان دەبێتەوە هۆڵی کۆبوونەوە.. کۆبوونەوەیەک جێگە بۆ تەمەنی بە جێماوی هەموو کۆبوونەوە عەردی و ئاسمانییەکان دەکاتەوە.. کۆبوونەوە هێندەی بە لاڕێی بێدەنگیدا ڕێ دەکا و دەڵێی بە ساتمەی پسانەوەیەک ناگات، هێندە ناچێتەوە سەر ڕاستە ڕێی قسە، ئەو قسانەی لە پساوەیی تەزبێحەوە کەوتبوونەوە.. لێرەوە سەری قسە (جاسووسان)ەو بنی قسە (دۆڵە کۆگە) لە نێوان سەرو بنیشدا، دەکەوێتە ژێر بەزەیی (چەکوچ)ەوە و لە دنکە پساوەکانی تەزبێح پەرت و پەرتتر.. لێرەو لەوێ بە دنکە بەجێماوەکان، بە دنکە پساوەکان، بۆ چەند ساتێکی خاترانە بە یەک دەگەینەوە، لەوانیشەوە بەو سەردا بە کەلاوەکەی حەواو ئادەم دەکەوینەوە و بە سەرەکەی دی دێینەوە بەردەم (چەکوچ) و دەستی خۆ بە دەستەوەدان بەرز دەکەینەوە... بەفر.. ئاگر..گۆشتی نەناسراو.. چایە، جگەرە..سەما.. نوستن... لە توێی هەموویان، ئێشکگری دیسانەوە ئێشکگریی.. ئێ شک گ ر ی... ئەوە فاتیمەیە بە لەنجەولاری ئاگراوییەوە کە بەفر لێیەوە پڕووشەی دەکات، وا هات وەلامەوە، بە سەرمەوە وەستاوە، وا کەوتمە بەر سێبەری نادیاری

هەیکەلێکی یۆنانییەوە...

– من دەمێکە داوم بە داوی خەیاڵێکی دوو سەرەوە بووە.. هەریەکەی بۆ کونێکم ڕادەکێشێ (کۆتر) لەو سەر (گورگ) لەوسەر.. دەمەوێ تێبگەم ئەو دووە لە کوێوە تێک دەکەنەوە.. تۆ چی لە بارەوە دەزانی؟...

ئەو پرسیارەی دکتۆر شەنگ بە نیوەچڵی بەجێی هێشت و من دەمێدی پیاسەی پچڕ پچڕم لە ئاقاریدا دەکرد.. ئەوەتا فاتیمە بە گۆڕێی وەرکرد.. ترسام.. لە فاتیمە ترسام، هەستم کرد فاتیمە جاسووسی خواوەندە بە سەر نەستی منەوە... خۆزگە دەخوازم فاتیمەش خوشکی دکتۆر شەنگ بێ و ببێتە کچە جوانەکەی لەبیرچوونەوە.. من لە دڵەوە ئیرەییم بە دکتۆر برد، ئەگەر مرۆڤ نەوەی لە بیرچوونەوە با و گیانداران هەموو، بە باڵدار و بێ باڵەوە لە ڕەچەڵەکی دکتۆر بان، ئەو دنیایە کێشەیەکی ئاڵۆزی تێ نەدەکەوت... کێشەکان لەو پرسیارانە دەکەونەوە کە هەرگیز لە بیر ناچنەوە و هەمیشە بە پێوە وەستاوین بۆ تیلمە وەڵامێ..

– ها قسەیەکت نییە؟

ئای فاتیمەی بۆ وەڵام بە پێوە وەستاو!!

– تۆ بە بای وەڵام بشنێیەوە، جوانی.. هێندە بە بای پرسیار لەنجان مەکە!

– جوانییەکان لە سیمای وەڵامەوە خۆ نمایش دەکەن، بەڵام هەناسە لە پرسیارەوە وەردەگرن، هەموو جوانییەکان سەر بە ئاقاری پرسیارن... جوانیی قەندیلیش لەوە دایە، دەتخاتە بەر ڕێژنەی پرسیارەوە.... من جاری پێشی لە قەندیلێ کەم مامەوە، بۆیە وەک ئەمجارە هێندە نەکەوتمە ناو سێرەی پرسیارانەوە.. من دەمەوێ کەمێک نزیک ببمەوە لەو سەرە داوەی وا لە کونێک لە کونەکان بزر بووەو سەرەکەی دی، دەگاتەوە کونەکەی دی..

– منیش چی لێ نازانم... بڕوا ناکەم کەسیش... من وای بۆ دەچم هەردوو سەرەکەی وا بە پەنجەکانی خارە خولەوە، ئەو پەنجانەی لە تفەنگ نابنەوە، چ نازانم، ئەوە نەبێت دەڵێن: لە نێوان ئەو دوو کونە سێ ڕێگە هەیە، سێ ڕێگە ئەو دوو کونە بە یەکەوە دەبەستنەوە، ڕێگەیەک عەردی، ڕێگەیەک ئاسمانی، ڕێگەی سێیەم بن عەردی،





من جارێک وا بزانم ڕێم بە ڕێی سێیەم کەوت، لە پێدەشتێک تووشم بە تووشی دەبابەیەکی ئەنفال بوو، چەند تەقەیەکم لێی کرد، فشەی پێ هات، دەتگوت لەگەڵ ئەویشم نییە، هات و نەگەڕایەوە، دوو پێم هەبوو، دووشم قەرد کرد، کەوتە دووم، زۆری نەمابوو، بمگرێت، چاڵێکم هاتە پێش خۆم هاوێشتە چاڵەوە، چاڵ چ چاڵ! لە بنی کونێکی لێ دەبۆوە، کون و کون ڕۆیشتم، ڕۆیشتم، هەر ڕۆیشتم، نازانم چەند ڕۆیشتم، لە جێیەک دەبینم هەر کونە لە کون دەبێتەوە، نەمزانی بە کام کوندا بڕۆم، دانیشتم پشووێکی باشم دا، ترسام زۆر ترسام، نەمدەزانی کام ڕێگەیان دەمباتەوە ئەودیوی ئەنفال، چەندی دەمکرد، ڕێم دانەدەگرت، هەندێک دەڕۆیشتم، دەگەڕامەوە ڕێیەکی دیم دەگرت، لەویش پەشیمان دەبوومەوە، ئیدی تەواو بێدەسەڵاتی و نائومێدی دایگرتم، چیم بە دەستەوە نەما، شمشاڵ نەبێت، شمشاڵ ئەو هاوڕێیەی هەمیشە بە هانام هاتووە، فووم بە شمشاڵدا کرد، بە مەزەندەی خۆم هەرچی زیندەوەری بن زەوی هەیە، گوێیان لە شمشاڵی من بوو، نازانم چەند بەندم چڕی! هێندە دەزانم لە کونێک لە کونەکانەوە لایتێک لە چاوی دام، لێوم لەسەر شمشاڵ هەڵگرت، گوێم لە دەنگێک بوو، دەنگێک دوور زۆر دوور، دەتگوت لە بن عەردییەوە لەو سەری دنیایە:

وەرە، بێرەدا وەرە، ئێرە کونە کۆترە..

دەڵێن خارە خولە گۆتیتی:

هیچ مەلیکەک ناتوانێت لە یەک کاتدا هەر سێ ڕێگاکە بگرێت، خۆی بکوژێت، هەرچی جەندرمەی دنیایێ هەیە بیڕژێنێتە نێوان ئەو دوو کونەوە، هەر ڕێگەیەکی پێ دەگیرێ، ئەوپەڕی با دوو ڕێگە بگرێت، ڕێگەیەک هەر دەمێنێتەوە، بۆیە بۆ جەنگاوەران ڕێگەی نێوان کونە گورگ و کونە کۆتر هەمیشە کراوەیە و قەت داناخرێت...

ئەو قەندیلە لە وەڵامدا دەتمرێنێ و لە پرسیاران زیندووت دەکاتەوە... جاسووسان پرسیار.. کۆگە، چەکوچ پرسیار... دوندی بەرز پرسیار.. کونی گورگ و کۆتران پرسیار..؟؟؟؟؟... فاتیمەش پرسیار..

– منیش پرسیار

– ئا فاتیمە ئاڵۆزترین پرسیار

– لە کونەکان و.. ئاڵۆزتر

– ئەوەش وەک پرسیارەکانی دی....

***

ئێشکگریی هەڵیگرتووم
هەلۆ ئاسا لە شاخانا
بە بای بێداری دەشنێمەوە..
تەنێ چاوی تۆ شک دەبەم
لە دنیایێ هێلانەیێ بۆ خەو نابینمەوە
دەستت بێنە
لیمۆ ئاسا بمگوشە
بە لێویش تامی نەکەی
گوشین بۆ خۆی تامی ژیانەش
بمرژێنە خۆتەوە
بەردیش بم دەتوێمەوە
وەرز وەرزی ڕژانە

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***

من و فاتیمە بە ئەسپایی و بە چرپە قسەمان دەکرد.. دڵپیسێ چاوی لێبایە، بێ یەکو دوو قسەکانی دەبردەوە جێژوانێ و دەیگەیاندەوە ماچ و ڕامووسانێ.... بەڵام ڕێیەک نییە دڵپیسان، بباتەوە قەندیلێ، ئەگەر خزمی شەیتانیش بن و لە ڕێی ئەوەوە، پێ بنێنە ئاقاری قەندیل، لەوێ لە سرووتە ئاگرییە بەفراوییەکان وەک بەفرو ئاگر پاک دەبنەوە.... سەردەستەی مراوی لەولاوە دەیویست لاسایی عەلی بەردەشانی بکاتەوە و لێی نەدەهات.. لێمان نزیکتر دەبێتەوە:

– پساوەکان خڕ ببنەوە چا چا!

– بە جگەرەوە





– بە سروودەوە

– بەس شیعری لەگەڵ نەبێ

– بە پرسیارەوە

– بە سەماوە

دڵنیام قسەی پۆڵاش بە (بێدەنگییەوە) بووە، بە گوێی دڵ گوێم لێ بوو لە جارێک زیاترو بە دەنگی بەرزی بێدەنگی، گوتییەوە... سەردەستەی مراوی حەفت چای تێکرد.. پیاوە داغستانییەکە پێنج جگەرەی پێچایەوە..

(لێرەش لە ناو بەفرو گڕو کڵپەدا.....)

هێشتا دوا وشەی سروود هەر لە قورگی برادەرەکەی گیڤارا بوو، سەمای پساوە دەستی پێ کرد.. هێشتا سەما دەستی سەمای لە دەستا بوو..

– ئەگەر زمانی شیعریشم ببەستن، زمانی پرسیارم بەرەڵڵایە خۆ... ڕووی پرسیارم لە هەمووتانە بە پۆڵاشەوە.. پرسیارەکە: بۆ یەکەمین جار کە چەکی پێشمەرگایەتیت لە شان کرد، لە کوێ و لە دەستی کێ وەرتگرت؟ ئەوەی بە بیری نێتەوە، گەمژەیە!

– ئەو کوڕە پرسیاری سەیرو سەمەرە دەکات!

– من وەڵامی دەدەمەوە، ئەو چەکەی دەستم دیاریی گیڤارایە، هەر بە هۆی ئەو چەکەوەش بوو ناوەکەم لە (م. شێرزاد)ەوە گۆڕا بۆ برادەرەکەی گیڤارا.. بەڵام تفەنگی یەکەم لە بیرمە، لە ئاقاری کونە گورگ، لە دەستی پیرۆزی خارە خولە وەرمگرت..

– لە وەتەی بە بیرم دێ، ئەو تفەنگە تفەنگی منە.. کە چوومە مۆسکۆش لە جێگەیەک (ئاشکرای ناکەم) جوان جوان تەقەتم کرد، کە گەڕامەوە بە سانایی دیتمەوە.. ئەو ساڵەی ناویان نام جاشیش هەر ئەو تفەنگەم هەبوو.. ئا شەوێک ڕێم کەوتە کۆڵانی ماڵی خارە خولە.. لە سەری کۆڵانێ تووشم بە تووشی خارە خولەوە بوو، بە دزییەوە دەچووەوە ماڵی خۆیان، دوو تفەنگی پێبوو، وەکو پیاوان ئەوەیانی دایە من، لەگەڵی نەچوومە ژوورێ، بەڵام کە هاتەوە بەگەڵی کەوتم.. ئەوەش وەڵامی

پرسیارە سەیرەکەت...

– دە وەڵڵاهی لە وەڵامی پرسیارەکەی خۆم، منیش وەکو ئێوە.. ڕۆژێک لە بابم تووڕە بووم.. گوتم با ئەو جارە بەگەڵ مراوییان نەکەوم.. بە عەکسی ڕۆژێ سەری خۆم هەڵگرت.. هەر ڕۆیشتم، ڕۆیشتم.. تا گوندێکم لێ بەدیار کەوت، دیتم پیاوێک لە دەو ڕێ لەسەر بەردێک دانیشتووە، دوای چاکوچۆنی گوتی:

بڕۆ گوندی بزانە جاش و ماشی لێ نییە، کە هاتییەوە تفەنگەکت دەدەمێ.. هەر باڵم گرت.. چ ببینم! جاشی دنیایێ وا بەرەو گوندی دێن.. بە فڕین گەیشتمەوە لای، چم دیت بێ لێقرتان و بە سەرەوە نان، ئەوەم پێگۆت... گۆتی:

وەرە....

لە بن غەرە بەردێک تفەنگێکی دەرهێنا.. گۆتی:

ئەوەش دیاریی خارە خولە بۆ تۆ...

– من تێناگەم لەو کونە گورگ و خارە خولەیە! دەڵێی دنیا لەوێوە لە دایک بووەو هەر لەوێش دەمرێ!.. منیش هەر لەو کونەو دەستەوە، تفەنگم بە دەست هێنا.. ئەوەشی گوت:

تۆ یەکەمین ژنی ئەودیوی حەمرینی، کە تفەنگی پێ ببەخشم....

– من پێشتر تفەنگی دیکەم لە شانی بوو، لە بیرم نییە، کو بە دەستم کەوتبوو.. بەڵام ئەوەیان... لە دەوروبەری کونە گورگ دەسووڕامەوە، جاشەکانی حەمسا بۆنیان کردبووم... ئێ، زۆرم تینوو بوو.. ڕێم کەوتە سەر بیرەک دیتم باوەش باوەش کۆتر لێی دێنە دەرەوە.. سەرم شۆڕکردەوە.. چاوم لە تەڕایی دەگێڕا.. لۆ تفەنگ بەر نەبۆوە!! تفەنگ ڕۆیی و ڕۆیی.. هەر ئەو دەمەو عەسرە، خارە خولەم دیتەوە، لەمێژ بوو دەمناسی.. گۆتی: خەمی لێ مەخۆ.... ئێستاش نازانم لە کێندەرێ تفەنگەکی بۆ پەیدا کردم.. سەد سوندت دەخوارد تفەنگە گۆرینەی خۆمە...

پۆڵاو من، متەقمان لە خۆمان بڕیبوو.. وەڵامەکان زراویان بردبووم.. ئەوە پرسیار نەبوو، گوللەی حەفت کەس بڕ بوو، نزیک لە دڵنیایی دڵنیا بووم، وەڵامی پۆڵاش لە هەمان کونەوە سەردەکاو بە هەمان دەستا گوزەر دەکا... سەردەستەی مراوی بە





گوللە پرسیارەوە لەسەر سەرمان وەستاوە:

دەی وەڵام بدەنەوە، با گەمژە دەرنەچن..

– ئەوانە هیچیان وەڵام نەبوون، هەموو پرسیارێکن ئاڵۆز ئاڵۆز

– بە خودای پۆڵاش شێت بوو.. لە قسەکانی ئیمامەی پساوە

دەمویست چەندێ زووە بچمەوە ئاقارە بێ سنوورەکانی بێدەنگی.. لەوێوە ئاوێتەی پیاسەی تێڕامان ببم، تێڕامان لە (پرسیاری ئاڵۆز ئاڵۆز)..

– کاکە من (گەمژە)کەم.

– لە دەستم چوو خۆزی من (گەمژە)کە بام.. هەڵەی پۆڵا بوو درەنگ.. نا هەڵەی خۆم بوو زوو....

لەو ڕستە تەژی لە ناوکە قەسپیەوە، لەو (گەمژە) شیرینەی بە زاری فاتیمەدا چۆڕاوگەی بەست، ڕستەی تەڕ تەڕ، تەڕ لە خۆزگە.. تا دەگەینەوە ڕستەیەکی دی، بە (گەمژە) بمناسنەوە.. ناسینەوەی حەفتا و حەفتەمین.. لە چوونە سەر جێی چوارخواوەندەوە، هەولێر، حەفتا و حەفت مەلیکی خستووەتەوە.. هەر لەو هەولێرە حەفتاو حەفت جۆری شێت، شەوو ڕۆژ بە شەقامەکاندا دەسووڕێنەوە.. هەولێر ئەو دایکە میهرەبانەیە، حەفتاو حەفت مەزاری پیرۆز دەلاوێنێتەوە.. منیش ئەوە جاری حەفتاو حەفتەمینە، سەختەکاری لە ناوی خۆم دەکەم....

ئیمامەی پساوە بە دەنگی چیاییانە، دەنگێ سەرڕێژ لە هەورازو لێژی.. لە هەورازان بەرزتر، لە لێژییان لێژتر.. دەنگێ لە گوێی گوێگرانان، سەداییکە لە تەزبێحی پساوەتر.. بەڵام لە قەندیلێ بۆ خۆ فریودانیش، گوێگرانێ نابینییەوە.. ڕێبوارانی قەندیل لە خواوەندەوە، سووکترین گوێیان بەر کەوتووە.. حەفتاو حەفت مشک بە قەد قەندیلییەک، گوێیان لە خشپەو چرپەی ڕستەیەکی گۆکراو نابێ.. لەو قەندیلە هەموو ئازای لەش لە بەفردا دەیبەستێ و دەبنە بەرد، گوێ هەر لە جوولەیەو لە با بزۆزتر.. هەموو ئازای لەش لە ئاگردا دەتوێنەوە دەسووتێن، گوێ لە بایەتی خۆی ناکەوێ و بێ پسانەوە باوەشێنی لەش دەکات.... گیان پرخە پرخی خەویەتی، گوێ هەر بێدارە.. گیان دەستی جەستە دەگری و

دەفڕن.. دنیا تەی دەکەن.. بەسەر دەریاو دەشتا پیاسە دەکەن، گوێ هەر ئێشکگرەکەی قەندیلە... ئەو دەنگە لە پیاسە تێڕامانییەکانی کردم، ئەو پیاسەی دوور زۆر دوور لە ئاقاری قەندیل...

– هەمووتان حەمسا دەناسن؟!

– کێهان! مەبەستت حەمسای جاش نەبێت؟

– لە دنیایێ وەک من بزانم بەس یەک حەمسا هەیە، ئەویش هەر ئەو حەمسا جاشەیە.. ئێ، ئەوە لە وەلامی پرسیارەکە ناوم هێنا بۆیە دەیکەمەوە پرسیار:

ئەوە کێیە کە دووەم کەسە دەستی بە تفەنگەکانی ئێمە کەوتبێ تەقەی پێ کردبێ؟!

– وەڵڵاهی ئەوە قۆڕترین پرسیارە لە عومری خۆم گوێم لێی بووبێ.

– نا پرسیارەکە قۆڕ نییە ڕەنگە من بە قۆڕی کردبێتم... ئێ، بیستمە، قسەی من نییە، وا گۆترایە، هەرچی تفەنگ هەیە هەتا حەمسا تەقەی پێنەکات ناکەوێتە دەستی سێیەم، ئەوجا پرسیاری من لە دەستی یەکەم و سێیەمە.

– وەڵڵا تفەنگی من هەر دوو دەستی دیتووە، لەو جێیەی تەقەتیشم کردبوو، دەستی شەیتانیشی پێ نەکەوتووە هەتا بڵێم شەیتان دەستی سێیەمە..(بە پێکەنینەوە)

– بەو قسەی تۆ بێت خارە خولە یەکەمە، بە خۆت دووەم، حەمساش دەستی لە گونم!.. کورە ئەمن دەڵێم حەمسا کەسی دووەمە و بڕایەوە.. ئەتو ئەگەر کەسی حەفتاو حەفتەمینیش بیت باشە!

– ئەگەر بزانین، خارە خولە و حەمسا کامیان لە پێش کامیان لە دایک بووە، کەسێکیان ئاشکرا دەبێت؟.... ئەوە پۆلایە بە دەستی خۆی بێدەنگیی خۆی شڵەقاند...، من تا ئەو ساتە پرسیارەکە بە جوولەی نەخستبووم..

– من لە (سەیدە)م بیستووە، دەیگۆت: «دایکم لۆی گێڕامەوە کە ئەتوو حەمسا و خارە خولە لە ڕۆژێک لە دایک بوونە بەوەی دەزانم ماڵمان لە یەک کوڵان بوو.. یەک مامانیش هەبوو هەرسێکمان سرەمان گرتبوو، خوا خێری مامان بنووسێ ئەمنی لە پێشان ڕزگار کرد.. ئا تازە دنیا ڕووناک دەبۆوە.. وە بزانم لە پاشە من چووە کن داکی خارە خولەی.. ئا ئا.. حەمسا لۆ عەسرێ هاتە سەر دنیایێ»... ئەوجا نازانم





چەندێ ڕاستی تێدایە!

– ئەتو کام (سەیدە) دەڵێی؟

– چەند سەیدە هەیە! ئەو پیاوەی لە پێش ئەوەی لەو دەشتی هەولێرە، کەوچکە ماستێک بۆ هەوێنیش هەبێ، بڕکە کەنگرەگ بۆ بزنیش سەری دەرهێنابێت، ئەو تفەنگی لە شانە.

– ئێ ئێ.. ئەو پیاوە ئەمن باش دەیناسم، لە سەری بدەن درۆیەک ناکات، ناڵێم ئەگەر لە گێڕانەوەی سەرهاتان، لە سەهووەوە شت لەبیر بکاو پاش و پێشیان بخات.. باشی دەناسم.. ئەوە هاموشۆی مەحموود ئێزدیشی دەکرد.. ئەنگۆ ڕەنگە ئەو مەحمووده باش نەناسن.. زۆر برادەرم بوو.. ئەو پیاوە کە سوپای هۆلاکۆ بەرەو هەولێر کشا، عەردو ئاسمانی لێ کردنە گۆڕستان.. لە بیرمە کاتێ مەعاویە بڕیاری دا لە چوار قوڕنەی دنیایێ ئاگرکردنەوە قەدەغە بێت، ئەو مەحموود ئێزدییە، دنیای لێ کردە ئاگر، باش بوو قەندیل هەندێک هەوری بە قەرد دایە دنیایێ، دەنا نەک هەر عەرد ئاسمانیش دەبووە خۆڵەمێش.. کوڕە دەڵێن خارە خولە لە کنە وی فێرە تەقەکردن بووە... دەڵێن عەسکەری بەغداو شامێ دەوری چیای شەنگئالێ دەدەن، بۆوەی ئەو ئێزدییە لە ناو ببەن، دەیانگۆ هەر عەسکەر بوو پەلەواژ دەبۆوە.. بە قسەی خەڵکی ئەوێ هیچ پایزەک لەو شەنگالە هێندە پەلکی دارانی نەوەراندییە.. حەمسا ئەوەی دەزانێ، دەڵێت ئەوە بۆمن لێگەڕێن، کابرایەک بە ناوی شێخ حەنەش بەگەڵ خۆی دەدا.. ڕێی شەنگالێ دەگرن.. دەڵێن هێشتا زۆر دەمێنێ لە چیا نزیک ببنەوە.. هەردووکیان لە ترسان چۆڕە میسکە دەگرن... ئەمن لە مۆسکۆ کابرایەکم دیت دەیگۆ ئامۆزای مەحموود ئێزدیم.. زۆر سەرهاتی ویم لۆی گێڕایەوە...

زریان هەڵی کرد.. ئەوەتا هەرچی ڕقی خواوەندو شەیتان و مرۆڤە، لە قەندیلێ گێژ دەدەن و لە بەغداوەش لوورەی تۆپە.. لە تاران و توورانەوە لوورەی تۆپ.. چووینەوە ئاودەستی شەیتان و وەک منداڵە هەتیوەکانی دنیا بەبێ نازی سەرمان بە کۆشی یەکتر کرد... من ڕێک لە ناو چاوی فاتیمە دانیشتبووم، بەلام هەستم کرد نامبینێ...

گوێم لە دەنگی فاتیمەیە، بەس نازانم قسە بۆ کێ دەکات:

«بیستبووم ڕۆمانسیترین شەو، شەوانی بەغدایە.. هەوای ئەو شەوانە لە سەری دابووم، شەوی هیچ جێیەکی دی، لە سەرمدا شەوانی بەغدایان نەدەڕەواندەوە.. ئەو دەمانێش هیچ ڕێگەیەک نەیدەبردیەوە بەغدایێ.. هەموویان تەلبەندو پۆلیسبەند بوون... بەس لە بابمم بیستبوو، ئەو کاتانەی بەغدا هەموو ڕێگاکان لەسەر خۆی دادەخات، دەرگای دیجلە لەسەر پشتەو داناخرێ، کلیلی هەموو دەرگاکان لە گیرفانی بەغدایە، هی دەرگای دیجلە نەبێت.... ئیدی دەمەو عەسرانێ گوێم لە ئاو بوو بانگی کردم:

ئەی کچە چاو ڕەشەکە، درەنگە..

بێ ماڵئاوایی لە دارخورماکەی بەر دەرگای حەوشەکەمان، بێ ئەوەی دایکم ماچ بکەم... جلەکانم کردە کۆڵەپشت و لە پشتی خۆم بەست.. بە ڕووتی ڕژامە رووبارەوە... /ئەها من فاتیمە بە ڕووتی دەبینم!/ ڕژانێ، بڕوا ناکەم رووبار لە تەمەنی خۆی ڕژانی وای لە ناو ڕژابێت... ئاو بەرەو دەریا منیش سەرەو بەغدا بە ڕێ کەوتین.. چ ڕۆیشتنێکی بە چێژ بوو، لە هەموو لەشمەوە چێژ دەڕژایە گیانمەوە.. چێژێ هیچ کچێ لە جووتبووندا، چێژی وای پێدا نەڕژاوە.. چ ڕۆیشتنێ تامی ئەو ڕۆیشتنەی نادا لە ناو دیجلەدا بە دژی دیجلە ڕێ بکەی.. ئەگەر بۆ دیجلە ڕووت نەبیەوە وەک چۆن ژنی ئاوی بۆ مێردەکەی ڕووت دەبێتەوە، ڕەنگە دیجلە لە ژیان ڕووتت بکاتەوە.. بەڵام کە ڕووت بوویتەوە، ژیانێک سەر ڕێژ لە تەڕی، ژیانێک پڕ پڕ لە جوولەی جوان، نەرم نەرم دەڕژێتە گیانتەوە... تەواو جیا لەو ژیانەی مرۆڤ لە وشکانیدا وەک جڕو جانەوەر دەیگوزەرێنێ... حەزم نەدەکرد دەسبەرداری دیجلەبم... بەس بە بیرمدا هات بەغدا ڕێیەکەی وا ژیان بەخش بێت، دەبێت شەوەکەی چیت پێ ببەخشێ!.. هێندەم زانی تاڵێک لە شەوەوە لە تاڵێکی قژم ئالاو لە دیجلەی کردم و بەدیار دیجلەوە بە نابەدڵی خۆم خستەوە ناو جلە تەڕەکانم، هەڵدرامە شەوی بەغداوە... سلاوێکی تەڕتر لە جلەکانم لە شەوی بە غدا کرد.. بە وەرگرتنەوەیەک داینیشاندم، تەڕیم تێیدا هەست پێ نەکرد، ڕەنگە ئەو تەڕییەی نەبووبێ کە لە سلاوەکەی من دەچۆڕایەوە...ئێستا مێوانی شەوی بەغدام.. لە چایخانەیەک کە دەرگای بەسەر شەقامێکی فراواندا کردۆتەوە، چایەکم بە دەستەوەیە بە ئاوی دیجلە،





بەڵام بۆ خۆ فریودانیش، خزمی ئاوی دیجلە نابێتەوە... وێنەیەکی گەورە بە دیواری چایخانەکەوە هەڵواسرابوو، بۆیە کەوتە بەر چاوم دیوارەکە هەر جێگەی وێنەکەی تێدا دەبۆوە، لە سەرووی وێنەکە بە خەتێکی بیابانی نووسرابوو: (سەرۆکی فەرماندە معاویە).

بەس لە بیرم نەماوە، معاویەی ژمارە چەند بوو... هەر لەو ساتەی من دەمڕوانییە معاویە، گوێم لێ بوو لە ناو شەقامەکە پیاوێک هاواری لێ هەستا بە دەنگێکی بیابانی:

«هەر ئێستا هەموو خەڵکی شار لە گۆڕەپانی خیانەت کۆ ببنەوە، ئەوەی خۆی دوا بخات سەری دەنێرمە کن سەری حوسێن و لاشەشی ڕەوانەی قەندیل دەکەم..»

دوای کەمێ تێڕامان لە سەروسەکوتی ئەو پیاوە، ناسیمەوە.. ئا هەوە.. ئەوە ئەو پیاوە بوو لە سەری کۆڵانی خۆمان، بە هەمان دەنگی بیابانییەوە هاواری دەکرد:

بڕۆنە ماڵە کاولبووەکانتان، ئەمری ئەمیرە، منداڵی یەک ساڵەش لە دەرەوە ببینم بەم شیرە ملی دەپەڕێنم..

گوێم لە خەڵک دەبوو بە دەم دەرگا داخستنەوە لە بەر خۆیانەوەو بە ترسەوە:

حەجاج حە حە جاا ج...

من لەوە تێنەگەیشتم ئەو پیاوە لە بەسرا بەزۆر خەڵکی لە ژوورێ دەکرد، هەر ئەو پیاوە لە بەغدا بەزۆر خەڵک لە ماڵان دێنێتە دەرەوە... ئیدی هەرچی خەڵکی بەغدایە لە گۆڕەپانی خیانەت خڕبوونەوە من لە سووچێکەوە وەستابووم، باش ئەو بۆشاییەم لێوە دیاربوو کە خەڵک بازنەیان لە دەور بەستبوو.. دیتم کچێکیان هێنا خوێن لە تاڵ تاڵی قژی دەچۆڕایەوە.. پێم سەیر بوو لە جیاتی زمانی گریان و پاڕانەوە، بە زمانی هێز قسەی دەکرد.. من هیچی تێنەدەگەیشتم کەسێک لە تەنیشتمەوە گوتی:

ئەو کچە قارەمانە بە زمانی چیایی قسە دەکات..

دیتم گوریسەک لە ئاسمان هێواش هێواش شۆڕدەبۆوە.. چەندی تەماشای ئاسمانم کرد بنی گوریس بە دیار نەکەوت.. گوریس هەر شۆڕ بۆوە.. ڕێک گەیشتە ناو قەدی کچەکە.../ ئەوەتا گوریسەکە دەبینم!/ لەو کاتەدا دەنگەک لە نادیارەوە

بەرز بۆوە:

ئاگادارتان دەکەینەوە، ئەو کچەی وا دەیبینن، جاسووسە، ناوی لالەیە، جاسووسی بۆ خائینی گەورە دەکات، ئەو خائینەی هەر لە سەردەمی نووحەوە، لە ڕۆژانی فەقێیایەتی دەرسی خیانەتی خوێندووە، خیانەت لە خوا و پێغەمبەر دەکات، خیانەت لە بەغدا دەکات... ئەو کچە لە ناو جانتایەکەیدا، نەخشەی بەغدا دۆزراوەتەوە، ویستوویەتی بینێرێ بۆ ئەو کافرانەی وا لە قەندیلەوە، نەخشەی داگیرکردنی بەغدا دەکێشن.... نەخشە بۆ دزینی بەردە پیرۆزەکەی قیبلە دەکێشن.. بۆیە بە ناوی خودای گەورە و بە ناوی ئێوەوە، ئێستا لە ڕێی ئەو گوریسەوە دەینێرینەوە بۆ قەندیل.

حەجاج بە دەستی خۆی گوریسەکەی لە ملی لالە شەتەک دا، تا ئەو ساتەش لالە هەر لە هێزەوە قسەی دەکرد، دوا وشەی کردستان بوو.... لالە بەرز بۆوە.. بەرز بۆوە.. بەرز لە چاو ون بوو..... من نازانم چەندی پێ چوو، چاوم هەر بە ئاسمانەوە هەڵواسرا بوو.. دوو سێ جەندرمە چاویان لە ئاسمان پساندمەوە.. هەڵاتم بەر دەستیان نەکەوتم.... چوومەوە سەر دیجلە.. چیم لە دەست نەدەهات، ئەوە نەبێت بەرد بەرد بەردی نەفرەتم دەخستە دیجلەوە، بە دیجلەم دەگۆت چیم لێت ناوێت بەس ئەو بەردانە بگەیەنە، دەرو جیرانان، ئەو دەرو جیرانە بەسراوییانەی کە هەوای شەوانی بەغدایان خستبووە سەرمەوە... هەستم کرد لە دنیایێ تاقە خوشکەکم هەبوو ناوی لالە بوو بە زمانی چیایی قسەی دەکرد.. پیشەی جاسووسی بوو، بەبەر چاوی خۆمەوە، ئاسمان بە خنکاوی هەڵیکێشا و بردی.. ئەو پیاوەی جارێ لە بەسرا لە دڵەوە چەپڵەم بۆی لێدابوو، خائینی گەورەیە.... نەمدەزانی جاسووسی چۆنە دەنا دەمکرد هەر بۆ ئەوەی بە ڕێی گوریسەکە بگەمەوە لای خوشکە چیاییەکەم.. چیم لە دەست دێ! بە دوای کەرەستەیەک دەگەڕام خۆمی پێ بکوژم، لە نەگبەتیما کەرەسەیەک دەست نەکەوت بۆ خۆکوشتن.... چەند تەنیام لە دەو دیجلە.. دڵم لە بەسرا ئێشاوە ئیدی ئەوێ لە من حەرام بێت، دەست نادەمە دەستی دیجلە بەرەو ئەوێم بباتەوە... بەغداش نە ڕێیەک تێی دەکاتەوە نە ڕێیەک لێی دەبێتەوە، هەیەو نییە دیجلەیە.. بڕیارم دا لە دیجلەوە بە عەکسی دیجلە ڕێ بکەم.. بەڵام دیجلە ئەو جارە





دەمداتە شەوانی کوێ؟! ئەو پرسیارە سووکە بایەک بوو بە قژمدا شنەی کرد... دەستم بۆ دوگمەی کراسەکم برد خۆم ڕووت بکەمەوە، ڕووتتر لە دیجلە.. هێشتا گۆی مەمکەکانم بە دیجلە نیشان نەدابوو.../فاتیمەی کەنار دیجلە پشتی لە من بوو، سینەو بەرۆکیم نەدیت/ پیاوێک لە تەنیشتمەوە وەستا، ترسام، لەرزیم.. تیچاوێکم دایێ ڕیشێکی جوانی هەبوو، وام زانی حوسێنە.. نا ڕیشەکەی لە هی حوسێنیش جوانتر بوو، بە پیاو خراپان نەدەچوو.

– حەزت لە مەڵەیە؟

– نا هەر ئەو ڕێگەیە هەیە.

– بەرەو خوارێ یان سەرێ؟

– خوارێ نا سەرێ

– ڕێگەی تر هەیە.. بەڵام بۆچی شەوانی بەغدا بە جێ دێڵی؟

– خوشکەکم هەبوو ناوی لالە بەجێی هێشت، منیش بە جێی دەهێڵم.

– ئەو لالەیەی لە ڕێی گوریسەوە، دەرچوو..

– ئا ئا دیتت؟!

– من ناوم ڕیشە یە ئەو ناوەت بیستووە؟

– ئا بەڵام بڕوا ناکەم تۆ هەو بیت.. خەڵکی بەغدا دەیانگۆت وەحشەک هەیە ناوی لە خۆی نایە ڕیشە پیاو دەخوا، ژن دەخوا، منداڵ دەخوا.. هەرچی جەندرمەی بەغدا هەیە لە دوویتن پێیان ناکوژرێ.. دەڵێن ئەو وەحشەش لە هەموو جێیەک هەیە و بە کەیفی خۆی دەسووڕێتەوە... ئا بیستوومە بەڵام تۆ هەو نیت..

– من هەوم و برای ئەو لالەیەشم کە تۆ بە خوشکی خۆتت داناوە... بەڵام ناهەقت نییە باوەڕ بە من نەکەیت و باوەڕ بە قسەی ناو خەڵک بکەیت... خەڵکی بەغدا هەموو بەنج کراون.. پادشای بەغدا کە هەموویان لە نەوەی وەڕین، ڕۆژانە دنکە حەبەک دەخەنە سەرچاوەی ئاوی خواردنەوە، بەو دنکە حەبەش دەڵێن (خۆشەویستیی پاشا)

– واتە من و تۆ خوشک و براین!

– ئامادەم بە خوشکی خۆم وەرت بگرم

– تۆ خزمی.....؟

– خزمی نزیک

– ئەدی ئەو خائینی.....؟!

– هێشتا لەژێر کاریگەریی دنکە حەبەکەی، ئەگەر دێی با بڕۆین، درەنگمە..

بێ یەکو دوو بەگەڵی کەوتم، هەستم بە بزربوون کرد، ئا وا بزانم بوومە تاڵێ بە ڕیشی ڕیشەوە، تاڵێ لە ڕیشە نوورانییەکەی.. نازانم لە کوێ بووم چەند ڕۆیشتین.. هێندەم زانی بە تەنیشت یەکەوە ڕاوەستاوین..

– ئەو ئاگرە دەبینی؟ ئەوە بابەگوڕگوڕە..

– ئەها! دەیناسمەوە، ئاگرەکەی پرۆمیسیۆس نییە؟ کە لە ڕۆژی دزی و لێرەی شاردەوە.. بەس بیستبووم ئاگرێکە دووکەڵ ناکات.. ئەو هەموو دووکەڵە چییە؟!

– ناسیتەوە.. بەڵام منیش نازانم لە کەیەوەو بۆچی دووکەڵ دەکات.. هێندە دەزانم ئەو دووکەڵە لێلایی سەر بیناییە و زۆر جار چاوەکان بە هۆی ئەو دووکەڵەوە، وێنەکان بە تاریکی و شێواوی دەبینن.. زیاتریش دووکەڵەکە دەچێتە بینایی چاوەکانی ئەو دیوی حەمرینەوە.. ئەو شوێنەی لێی وەستاوین، بەرزایی حەمرینە، ناوی حەمرینت بیستووە؟

– لە تۆوە گوێم لەو وشەیە دەبێت

– ئەها! لە کتێبە زۆر کۆنەکان، وشەی (حەمرین) بە واتای جیاکەرەوە دێت جیاکردنەوەی چیا لە بیابان.. واتە لێرەوە هەرچی چیاو بیابانی دنیا هەیە، لێرە ماڵی خۆیان دەکەن و لێکدی جیا دەبنەوە..

– ناکرێ بە یەکەوە هەڵبکەن؟

– زەحمەتە.. وەختی خۆی پیاوێک ناوی سەلاحەدینی ئەیووبی بوو زۆری هەوڵ دا ماڵیان تێکدی بکەنەوە، سەری نەگرت.. درەنگە با بڕۆین.

دیسانەوە خۆم بە تاڵە ڕیشی ڕیشەوە هەڵواسی.. بزربووم.. نوستم، خۆشترین





نوستن نوستم... لە پێدەشتێکی بەهاری بە ئاگای هێنامەوە..

– من درەنگمە لەوە زیاتر ناتوانم لەگەڵت بێم..

– خیانەتم لێ دەکەیت؟

– نەتهێشت ڕستەکەم تەواو بکەم، ئێرە تا ماوەیەکی دی ئاقارێکی بێ مەترسییە، ئەو سێ چوار بنە دارەت دیوە؟

– دەیانبینم بەس دەترسم، لەگەڵ تۆ دێم.

– من لەو جێیەی تۆم هەڵگرت دەچمەوە ئەوێ.. ناکرێ! تۆیان لەگەڵ من دیوە...

– ئێ..

– تۆ کەوتیە ئەو لیستەوە کە بەغدا ناوی ناوە لیستی خیانەتکاران.. کە گەیشتیە بن دارەکان زۆری پێ ناچێ دەنگت دەدەن، مەترسە، بڵێ من خوشکی قەندیلم، بەگەڵ کامیان دەکەوی گرنگ نییە، ڕێگەی هەموویان دەچێتەوە قەندیل.

– باشە حەز دەکەم بگەمە قەندیل، بەڵکو لەوێ خوشکەکەم ببینمەوە.

بەر لەوەی بفڕێ دوو سێ وشەی چیایی فێر کردم.. لە چاو ترووکانێکدا ون بوو، منیش بەرەو بن دارەکان هەنگاوم نا.....»

(ها چی لە چاوی فاتیمە دەخوێنیتەوە؟)

سەردەستەی مراوی بەو ڕستە ناوەختییەو بە ئانیشکە بزمارییەکەی کە ڕۆچووە ڕانمەوە، لە ناو چاوی فاتیمە دەری هێنام، دەنا هەتا ڕۆژی حەشر من هەر لە چاوەکانی فاتیمە دەمامەوە....

ئەوە چەند لاپەڕەیەکی دزراو بوو لە دەفتەری بیرەوەرییەکانی فاتیمە.. ئەو بیرەوەرییانەی لە دەروونی فاتیمە، دەڵێی ئاوی خەوتوون.. هێشتا دەفتەرێکی نەنووسراوە، هێشتا بای دنیا، پێی پێدا نەخشاندووە و پەڕەکانی هەڵنەداوەتەوە.. هێشتا ڕستەیەکیش لەو بیرەوەرییانە لە پەنجەی فاتیمەوە تکەیان نەکردووە.. چ پەنجەیەکی دیش نەینووسیوەتەوە.. هێشتا لە لێوی فاتیمەوە، کەس کەس نە بە شیرینی نە بە تاڵی ئەو بیرەوەرییانەی نەمژیوە.. لە چ لێوێکی دیشەوە چۆڕاوگەیان

نەبەستووە.. کەچی ئەو بیرەوەرییانە بە وێنەو دەنگەوە، وا لە چاو و گوێی مندا، پارێزراون... لێم دزین و ڕەنگە هەرگیزیش هەست بەو دزینەی لێی کراوە نەکات...

ئەو جۆرە دزینە لە پیاوێک فێر بووم، ناوی پیرۆزی ڕەسوو بوو، بەڵام زۆر کەس بە (ئەسحابەکوژ) ناویان دێنا، ئەو پیاوە فێری کردم چۆن ببمە دز، دزی بیرەوەرییە نەنووسراوەکان، بیرەوەرییە نەگوتراوەکان، بە وێنەو دەنگەوە.. ئەو وێنانەی ناکەونە چوارچێوەی کێشانەوە.. ئەو دەنگانەی هەمیشە لە دەرەوەی بازنەی بیستن دەمێننەوە.. بەرەبەیان بوو ئەو دەمەی (ئەسحابەکوژ) هونەری جوانترین دزینی، بۆ شرۆڤە کردم :

«لە سەفەرەکی قەندیلێ، لە کاتی بەفر شکاندندا، کە بە سینگ بەفرم دەشکاند، چۆکم بەر تیشە بەردەکی کەوت.. خوێن هەر هات و نەوەستا.. هەموو جلەکانم داکەندو لە چۆکمم بەستا، خوێن هەر نەوەستا، حەفتاو حەفت بەرازان بکوژییەوە، هێندە خوێنەیان نییە.. لۆ یەکەم جار ئەمن بووم، ڕەنگی قەندیلم لە سپییەوە گۆڕییە سەر سوری.. ئێ برێمە برای خۆم، ڕقم لە تیشە بەرد هەستا، ڕقلێبوونەوەیەک، ئەسحابەی گۆرینێش هێندە ڕقەی لە من هەڵنەستایە.. لەگەڵ تیشە بەرد کەوتمە شەڕێکی حەفت شەو و ڕۆژە، سوندم لێ خوارد دەبێت بتبەزێنم.. ئاخیری بەرد بەزی.. بەرد چ بەرد! بنی لە کن دەریا بوو.. بەردم لەسەر بەفر درێژکرد.. زۆر ماندوو بووم، هەر لە دەو چاڵە قووڵەکە، چاوەکم گەرم کرد... کە بە خەبەر هاتم، زوو دوو سێ جاران خەونەکەم بۆ خۆم بە دەنگی بەرز گێڕایەوە نەبادا لە بیری بکەم.. ئەوجا با خەونەکەت بۆبگێڕمەوە.. دیتم ژنەک گەلەک گەلەک جوان و کەڵەگەت، جوانی ئەوها نە لە دنیایێ هەیە نە قیامەت.. لە مەستوورەش جوانتر لەسەر سەرم وەستایە، خەنی بووم باوەشم لۆی کردەوە.. گوتی:

باوەش مەکەوە مێشکت بکەوە..

هۆیەکم لە خۆم زانی!! گوتی :

من زۆر مەمنوونی تۆم کە ئەو بەردە گەورەت لەسەر پشتی من هەڵگرت، ئەمن قەت چاکەی تۆ لە بیر ناکەم، لە باتی ئەو چاکەیە نهێنییەکت پێ دەڵێم، لە ژیانتا زۆر کەلکی لێ وەردەگریت.. بەس بە شەرتەک بۆ کەسی نەگێڕییەوە.. قەینا ئەگەر هەر



کەریم کاکە (٥)



حەفت ساڵەک بۆ یەک کەسی بگێڕییەوە، بەڵام سوێندی بدەی ئەو کەسە بۆ کەسی دی نەیگێڕێتەوە...»

ئەسحابەکوژ چاوی لە چاوم نا:

– وا بزانم حەفت ساڵ دەبێت بۆکەسم نەگێڕاوەتەوە.. ئەگەر سوند دەخۆیت بۆکەسی ناگێڕییەوە، هەتا لۆت بگێڕمەوە..

– بە سەری تۆو بە سەری کچە خەونییەکەش کەس لە زاری منەوە نایبیستێ.

متمانەم پێتە.. کچە گۆتی :

«ئەگەر بتەوێ لە ئاقاری قەندیلێ، سەرهاتی کەسەک بزانی، ڕابردووی ئەو کەسە بە دەنگ و ڕەنگەوە ببینی، ئەو ساتانەی ئەو کەسە دەچێتە بێدەنگییەکی زۆر قووڵەوە، بە دزی زۆر بە دزی، نابێ ئاگای لە جوولانەوەت بێت، خشپەی پێت نەچێتە گوێی وی.. برۆ لە بەرانبەری دانیشە، چاو لە چاوی ببڕە، خەمی ئەوەت نەبێت کە چاوی کراوەیە.. ئا ئەو کاتە ئەو کەسە چ سەرهاتەکی خۆی بۆ خۆی بگێڕێتەوە، لە چاوی کراوەی ئەوەوە هەمووی دەبینی لە لێوی داخراوی ئەوەوە هەمووی دەبیستی.... ئا ئا بە ڕەنگ و دەنگەوە سەرهاتەکە لە پێش چاوتە، لە ناو گوێتە»

گۆتمە کچە:

ئەتو فشەم پێ دەکەی! ئەمن لە پێش ئەو کەسەی دانیشم و چاو لە چاوی ببڕم، هەر دەمبینێ خۆ کۆرە نییە!

کچە گۆتی:

«کە تۆی دیت ئەوە بزانە نەچوویتە بێدەنگیی قووڵەوە، لە من تێنەگەیشتی، ئەمن گۆتم بێدەنگیی قووڵ، قووڵتر لە بەژنی ئەو بەردەی لەسەر پشتی من ڕاوەستابوو، ئەو بەردەی ئەتو هەڵتکێشاو منت ڕزگار کرد.. کە من ڕۆیشتم سەیری چاڵەکە بکە، بێدەنگی دەبێت ئەوها قووڵبێت».

ئەوەی گوت و ونم کرد.. ئەمن بۆ وەی بزانم کچە ڕاستی گۆ یان درۆی لەگەڵم کرد، بێ جوولە و خشپە چوومە بەر دەمی زۆر ئەو کەسانەی ڕۆ دەچوونە بێدەنگییەوە، سەد جارە ئەوەم کرد، هەموو پیاوە لە بێدەنگی ڕۆچووەکانی قەندیلم جەرباند

دەرنەدەچوو، کابرا دەیگۆت ئەوە بۆچاو لە چاوم دەبڕی، چاوم چی تێدایە؟ زۆر تەریق دەبوومـــەوە... وازم لـەو دزینـە دزێوە ئاشکرایە هێنا، هەزار جـــوونی پیـــسم لۆ ئەو کچەتیوە نارد.. بەس نازانم پێی دەگەیشت یان نا..ئێ.. ی هەر لە قەندیلێ، پیاوەک هەبوو (فـەلاک)یان دەگۆتـێ زۆر برادەرم بوو، تا بڵـێی عاقڵ و زیرەک بوو، ئەمن زۆر شت لەوی فێر بووم.. بەردەوام کتێبانی دەخوێندەوە، کەمدوو بوو، دەمدیت هەندێک جاران دەچووە بێدەنگییەکی گەلەک قووڵەوە، بێدەنگییەک پیاو نەیدەوێرا لێی نزیک بکەوێتـەوە، ئا بێـدەنگیـیـەکـەی زۆر بە سـام بوو... نازانم کـوو بوو قـسـەی کـچـە خەونییەکە لە گوێم زرینگایەوە، ئەمن لەمێژ بوو قسەکەم لە بیری خۆ بردبۆوە.. گۆتم قیرۆسیا با ئەو جارەش تاقی بکەمـەوە.. دەمەو عەسران بوو دیتم (فەلاک) کەوتیتە ئەو چاڵەی من هەڵمقەند، بە مـەزەندەی خۆم کەوتبوویێ.. لە دڵی خۆم گۆتمە کچەکە ئەگەر قسـەکەی تۆ بە سـەر فەلاک ڕاست نەکەوێتەوە، بەسـەر هیچ بەشـەرەکی دی ڕاست ناکەوێتەوە و ئەتوو ئەمنت فریو دا.. هەر بۆ ئەوەی لە باوەشێت نەگرم.... ئێ بە زیادەوە مـەرجەکانی لێک نزیکبوونەوەم جێبەجێ کرد.. نە خـوداوەند نە شـەیتان هەسـتـیـان بە جـوولـەو خـشـپـەم نـەکـرد.. چووم، چووم.. وەک پشـیلە لـە بەر دەمی هەڵکورمام، هیچ قسـەی نەکرد.. وەکی منداڵان چاوم خستـە ناو چاوییەوە، هیچی نەگۆ.. لە دڵی خـۆم گۆتم ئیسـتـا تەریقم دەکاتەوە.. چ ببینم!! ئەوە فـەلاکە هێواش هێـواش بە ڕێ کـەوت.. دەرگـەیەکی کـردەوە.. ژوورێکی گـچکەیە.. دوو ڕەسم بە دیوارەوە ڕێک بەرانبەری یەکتر هەڵواسراون، ناسیمـەوە هەردوو ڕەسم فەلاک خۆی بوو، ڕەسـمـەکیان قـەڵەمی بە دەست بوو دیار بوو شـتی دەنووسی، ڕەسـمـەکەی دی تفەنگی لە شانی بوو، بڵندگۆیەکی لە دەستی بوو دیار بوو قسـەی بۆ خەڵکی دەکرد.. لە ڕەسـمـەکەی چەند سەرکەک دیاربوون پێدەچوو بۆ ئەوان قسـان بکات.. ئێ دیتم چاوەکی لەسـەر ڕەسـمی قـەڵەم بوو چاوەکـەی دی لەسـەر ڕەسـمی تفـەنگ.. بەو گوێیانەی خۆم لە زاری فەلاکەوە گوێم لێ بوو:

خۆزگە هەر ئەوەیان دەبووم / دەستی بۆ ڕەسمی قەڵەم بە دەست درێژ کرد/

من پیـــاوی ڕۆمـــان نووسین بـووم.. بە هـەڵە کـــەوتمە ئەو بەرەی /دەســـتی بۆ ڕەسمەکەی دی درێژ کرد/





بە ڕاستی ئەمن زۆر ترسـام موچڕکەک بە دڵمدا هات.. قیـچـەک بە ئاگا هاتمەوە.. دیسان بە دزییەوە خۆم لێی دوور خستـەوە.. لە دووری وی وەستام.. لەو ساتانە ئەو نهێنییەم لە بیر نەمابوو کە کچە پێی گۆتبووم، هەر وەخت بوو شێت بم بە هەر دە پەنجان چاوی خۆم هەڵدەگلۆفت بۆ وەی بزانم خەون نییـە... زۆری نەبرد فـەلاک لە چاڵی بێـدەنگی هاتە دەرەوە... نەمـدەزانی کـو پێی بڵـێم شـتـەکی وام لێت دیوە دەترسـام بە شـێـتم دابنێ... دوایی قـسـەی کـچـەم بیـر کـەوتەوە.. بەس دڵم ئاوی نەدەخواردەوە، هەر لە قسـەی کچە بە گومان بووم.. کێ دەڵێ ئەوەی بە چاوی خۆم دیتم و بە گوێی خۆم گوێم لێ بوو، کێ دەڵێ لە زارو چاوی فەلاکەوە بووە، ڕەنگە هەر ئاگاشی لەو بەزمەی نەبێ... ئێ گۆتم با تامەکی زاری فەلاکی بکەم... گۆتم:

– ئەرێ کاک فەلاک ئەمن دوو ڕەسمی تۆم دیتییە بەرانبەری ئێکدی وەستاون، لە چاوی تۆوە کامیان جوانترن؟

– ڕەسمی چی برا؟!

– ڕەسـمـەکیـان قـەڵەمی لە دەسـتـیـیـە و ڕۆمـان دەنووسێ، ئەوی دی تفـەنگی لە شانییەو قسان دەکات

– ڕۆمان!! ئەوەت لە کـ ێـ ز ا نـ ی!!

– ئەدی تازە ئەتوو....

فـەلاک تەواو حـەپەسـا.. دیتم قـسـان پەرت دەکـات ترسـام شـتـەکی بەسـەر بێت، ئەمنیش هەر وەکو وی بووم.. بە زۆر لە خۆکردن، قسەم بە ڕێیـەکی دیدا برد.. دواتر بانگی کردم و گۆتی:

«یان ئەمن تێکچوومەو لە بەر خۆمەوە قسان دەکەم و ڕستان هەڵدەبزرکێنم، یان ئەتوو مرۆڤێکی ئاسایی نیت!! هەبێ نەبێ ئەتوو جاسووسی، ئەوجا یان جاسووسی خواوەندی یاخود جاسووسی شەیتان»

من چم نەگۆت.. زۆر ماندووی کردم ئێستاو ئێستا هیچم نەدرکاند.. بەڵام ئێستا ئەگەر ئەو لێرە بایە لە باتی بە تۆ بڵێم بەوم دەگۆت..ئەگەر دوای حەفت ساڵی دی دیتمەوە پێی دەڵێم.

تەمەنی یەکتر ناسینی من و ئەسحابەکوژ چلەی کاتژمێریشی نەچووبوو نەک ڕۆژ، کە نهێنییەکەی بۆ درکاندم و فێری دزینی بیرەوەرییەکانی خەڵکی کردم.. ئێستاش تێنەگەیشتم، بۆچی ناوی من ژمارە دوو بوو لە لیستەکەی ئەسحابەکوژ، ئەگەر بە پێی تەمەنی ڕۆژانی ناسین بێت، دەبوا من دوا کەسی ناو لیستەکە بم... ئەگەر متمانەش بێت منی لە تەنگانەیەکی ئەوتۆ نەدیتووە تا وا بە ئاسانی متمانەم پێ ببەخشێ.... جوان لە بیرمە بەرەبەیانێ ئێمەی گەیاندبووە سەر سەری بەنی هەریرێ.. من خەو دەیبردمەوە، خەوی نازانم چەند شەوی و ڕۆژی، بە لادا دەهاتم.. باوێشک بن پیلی دەگرتم، وەنەوز ڕایدەکێشام... گوێم لێ بوو (ئەسحابە کوژ) لە تێر خەوییەوە باسی زیانەکانی خەو و سوودەکانی ئێشکگریی دەکرد.. باوێشک دەمی بەستبووم، دەنا تێر پێی پێدەکەنیم.. وەنەوز چاومی داخستبوو، دەنا بە هێمای چاو گاڵتەیەکم پێی دەکرد، لە تەمەنی خۆی وا نەبووبێتە گاڵتەجاڕ.. دیتم لێم نزیک بۆوە.. زۆر میهرەبانانە دەستمی گرت و دوای سونددان، نهێنیترین نهێنی بۆم بەرەڵلا کرد، گرتمەوەو شاردمەوە... درۆ ناکەم ئەو دەم ئەو نهێنییە لای من گرنگییەکی نەبوو.. بەڵام چیرۆکێکی خۆش بوو، باوێشک و وەنەوزی ڕەواندەوە.... دەمێک بوو، لە دوورەوە، دوورتر لەو ئاقارانەی لە ساتەکانی گزنگدا، دەکەونە بینایی سەری بەنی هەریرەوە، ئەو پیاوەم دەناسی... ئەو پیاوە ئەگەر لە پەرەگرافی شۆخییەوە بێت، دەنا دەڵێن کەس ڕستەیەکی لێ نەبیستووە، دوورو نزیک بە لای خۆهەڵکێشان و ئازایەتیی خۆی بکەوێتەوە.. دەشیان گوت ئازای وەک ئەو پیاوە کەمە لە دنیایێ.. کەس بە بیری نایە لە کەنگێوە جەنگاوەرەو تفەنگ بە دەستە.. هەر یەکەو بۆ سەردەمەکی دەباتەوەو بە خۆشی لەو بارەیەوە بیشیکوژی قسەیەک ناکات.... هەبوو دەیگۆت:

ئەو شەوەی تورکان کوڕەکیان بوو ناویان نا (عوسمان) بۆ سبەی زوو (ئەسحابەکوژ) یان دیتییە بە تفەنگەوە، پشت لە گوندی و ڕوو لە چیا..

یەکی دی وای دەگێڕایەوە:

ئەو ساڵەی فیردەوس لە نووسینی شانامە دەبێتەوە، مەلای (بناوێ) بانگی ئەسحابەکوژ دەکات و پێی دەڵێ، ئەمن تاقەتی تفەنگ هەڵگرتنم نییە ها ئەو تفەنگە





لۆ خۆت...

ئەوی دی دەیگۆت:

وانییە ئەمن دەزانم ئەسحابەکوژ لە کەنگێوە تفەنگی لە شانییە، کاتێ مادەکان ئاشبەتاڵ لە دەوڵەت دەکەن، ئەسحابەکوژ دەڵێ:

خودا یەکەو بێ شەریکە ئەمن دەوڵەتی تەسلیم ناکەم، دەچمە سەر قەندیلێ و دەوڵەتی ڕادەگەیەنم، ڕاشی گەیاند...

هەر لە بارەی ئەسحابەکوژ و تفەنگەوە، هەقایەتەکی دی لەسەر زاران بوو:

ئەو ڕۆژەی بەغدا مێوانداریی یەکەم پادشای کرد، بۆ ئێوارێ خەڵکی گوندی خڕدەکاتەوە و پێیان دەڵێ: کوڕینە ئەگەر ئەمن پیاو بم دەبێت تفەنگی پەیدا بکەم.. تازە ژیان بێ تفەنگ ناچتە سەرێ، ئەنگۆش بە قسەی من بکەن زەرەر ناکەن..

گوێم لە منداڵێک بوو دەیگۆت:

ئەو قسانە هیچیان ڕاست نین ئەمن لە داکمەوە ئەویش لە داکییەوە، نەنکیشم لە نەنکی نەنکییەوە، بیستمەو بەرە داکی منیش قەد درۆیەکیان نەکردییە، ئەو ئەسحابەکوژە لەو ڕۆژەوە دەستی دایتە چەکی کە دیتیتی (ئاپۆ) چاوی بەسترایەو بە بەرچاوی هەموو دنیاوە دەیبەنە بەحری مەڕمەڕە، بەس نازانم ئەو ئاپۆو مەڕمەڕە چنە!..

مەملەکەتی خانزادی سۆران، لە بەهارەکانیدا چەند بڕکە کەنگر شین دەبن، لە ئەسحابەکوژەکەشیدا هێندە سەرهاتی جیا جیا دەکەونە سەر زاران.... خەڵک هێندەی لە زاری وی قسان دەگێڕنەوەو دەجوونەوە، ئەگەر هێندە عەشقە بنیشت بان، بنیشتی دنیایێ بەشی ئەو دەڤەرەی نەدەکرد.... ڕۆژێک تووشی سێ چەکداران دەبێت، نایانناسێ، بەڵام ئەوان ئەسحابەکوژ دەناسن.. قسە قسان ڕادەکێشێ.. پرسیاری ناویان لێ دەکات:

– من ناوم ئەبو عادلە

– من ئەبو پراڤدا

– منیش ئەبو ڕاستی

– ئەها هەرسێکتان یەک ناوتان هەیە، بەوەی باشە ناوی بابتان فەرقیان زۆرە.

– نا نا (ئەبو) بابەکەیە

– ئەها باب کوڕی کوڕە... بەس ئەو پراڤداو عادیلە چ مانا دەدەن؟

– ڕاستی و پراڤداو عادل هەر یەکن.

– ئەدی کو تفەنگ لێکدی ڕاناکێشن؟

– لۆ؟!

– ئەمن بیستوومە سێ درۆ هەتا سەد درۆش لە ناو باوەشی یەکتریش بحەوێنەوە شەڕ نەکەوێتە نێوانیانەوە، بەڵام قەت نەمدیتووەو نەمبیستووە سێ ڕاستیی بابی ڕاستان، سێ ڕاستیی دژ بە یەکی لێکدی حاڵی نەبوو بە یەکەوە هەڵبکەن.. هەبێ نەبێ ئەنگۆ سێ درۆن نەک ڕاستی...

ئەوجا دەیانگۆت ئەو ئەبوو ڕاستییە پیاوێک بووە، لە تەمەنی خۆی قسەی لە کەس قبووڵ نەکردووە، فیرعەونیش هەر بۆ گاڵتە بیگۆتبا: ها ئەبوو ڕاستی ئەوە چییە بە سەر برۆتەوە؟ یەکسەر ئەبوو ڕاستی لێی هەڵدەکێشایە خەنجەرێ، بەس نازانم کو ئەو قسەیەی لە ئەسحابەکوژ بە هەند وەرنەگرتووە!

دەگێڕنەوە ڕۆژێک لە بن کڵاوی (کڵاوقاسم)ێ ئەسحابەکوژ ئانیشکی لەسەر ملی بەردەکی دانایەو بە دەم جگەرە کێشانەوە، لە دنیایێ ڕامایە... پیاوێکی لێ پەیدا دەبێت شیرو تیری لە خۆ بەستایە.. دەنگی دەدا:

– ها کابرا کێی؟

– من ئەسحابەم

– دەڵێی ئەو ناوە لە کنە من غەریب نییە! بڵێ چیت لێ بزر بووە لە چی دەگەڕێی؟

– هاتیمە دینی خوای لێرە بڵاو بکەمەوە.

– ئێرە سەر ڕێژە لە دینی خوای جێی چۆڕێکی دیکەی لێ نابێتەوە.

– ئەنگۆ کەنگی خواتان ناسییە هەی کافری کوڕی کافر.

– ئەتو دەڵێی تەواو نیت؟!





– لەگەڵ تۆمە کافر وەرە سەر دینی خوای.

– ئەها! خوا کەسی نەدیتەوە ئەتوی کردە دەمڕاستی خۆی..

– بە خۆشی دێی وەرە دەنا بە شیر دەتهێنمە سەر دین.

– هێشتا گەنجی، پیاوی چاکبە زوو ئەو ئاقارەی چۆڵ کە دەنا دەتخەمە بن بەردەکی لۆ خۆت هەتا هەتایە لە بنی پاڵدەیتەوە.

– دێی یان شیری هەڵکێشم؟

– شیرەکەت هەڵکێشە.

دەڵێن ئەسحابەی فەقیر دەستی گەیشتبووە شیرو نەگەیشتبووێ، بە شیرو تیرەوە، لە بن ئەو بەردە گەورەیە هاواری لێ هەستابوو... ئێستاش دیارە پەڕۆکەکی کەسک بە بەردەکەوەیەو بە بای دەورو زەمانان دەشەکێتەوە.. خەڵک لە کاتی کارەسات و ناخۆشی لە دەوری بەردەکە بازنە دەبەستن و ڕوو لە خوا دەکەن:

«خودای گەورە بە زەبیت پێماندا بێتەوە، بمانپارێزە، خودایە بە دەردی ئەو ئەسحابە فەقیرەمان نەبەیت»...

بەس من لەوە تێنەگەیشتم ئەسحابەکوژ و ئەسحابەکە بە چ زمانەک قسەیان لەگەڵ یەکتر کردووەو چۆن تێک گەیشتنە.... بەڵام ئەوەم بیستووە:

هەموو بەشەرەک لەو دنیایە، ئەگەر بە زمانی شەڕ یان زمانی ئاین پێکەوە قسە بکەن، بە ئاسانی لێکدی دەگەن....

ئێستا ئەو پیاوە هێندەی بە ئەسحابەکوژ دەناسرێتەوە بە رەسوو ناناسرێتەوە، ئەو ئەسحابەکوژە لە دنیایێ تەنها یەک شت ناناسێ ئەویش خەوتنە، پێی سەیرە ئەو خەڵکە دەچنە خەوێ و ئەو تەمەنە نازدارە لە خەوێ لە ئاوێ دەکەن.. دەڵێن لە ڕووبارەوە فێرە ڕۆژ و شەونخوونی بووە، هەندێک دەڵێن وا نییە! ڕووبار لەوەوە فێر بووە... هەتا ئێستا کەس بە چاوی خۆی ئەسحابەکوژی نەدیتییە ڕاکشابێ و ئاگای لە خۆی نەبێ، دەڵێن لە خۆیمان بیستووە ساڵی یەک جار چاوێک گەرم دەکات، ئەویش بۆئەوەی خەونێکی خۆش ببینێ... جارێک ئەسحابەکوژ بە دیار زێی بادینانەوە دادەنیشێ، زێ دەڕواو دەڕوا.. وەرزی هاوین دەبڕێ، پایز دەبڕێ، زستان

دەبڕێ، بە هار دەبڕێ... ئەو هەر دانیشتووە و وەرزان دەژمێرێ، زێ دەگاتە وەرزی باوێشکدان.. ئێستاو ئێستا ئەسحابەکوژ باوێشکێ نادا... ئەو لەگەڵ خارە خولەش بە شەڕ هاتووە شەڕی نەخەوتن، نازانم چەند شەو و ڕۆژ چاو لە چاوی یەکدی دەبڕن و هیچیان نابەزن و نابەزن.. ئەسحابەکوژ دەڵێتە خارە خولە من ڕووبارم ڕووخاندیتە ناو خەوێوە، بەس پێدەچێت ئەتو لە ڕووبار قایمتر بیت! خارە خولەش دەڵێ: با شەڕی من و تۆ کۆتایی بێت، چیدی خۆ لەو شەڕەی نادەین...

ئەو بەرە بەیانییەی لەسەر بەنی هەریر کەوتینەوە، هەستم دەکرد چاوەکانم بێخەویی شەوی حەفت ساڵی، وەک ڕۆژی سوور لە پێڵووەکانیدا هەڵگرتووە، چاوەکانی ئەسحابەکوژیش ڕۆژێکی درەوشاوە بوون، دەتگوت لە دوای حەفت شەوە ساڵی خەوتنەوە، بە نازەوە هەڵاتوون و تێر تێرن لە خەو.... لەو شەو و ڕۆژانەی لەگەڵ ئەسحابەکوژ، کردمنەوە لەگەڵ زۆر ئەستەما ڕاهاتم، بەڵام لەگەڵ نەخەوتن ڕانەهاتم و ڕانەهاتم.

ئیمامەی پساوە بە حەسرەتەوە:

نەمانزانی برادەرانی دەستەبەرەکە بۆ کام لا ڕۆیشتن.. کێ دەڵێ هەر لە قەندیل نەماونەتەوە.... ئای خوێنی لەبەر ڕۆیشت، مەگەر ئەو پێیەی من هێندە خوێنەی لە بەر ڕۆیشتبێ!...

چاوم پڕاو پڕە لە خوێن، ئەو خوێنەی لە پێی ئەسحابەکوژەوە ڕووبارێکە بە سەر بەفری قەندیل وەک ماری سوور دەکشێ و دەخشێ.... لەو ڕووباری خوێنەوە، تیچاوێ باریک، باریک بە قەد تاڵە قژێ، دوورتر لە ڕووبار دەبڕوانی و گەیشتەوە سەر ئەو دڵۆپە خوێنانەی لە جەستەی دەستە بەرەوە، ڕێز ڕێز ماچی بەفریان دەکرد.. تیچاو گەیشتەوە سەر ئەو دڵۆپە فرمێسکانەی لە چاوی شۆڕە ژنێکەوە کە بە دوای دەستەبەرەکە کەوتبوو، دڵۆپ دڵۆپ ڕێک دەکەوتنە سەر دلۆپە خوێنەکان.... ببینە ئەو وێنەیە، خوێنی باوەشی بەفر، باوەش بۆ فرمێسک دەکاتەوە، لێرە سەیری ماچان دەکەم، ماچی لێوە گەرمەکانی دڵۆپە فرمێسک و دڵۆپە خوێن.. ئەو ماچە گەرمانەی بەفری قەندیلیش ساردیان ناکاتەوە..گوێ بگرە شۆڕەژن چ دەڵێ، ئەو سەردوولکەیە هی ژنانی چیاییە دەوران دەڕوا دەوران دێ، خوشکەکانی (گاوان)





دەیڵێنەوەو نایبڕنەوە.. دەوران دێ و دەوران دەڕوا دەبێتە کۆپلەیەکیش لە گۆرانیی جەنگاوەر.. ئەوەتا ژنەکەی ئازادیش بە هەمان ئاواز دەیڵێتەوە:

پیاوی من جوانترین پیاوی دنیایە
دنکە هەنارێ بوو
بە قەد ڕەزێ خوێنیان گوشی
کەچی هێشتا ڕوومەتەکانی
ئاڵیی هەموو دنیایان تێدایە
پیاوی من هەرگیز خەوی نایە
لەوەتەی ئەنفال نازل بووە
زریان دەنوێ، ڕەشەبا دەنوێ
با سەر گەرم دەکا، زێ سەر خەو دەشکێنێ
پیاوی من خەو ناناسێ هەر بە ئاگایە
ئەنفال گەیشت و دەوری داین
پیاوی من هەر شەڕ دەکاو هەڵنایە

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***

بیستبووم، لە دەرەوەی ئاقاری قەندیل، کوڕێ لە کوڕەکانی (پیری شالیار) کە ناوی ئازاد بوو، لە شەڕی ئایەتی ئەنفال، تیرێک ڕێک لە جەرگی چەقیوە، وەلێ درەنگ زانیم ئەو ژنەی لەسەر ڕێتمی فرمێسک سەردوولکان دەبێژێ بووکی پیری شالیارە.... منیش تا ڕێ برینێکی زۆر دەستێکم بە دەستەبەرەوە بوو.. لە تەنکێشی دەستەبەرەوە دڵۆپ دڵۆپ خوێن، بە دوای هەر دڵۆپە خوێنێ دڵۆپێ فرمێسک... من دڵۆپەکانم دەژمارد.. خوێن و فرمێسک هاوشانی یەکدی سەردەکەوتن.. دواتر دەبینم دڵۆپە خوێنێ باوەشی ماچی بۆ دوو سێ دڵۆپە فرمێسک دەکردەوە.... لەوێ گوێم لە جەنگاوەرێ بوو دەیگێڕایەوە:

«ئەو ئازادەو ئەو ژنە لەگەڵ ئەنفال دەکەونە شەڕێکی دەستەو یەخەوە.. درێژە دەکێشێ.. ماندوو دەبن هەندێک لێکدی دوور دەکەونەوە ئەنفال پێی دەڵێ:

لەوە زیاتر ماندووم مەکە، ئەو ژنەم بۆ بەجێ بێڵە و بۆ خۆت بڕۆ دەنا مەرگت مسۆگەرەو دۆزەخ چاوەڕێتە...

ئازاد دەڵێتە ئەنفال:

من لەو پیاوانە نیم ژن ببەخشم، مەوەستە، فەرموو تیرو شیران بوەشێنە....

سەد تیر دەچەقێتە سینگی ئەنفالەوە هەر ناکەوێت و تیران دەهاوێژێ.. تیرەک دەچێتە سینگی ئازادەوە... ئەو ژنەی دەبینی وا فرمێسکان دەڕێژێ، ئازاد لە پشتی خۆی دەکاو بەو کەزییانە جوان دەیبەستێ.. بەدەم تیر هاویشتنەوەو بە ناو تیران، دێ دێ هەتا کونە کۆتر پشوو نادا...»

ئیدی تیچاوێ نەما بۆ بینینەوەیان... نازانم لە ئاقاری قەندیل مانەوە یان بڕییان...

نیشانەکانی تەنگەتاوی و پەشۆکاوی لە هەمووان ڕوونتر بە سەرو سیمای ئیمامەی پساوەوە دەرکەوتبوون، لە قسەو جوولانەوەکانی ڕوونتر دەبوونەوە... دەهات و دەچوو بە شەلینێ کە هیچ هەنگاوێکی بە ڕێی مەبەست نەدەکەوتنەوە.. ناولەپی وای لە پشتی دەستی دەدا، دەنگی دەدایەوە.. ئەو ناولەپە زلانە بە کەریش بکەوتایە جێی دەکردە ئەو جێ و تا قیامەت جوولەی نەدەکرد.. برۆ و برژانگەکانی دەتگوت غەزەبی شەیتانن، هەموو کەس سڵی لێیان دەکردەوە.. دەتگوت زریانە ڕێی هەڵە کردووە، هەر بۆڵە بۆڵی بوو..

– نا هەر ئێمە لە قەندیل نین، دڵنیام زۆری تر لێرە وەک ئێمە ماونەتەوە.. بەڵام چۆن دەبینرێنەوە؟! دڵنیام برادەرەکانی ئازاد لێرەن، نەبەز، ئەوەی بە کوڕی ئاگری بانگی دەکەن، لێرەیە، ئا لێرەیە، دیتم لە کونە کۆترەوە بەمدیودا دەهات، مەحموود ئێزدیش لێرەیە.. مەستوورەو ئەوانی دیش هەر دەبێت لێرە بن... ئا دەبێت بیانبینینەوە...

– بە خودای ئیمامەش لە دەست چوو! ئەتو ئەوە چتە بە کەیفی خۆت ناوان ڕیز دەکەیت؟!

– نا داغستانی دەبێت بیانبینینەوە.





– باشە با ئەو زریانە نەعلەتییە سندان کوشتییە خەوەکی بکات.... وەڵڵا ئەمنیش هەر وای دەبینم... بریا ئەو کوڕی ئاگریەمان لەگەڵ بایە، هەر بە قسەی گەرم بەفری قەندیلی هەموو دەتاواندەوە.... ئەنگۆ باشی دەناسن؟

– من دەیناسم ڕۆژێک لە ئاقاری کونەگورگ، دەبینم تفەنگی لە شانییەو کوتک لە دەستی..

– ها ئەو کوتکە چییە؟

– ژ بۆ جەحشکێن حەمسا

– جاش کوتکی بۆ چییە؟

– ئەوانە گەلەک هیچو پووچ و بێ مەژینە، دەبێت بە کوتک سەریان پان بکەیتەوە دەنا بە گوللە تێناگەن، ئا ئا بە کوتک، حەیفە ئەو گوللە نازدارانە لەوان خەسار بکەم. گوللە بلا ژبۆ عەسکەران بت..

– ئەمن لەمێژە دەیناسم هێشتا تەمەنی من وەرزی شەلینی نەدیتبوو، هێشتا لەو پێیەی مندا ئێسک سەنگەری بۆ پلاتین چۆل نەکردبوو.. هێشتا لە ڕۆیشتنێ لە بەهاری هەولێر، تیژڕۆتر بووم... هێشتا ئەو سمێڵەی من بە ڕوومەتی هیچ کچەک نەکەوتبوو... نازانم چ بایەک بوو دەستی گرتم و بردمی ڕۆیشتین ڕۆیشتین.. لەسەر سەری (ئاگری)، پشووم دا... لەوێ ئەو کوڕی ئاگریەم دیت.. برنۆیەکی پێ بوو لە خۆی درێژتر... هەر لە خۆوە ئەو کوڕە منداڵکارە چووە دڵمەوە... دوو سێ جاری دیکەشم دیتییە، بەڵام دیدارەکان دەکەوتنە کات و شوێنی هەند تەسک و تروسکەوە، هەر جێگەی چاکو چۆنیان تێدا دەبۆوە...

– من لە سەری (گارە) تووشی بووم، گۆتیان ئەوە (کوڕی ئاگری) لە (ئاگری) یەوە هاتووە.. ئەو شەوە هێندە قسەی خۆشی کرد، شەوی کردە کورتترین شەو لە تەمەنی من، قەت ئەو شەوەم لە بیر ناچێتەوە، بەڵام وەڵڵاهی لەو هەموو قسە خۆشەشی، یەک قسەیم بیر ناکەوێتەوە، دیسانەوە دەڵێم خۆزگە ئێستا لەگەڵمان دەبوو...

زۆر سەرهاتم لە سەرییە لە بارەی کوڕی ئاگریەوە..دەڵێن:

پێش ئەوەی کەشتییەکەی نووح لەسەر (جودی) بنیشێتەوە، کوڕی ئاگری لەوێ

نیشتبۆوەو پێشوازییەکی گەرمی لە (نووح) و برادەرەکانی کردبوو.. هەتا تێر چای نەکردبوون نەیهێشتبوو پەرتەی لێ بکەن، دەڵێن نووحیش لە یاداشتەکانی خۆیدا لە چەند دێڕێک باسی تامی چایەی کوڕی ئاگریی کردووە.... دەڵێن:

لەو ساڵەی شەرەفخانی بەدلیسی (شەرەفنامە)ی تەواوکرد، کوڕی ئاگری دەستی دایە تفەنگ و گۆتیتی:

ئەو کتێبە پێویستی بە تفەنگ هەیە بیپارێزێ..

هەندێکی دی دەڵێن وە نییە:

شەرەفخان کە تفەنگی کوڕی ئاگریی دیتییە، خەیاڵی بۆ نووسینی شەرەفنامە چووە...

لە بارەی تۆرانی کوڕی ئاگری لە (ئاگری)، دەڵێن:

بە شێخ عوبێدوڵلای نەهریی گۆتییە:

جەنگاوەرو نوێژیان نەگۆتییە! هەوڵدە لە کنە خوای شتەکی بکە، بەڵکو ڕازی بێت، نوێژ لەسەر جەنگاوەران هەڵبگرێت، ئەگەر بە قەردیش بێت هەر باشە...

لەسەر ئەوە شێخ بە کوڕی ئاگریی گۆتییە:

هەتا زووە ئەو ناوەی چۆل بکە ئەگەرنا دوو قات نوێژت پێ دەکەم...

.کەسانێکیش هەبوون دەیانگۆت:

ئەو قسەیە هەر وەنییە، ئەمن با پێت بڵێم کوڕی ئاگری بۆچی پشتی لە ئاگری کردو ڕوو لە قەندیل:

نامەیەکی بۆ سوڵتان عەبدولحەمید ناردبوو تێیدا نووسیبووی لە کن خوای ئەمن و تو وەکو یەکین هەردووکمان عەبدی قوون بە گووین، کو دەبێت ئەتو نەوەد و نۆ ژنت هەبێ ئەمنیش هیچ، بە ناوی خوای داوات لێ دەکەم نیوەی ژنەکانتم بۆ بنێرە.. دەڵێن سوڵتان لەسەر ئەوە هەرچی تورکی دنیایێ هەیە لەگەڵ نیوەی کوردی دنیایێ، تفەنگیان دەداتێ و بە (ئاگری) یان وەردەکات، ئیدی دەبێتە شەڕێک ئەو سەری دیار نەبێت، کەسیش نازانێ کوڕی ئاگری کو خۆی قوتار کردووە!...





باش بوو هەر لە مەڕ تۆرانی کوڕی ئاگری لە ئاگری، لەولاوە شنە یادێ هەڵی کرد..

ئا ئێوارەیەکی شەرابی بوو، من و سۆراخ بە دیار شەرابەوە دانیشتبووین، سۆراخ جەنگاوەرێ بوو، کاتێک لە گەرمەی شەڕ تەقەی دەکرد، دوعای دەکرد، من بە گوێی خۆم گوێم لێ بووە دەیگۆت:

خودایە ئەمن وا دەیهاوێم، بەس تۆ مەهێڵە پێی بکەوێت، بیدە لە بەردێک، بیدە لە دارێک، بیدە لە پارچە ئاسنێک بەس ئەوەی گیانی لە بەرە خودایە، گوللەی منی پێ نەکەوێت...

بە ژمارەی ئەستێرەی هەیوە شەوییەکانی ئەو شەوە هاوینییە پێکمان هەڵدا.. هەر قسە بوو قسەی لە دوو بوو، قسەی ڕادەکێشا، وەک چۆن پێکەکان لە ڕێی لێو ڕێزیان بەستبوو، وەک چۆن جگەرە چاوی لە چاوی ئاگراویی جگەرەیەکی دی بڕیبوو، ئاوا بنی قسە لە (ئاگری) بوو سەری قسە بە قەندیلێ سەردەکەوت و دەگەیشتەوە (سنە)...(مەستوورە) لە ناو ڕستاندا ئامرازی پەیوەندی بوو، واتای دەبەخشییەوە بەو واتا بەدمەستانەی بە هۆی ناسکیی شەرابەوە، زۆر جار بە هەڵە لە لێو بەر دەبوونەوەو وێنەی شووشەی شەراب، وردو خاش دەبوون و زرینگانەوەیان بە ڕستە نەدەبوونەوە.... چاوەکانی مەستوورە لە ناو پێکدا لە مانگ جوانتر دەدرەوشانەوە.. هەر ئەو درەوشانەوەیەش بوو پێک پێکی ڕادەکێشا.. پرچی مەستوورە لە ناو دووکەڵی جگەرە بە سەر گیاندا دەشنایەوە، هەر ئەوەش بوو جگەرە جگەرەی دادەگیرساند...

– دەزانی بۆچی کوڕی ئاگری (ئاگری) بەجێهێشت؟!

– ڕستەکەت ڕاست دەکەمەوە بۆچی لە (ئاگری) تۆرا!

– نا ڕاستی مەکەوە، تێکی مەدە.. ئەگەر ڕاستت کردەوە ئەو وەڵامەت لە دەست دەچێت کە لای منە.

– دەی ڕستە بە ناڕاستییەوە جوانە، لە نا ڕاستییەوە ڕەنگە بچێتەوە سەر وەڵامی ڕاست.

– لە پایزەکی سـەر سنووری لەبەر نمەی باران، بـە دەم ڕێی هەڵاتنـەوە، ناوە ناوە، بە دزییـەوە، سـەری چارەگیـمـان دەکردەوەو قـومێکی بەهاریمان لە ئارەقی قـاچاخ هەڵدەدا ..هـێندەمـان زانـی درەخـتێ لەسـەر گـەڵای وەریو داینیـشـاندین.. بە نازەوە گەڵای زەرد زەردی دەڕشاند و پێیدا دەپژاندین... ئەو درەختە پایزە سنوورییە، دواتر هیندۆ ناوی نا (درەخـتی دڵنەوایی)، لەوێ لەسـەر گـەڵاو ژێر گـەڵای دڵنەوایی، بەو چاوانەی خـۆم دەمـدیت، ئەو ترسـانەی بە درێژایی هەڵاتن لـە گـیـانم سـەوز ببـوون، ڕەنگی گەڵاکانیان دەگرت و بە بەر چاومەوە گەڵا گەڵا هەڵدەهاتن.. ئیدی ئێمە لە بن سـاباتی پایزدا، خۆمـان دابووە بـەر باوەشـێنەی پشـوو.. هـەڵات هەڵات، گـەڵا گـەڵا، هەڵاتنی ترس و گـەڵامـان دەژمـارد.... دەمـاندیت لە پەڵە هـەورەکـانەوە، تـەڕایی لێـوەکـانی مـەسـتـووره دادەباری.. دەمـاندیت لـە درزی پەڵە هـەورەکـانـەوە، چاوی مـەسـتـووره خـۆی نیـشـان دەدایـن و گـیـانمانی ڕووناک دەکـردەوە... من هـەمـوو پەنجـەرەکانـی گیانمم بۆ نمەی باران ئاوەڵاکردبوو، حـەیفم لەوە دەهات ئەو سـاتانەی هەندێ نمە دوور لە من دەنیشتنەوە.. حەزم دەکرد یەک یەکەی نمەی لێوی مەستووره بڕژێنە منەوە..

– ئیشی شەراب وایە قسە بە لاڕێدا درێژ دەکاتەوە و دەیباتەوە جێگەیەک، پرسیار شەرمەزار دەکات.. وەرەوە سەر خەت، پرسیار لە تۆرانی پیاوە (ئاگری) یەکە بوو، تۆ لە تەڕایی لێوی مەستووره بزربووی!

– قـسـە ڕاسـتـە ڕێی گـرتووە.. ئـارامت بێ... ئێ، لەوێ لـەبەر لێـو و لـە ژێر برژانگەکانی مەستووره، پیاوە ئـاگرییەکەش لە پەنای ڕستەیەکەوە، بـە دیار کەوت و چەند سـاتێ، هـاتە ناو قـسـەو باسـەوە.. هیندۆ گـوتی: دنیـا پڕ بووە لە ئەفـسـانەی تۆرانی پیـاوی ئـاگری، با من پێت بڵێم نـە تۆرانە و نە هیچ.. من بە گـوێی خـۆم لێیم بیستووە، کووت بۆ دەگێڕمەوە ئاوایە بێ زیادو کەم،

– دەزانی من بۆچی (ئاگری)م بە جێهێشت؟

– هێند چیرۆکی هەیە ڕەنگە خۆشت لە بیرت چووبێتەوە.

– هەموو شتێکم لە بیر بچێتەوە ئەوە نا .. ڕاستیت دەوێ، شیعرێکی تۆ منی لە (ئاگری) کرد، دەزانی کام شیعر؟





– بڕوا ناکەم.. بەڵام لە بەر خـاتری تۆ با ئەو شیعرە بێت، کە دەتباتەوە ناو هەندێ لە نهێنییەکانی قەندیل.

– نا ، ئەو شـیـعـرەی دەتبـاتە نـاو چاوەکـانـی مـەسـتـوورەو لەوێ بۆ هەتایە سەرگەردانت دەکات.. من لە کەلی ئەو شیعرەوە چاوی مـەستوورەم لێ هەڵهات، ئەو چاوەی لە ئـاسـمـانی قـەندیلەوە دەدرەوشـێـتـەوەو هەمـوو دنیـای لێ ئـاوا کـردم بە (ئاگری)یشەوە، ئەو چاوەی لە هەموو برژانگەکانییەوە ڕایەڵی ڕاکێشانی بۆ گیانم هـەڵدا .. مـن باشـووکـەی (ئاگـری) بووم کـەوتمە تۆڕەوە، تۆڕی بـرژانگەکـانـی مـەسـتـوورە.. بە خـۆشم نازانم لە کـام ڕێی (ئاگـری)یەوە پشـتم لە ئاگـری کـرد، بە خۆشم نازانم لە کام ڕێی قەندیلەوە ڕووم لە قەندیل کرد، ئەو برژانگانە نازانم لە ڕێی فڕینەوە بوو یا ڕێی خشین منیان لە ئاگری کردەوە، ئا مـەستوورەی ناو ئەو شیعرە بوو منی لە ئاگری تۆراند، وای لێ کردم دەسبەرداری ئاگری بم دەنا جاشی هەموو دنیـا ، بۆیان نەبوو من لە ئاگـری بتـۆرێنن، عـەسکەری دنیـایێ، منیـان لە ئاگـری نەدەکردەوە، ئەگەر نوێژی حـەفتـاو حـەفت مـوسڵـمانیش لـەسـەر من فـەرز بکرایە، دەسبەرداری ئاگری نەدەبووم... بەڵام بزانە مـەستوورەی ناو شیعرەکەی تۆ لە چاو ئەو مـەسـتـوورەی من دیتم وەکی ئەوە وایە کـە لە پێش ئاوێنەیەکی تۆزاوی ڕاوەستابێ..

من نەمـوێرا ئـەو گێـڕانەوەی سـۆراخ لە زاری منـەوە بچـێتـە سـەر زاران، ترسـام لەوەی لە نێوان ئەو دوو جـەنگاوەرە، لە سـاتەکانی قسـەکردندا تێنـەگـەیشتن توانای خۆی خـستبێتە گـەڕ، ڕەنگە ئـەویان چەند ڕستـەیەکی پچڕ پچڕی فڕێدابێت و وای مـەبەست نەبووبێت و وا کـەوتبێـتـەوە، یاخـود ئەمـیـان پێـڕا نەگـەیشـتـبێت بە هەڵگرتنەوەی یەک لە دووی یەکی ڕستـەکان، ترسـام لای کەس نەمدرکاند، ئێستـاش کـەس لە زاری منەوە ئەوەی نەبیـست، ئەو قـسـەیە بکەوتایەتە سـەر زاران، زۆر شت دەگۆڕا ، سەرهـاتێکی دی دەچووە سەر ئەو سەرهاتانەی کە لە بارەی ئـاگری و کوڕی ئاگرییەوە، هەمیشە لەسـەر زاران بوو، ئەو سەرهاتە زۆر جیـا بوو لە سەرهـاتەکانی دی، لە هیچ لاوە خزم نەدەبوونەوە.. من دەزانم ئەو هیندۆیە لەبەر درۆیەک فریای هیچ درۆیەکی دی ناکـەوێت، درۆیـەک خـووی پێـوە گـرتووە و لای وی لە ئـایەتی ئـەنفـال

ڕاستترە، ئەو جەنگاوەرە لەو ڕۆژەوەی لە ڕێی کونەگورگەوە گەیشتووەتە ئاقاری جەنگاوەران و چاوی بە شاخی هەندرێن هەڵێناوە، عەشقی بووە، دەڵێن هەموو سەرە ساڵێک بە دەورەیدا دەسووڕێتەوە جاری وا هەیە دەورانەکەی حەفت شەو و حەفت ڕۆژی خایاندووە، هەر لە دوای سووڕانەوەی یەکەم جاری و هەتا ئێستاش لە هەر جێگەیەک نوێژ دابەستێ ڕوو لە هەندرێن دەکات، هەر کەسێکی لایدە یان خوداگیرێکیش تووشی بێت و پرسیاری قیبلەی لێ بکەن یەکسەر دەست بۆ هەندرێن درێژ دەکات و دەڵێت ئەوە قیبلە، ئیدی ئەوە درۆیەکی بازنەیی ئەو جەنگاوەرەیە بەردەوام لە ناویدا دەسووڕێتەوە، هەر لەوەشەوە ناویان لەو جەنگاوەرە نا هیندۆ، دەنا پێشتر ناوێکی هەبووە، لە بیابانیش بیابانیتر، ئەو هیندۆ بە منداڵی برادەری بابە تایەر دەبێت، زۆر جار پێکەوە و بە دزییەوە چوونەتە یانەی دەروێشان و تا مرِ بوونە شەڕابیان خواردۆتەوە...

***

چاو هەڵەتەی کردم
پەڵە هەوری سەرگەردانە، نیگا سەرگەردانە..
ئاگایی هەڵەتە بوو
با بردی.. هەڵەت هەڵەت دەبیات..
چاو هەڵەتەت نەکات
من دەمێکە گوللە هاوێژ نیم
وەرە تۆ، خۆت پەنادە لە پەنای خەونێ
جەنگاوەری ماچهاوێژم
وەرە، لە سێرەی خەونمەوە دنیا ببینە
ڕوومەتی کچێ نیشان دە، ماچی من نەیپێکابێ
خەون نەبێ، خەوم ناوێ...

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***

جەنگاوەران دەبەزن.. هەڵدێن.. هەڵاتنێ، نە ڕووبار پێشی پێدەگرێ، نە زریان پەکی






دەخات، نە ساتمەیێ لە ڕەشەبا دەکات، نەهەورازی سەخت کەمێ هێواشیی پێ دەبەخشێت... جەنگاوەر خووی بە بەزینەوە گرتووە، سەرکەوتن لاپەڕەیەکە لەو بیرەوەرییانەی لە کتێبی ئەو ئەفسانانەی کە جەنگاوەر لە بێئاگایی دەینووسێتەوە... جەنگاوەر لە با هەڵاتووترە، لە ڕووبار ترساوتر، لە زریان شێتترو لە ڕەشەباش تووڕەتر.. جەنگاوەر پێیەکانی بە هەڵاتنەوە بەستراون.. دەنگی لێوان لێوە لە هەڵاتن.. دەستەکانی بە هەڵاتنەوە گرتووە، چاوی بە هەڵاتنەوە هەڵواسراوە.. دڵی لە هەڵاتنەوە لێدەدات.. هەناسە لە هەڵاتنەوە دێ.. بێ هەڵاتن واتایەک نامێنێتەوە بۆ جەنگاوەر... کەس نییە هەڵاتن لە جەنگاوەر وەربگرێتەوە.. تەنهاو تەنها بەس چاوەکانی مەستوورە و گابەردە قەندیلییەکان.. جەنگاوەر لە هەڵاتن ڕووت دەکەنەوە، ڕووتتر لە بەفر ڕووتتر لە ئاگر... ئەوەتا سێ گابەردی گەورە لەسەر ملی قەندیل بە ئاسوودەیی سەریان بە سەری یەکتر کردووە.. پێناچێ لە تەمەنی خۆیان نە بای هەژانیان دیبێ نە بارانی وەیشوومە، دەڵێی بۆ جارێکیش گوێبیستی ئەو تۆپانە نەبوونە کە لە بن گوێیان دەتەقنەوە و لەو سەری دنیاوە هەڵچوون دەخەنە دەریاکانەوە، ئەو تۆپانەی لە جبەخانەکانی شا عەباس و معاویە و ئەتاتورکەوە لە هەموو وەرزکاندا ڕوویان لەوێیە، ئەو تۆپانەی بەردەوام فتار لە قەندیل دەکەنەوە و نوێژ بە جەماعەت دادەبەستن، ئەو گابەردانە هەرگیز گوێیان لە ویزە ویزی ئەو گوللانە نەبووە، کە هەمیشەو بێ پسانەوە قەندیل دەبێژن.. ئەو گوللانەی لە تفەنگەکانی حەمساوە دێن... سێ گابەردی گەورە دەڵێی لە بەزەیی خوداوەیە، داڵدەی حەفت جەنگاوەری هەڵاتوویان داوە، دایکانە ترس لە منداڵەکانیان دەڕەوێننەوە، ترسێ لە غەزەبی خوداوە لە دڵی جەنگاوەران ڕسکاوە...

– چاوەکانت دەڵێی خەوی دنیایان هەڵگرتووە!

– ڕەنگە

– خۆزی کچە خەوڕەوێنەکە لێرە دەبوو، مەستوورەی خەوڕەوێن.

– ئەها ..کە تۆپەکان نزیک دەبنەوە، چاوم چاوی مەستوورەش نابینێ، خەوم نارەوێتەوە..

– من نەمبیستووە هیچ پیاوێ، ئەگەر حەفت ساڵیش بە دیار چاوی مەستوورەوە

دابنیشێت، وەنەوزێ، باوێشکێ بدا.. چاوی ئەو کچەی جەنگاوەرانی دنیای فێری شەراب کرد..

– لەو دنیایە هەر کەسەو دەورێ دەبینێ... خارە خولە و حەمسا خەڵک فێری تەقەکردن دەکەن، مەستوورە و.. فێرە شەراب..

– مەستوورە و کێ؟

– نا ناز نازان نازانم.

– من بەس مەستوورە دەناسم ئەو دەورەی هەبێ، تۆ کەسی دی شک دەبەیت؟

– وایە ڕەنگە بەس مەستوورە هەبێ و بەس.

– بە خارە خولە بە بیرم هاتەوە.. دەزانی مەستوورە بە چ ڕێگایەک گەیشتە کونە کۆتر؟

– قەت ئەو پرسیارە لە خەیاڵم نەبووە، نا نازانم

– ئەویش لە ڕێی کونە گورگەوە

– ئەها.. دیارە ڕێگاکانی کونە کۆتر لە کونە گورگەوە دەست پێدەکەن! باشە تۆ ئەوەت لە کێ بیست؟

– لە مەستوورە خۆی، هەر هێندەی گوت و بەس.... بەڵام لە جێیەکی دی گۆتبووی:

ئەو خارە خولەیە کە لێی دەقەومێ، ئاگای لە کەس نامێنێ... گۆتبووشی کەسەک هەیە لە پشتی خارە خولە بە چاوان نابینرێ، ڕەنگی نییە دەنگی نییە، ناهێتە خەونی کەسیش، خارە خولە لە دەستی ئەو کەسەدایە، بێ وی لە چۆلەوانیشدا تەقەیەکی نەکردووە، بێ وی ناتوانێ بڕیاری ئاو خواردنەوەش بدا..

– تۆ باوەڕ بەو قسەیە دەکەیت

– باوەڕ دەکەم ئەوە قسەی مەستوورەیە، بەڵام نازانم خارە خولە ئەوهایە یان نا، بڕواهێنان هێندەی بڕوانەهێنان زەحمەتە، مەستوورەی حەفت برایان و خارەخولەی حەفت خوشکان.....

فاتیمە ترساندمی.. ترسام لە فاتیمە ترسام.. هەر لاپەڕەیەکی بیرەوەرییەکانی





خۆم هەڵدەدەمەوەو لە نائاگایی خۆم و هەموو دنیاوەو بە بێدەنگی دەیخوێنمەوە، لەو لاوە فاتیمە دێ و بە ڕستەیەکی تەمومژاوی و لە ئاگاییەوە لاپەڕەکەی پیشانی ئاگاییم دەدایەوە.. ترسام لەوەی سەری حەفت ساڵەیەک، فاتیمە بە دیداری ئەسحابەکوژ شادبووبێ و پاش سوند خواردن، بە چاڵی کچە خەونییەکە، ئاشنا بووبێ... ترسام.. لەوەی... ترسی فاتیمەش هاتە سەر ترسی تۆپەکان و ماوەی نێوان باوێشکەکانمی کورتتر کردەوە بەڵام نەنووستم نازانم لە بەر ئێشکگری بوو، یان ترسی فاتیمە لە ترسەکانی دی نەدەچوو، ترسێ بووبێ خەو ڕەوێن..

سەرهاتی مەستوورە لە سەرهاتی هەموو کەسان، پڕ کەستر بوو.. هەتا قەندیل چاو بڕدەکا کەس دیارن و لە سەرهاتی مەستوورەدا خۆ نمایش دەکەن.. سەرهاتی مەستوورە لە هەموو سەرهاتان سەرهاتترە، هێندەی لە چاوانە لە زاران نییە.. هەرچی عەسکەرو جاش و پێشمەرگەی دنیایێ هەن، چاویان پڕە لە مەستوورە، دەڵێن مەستوورە زۆر جاری وا هەبووە ڕێک کەوتووەتە ناو چاوی (ئەنفال) کەچی ئەنفال چاوی خۆی لێ وەرگێڕایە و نەیبردووە، ئەو کەڕەتانەی بردوویەتیشی دوای چەند ڕۆژێک ئازادی کردووە.. ئەوە لە ئەفسانان ئەفسانەترە، چونکێ کەس نەیدیتووە و نەیبیستووە، لە ئەنفالدا، ڕستەیەک هەبێ واتای چاو پۆشینی لێ بخوێندرێتەوە... ئەنفال چاوی لە فریشتەکانی خواوەند نەپۆشیوە چۆن لە مەستوورەی دەپۆشێ! ئەوە گرێیەکە دنیای بە تەواوی ئاڵۆز کردووە، شەیتانیش سەرەدەری لەو گرێیە دەرناکات...

دەیانگۆت مەستوورە لە ماڵی حەفت برا، تاقانە خوشک بوو..کچەک بوو کوڕ نەبوو لەو دنیایە لە خەونێدا، ماچی نەکردبێ، کچەک بوو لە خەونێش نە بە خۆشی نە بە زۆر، ماچی نەدایتە کەس.. جوانییەکی هەبوو دەتگوت جوانیی هەرچی کچی دنیایە خودا بە وی بەخشیوە، قەد لەگەڵ جوانیی مەستوورە ڕانەدەهاتی.... دایک و باوکی مەستوورە لە چاوەڕوانییەکی درێژ سەریان نایەوە و نەیاندیت، ئەو زەماوەندەی ئەوان لە خەونێدا سەرچۆپییان گرتبوو نەیاندیت.. دەیانویست دەستاوی دەستی حەفت بووکان تام بکەن، نەیاندیت... حەزیان دەکرد کوڕەکانیان ساتێ دەچنە جێی خەوتنێ، بە تەنیا نەبن، ژنێک هەبێ لە سەرمادا گەرمیان بکاتەوە و لە گەرمادا

باوەشێنیان بکات، نەیاندیت.. چەند تامەزرۆ بوون مەستوورەیان بچێتە باوەشی جوانترین پیاوی دنیاوە و لەو باوەشەوە هەرچی لەزەتی عەرد و ئاسمان هەیە وەک نمەی بارانێ برژێتە گیانی کچەکەیانەوە، نەیاندیت... ئەوەی دیتیان یەکەم بڵێسەی ئاگرێ بوو کە لە دوڕ ماڵی خۆیان بەرز بۆوە، هێندەو بەس.. دایک و باوک ڕۆیشتن و ئاگریان بۆ مەستوورە بەجێ هێشت... مەستوورە لەو ڕۆژە ئاگراوییەی دایک و باوکیان ماڵئاواییان لە ماڵێکی ئاگراوی کرد، بووە ئاوکێش، تەمەنێکی درێژ لە ئاوکێشی.. هەموو وەرزەکانی ئاوکێشیی دیت.. ئاوی هاوینی کێشا، هی پایزی، ئاوی زستانی، هی بەهاری... هەموو ئاوی ساڵی کێشاو ڕژاندییە ماڵەوە.. ئاگر هەر بڵێسەی دەداو نەدەکوژایەوە، دەڵێن ئیستاش بڵێسە دەدات... ڕۆژێک برا گچکەکەی مەستوورە، ناوی (بابە تایەر) بووە کە لەگەڵیدا ئاوی دەکێشا و لە مەستوورە بێئاگاتر بوو لەو ئاگرەی براکانی کردوویانەتەوە. دەڵێتە مەستوورە: واز لە ئاو کێشان بێنە ئەو ئاگرە ناکوژێتەوە، ئەگەر هەموو ئاوی دنیاشی بۆ بکێشین ناکوژێتەوە.. ئەوە ئاگری شەڕی براکانە، ئەو جۆرە ئاگرە کوژانەوەی بۆ نییە..

– ئەو ئاگرە چ ئاگرە؟

– ئەوە یەک ئاگر نییە، چەند ئاگرێکە لە ناو یەکتردا، کە یەکیان دەکوژێتەوە ئەوانی دی هەڵیدەکەنەوە، دەڵێن زەحمەتیشە هەموویان لە یەک ساتدا بکوژێنەوە..

– لە کوێوە هات؟

– نازانم بەس لە قسان ئاگرێکیان لە عەرەبستانەوە هاتووە، ئاگرێکیان لە ئینگلزستانەوە، یەکیان لە ئەسفەهانەوە، یەک لە ئەستەنبوولەوە، یەک لە شامەوە، ئاگرێک لە بەغداوە...

– شەش ئاگر!!

– نا حەفتە.. ئەوی دی کە زۆر لە ئاگرەکانی دی بڵێسەدارترە، هەر لە ناو ماڵی خۆمان لەوەتی دنیا دنیایە هەبووە، بەڵام ئێمە هەتا ئێستا هەستمان پێ نەکردووە...

ئیدی بە نابەدڵی مەستوورەو بابە تایەر ماڵ بۆ براکانیان چۆڵ دەکەن و سەری خۆیان هەڵدەگرن و کرماشان بە جێ دێڵن.. ڕێ دەیانگەیەنێتە چەند ڕیانێ.. لەوێ





قسەی خوشک و برا تێک ناکەنەوە، لەوێ لە دڵەوە یەکتر ماچ دەکەن و بە نابەدڵی هەر یەکەیان ڕێگەیەک دەگرێ.. دەڵێن بابە تایەر خۆی لە (هەمەدان) دەبینێتەوەو مەستوورەش دەگاتە (سنە)، لە بارەی لێکدابڕانی مەستوورە و بابە تایەری برای، هەزارویەک گێڕانەوەی جۆراوجۆر هەیە، پێویستی بە هەزار شەویش هەیە ئەگەر بتەوێت لە تێری و وەک خۆی بیگێڕیتەوە، مەستوورە گۆتبووی:

هەموو ئەو قسانە هەڵبەستراون و هیچیان ڕاست نینە..

پێیان گۆتبوو، بە مەستوورەیان گۆتبوو:

دە مادام وایە، با لە زاری خۆتانەوە بیبیستین و بزانین لێکدابڕانەکە کوو بووە!

گۆتبووی:

ئەگەر منتان خۆشدەوێت، جارێکی دی ئەو پرسیارەم لێ مەکەن.

گۆتبووشی:

هەر کەسێک منی خۆشدەوێت، با هیچ لەو سەرهاتانەی کە کەوتوونەتە سەر زاران و باس لە چیرۆکی دابڕانی من لە بابە تایەر دەکەن، بۆ کەسی نەگێڕێتەوە...

خۆزگە مەستوورە ئەو قسەیەی نەدەکرد، من حەزم لە گێڕانەوەی هەندێک لەو سەرهاتانەیە، خۆشترین و ناسکترین سەرهاتن لە نێوان خوشک و برا، سەرهاتی وا نەبووە و نابێت، دەست بە گێڕانەوەیان بکەم، لێی تێر نابم، دەچمە دووی، هەمووی دەگێڕمەوە.. نا مادام مەستوورە پێی ناخۆشە نایگێڕمەوە، من مەستوورەم بە قەت بەرزایی چیای گارە خۆشدەوێت..

سەرگەرمی پرۆڤەی هونەریم، هونەری دزین، دزینی بیرەوەرییەکان.. هونەرێک لە (ئەسحابەکوژ)ەوە فێربووم.. ناوە ناوە جاسووسانە دەچوومە دیار چاڵەکەو چاوم دەبرییە چاوانەوە... دەبینرام.. دەگیرام.. تەریق دەبوومەوە.. چۆڕ چۆڕ ئارەقەم دەڕژاند.. وەرە قەندیل بۆن بکە، بەفری قەندیل بۆنی ئارەقەی شەرمەزاریی منی لێ دێ.... پۆلا لە چاڵی کچە خەونییەکە قوولتر ڕۆدەچوو.. دەمگوت دزینی بیرەوەرییەکانی ئەو لە هەڵهێنجانی پەقرەجە ئاوێ ئاسانترە... چاوی لە چاوی من بە ئاگاتر بوو.. لێوی لە بێدەنگییەکەی کڕتر بوو.. لەو بێدەنگتر، نزیک لە

بێدەنگییەکەی دادەنیشتم.. کەچی چاوم بە هەڵەش نەدەکەوتە سەر وێنیەک لە سەرهاتەکانی، لە بڵندگۆی ورێنەشەوە، دەنگێ لە سەرهاتەکانییەوە نووزەی نەهات... بە خۆم دەگوت و دەگوتەوە، مەنگیی ئەو کوڕە لە بەردەوەیە، نابێت لە ئاوەوە بێت... هەموو جارێکیش خۆم بە درۆ دەخستەوە و پێکەنینم بە بڕیاری وا دەهات.. نا نا مەنگییەکی لە هیچیانەوە نییە نە زادەی بەردە نە زادەی ئاو.. هەبێ نەبێ سەرهاتەکانی لە چاڵێکی دی تەقەتکردوو، نە (ئەسحابەکوژ) هەڵیکەندووەو نە کچە خەونییەکە ڕۆژێ لە ڕۆژان ڕێی بەو چاڵە کەوتووە.. نا چاڵێکیدی، تیشە بەردێکی دی، ئەسحابەکوژێکی دی، کچە خەونییەکی دی... ئەو ساتانەی دەچوومە بەردەم پۆڵاو چاوم لە چاوی دەبڕی، بزەیەکی دەهاتێ:

«گەمژەیەکی جوانی!»

بەوەی باش بوو ئەو دەمە من ناوم (گەمژە) بوو، دەنا پتر ڕیسوایی خۆمم دەچنییەوە.. گومان گومان.. گومان کەوتە سەر سەرهاتەکانی فاتیمەش، گەیشتەوە سەر خەونەکەی ئەسحابەکوژ... دەمگوت ڕەنگە کچە خەونییەکە درۆی لەگەڵ کردبێ، ئەویش درۆی لەگەڵ من کردبێ.. فەلاک ئەوی لە خشتە بردبێ، فاتیمە منی لە خشتە بردبێ، نا ڕەنگە ئەسحابەکوژ شێت بووبێ و وەک چۆن هیچ دەسکەوتێ کە دەستی دەکەوت بە تەنێ بۆ خۆی نەبووە برا بەش لەگەڵ هاوڕێکانی بەشی کردووە ئاوا لە شێتایەتیش، منی بێ بەش نەکردووە.

– ئەگەر ڕووبار لە گومان ڕووت بکەینەوە، واتایەک بۆ ئاو نامێنێتەوە.. ژیانیش لە زۆر ڕێگەوە دەگاتەوە ڕووبار ئەگەر لە گومان هەڵەچنمان کرد، لە ڕووبارێک دەچێت کە لە هیچ وەرزێ چۆڕە ئاوێکی نەدیتبێ.. بەڵام چ لە ڕووبار چ لە ژیان هەندێ بەردی چەقیو هەن...

– بەردە چەقیوەکان دیارن! لە کوێن؟

– لە هەموو جێگەیەک هەن، بەڵام ڕەنگە بە سانایی نەکەونە نیگاوە.

– دەزانی ترسانێ لە تۆ دەترسم، جنۆکە و شەیتان بەیەکەوە هێندە ترسەیان بەسەر منەوە نییە.





– ترس لە من؟!

لە ترسی ئەو پرسیارەی فاتیمە، بە لەرزینەوە.. بێ ئەوەی کاتم هەبێ بۆ باوێشکێ، بۆ وەنەوزێ.. بزر بووم.. وا بزانم نوستم.. دەبێت نوستبم... ئا نوستم.. بۆ ئێشکگریی بانگیان کردم... خەونیشم دیت.. تا زووە دەیگێڕمەوە، با لە بیری نەکەم، نا ئەو خەونە هەرگیز ڕێی ناکەوێتە لە بیرچوونەوە.. بڕواناکەم د. شەنگیش ئەگەر خەونی وای دیتبێ لە بیری بکات، لەسەر چیای گارە بە دیوی ڕێبەنداندا، ژوورێکی گچکەی دیوار لە بەرد، عەرد لە بەرد، بان لە بەرد، دەرگا لە بەرد، هەمووی لە بەرد، تەنها سۆبەیەک لە تەنەکە... ئەو ژوورە گەرماوێک بوو لە سەهۆڵبەندانی گارە... بە دیار ئاگرەوە لە گارە تەنیاتر بووم، ئەو بەفر دەینووسییەوەو منیش ئاگر... دیتم بەردی دەرگا دەلەرزێ.. ترسام زۆر ترسام.. لە ترسەوە ڕووی تفەنگم لە دەرگا کرد.. دڵنیام ڕەوە گورگەو پاش کەمێکی دی پارچە پارچەم دەکەن و دەبمە جەمە خۆراکێ بۆیان.. لە ترسەوە گوللەیەکم تەقاند، نازانم کێ گرتییەوە دەنا بە گوللەکەی خۆم، خۆم دەکوشتەوە و ئەرکی گورگەکانم سووکتر دەکرد..

– تەقە مەکە خۆمانین

– خخخ ۆۆۆ تتت اا نن

– منم مەستوورە

بە دیار سۆبەوە دانیشتین، ئاو لە هەموو گیانی دەچۆڕایەوە..مێوژی دەرهێنا.. خواردمان... جلەکانی داکەند... دەستی خستە سەر چاوم.. گۆتی :

کاتی سەیر کردن نییە تام تام!!

تێیگەیاندم بۆ ئەوەی هەرچی لەزەتی دنیا هەیە، تام بکەیت، دەبێت بە چاو داخستنەوە بێت، لەوێ لەو ژوورە ئاگرینییەی گەرمایی دەبەخشییە سەهۆڵبەندانی گارەوە.. لەوێ لەو ژوورە بەردینییەی هەرچی نەرمیی دنیا هەیە خۆی ڕاخستبوو.. لەوێ لەو ژوورە ترسناکەی ئارامیی دنیای لە خۆ گرتبوو.... چاوم داخست و ئاوێزانی مەستوورە بووم... ئەو میوەیەی من لە مەستوورەم چنییەوە، هیچ ئاگرپەرستێ لە ئاگردا نەیچنیوەتەوە.. هیچ عاشقێ لە عەشقدا دەستی بۆی

نەبردووە.. ئەوەی من بێ سەیرکردن تامم کرد، مەگەر بەس مەستوورەی ژوورە خەونییەکە تامی کردبێ.... نا کەس، کەسی دی جگە لە من و مەستوورە تامی نەکردووەو تامیشی ناکات...

دەمێک بوو مەستوورەم دەناسی.. بۆ جاری یەکەم کە دیتم لە چیای گارە بوو، ڕەنگە هەر لە نزیک ژوورە خەونییەکە بووبێ.. هەر بوونی ئەویش بوو منی فێرە ئێشکگریی کرد، فێری کردم هەر بە چیایی بمێنمەوە، چونکە جارێک گوێم لێی بوو دەیگوت:

«ناچارم هەر بە چیایی بمێنمەوە»

ئەو دەمەی من قسەی لێوە دەکەم، هێشتا کوڕە ئاگرییەکە هەر لە (ئاگری) بوو پێی نەخستبووە ئاقاری قەندیلەوە.... زەکیە ئالکان تازە ئاشنایەتیی لەگەڵ ئاگری زەردەشتی پەیداکردبوو... هێشتا فاتیمەش خۆی بۆ دیجلە ڕووت نەکردبۆوە...باسی سەردەمانێکی کۆن دەکەم، هێشتا ئایشەگوڵ جەرگی نەسووتابوو... لەو دنیایە بەردێ نەبوو بە قارەمان بانگ بکرێ، کەس لە ئاوی ئاراسی نەدابوو، چوارچرا چ ئاشنایەتییەکی لەگەڵ پێشەوا نەبوو.... زوو دەڵێم زوو، هێشتا ئەو ڕانییەیە، دەروازەیەکی نەبوو بۆ ڕاپەڕین، دەروازەیەکی نەبوو بۆ شەڕی کەسک و زەرد، نە دەروازەی ڕیشداران بوو نە هی پەسیوی باڵندان... لە هەولێریش نە کەسێ لەسەر کێلە بەفرێ کوژرابوو نە لە شەڕی ڕەنگەکانیش، هەولێرییەک پەنجەی بە خوێن هاتبوو... ئەو دەمانێ عومەری خاوەر لە کانی عاشقان دەزنوێژی هەڵدەگرت و بۆ نوێژی سبەینان دەچووە مزگەوتەکەی عومەری خەتاب.. ئەو دەمەی من دەیڵێم خومەینی و ئەتاتورک و سەدام و مەلایەکەی هەڵەبجەیی بەیەکەوە لە حوجرە قورئانیان حنجە دەکرد... مارکس هێشتا قسەیەکی پێ نەبوو لە بارەی تریاکەوە...

لەوێ، لە گارە مەستوورەم دیت، مەستوورە چ مەستوورە! تەنها لە جلوبەرگدا خزمی مرۆڤ دەبۆوە، لە قسەکردندا تەنها وشە بوو لە مرۆڤیان دەکردەوە، دەنگی مەستوورە هیچ بوونەوەرێک پێی ئاشنا نەبوو... ڕێکردنی مەستوورە سبەینان لە با دەچوو، ئێواران ڕووباری بوو، شەوان دەتگوت ڕژانی ئەستێرەیە... خۆزی دەتاندیت ئەو ساتانەی پرچی دەکردەوە! پرچ چ پرچ! ڕەنگی کەم و زۆر بە لای ئەو ڕەنگانە





نەدەچوو کە چاوی مرۆڤ پێیان ئاشنایە... کە بای گارە پەخشی دەکرد، هەورێ بوو نم نم عەتری دەباراند، عەترێ عەترتر لەو عەترە تایبەتییەی خوداوەند کە پێش ئەوەی پەیامبەرێ بۆ زەوی دابەزێنێ، بە دەستی خۆی سەر شانەکانی عەترڕێژ دەکرد... مەستوورە بوونەوەرێ بوو خوداوەند ناوی نابوو مەستوورە.... لەوێ لە گارە مەستوورەم ناسی، لە تەوقەیەکدا، لە دنیا بزربووم.. لە پەنجەکانییەوە جوولەی دنیای ڕژاندە گیانمەوە نەمزانی لە کوێ خۆم دیتەوە... چاوەکانی نەبان شەیتانیش نەیدەدیتمەوە، ئەو چاوانەی مەنزڵی هەموو نیگاکان بوو، بینایی کوێرەکانی دنیاشی لەسەر بوو.. دیدار کەپرێ بوو لەو کەپرانەی لە هەناسەی جەنگاوەران هەڵدرابوو.. دیدار جۆلانەیێ بوو لە با، لە چەپەوە سنە، لە ڕاستەوە هەولێر.. جۆلانەی پیاسەیێ لە نێوان ماڵی ئێمەو ماڵی مەستوورە.. پیاسەیەک بوو ڕستەیەکی تیا نەگوترا.. مەستوورە کەمدووترین کچی دنیا.. کچێ نازی نەبوو، تاکە جوانی دنیا بوو کە بە هێمایەکیش نازی جوانیی خۆی نیشانی هیچ چاوێ نەدەدا.. هەندێ دەیانگوت خۆی نازە بۆیە نازێ ناکات.. لەوێ من ئازایەتیم نواند، ئازایەتییەک هەموو ئیرەیییان پێ دەبردم، خۆزگەیان دەخواست لە جێی من بان، لەوێ شمشاڵ لای هەمووان خۆشەویست بوو، لەوێ ڕەقترین جەنگاوەریش لە شمشاڵدا توایەوە، نەرم نەرم توایەوە... تێم هەڵکرد.. کەپرێک لە گارە، دانیشتن لە سێبەری کەپر لەگەڵ مەستوورە، شمشاڵژەنین بە دیار مەستوورەوە، ئەو ساتە خۆزگەیییانەن کەس نەبوو خۆزگەیان بۆ نەخوازێت، کەس نەبوو خەونیان پێوە نەبینێت... ئەوەتا من و مەستوورە لە سێبەری کەپری گارەیی کە بە ئاسمانەوەیە و نیوەی تەڕایی دنیای لێوە دیارە، لە ناو جۆلانەی با دانیشتووین و من فوو بە شمشاڵدا دەکەم، پەنجەکانم وەک قژی مەستوورە داوەتە با، ئەوەتا شمشاڵ دەستی مەستوورەی گرتووە و دەیبات.. خۆی گوتەنی:

بە سەر هەموو دەریاکاندا فڕیم و ئەوەتە پرچم بە ئاوی دەریاکان تەڕ تەڕن...

مەستوورە نوست، نوستنێ خۆی گوتەنی:

بەس لە کۆشی دایکم ئەو دەمەی تەمەنم هەر حەفتساڵێک دەبوو، خەوی وام کردووە..

نوستنەکەی مەستوورە دەنگی دایەوە، ئەگەر ئەو نوستنەی مەستوورە نەبا، شمشاڵیش هێندە موریدەی نەدەبوو، مەستوورەی مەستانیش نەدەبووە سەربەندی بەندان... من ئەو ساتانەی بە دیار مەستوورەی خەوتووەوە شمشاڵم دەژەنی، هێندەی باڵندەیەکی لە نیشتنەوە تۆراویش پەیوەندیم بە زەوییەوە نەمابوو، لە ئاسمانێ دەفڕیم، باڵم لە ئەستێران دەخشاند، لە دوورەوە زۆر دوورەوە شینایی دەریاو سپێتیی چیاکانم دەدیت، ئەو ساتانەی لە ناو جۆلانەی با شمشاڵم بۆ مەستوورە دەژەند، دەمگوت تازە تەواو، جارێکی دی بە سەردانیش بە زەوی ناکەومەوە... مەستوورە لە هیچ کۆمارێ جێگەی نەدەبۆوە، نە کۆماری ئەفلاتوون، نە کۆماری ئیسلام، نە کۆماری بەفر، نە هی ئاگر.. پرچی مەستوورە هەورێ بوو، نەدەڕژایە لەچکەوە، لەنجەی مەستوورە شیعرێ بوو هۆشی دەخستە سەمای دۆڕانەوە، لە پەنجەی مەستوورەوە گەرماییەک دەهات چیایەک لە بەفری دەڕژاندە ڕووبارەوە، هەناسەی مەستوورە چیایەک لە ئاگری دەخستە دۆخی هەڵمییەوە.. مەستوورە ڕەنگە لە ڕێگەی هەڵەوە بووبێ ڕێی کەوتبێتە کۆماری جەنگاوەرانەوە..مەستوورە هەموو دەورانی ئەنفالی دیت و هەر بە کچی مایەوە.. هێشتا حوسێن بە سەرەوە دەگەڕا، ئەنفال دەستی گرت و بە پیاسە گەیاندییە دورگەی عەرەب، کەس نازانێ بە کوێدا خۆی گەیاندەوە سنەو بە درێژایی ڕێ کچێنییەکەی لە کوێ تەقەت کردبوو! حوسێن بێ سەر دەگەڕا.. ئەنفال هات و مەستوورەی دیتەوە، بردی بردی لە کەناری زێی نیل بە ڕووت و قووتی ڕووتتر لە نیل لەسەر پشت درێژی کرد.. دیسانەوە هەڵات، پێڵاوەکانی لە بیر کرد بەڵام کچێنییەکەی هێنایەوە.. تیژترین چاو چاوی ئەنفالە لە بیابانەوە تەماشای چیا دەکات، لە بن بەفری قەندیل ناسکە ڕێواسی لێ دیارە.. لە بیابانەوە دەڕوانێ لە (ئاگری) دنکە زەنگیانە دەبینێتەوە..کەچی مەستوورەی لە باوەش بوو، کچێنییەکەی نەدیتەوە.. دنیا بە دووی کچێنیی مەستوورەوە بوون.. کەس نەیگەیشتێ.. تا چەند ساتێ لە مەوپێش مەستوورە هەر کچ بوو.. لە ژوورە خەونییەکەی گارە مەستوورە کچێنییەکەی خۆی بە پیاوێکی ترسنۆک بەخشی....

– پێدەچوو لە بەهەشت خەوتبیت!





– کام نیشانەی بەهەشتیم پێوە دیارە؟

فاتیمە بە لێوە قەسپییەکانی بزەیەکی نماوی کردو لە چاوە نێرگزییەکانییەوە دیتم نێرگزیەتی تیچاوی لەسەر دامەنمە... تەریق بوومەوە.. ئارەقەم کرد.. هێشتا تەڕایەتی ژوورە خەونییەکە، ئەو تەڕایەتییەی دەبوو بڕژێتە کۆشی مەستوورەوە، بە هەڵە وا بە شەرواڵی بەر نیگای فاتیمەوە...

ئەو ساتانەی دەوران خەون دەور دەکاتەوە، ئەو خەونەی لە هەر هەزار ساڵێک کەسێک دەیبینێ، وەک ئەو خەونەی من دیتم.. خەونی مەستوورەیی، خەونێ هەزار ساڵە هەرچی جەندرمەو جاش و جەنگاوەر هەیە، لە گەرمەی شەڕەکاندا، لەو ساتانەی لە سێبەری مەرگدا دەچنە گەمەی ژیانەوە، بێ مۆڵەت وەرگرتن لە کات، سەر خەوێ دەشکێنن، خەوێ بۆ خەونێ، خەونێکی مەستوورەیی.. دەورکردنەوەی خەونی وا، یادێکە زیندوو، زیندووتر لە ڕابردوو، یادێکە پڕ جیلوە، جیلوەدارتر لە ئێستا، یادێکە لە ژوانی ئایندەیی...

لە ڕێبەندانی قەندیل واتایەک بۆ دۆڵ نامێنێتەوە، بەفر، لووتکە لە لووتبەرزی ڕووت دەکاتەوە.. هەر لەو قەندیلە ئاگایی و نائاگایی لووتکەو دۆڵی بن بەفری ڕێبەندانن.. هەنووکە لە نێوان کەپرە ڕۆژی مەستوورەیی و ژوورە شەوی مەستوورەیی لە نائاگاییەوە هەڵدێم و لە ئاگاییەوە ئاوا دەبم.. تێدا مامە لە نێوان دوو مەستوورە، مەستوورەی کەپرە پایزی، مەستوورەی ژوورە زستانی، مەستوورەیەک بە کچێنییەوە دەشنایەوە، ئەوی دی لە ژنێتیدا خۆی ڕاخستبوو... ئێستا جەنگاوەرێکی هەڵاتووی ڕێ لێگیراوم، جەنگاوەرێکی داگیرکراوم.. خەونێ هاتووەتە ئاگایی و بینایيمی زەوت کردووە.. دەبێت مەستوورە ببینم و بزانم هەر مەستوورەی ژوورە بەردینییەکەی گارەیە، یاخود مەستوورەی کەپرە جۆلانەییەکەی گارە، نا مەستوورەی ژوورەکەیە، ئا هەوە ئەگەر لە بیریشی چووبێت بە بیری دەهێنمەوە، پێی دەڵێم ئەی تۆ نەبووی لە ناو چاومدا خۆت ڕووت کردەوە و نەتهێشت بتبینم! ڕەنگە شەرم بیگرێ و هێندەی شەوە بەفرییەکە ئارەقە داچۆڕێنێ.. ڕەنگە پەشیمانی دایگرتبێ و حاشای لێ بکات.. ئەگەر حاشای لێ کرد ڕاست و ڕەوان پێی دەڵێم، من لە ئەنفال بەهێزترم، تۆ لە شەڕی هەموو قادسییەکاندا بەدیلی کەوتیە

دەستی ئەنفالەوەو هەموو جارێکیش کچێنییەکەت لەگەڵ خۆتدا هێنایەوە، کەچی من شەوێک بە دیلی لات بووم بە ژنی بە جێم هێشتی! نا حاشای لێ ناکات چونکێ....

– تۆ لەبەر خۆتەوە ورێنە دەکەیت!

– من! کا...!

– چ کا! تاقەتی گوێگرتنم هەبا ئێستا هەموو ڕستە پچڕپچڕەکانتم وەردەگرت و بە ڕێکی بۆم دەگوتیەوە

– ببوورە فاتیمە، سەرم..

– وایە زۆر جار لە سەردا خەون و وڕێنەو ڕاستی بە شێوەیەک تێکەڵاوی یەکتر دەبن، لێکدی جیا نابنەوەو.. ئاگادار بە وەک (ئاشتە)ت بە سەر نەیەت..

– وابزانم تۆش نهێنییان دەخوێنیتەوە!

– ئەوانەی من دەیانخوێنمەوە نهێنی نین، ئاشتە خوێندنەوە چ نهێنییەکی تێدا نییە

– وایە بەس...

– من خەوم دێت ببوورە

فاتیمە سەری بەسەر تاخمەکەی کرد.. دەبێت ئەو چ خەونێ ببینێ! خۆزگە خەونێکی مەستوورەیی بە منەوە ببینێ.. بە ڕاست دەبێت لە (ئاشتە) نزیک نەبمەوە، ئەو کوڕەی خۆی گوتەنی لە هیچ خەوێکەوە بێ خەونی سێکسی بە ئاگا نەهاتووەتەوە.. لە تەمەنی خەوی خۆیدا خەونێکی ناخۆشی نەدیتووە، کەس نەبوو ئیرەیی بە خەونەکانی نەبات.. دەیگوت نهێنییەک هەیە هەرکەسێ بیزانێ، خەوەکانی سەرڕێژ لە خەونی سێکسی دەبن، هەر کچێ هەر ژنێ مەبەستت بێت، لە خەونێدا بۆت ڕووت و قووت دەبێتەوە.. زۆریان هەوڵ لەگەڵ دەدا، نهێنییەکەی نەدەدرکاند.. ئێستاش پێوە بە کەسی نەگوت.. ئەو کوڕە هێندە خەونی وای دەدیت، لێی ببووە ڕاستی و زۆرجار لە ڕێوبانان یەخەی ژنێکی دەگرت و داوای لێ دەکرد و دەیگوت:

ئەی بۆ دوێنێ ڕازی بوویت!!

ژنە هەرچی جوێنی مزر هەیە بە تفەوە دەیپژاندە دەموچاویەوە، هەر عاری





نەدەهێنا، خۆی گوتەنی باوەڕی نەدەکرد..... نا من ئاشتە نیم دەبێت مەستوورە ببینم و بزانم بە ژنێتی جوانترە یان بە کچێنی.. ئەوەی من دیتم خەون نەبوو، ڕاستی بوو لە ئەنفال ڕاستیتر، ئەنفال چەندان جار بردی و هیچی لەگەڵ پێ نەکرا.. ڕاستیتر لە کوڕە هەرزەکارەکەی ڕەزا شا، ئەو کوڕەی حەفت شەو مەستوورەی بە دەست و پێ بەستراوی لە ژوورەکەی خۆی هێشتەوەو دواتر لای برادەرێکی خۆی پێی لێ نابوو کە هێشتا نەبۆتە پیاو... ڕاستیتر لە چیرۆکی مێزەری پیاوەکەی (قوم) ئەو چیرۆکەی لە زاری مەستوورەوە کەوتووەتە سەر زاران... مەستوورە هێشتا منداڵکار دەبێت، مێزەر بە سەرێ تەمەن حەفتاو حەفت ساڵ، بە سێ ئایەت چاوی مەستوورە دەبەستێ و دەیبات.. هەست بە شلبوونی مەستوورە دەکات، خۆی ڕووت دەکاتەوە.. دەست بۆ یەخەی مەستوورە دەبات، لەو دەمە مەستوورە چاو دەکاتەوە، هەر بە مێزەرەکەی خۆی توند چاوی دەبەستێ و پێی دەڵێ:

خاتری تەمەنت دەگرم تۆ بە سێ ئایەت چاوی منت بەست، بەڵام من بە یەک مێزەر چاوت دەبەستم..

چاوی دەبەستێ و بەجێی دەهێڵێت.. بەڵام من هەرگیز چاوی مەستوورەم نەبەستووە ئەویش بە دەست چاوی منی بەست، مێزەرم نەبوو...

***

ماندووتر لە دوێنێ
ماندووتر لە سبەی
چاوی من چ ماندووێکی پڕ وەنەوزە
لە بەرزایی هەوری بەرزەوە
تەمەنێکی بێ ڕۆژە شەونخوونی بۆ زێدێ دەکەم
زێدێ، لە ناو خەونی ئاڵا و واڵای خۆیدا
جێ تیشکێ بۆ سەرگەردانێ ناکاتەوە
زێدێ، باوەشی خەو
بۆ باوێشکی من ناگرێتەوە
ماندووم.. ماندووتر لەو گەڵایەی

لە دەستی باوە بۆ دەستی با

جێگەیەک داڵدەی نیشتنەوەی نادا

بەفر دەڵێ:

چاڵێ لە قەندیل هەڵکەنە، چاڵێ

گەرم گەرم داتدەپۆشم

بخەوە، بە قەد ساتەکانی بێداری بخەوە

بێ خەم بخەوە وەک منداڵ

نە پەنجەی زریان دەتگاتێ

نە لوورەی ئەنفال

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***

سەرەڕای دار خڕکردنەوە، بەفرماڵین، هەڵکەندنی چیا، وەرزشی هەمیشەیی حەفت جەنگاوەری هەڵاتووە، بە پانتایی جێی پیاسەی حەفت کەسی، بەفر بۆی نەبوو لێی داکوتێ و بیکاتە ماڵی خۆی.. دەبوو ڕۆژانە، شەوانە چەند جارێ جێ بە بەفر چۆڵ بکرێ و جەنگاوەران لە ناو بازنەی بەفرو بە دەوری ئاگردا لە سووڕانەوەی تەمەندا پیاسە بکەن... دەبوو ڕۆژانە، شەوانە لە هۆڵەکەدا، کاری حەربەکاری بکرێ و بن سێ گابەردی گەورە هەڵبکەنرێ.. ئەوەتا جەنگاوەران دەڵێی گۆڕهەڵکەنن، گۆڕی گەورە، گۆڕی بە کۆمەڵ... ئیمامەی پساوە دەیگوت:

چەندێ قووڵتر بێت، گەرمترە، خەوی خۆشترە، خەونیشی جوانترە.....

سەردەستەی مراوی هەڵیدەدایێ:

چایەش تامی خۆشتر دەبێت....

پیاوە داغستانییەکە:

جگەرە جگەرە، دووکەڵی جگەرە بە زایە ناچێت.....

برادەرەکەی گیڤارا:

دەنگیش لە شوێنی قووڵ ناسکتر دێتە گوێ....





فاتیمە:

بەڵام ڕەنگە شوێنی قووڵ بەربەست بێت لە پێش بیرکردنەوەی قووڵ....

من گوتم:

ڕەنگە لە شوێنی قووڵدا خەونی جوان ببینرێتەوە...

ئەو ساتانەی لە هەڵکەندندا تووشمان بە تووشی بەردێکی گەورەوە دەبوو، کچە خەونییەکەی ئەسحابەکوژ دەهاتە ناو چاومەوە.... پۆڵاش هەر پۆڵا بوو بە قسەی گەرم، گەرم نەدەبوو تا بە قسەی سارد، سارد بێتەوە.... ئاودەستەکەی شەیتان هێندە پەنجەو پێی دەسکاریی تێدا گەڕاوەو پێی کەوتووە، شەیتان ڕێی بێرە بکەوێتەوە، نایناسێتەوە... تەواوێ قووڵ بووەو بە سانایی پڕ نابێتەوە، لە دیوارەکانی حەفت بازنەی خواروخێچ کێشراوە، هەر بازنەیەک بۆتە جێی خەتخەتۆکەی جەنگاوەرێکی هەڵاتوو.. کەسیش خەتی ئەوی دی پێ ناخوێندرێتەوە، فاتیمە ناڵێم، ڕەنگە ئەو سەرەدەرییەکیان لێ دەربکات.. جەنگاوەران ڕەنگە خۆیشیان نەزانن چی دەنووسن و چی دەکێشن.. من ئەگەر لە بازنەکەی خۆم بچمە تاقیکردنەوەی پرسیارانەوە، جگە لە دەم تێکئاڵان ڕەنگە ڕستەیەکم نەبێت بۆ وەڵام، بەس نازانم ئەوانی دیش وەک من یاخود نا... پیاوە داغستانییەکە بە نەخوێندەواریی خۆیەوە، دەسخەتی لە هەمووومان خۆشترە، ئەویش وەک ئێمە لەسەر بەرد لەو بازنەیەی بۆ خۆی گرێ داوە، شت دەنووسێت، وەک ئێمە شت دەنووسێت، جێگاکەی پیاوە داغستانییەکە کەوتووەتە لای دەرگاوە، وەک خۆی دەڵێت لەوەتەی هەیە هەر لای دەرگاوە بووە، لە نزیک دەرگای دوور بخەنەوە، عەجمانی نامێنێت، لە هەر ژوورێک لە نزیک دەرگاوە نەبێت، حەفت ساڵ ڕاکشێ، هەر تەنیشتان دەگۆڕێت، خەوی لێ ناکەوێت، دەیگوت:

ئەگەر دەتانەوێت خەوم لێ نەکەوێت، وەرن جێگاکەم داگیر بکەن.

ئەوجا تەماشابکە لە ناو کیسەی خەوێ تەنیشت گۆڕین چ کارێکی زەحمەتە، خەوی ناو کیسەی خەو خەوێکی مەیلەو زیندانییە، دەتگرێت، توند دەتگرێت، ئازادیی لە جوولەی لەش وەردەگرێتەوە، ناهێڵێت جوولە بکەیت، پیاوە داغستانییەکە گۆتەنی:

چەند خۆشە کە دەخەویت پێیەکت بگاتە ڕۆژهەڵاتێ، ئەوی دی لە ڕۆژئاوا بێت و بچێت، دەستێکت لەو سەری دنیایێ ئەوی دی لەم سەر، ئای ڕزگارمان بایە لە کیسەی زیندانێ.

جێگەی فاتیمەش لە بنەبانێ، لە پەرگە بوو، جێگەی پۆلاش لە تەنیشتە وی، بەلام هەندێک دوور، نێوانیان دوو تفەنگ جێگەی دەبۆوە، فاتیمەی ناو کیسەی خەو جەستەیەک بوو، ناسک ناسک مێیاتی خۆی ڕادەخست و جەستەیەک بوو زۆر ژنانەتر لە فاتیمەی دەرەوەی کیسەی خەو خۆی نمایشدەکرد، فاتیمە کاتێ دەخزییە ناو کیسەی خەوەوە و پرچی لە دەرەوە دەهێشتەوە، لە دیدی منەوە خرمی ماسی دەبۆوە، ماسییەک لە ناو حەوزی روون.. پۆلا لە هەمووان پتر خەریکی خەتخەتۆکەی سەر دیوار بوو، قەندیل نەشەوی شەوە نە ڕۆژی ڕۆژ، شەو و ڕۆژی..... ئەو کەسەی لە قەندیل قسە لە شەو و ڕۆژ دەکات، تەنها بۆ کردنەوەی کات و گرێدانەوەی کاتە...

– تۆ وەرە بە حەفت کەسان دوو ڕادیۆت هەبێت، هیچیشیان ئیش نەکەن.. باش لە دنیا دابڕاین!

– کوڕە ڕادیۆ باسی چ دەکات! دەڵێ هۆی حەفت کەرەکەی قەندیل وەرن بێرەدا بڕۆن دەردەچن! وەرن ئا ئەوەتا لێرێهێ جۆ هەیە؟ ڕادیۆ، ڕادیۆ!!

– ئاگامان لە دنیا دەبوو، چ بووە چ نەبووە

– من نامەوێ ئاگام لە دنیا هەبێت، پێویستم بەوەیە دنیا ئاگای لە من بێت، بۆ من لێم قەومایە یان دنیای گەواد؟!

پیاوە داغستانییەکە بە شێوەیەک وشەی (گەواد)ی گۆ کرد، هەر گەوادێک گوێی لێی بووایە، بۆ هەتایە گەوادیی تەرک دەکرد، تەرکی دەکرد ئەگەر لەو تەرککردنە دنیای لە دەست بچوایە، ئەو گەوادەی لە دەمی پیاوە داغستانییەکەوە دەرچوو هیچ گەوادێ نەبوو خۆی لە بەر ڕابگرێ.... ئەو پیاوەی تا چەند ڕۆژێ لەمەو بەر لە میهرەبانیدا مەسیح ئیرەیی پێ دەبرد، ئیستا پیاوێکە لە توورەیی، پیاوێکە وەک لیمۆ بیگوشی، چۆرە ئارامییەکی لێ ناتکێ.... ئیستا ڕێک لە شێرەکەی بەشەریەت دەچێت، ئەو شێرەی لە تەنیشت ئیمامی عەلییەوە هەڵواسرابوو.. پێشتر بیستبووم





لە زۆر شوێنی ئاقاری قەندیل، ڕادیۆ خەسڵەتی بەرد وەردەگرێ، وردیشی بکەیت قسەیەکت بۆ ناکات، ئەگەر لەبەر خاتری خاتران بێتە قسەو بێدەنگی بشکێنێ، ئەوا تەنهاو تەنها ڕستەی مەلیکی بەغدای بەسەر زمانیدا دادێ، لە گۆرانیش بەس گۆرانییەکی کاوێس ئاغای (کورد خائینۆ) لەبەرەو بۆت دەڵێتەوە... کەسیش لەو نهێنییەی ڕادیۆ شتێکی ئەوتۆ نازانێ، ئەوەش بۆتە نهێنییەک لە نهێنییەکانی قەندیل.... بیستبووم هەر لە ئاقاری قەندیل بە دیوی پشتئاشاندا، ڕادیۆی بەغدا بەردەوام دەنگی دێ و نایبرێتەوە... ئیدی حەفت جەنگاوەرە هەڵاتووەکە ئێستا لە جێگەیەکن لەو جێگایانەی ڕادیۆ لە قسەکردن بە ڕۆژوو دەبێت، ڕۆژووگرتنێ هەرچی گوێی دنیا هەیە بۆی هەڵبخەیت، ئارەزووی شکاندن ناچێتە زارییەوە...

– من دەمەوێ تێبگەم بۆچی ڕادیۆ لەو قەندیلە وەک بەرد قرِوقەپی لێ دەکات، ئەگەر بێتە دەنگیش هەر دەنگی بەغدایە.

– من بزانم لە نێوان قەندیل و بەغدا ڕێکەوتنێکی نهێنی، زۆر نهێنی هەیە، شەیتانیش ئاگای لەو سەینوبەینە نییە.

– تەڕەماش هەیە.

– منیش وای بۆ دەچم قەندیل شتێکی لەگەڵ بەغدا هەبێت، ماقووڵ نییە لەگەڵ ئاسمان ڕێکەوتننامەی هەبێت لەگەڵ بەغدا هیچ لە گۆڕێ نەبێت.

مشتومڕێکی گەرم لە نێوان هەر سێ (م) مکە لە بارەی قەندیل و ڕادیۆ دەستی پێکردبوو بەلام من لە هەمووان پتر حەزم چووە تەڕەماشەکە و لە تەڕەماشەکەی (پیاوە داغستانییەکە)وە ڕادیۆکەی خۆم بیر کەوتەوە.... دێتە بیرم منیش ڕادیۆیەکی باریکەلەی ئێسک سووکم هەبوو، بەخشیمە منداڵێکی چوار ساڵە ناوی ناسک بوو.. ناسک لە یادەوەریمدا تاڵێکی نەپساوەیە، تاڵێکی موگناتیسییە و پەلکێشم دەکات، دەمبات دەمهێنێت، لە ڕێوبانی ئێرە و دۆڵە ڕەقە لە تاریکیدا سەرەنگرێ دەبم، لە ڕووناکیدا سەرگەردان دەبمەوە.. دەبینم ناسک وا لە سەفەری ئەنفالە و لە ڕادیۆکەوە گوێی بۆ سورەتی ئەنفال هەڵخستووە.... پێش ئەوەی ناسک بە دایکەوە بچنە گەشتی ئەنفال، بە چەند ساتێ لە باوەشی من بوو، بۆ چۆڕە ئاوێ وردە فرمێسکی دەباراند بەسەر ڕەقایی دۆڵە ڕەقەدا، چ دۆڵێکی دڵڕەق بوو ئەو دۆڵە ڕەقە، دڵڕەقتر

لەو وشانەی ئەنفالیان لە ڕستەیەکی درێژ درێژ ڕست کردبوو، درێژتر لەو هەورازانەی جێڕاوگەی ئەنفال بوون، خوداوەند ئەگەر ئەو منداڵە تینووەی بدیتبا دڵنیا بووم، زاری کانییەکی لەو دۆڵە ڕەقەیە دەکردەوە.. مەتارەکەم لە خۆم بەتاڵتر، لەوەتەی مەتارەیە بەتاڵیی وای بە خۆیەوە نەدیتووە... ناسک چاوی لەسەر مەتارەکەی من بوو، ئەو مەتارەیەی پڕ پڕ بوو لە بەتاڵی، لەو ساتانە خۆزگەیەکی ئاویم بە بەدیارکەوتنی خارە خولە خواست، بیستبووم ئەگەر مەتارەی دنیا بایی دەم تەڕکردنێ تەڕایی شک نەبەن، مەتارەکەی خارە خولە بێ ئاو نابێ.... من ڕادیۆکەم بە ملی ناسکەوە کرد، بۆ چەند ساتێ تینوویێتی لە بیر کرد.. ئەو دۆڵە ڕەقە زۆر دڵرەق بوو، لەوێ پتر لەوە دڵنیا بووم کە خوداوەندیش لە جێگەیەک بۆ جێگەیەکی دی دەگۆڕێ، لە هەندێ جێگە خوداوەند نەرم و نیانە، لە هەندێ جێگەی دی ڕەق ڕەق لە دۆڵە ڕەقە دڵرەقتر، من لە دۆڵە ڕەقە تەواوێک لەگەڵ خوداوەندی ئاو لەسەر ئاو تێکم دا، لەسەر ناسک تێکم دا، سوندم خوارد، تامردن لەگەڵی ئاشت نەبمەوە، ئای زۆری لەبەر پاڕامەوە، هێندە لەبەر شەیتان بپارابامایەوە شتێکی بۆم دەکرد، کەچی خوداوەندی ئاو هەر وای دەزانی لەگەڵ ئەویشم نییە، پێیم گوت، تۆ لە بیاباندا، ئەو بیابانەی بە هەزار بەژنیش ناگەیتە ئاو، لە چاوترووکانێکدا کانییەکی بەهارییانە دەتەقێنیتەوە، کەچی لێرە لە دۆڵە ڕەقەی پڕ درەختی مەیلەو تەر پڕ لە بەردی قەوزاوی، لە نیو بەژنێک کەمتریش دەگەینە ئاو، ئاوێکی ڕوونی سارد سارد، خوداوەند نەیکرد، کانییەکی لە دۆڵە ڕەقە لێنەدا، خوداوەندی ئاو لە تەڕاییەکی نزیک نەکردینەوە، لێوی ناسک تا دەهات وشکتر دەبوو... ئەگەر خوداوەندی ئاو لە دۆڵە ڕەقە لەبەر خاتری ناسک تەڕاتییەکی بخستایەتە هاوینی دۆڵە ڕەقەوە، من لە چلەی زستانێش هەر لەسەر ئاینی ئاو دەمامەوە، ئێستاش لەو قەندیلە هەر ئاوی دەبووم و قەت لە ئاینی ئاو وەرنەدەگەڕام... دایکی ناسک حەڤدە ساڵێک لە ناسک بە تەمەنتر بوو، من کە دیتم سەرەتا وام زانی مەستوورەیە... بە تینوێتی بە جێم هێشتن، بە تینوویێتی لێم بزربوون.. بە دوای تۆپەکان فورسانەکانی سەلاحەدین گەیشتن، بە دوای فورسانەکان سەربازەکانی ئەنفال گەیشتن.. پساینەوە، پەرت بووین، لە بەردەکانی دۆڵە ڕەقە پەرتتر.. ئەوەی هەبوو لە بیرم چوو، ناسک، دایکی ناسک،





هەموو هەر هەمووم لە بیر چوو، ئەوەی لە بیرم ما، تەنها و تەنها گیانی خۆم بوو، گیانێک کە لە ساتە هەترەش چووەکان، تامی شیرینیی هەرچی شیرنایەتی دنیا هەیە بە زیادەوە دەبەخشێ... هێندەم لە بیرە لە ناو دەستی ترسا گرمۆلە ببووم، ئەوە ترس بوو هەڵیدام، هەڵدانێ هیچ کێوێ بەردی وا هەڵنەداوە.. پشتاو پشت لە تەنیشت فاتیمە کەوتمەوە، لە بن گابەردێ کەوتینەوە.. گابەرد ڕێک دەکەوتە دەروازەی کونە کۆترەوە، لەو دەروازەیەوە کە بەسەر دۆڵە ڕەقەدا دەیڕوانی، بە زمانی تینوویێتی کەوتینە گێڕانەوەی حەکایەتی ئازایەتی، ئازایەتیی دەرباز بوون لە دۆڵە ڕەقە.. ئەودەمانێ دۆڵە ڕەقە دۆڵێ بوو لە دۆڵەکانی ئەنفال، لە هەموو ڕێیەکانی عاسمان و عەردەوە، ئەنفال وەک مێروولەی خوا غەزەب لێگرتوو ڕێچکەی فڕینیان ڕووەو دۆڵە ڕەقە بەستبوو... ئەو وەرزەی ئەو یادەی لێ ڕسکا لەمێژ بوو پووش پەڕی بوو، هاوینێکی ئابی بوو، ساڵ لە مانگی ئابدا جەنەی گرتبوو، ئابی ئەو ساڵە لە ئابی عەرعەر گەرمتر بوو، گەرم گەرم ڕووباری دەکولاند، پیتەکانی سوورەتی ئەنفال گەشتر گەرمتر لە پشکۆی هەرچی دارستانی داربەڕووی چیا هەیە، دۆڵە ڕەقەی ئەودەم ناو جەرگەی بیابان بوو.... لەو ساتە وەختە قارەمان ئەو کەسە بوو، لە ئاقاری دۆڵە ڕەقەی بە ئەنفال تەنراو ئەگەر بە هەلەش بێت ڕێی بە ڕێی هەڵاتن بکەوێ و ساچمەیەکی ئەنفال ساردی نەکاتەوە.... ڕێگەیەکی پان، پانتر لە زیلەکانی ئەنفال، کەوشەنی نیوان دۆڵەرەقەی ماندوویێتی و دەروازەی حەسانەوە بوو، حەسانەوەی دەم وشک، وشکتر لە ئابی دۆڵە ڕەقە.. دیتم بەو چاوانەی خۆم دیتم هەر جاش بوو ڕاوی ژن و منداڵی دەکردو.....

– باشە دەنگی ڕادیۆ ژەنگی گرتووەو خشەخشیشی نایەت، دەنا لاوکەکەی کاوێس ئاغا ئێمەشی دەبردەوە خیانەت... ئەنگۆ بە من بڵێن لە بەرنامەی گۆرانی داواکراودا بۆچی هەر داوای (کورد خائینۆ) دەکەن؟ دەزانن گیڤاراش ئەو پرسیارەی لێ کردم.

– ئەتو چت وەڵام دایەوە؟ خۆ نەتگۆت بە هەڵە داوای دەکەن!

– ناوەڵا پرسیارەکەم لە بیری بردەوە.

– ئەگەر ئەو جارە دیتتەوە پێی بڵێ لە ناو کوردا لە بەرانبەر هەر ماڵە پێشمەرگەیەک یەک گەڕەکی گەورە جاش هەیە، ئا ئەوهای پێ بڵی بڵێ کانەبی وەی

گۆت.

– من زۆر ڕقم لەو لاوکە دەبێتەوە، کە دەیبیستم ساڵی جاشایەتی خۆمم بیر دەکەوێتەوە.

یادەوەری گێڕانەوە بۆ خۆت، لای من وەک چوونە ناو (هەزارو یەک شەوە) وایە تا تەواوی نەکەم زەحمەتە دەسبەرداری ببم، ناڵێم ئەگەر سوورەتی ئەنفال تۆپی وشەیەک بهاوێژێ و لە بەر دەمم زرمەی بێ، یان مەستوورە بە بەژنی زراڤ و چاوی خومارەوە بێتە بیناییمەوە... من ئێستا بە گوێ و چاوەوەو لە بن گابەردەکەی کونە کۆترم، وەلێ بایی هێندە خزمایەتیم بە سێ گابەردەکەی قەندیلەوە، بە برادەرە پساوەکانم، بە فاتیمەوە ماوە، بتوانم چەند ڕستەیەکیان لێ هەڵگرمەوە.. خزمایەتییەک ئاڵۆزیم ئاڵۆزتر دەکات، ئەوەتا من لە ڕستەکانی ئەوانەوە دەگەمەوە یادەوەرییەکانم یان ئەوان لە بێدەنگییە پڕ هاوارەکانی منەوە سەری قسە دەکەنەوە!.. ئەوەتا دەبینم، دوور نییە، لەناو دووربینەکەوە دەستم نەختێ درێژتر بایە دەگەیشتێ، ئا ئا لە بەر چاوە لە دەو ئەو ڕێگە پانەی منی لە دۆڵە ڕەقە جیا کردۆتەوە، نزیک نزیک، درەختێکی باڵ شکاو و چەند بەردێکی پشت قلیشاومان بەینە... جاشێ لە پشتەوە دایکی ناسکی قۆڵبەست کردووە، سەربازێ کە سەر شانی پڕ لە نەجمەی ئەنفالە یەخەی ژنەی دادڕی، بە دیارکەوت سینگ و مەمکێ، سپی سپی هەموو قەندیل بخەیتە ناو چاوتەوە کڵۆ بەفرێکی وا سپی نابینیتەوە، ئەوەتا سەربازەکە بە پەنجە ئەنفالییەکانی یاری بە گۆی مەمەکانی دەکات، ژنە خۆی ڕادەپسکێنێ، بەلاشە، جاشەکە بە هێزەو بەرزەفتی کردووە، ئەها دایکی ناسک تف لە ئەنفال دەکات، ئەنفال بەبەر زللەی دەدات... زیرِو هۆڕ بە پڕی دۆڵی ئەنفال بەرز دەبۆوەو کونە کۆتری دەلەرزاند... دەنگێ دواتر زانیم دەنگی پیاوە مارانییەکەیە، بە ترسەوە:

«ئەگەر دەتانەوێ بەر چنگی ئەنفال نەکەوین، دەنگ لە تفەنگتانەوە نێت، بزانن مەرگی هەموومان لە تەقەی پێشمەرگەیەکە»

زیلەکان گەیشتن.. گەشتی ئەنفال دەستی پێکرد.. لە ژنەکان تەنها دایکی ناسکم ناسییەوە، لە پیاوەکان پیرێکم ناسییەوە باشم نایەتەوە بیر بەس وا بزانم لە مزگەوتەکەی بالیسان بوو بە دەم دەستنوێژ شوشتنەوە دەیگوت قورئان هیچ عەیبی





نییە بەس نازانم ئەو سوورەتی ئەنفالە بۆ!.. لە منداڵەکان ناسکم بەر چاو نەکەوتەوە، بەڵام ڕادیۆیەکم بە دەستی سەربازێکەوە دیت زۆر بە ڕادیۆکەی ناسک دەچوو.. لە جاشەکانیش دووانیانم ناسییەوە یەکیان برادەری منداڵیم بوو بەلاشاوەیی بوو، ئەوی دی سەردەمانێک پێشمەرگەیەکی ئازابوو لە شەڕەکاندا بە پێوە شەڕی دەکرد، ئێستاش ئەوەتە مریشک دەخاتە گونییەوە، سەربازەکەی گەمانی بە مەمکی دایکی ناسکیش دەکرد، بە هەڵەدا نەچووبم، وێنەکەیم لەو بیرەوەرییە دیتەوە کە لە چاوی فاتیمەوە دزیم..... من و فاتیمە بە تەنیشت یەکەوە گرمۆڵە ببووین و بە چاوی پڕ ترسەوە تەماشای فیلمی ئەنفالمان دەکرد.. بە من و فاتیمە سێ گوللەمان پێ مابوو، خۆ ئەگەر سێ حەفتاو پێنجیشم هەبا، تفەنگی من دەنگی لێوە نەدەهات، چۆن خۆم دەخەمە چنگی ئەنفالەوە، بیستبووم گوللە کار لە ئەنفال ناکات، گوللەبەندی پێیە.

– ئەرێ تۆش ڕادیۆیەکت هەبوو...

– دامە ناسک

– ناسک کێیە؟

– کچی ئەو ژنەی سەربازەکەی ئەنفال یاریی بە مەمکەکانی دەکرد.. لە بیرت چوو لە بن گابەردەکەی کونە کۆتر پێکەوە تەماشامان دەکرد!

– ئاخر لەوێ مەمکی چەندان ژن لە ناو دەستی سەربازەکان....

ئۆه! من هەر ڕووتیی دایکی ناسکم دیت، سینەو مەمکی ئەو ژنە چاوی منی لە دیتنی ژنە ڕووتکراوەکانی دی کرد، هیچیانم بە ڕووتی نەدیت.. بە پانی و درێژیی تەمەنی پڕ لە هەڵاتنم، تەنێ دوو جار ژنم بە ڕووتی دیوە.. ژنەکەی ناو ڕەشماڵی خێڵان، ئەو خێڵانەی لە زارگەلی هەڵیان دابوو، ئەو دەمانێ زارگەلی نەکەوتبووە سەر زاران، حەفتاو حەفت ڕۆژە ڕێ لە ئەنفال دوور بوو، زارگەلی ئەوسا بە زاری عەشق دەئاخافت، جگە لە زمانی عەشق چ زمانەکی دی نەدەزانی.. ڕەشماڵنشینان سادە بوون سادە، چ لە گەرمیانێ چ لە کوێستانێ هەر لە باوەشی سروشت دەژیان و بۆ هەناسەیەکیش لێی نەدەبوونەوە، ژیانێک بۆ ئەزموونیش تاکە گرێیەکی ناسروشتی تێ نەکەوتبوو... من و جەنگاوەرێک (شێخ شوان) یان دەگۆتێ ڕێمان کەوتە

ڕەشماڵەکانی زارگەلی... ڕەشماڵ لە ژنان ڕەش دەچۆوە، لەوێ ژنی گەلەک جوان و ناسکم دیتن، ناسک ناسک دەتگوت لاسکە ڕێواسن، من هەر سێ چوار پیـــاو بە ساڵداچوو بەر چاو کەوتن، ئەوانی دی بە هاوارەوە ڕۆیشتبوون، خەبەریان بۆ هاتبوو هەندێک کۆچەریی خزمیان لە گەرمیانێ چەند مانگە ئەنفال ڕێی پێ گرتوون و ڕێیان نادا بە کوێستانێ بکەونەوە، پیاوەکان بە هاواری ئەوانەوە ڕۆیشتبوون.. ڕۆژی یەکەم ئێمەیان لە بارەی ئەنفالەوە پرسیارکوت کرد، هەرچیمان دەگۆت تێنەدەگەیشتن.. ژنێک گۆتی:

بە خـودای ئەنگۆش هەر هێندەی مـە لە بـارەی ئەو ئەنفــالەوە دەزانن هەر لەبەر هەندێیە ناتوانن ئەو شتە لە مە بگەیەنن...

باش بوو وازیان لە پرسیاران هێنا، کـە زانییـان ئێـمـە لە بەر شتـەک هەڵاتووین ناوی ئەنفالە و خزمەکانیشیان بە دەست ئەو شتەوە گیرۆدە بوونە، پتر خۆشیان ویستین.... لە بیرم نییە شێخ شوان ئەو تامی ژنی کردبوو یان نا، بەڵام من بەس لە خەوێ قیچەک تامم کردبوو هەر لە خەوێ ژنم بە ڕووتی دیتبوو بەس ڕووتییەکی ناو تەمو مژان.. شەش شەو و ڕۆژ لە ناو ڕەشماڵان دادەنیشتین، دەنوستین هەڵدەستاین دەسووڕاینەوە، بە ژمار بیست و یەک ڕەشماڵ، بۆ مە کراوەو لەسەر پشت بوون، بێ داواکـردن هەرچی هەبوو لە پێـشـیــان دادەنـاین.... ڕەشــمــاڵەکــانی زارگــەلی ئاشنایەتییەکی گەلەک ناسکیان لەگەڵ خودا هەبوو، بەس چەندێ پرسیارم لێ کردن چەندێ گوێم بۆ شل کردن و بە چاوی ناسینەوە ڕۆنیمە هەڵسوکەوتیان، پەیامبەری وانم نەناسـییەوە، ڕێبەری وان دڵی لە ڕەشماڵەکان کراوەتربوو، نە لە ڕێبەری من دەچوو نە لە ڕێبــەری شـێخ شــوان، لە ڕێبــەری کــەس نــەدەچوو، هەر وەکی منداڵان پێدەکەنی، وەکی ژنەکانی زارگەلی لەنجەی دەکرد.. من لە کتێبی هیچ پەیامبەرێ ڕێبەری لەو تەرزەم نەدیتییە، ئەوان ئاینەکیان هەبوو بە خۆشیان هیچیان لە بارەیەوە نەدەزانی..... جـاروبار بە چاو حیـزانە سـەیری ژنە جوانەکـانم دەکرد، ئەوان قـاقـا پێدەکەنین، پێکەنینێ نە (ئا)ی تێدا دەتریقایەوە نە (نا) لە بەینی خۆمـان دەمانگۆت هەبێ نەبێ ئەوانە لە تیـرەی شـێـتــانن، بەڵام هیـچ نیـشــانەیەکی شـێـتی لەواندا نەدەبینرا... شەوی حەفتەم بوو، شێخ شوان گۆتی:





– گرتی! ئەو شەو بە خۆیان بانگمان دەکەن، زۆر جوانیشن.

– قسەی حیز، فشەیان پێ کردوویت.

– دەبینی.. ئەوەی قـەت نەتدیتـووە ئەوشـەو لە بەر ئەو مـانگەشـەوە بـە چاوی خۆت دەیبینی..

– ئاخر کو ڕازیت کردن؟

– هـەقت لەوە نەبێت.. ئەو شـەو دوو ژن دێنە بن ئەو ڕەشـمـاڵە، پیاو بەو ئیشـی خۆت بکە، هیچ پرسیارم لێ مەکە من سەرخەوێ دەشکێنم، تۆش بنوو درەنگ دێن..

لەســەر جـێی بڕواهێنـان و نەهێنـان گـێنگڵم دەدا، ئەو شــەوە لە کنە من شـــەوی خـەوتن نەبوو، سـەیرم دەهـات لە پرخـەپرخی شـێخ شـوان، تو بڵـێی جگە لەو کـوڕە کەسێکی دی هەبێت لە چاوەڕوانییەکی وادا خەوی لێ بکەوێت! ئەوە پتر دەیخستمە گومـانەوە، دەمـویست لە خـەوی بکەم و پێـی بڵـێم بۆچی درۆی وام لەگەڵ دەکەیت! نا ئەو شـێـخـە حـەفت سـاڵ دەبێت پێکەوەین درۆیەکم لێی نەدیتـووە.. لە ڕۆژی درۆشـدا درۆیەکی بـە زاریدا نەهاتـووە، زمـانی بە درۆی سـپـیش نەگـەڕاوە.. بەس یەک درۆی هەبـوو کـە قــەت لێی نەدەبـۆوە ئەویش نـاوەکـەی، ئەو درۆیـەش خـۆی گـوتـەنی وەک لەمپەڕێ وایە، ڕێ نادا بیرۆکەی هیچ درۆیەک بپەڕێتە سـەریەوە... ترسام لەوەی هـەر بۆ تاقـیکردنەوە خـۆی هـاوێشـتـبـێـتـە قـەرەی درۆوەو بۆ بەدبەخـتی لە نـاو هەمـوو شـەوەکانی تەمـەن ئەم شـەوی بۆ ئەو تاقیکردنەوەیە هەڵبـژاردبێ... هەیوەشـەوی ئەو شەوە، نەبووە و نابێتـەوە، ڕوون ڕوون، ڕوونتر لە چاوی کچە کۆچەرییان، ڕوونتر لەو کـانییـانەی بزنـەڕێش بۆی ناچێـتـەوە.. مـانـگ هەرچی تریفـەی خـۆی هـەیـە تاڵ تاڵ دەیبـەخـشـییـە زارگەلی، ئەو شـەوە چراخـانێ بوو هـات و ڕۆیشت، نابینـرێتـەوە، تاڵە قژت لـەسـەر عـەردی دەدیتـەوە... ئەوە جـاری یەکەم بـوو مـانگ هێندە لە زەوی نزیک بێتـەوە، دەتگوت لە ئاسـمـانێ زیز بووە و لە ناو ڕەشـمـاڵان نیشـتـووەتەوە.. بە خـۆم نەوەستام، شێتانە بانگی شێخ شوانم کرد:

– ها چ بووە؟

– هەستە هاتن

– هاتن! باشە

– تەڕەماشە، هاتنی چی!

– بۆ... چ وەختە؟ – تەماشای کاتژمێرەکەی کرد– هێشتا ماویەتی خەمت نەبێ زووە دێن..

– کەنگێ؟!

– گوتم دێن یانی دێن، گفتیان داوە، ئەوانە بشیانکوژی درۆ ناکەن و گاڵتەش بە کەس ناکەن..

شێخ چۆوە خەوێ، لە قسەکانییەوە، دڵۆپ دڵۆپ دڵنیایی ڕژایە گیانمەوە و فێنک بوومەوە، بەڵام جاروبار هێشتا هەستم بە گەرمایی سکلی گومان دەکرد، دیاربوو دلۆپەکانی دڵنیایی بە تەواوی گومانیان نەکوژاندبۆوە.. بە پەنجە لە سەردانان نازانم کات چ کات بوو، هێندە دەزانم شەو درەنگ بوو، ئا درەنگ بوو ئێستگە لە دوای ئێستگە شەوشادیان دەکرد و لە ڕادیۆکەی شێخ شوانەوە دوا گۆرانی کە تایبەت بۆ منی گوت گۆرانی (لە ناو ڕەشماڵی خێڵان) بوو.. ڕەشماڵی چاوەڕوانی بە سەر هەڵدێرا دەیڕوانی، هەڵدێرێ مەگەر لە مندا هەڵدێرێکی وەها هەڵچنرابێ.. ڕەشماڵەکان هێندە لێکدی دوور نەبوون، لە نێوان ڕەشماڵێک بۆ ئەوی دی چەند گابەردێ لە بەر تریفەی مانگدا بێ خەم بێ چاوەڕوانی خەوتبوون.. گوێم لە خشپەی پێ بوو، خشپەی پڕ چێژ بەڵام چێژێکی لێوان لێو لە ترس، سەرڕێژ لە شەرم.. ترسام لە ژن ترسام، لە تامێ ترسام، قەت نەمکردووە، لە بۆنێ ترسام ئاشنایەتیم لەگەڵی نییە.. بە شەرم تەنرام.. شەرم لە دیمەنێ، نایەتەوە بیرم وێنەکەیشم دیتبێت.. دنیایەک کتێبم لە بارەی گیان و جەستەی ژن خوێندۆتەوە، بەڵام پێناچێ هیچیان دەروەستی ئەو ترس و شەرمەی من بێن.. نا کتێبەکان خیانەتیان لێم کرد، لەو هەموو کتێبە دێڕێکم بیر ناکەوێتەوە فریام کەوێ.. کتێبەکان درۆیان لەگەڵم کرد، بە قەد دەستگوشینێ ژنی پێ ئاشنا نەکردم، کتێبەکان لە من ترسنۆکترن نەهاتن ترسی ژنم لێ بڕەوێننەوە، کتێبەکان وەکو من پتریش شەرمنن، جگە لە شەرم شەرمکردن لە ژن چیدییان فێر نەکردم... ئەوەتا لە ناو ڕووناکیی مانگدا سەری خۆم داخستووە و دەلەرزم، لە هاتنی ژن دەلەرزم...خشپەی پێ پێ بەپێ نزیکتر دەهاتە





گوێ، ئا هەون، ژن بە سەر لمیشدا پێ باوێ دەنگی پێی دەناسمەوە، دەیانناسمەوە لە بارەی زۆر شتی ژنەوە شت دەزانم، سەردەمانێ برادەرانی منداڵیم بە ژنناس ناویان دەهێنام.. بەڵام لە بارەی جەستەی ژنەوە کۆڵەوارم و هەڕەی لە بڕەی دەرناکەم.. تا ئێستا بۆ گاڵتەش لێوم بە لێوی ژن نەکەوتووە.. ماچ! درۆی ناکەم دێتە بیرم گچکە بووم زۆر گچکە، کچێکی خزممان گۆتی دەزانی ماچم بکەیت؟ پوختە ماچم کرد، لە بەدبەختیمان براکەی دیتی، هەڵاتم.. کەوتە دووم.. نەگیرام..لە بیرمە لە هەڵاتنێ تامی ماچەکم لێ بەربۆوە، ئێستاو ئێستا نەمدیتەوە.. مەمک! نا نا هەر هێندەی لێ دەزانم لەسەر سینگی ژنان و لە بن کراسێ دوو شتی خڕی بڵند هەن ناویان مەمکە، قەت و قەت نە بە ڕووتی نە بەکراسەوە دەستم پێیان نەکەوتووە و هەمیشە خۆزگەم بەو گۆرانییە خواستییە کە دەڵێ «پەنجەم سەرگەرمی لیمۆ گوشینە».. ناو گەڵی ژن لە کنە من داخراوترین دوورگەیە لە خەونیشدا بە تەواوی ڕێم پێی نەکەوتووە، تەلیسمێکە لە تەمەنی باخۆشییەوە شەو و ڕۆژ بیری لێ دەکەمەوە، هیچ کتێبێک ئەو تەلیسمەی بۆ نەشکاندووم.. من لە بێ شەرمیی ئەو پیاوانە تک تک ئارەقە دەکەم کە زاخ دەکەن خۆ باوێنە ناو گەڵی ژنەوە.. گەیشتنە بن ڕەشماڵەکە.. ناوێرم سەر بەرز بکەمەوە.. لەسەر ئەوەم دوعا بخوێنم، دوعای لە ژن دوورکەوتنەوە....

– هات کوڕینە هات...

سەردەستەی مراوی بە دەنگێ هاواری کرد بەردیشی بە ئاگا دێنا، هەموومان هەستاینەوەو بە ئاراستەی دەستی درێژکراوەی سەردەستەی مراویدا چاومان هەڵخست.. دیتمان ڕەشاییەک کە هەر هێندەی گلۆڵە مووەک دیارە بەرەو لامان دێ ناوە ناوە لە بەفردا بزر دەبێت و دیار دەکەوێتەوە.. بە دووربین ڕۆنیمانێ.. یەک گۆتی بزنە.. نا هێسترە.. ئەمن دەڵێم گورگە، وەڵڵا بەشەرە.. پاش کەمێک لە هەموو چاوەکاندا بووە بەشەر.. ژنە.. نا پیاوە... من یەکسەر گۆتم ژنە

– کوو دەزانی؟

– ڕۆیشتنی ژن دەناسمەوە.

– قسەیتی ژنەو ئەگەر ئەمن سەردەستەی مراوی بم، دەشیناسمەوە.

– هێشتا دیار نییە ژنە یان پیاو بەچی دەیناسییەوە!

– ئەمن دەڵێم ئایشەگوڵە.. ئەگەر هەو نەبوو ئەو گوێیەی خۆم دەبڕم، هەوە کاکە، کۆڵەکی گەلەک گەورەشی بە پشتێوەیە.. وامن دەچم لێی وەردەگرم..

سەردەستەی مراوی غاری داو لە ناو بەفرێ تۆزی دەکرد... ئەمن و فاتیمەش بەرەو پیری رۆیشتین... هەو بوو ئایشەگوڵ بوو... یەک یەک بە ناوەوە هەموومانی ناسییەوە.. دوو بەرانپیلی پڕاو پڕ نانی پێبوو، ئایشەگوڵ شەکرو چای هێنا، ئایشەگوڵ خوێ و سەلکە پیازی هێنا، ئایشەگوڵ قەسپ و پەنیری هێنا، کاکڵە گوێزی هێنا، تاخم تراش و نینۆکبڕو نەینۆک و مووکێشی هێنا.. ئایشەگوڵ ژنێکی بە تەمەنە بەڵام روومەتە سوور و سپییەکانی لە کاتی لاویدا چۆن بوون هەر ئاوا ماونەتەوە و جێ پەنجەی تەمەنیان وێ نەکەوتووە.. ئایشەگوڵ لە ئێمە شپرزەتر، دەتگوت درەختە زریان هەڵی گرتووە، ئێمە لە ئایشەگوڵ تاساوتر هیچ تاساوێک نەبوو لە مە تاساوتر.. بەڵام لە هونەری بە سەرخۆنەهێنان و جێکردنەوەی شپرزەیی لە شاراوەییدا، ئایشەگوڵ گرەوی لە هەموو کەسێک بردبۆوە.. بە دیار بەفرو ئاگرەوە، بابۆڵەی پڕ قەسپمان لوول دەدا.. ئایشەگوڵیش دەتگوت میلی کاتژمێرە بە دەورماندا دەسووڕایەوە و بە دەنگی دایکانە:

«دەی بخۆن کوڕەکانم نان بخۆن، بخۆ کچە تاقانەکەم بخۆ»..

لە تاساویدا تێر نان و قەسپ بووین.. هەر بە تاساوی سەرو بنە مەتارەیەک چاشمان لەسەر کرد، ئایشەگوڵ هەر دەسووڕایەوە، جگەرەی دووەمیشم داگیرساند، ئایشەگوڵ هەر دەسووڕایەوە...

– بەس پێمان بڵێ چۆن گەیشتییە ئێرە! چۆن زانیت ئێمە لێرەین؟

ئەوە جاری یەکەمە پیاوە داغستانییەکە ببینم، بەو تامەزرۆییەوە پرسیار بکاو بۆ رژانی چۆرە وەڵامێ گیانی خۆی والا بکات.. کەچی دەبینم ئایشەگوڵ لە سووڕانەوە کەوت، کەوتنێ پشت لە ئێمەو روو لە چۆلەوانی، ئەوە جاری یەکەمیشە لە تەمەنی پڕ لە میهرەبانیی ئایشەگوڵدا پشت لە کوڕەکانی بکا و بە دەنگێ کە کەمێ بە لای تووڕەییدا دەشکێتەوە





– کەس پرسیارم لێ نەکات، وەڵامی کەس کەس نادەمەوە، کوڕە جوانەکانم ئیدی پرسیارم لێ مەکەن..

بە تاساوی سەیری یەکترمان کرد و لە چاوی هەر یەکەمان درەختێ لە پرسیار روا... من هەر هێندەم پێ کرا بە هەر دە پەنجە چاوەکان هەڵپشێوم، دەمویست بزانم ئەوە خەوە، زیندە خەوە!.... هاتنی ئایشەگوڵ لە پەڕجوو دەچوو، بە دوو بەرانپیلی گەورەی پڕ خواردنەوە چی گەیاندییە ئێرە! گریمان بە هەر فێڵێک بوو خۆی لە چاوی ئەنفال شاردەوە، ئەدی چۆن لە زریانی قەندیل دەرچوو! رەنگە ئەوەش بۆ ئایشەگوڵ ئەستەم نەبێت، ئەدی کوو رێی بە رێی ئێمە کەوتەوە! دەزانم ئایشەگوڵ شوونهەڵگرترین ژنی دنیاییە، بەڵام ئەو رێیەی بنی لە لای ئێمەیەو سەری لە لای ئەو بوو، لە نێوانماندا بەفر حەفتا جار گۆڕیتی و نوێی کردۆتەوە، نە خواوەند نە شەیتان شوێنپێی مە نابیننەوە...

– دایە گیان چ بووە بۆ پرسیار نەکەین؟!

– ئەوەش هەر پرسیارە... لۆوەی رەزاتان لە کنە من گران نەبێت پرسیاری هیچم لێ مەکەن، بەلاشە بە گۆڕی هەردوو کوڕەکەم وەڵامی چ پرسیارەک نادەمەوە، ئەو دوو کوڕە جوانەمەرگەم لە گۆڕێ هەستنەوەو پرسیارم لێ بکەن، هەر پرسیارەک، وەڵامیان نادەمەوە، ئەنگۆش کوڕی منن، ئەو کچە چاو رەشەش تاقانە کچی منە، بە خۆتان دەزانن هەموو پێشمەرگەک کوڕ و کچی منن.. نا پرسیار مەکەن وەڵام نادەمەوە..

– کوڕەکەی دیکەشت؟!

– گۆتم پرسیار مەکەن – دەستی بە گریان کرد– بەسە پرسیار بەسە

فاتیمە چوو دەستی لە ملی کرد و فرمێسکەکانی بۆ دەسڕییەوە.. هەموومان دەورمان دا، لە ئاگرەکەمان نزیک کردەوە، بە بێ دەنگی تێی راماین، لەگەڵ وی هۆن هۆن فرمێسکمان رشت، نەماندەزانی بۆچی دەگرین..

– بەس مەگریێ، شەرت بێت هیچ پرسیارەکت لێ نەکەین.

فرمێسکی گەشی سەر گۆنا ئاڵەکانی ئایشەگوڵ، دڵۆپ دڵۆپ دڵۆپی گومان بوون

دەرژانە گیانی منەوە، گومان لە خودی ئایشەگوڵ... ئەو ئایشەگوڵەی من دەمناسی، نابێت ئەو ئایشەگوڵە بێت، بەو دەچێت و بڕوام نییە هەو بێت.. من ئایشەگوڵێکم دەناسی، لەو دنیایە کەس کەس نە ژن نە پیاو هێندەی وی سەرڕێژ نەبوون لە ئارامی، نا ئایشەگوڵەکەی من نییە، ئەگەر هەوە، سەوزایی ئەو هەموو ئارامییە، بە چ بایەکی ناوەختە هەڵوەری! چ پێیەک ئەو هەموو گەڵا سەوزەی کردە پێخوست! ئەو ئایشەگوڵەی من دەیناسم قەت پشتی لە کوڕەکانی نەکردووە، نەمدیتووە و نەمبیستووە لە پرسیاری کوڕەکانی تووڕە بێ و وەڵامیان نەداتەوە.. ئەوە کەی ئەو ئایشەگوڵەیە کە بە مەنجەڵێ یاپراخی کۆییانەوە بە پێی با بە باواجیدا هەڵدەگەڕا و بە دیوی پێشمەرگەدا بە پێی ئاو شۆڕ دەبۆوە، بە پێکەنینی فریشتەیی یاپراخی قڵپی سەر سینییەک دەکردەوە و ئێمەش وەک هەتیوەکان دەرژاینە سەر سینییەوە، لە ئێمەوە خواردن و لەویشەوە گێڕانەوەی قسەی خۆش.. لە بیرمە تامی یاپراخ و تامی قسەکانی لە خۆشیدا پێشبڕکێیان دەکرد... من زووتر ئایشەگوڵێکم دەناسی، ئایشەگوڵێکم ناسیبوو، هەمیشە بەرکی کەواکەی پڕ پڕ بوو لە پارچە کاغەزی پێچراو، پارچە کاغەزەکان لە تلیاک پتر سەرمەستییان دەپژاند.. ئایشەگوڵ بە بەرکی پڕ مەستییەوە، شاخەو شاخ، شاخەو شار، شارەو شاخ، شارەو شار، دەهات و دەچوو.. لە هاتندا ئارام لە چووندا ئارامتر، کەس نەیدیتووە و نەیبیستووە جارێ لە جاران لە بازگەیەکی ئەنفالیشدا، تۆزە شپرزەییەک بنیشێتە سیمایەوە... ئەو ژنە باڵا بەرزە سوور و سپییە چاو خومارە بە تەمەنەی وا بە دیار بەفرو ئاگرەوە ڕیز ڕیز فرمێسکان دەبارێنێ، فرمێسکێ گڕ لە بەفر بەردەدا و ئاگر لە گڕ دەخات، تەنێ لە سیمادا ئایشەگوڵەکەی ئەو دەمانێیە... ئایشەگوڵی ئەودەمانێ هەوری ناوادەی هیچ کۆستێ چاوە گەشەکانی تەڕ نەدەکرد، ڕەشەبای هیچ وەیشوومەیەک قوڵپێکی گریانی پێ نەداوە، من گوێم لێ بوو کاتێ هەواڵی مەرگی کوڕە گچکەلانەکەیان دایێ، دیتم ئەو دەمانەی گۆڕێکی لاتەریکیان نیشان دا و پێیان گۆت ئەوەتە (بەشدار)ی کوڕت، ئەو ساتانە تیچاوێکم لە ئایشەگوڵ بوو، نە گوێم لە دەنگی گریانی بوو نە لەسەر گۆناکانی ڕیزە فرمێسکم دیت، لەوێ ئەوەی گوێم لێ بوو، سەردوولکەیێ بوو لەسەر ڕیتمی گۆرانیی جەنگاوەر، دەرەنگتر بووە گۆرانی:





هەر کەسانەکی کوڕە گچکەلانەکەی من نەدیتییە و ناناسی  
ئەوەتانێ کلاشینکۆفەکی لە شانییە  
لەسەر شانی فیشەکەک دیارەو  
حەفت مەخزەنی پڕیشی بەستییە..  
ئەوەتانێ کوڕە گچکەلانەکەی من سواری پشتی هەور بووەو  
جڵەوی ڕەشەباو زریانی لە دەستییە  
وەیلێ وەیلێ.. کوڕی دایەی وەیلێ  
هەر کەسانەکی کوڕی من ناناستەوە  
ئەوەتانێ لە بن هەر بەردەکی لە تەنیشت هەر گوڵەکی  
دانیشتییە، ڕاوەستایە.. لە دوورەوە دیارە  
لە ناو زستانی کەسک دەچێتەوە، کوڕی من بەهارە  
بناسنەوە کوڕی من بناسنەوە  
لە ناو هەموو شەڕەکی گەورە کوڕی من بەشدارە  
گەلی خەڵکینە ئەنگۆ بزانن خەمێ من لەوەی نییە  
کوڕە گچکەلانەکەم لە ناو ئەو گۆڕە نوستییە و  
چیدی بە دەنگی ناسکی بانگم ناکا دایە  
ئەمن حەیفم لەوەی دێ  
گوللەی دیلەکی گەلەک نامەرد لە دڵی کوڕی من دایە  
(گۆرانیی جەنگاوەر)

***

چەندی سەر دێنم و سەر دەبەم، ئایشەگوڵی دەرەوەی ئاقاری قەندیل و ئەو ئایشەگوڵە قەندیلییە لە ژنێکدا تێک ناکەنەوە، دوو ژنی تەواو پێکدی نائاشنا، دوو ئایشەن ڕەنگە قەت نە لە کۆلانێ نە لە زیندانێ بە تەنیشت یەکەوە دانەنیشتبن و هەرگیز دڵی خۆیان بۆ یەکدی نەکردبێتەوە.. دوو گوڵن هەر یەکەیان لە وەرزێکدا پشکووتنە، لە بۆندا خزمی یەکدی نابنەوە.... ئایشەگوڵ گریانێ دەگریێ، قەندیل لە

هەموو قەندیلایەتی خۆی لە گریانی وا بە کوڵ نەبووە..بڕواننە فرمێسکە بارانییەکانی ئایشەگوڵ، بە سەر بەفردا جۆگەلەیان بەستووە، دەڵێی فرمێسکی ژنانی دنیا لە چاوی ئایشەگوڵەوە دەڕژێ.. ئەو ئایشەگوڵەی من دەمناسی، تەنها لەو ساتانەی پێکەنین دەیگرت و بەری نەدەدا، جاروبار کەمێک تەڕایی دەکەوتە چاوەکانییەوە، ئایشەگوڵی قەندیل تەڕ تەڕ، تەڕایی چاوەکانی هەموومانی تەڕکرد، قەندیلی لە تەڕایی چاوەکانی هەڵکێشا، تەڕاییەک بە هیچ ئاگرێ وشک نابێتەوە... من دەمێک بوو دڵم پڕ گریان بوو، دەمێک بوو لێواو لێو بووم لە فرمێسک، بە دوای پەنجەی بەهانەیەکدا دەگەڕام بێ و بمشکێنێ، بێ و جۆگەیەکی بەردانم لێ بکاتەوە، ئایشەگوڵی هەمیشە فریادرەس، گەیشتێ و وەک بەفری سەر ئاگر تواندمییەوەو بە کردنەوەی جۆگەی ڕژان، چاوەکانمی لە شەرم و بێ بەهانەیی ئازاد کرد.. هەرچی فرمێسکی تەمەن هەیە بێ پسانەوە چۆڕاوگەیان بەستووە و بوار بە پەڕینەوەی هەنجەتێ نادەن، ئەو ڕۆندکانەی دەبوو زووتر برژێن، دەبوو لەو جێگایانە برژێن کە تینووی تەڕایی بوون، تەڕایی ڕۆندک، دەبوو بە پساوەیی بڕژێن، دەبوو بەسەر بەردا بڕژێن، بەسەر گوڵدا بڕژێن، بە سەر ئاو و ئاگر و خۆڵ و بادا بڕژێن، دەبوو لە بەر باران و بن ڕەشماڵ و بە دیار گۆڕو شاییەوە بڕژێن، دەبوایە چاوی من لە هەموو ئەو ساتانە فرمێسکی برژاندایە کە زادەی فرمێسک بوون... ئێستا ڕۆژی تۆڵەکردنەوەیە، تۆڵەکردنەوە لە هەموو ئەو ساتانەی بێ ئەوەی دڵۆپێ فرمێسکیان بەربکەوێ و بێ ئەوەی باڵیان لە تەڕاییەکی چاو بخشێ، بە سانایی تێپەڕین و لە دەست چوون، ئێستا ساتەوەختی تۆڵەکردنەوەیە لە تەمەنێ کە بە وشکی و دوور لە تەڕایی چاو تەمەنی کردو بە هەدەر چوو.. بە هەدەر چوونە تەمەنی بێ فرمێسک، ئەوە لە قەندیلەوە فێر بووم، لە ئایشەگوڵی قەندیلییەوە فێر بووم... چ چێژێکی خوداییە چێژی گریان، گریانێ نەزانی لە کوێوە دێ، گریانێ نەزانی لە چ واتایەکەوە دەڕژێ و دەڕژێتە چ واتایەکەوە.. من نەهۆ ژیان لە تەڕایی چاوەوە تام دەکەم، تامێ هیچ کەس تامی وای نەکردووە.. چ حاڵگرتنێکە حاڵی گریان، زەردەشتیش بە دەوری ئاگرا ئەو حاڵەی نەگرتووە، ئایشەگوڵ لە گریاندا شێخی تەریقەتێکە، بە ڕێگەی هیچ ئاینێ ناگاتەوە، بڕواننە موریدانی گریان، چ حەڵقە بەستنێکە بە دەوری ئایشەگوڵی





شێخ، جەنگاوەران لە چ زیکرێکی فرمێسکدان.. ئەوەتا بەفر لە واتادا سپی بۆوە، سپێتییەک بۆ خاتری هەوریش لە سپێتیی بەفر ناکاتەوە، ئەوەتا ئاگر لە واتادا زەرد زەرد هەڵگەڕا، زەردییەک بۆ دڵنەشکاندنی زەردەشتیش، خزمی ئاگر نابێتەوە.. واتا کلۆ کلۆ لە گریاندا دەتوێتەوە، واتا بڵێسە بڵێسە لە گریاندا دەکوژێتەوە... ئەی خوداوەندی فرمێسک، ماندووێتی لە هێزی گریان بسێنەوە، تا لە توانادا هەیە هێزی گریان، پترو پتر هێزی گریان، ئەو تەمەنە وشکە بیابانێکە گیانی بۆ دەریایەک فرمێسک کردۆتەوە.. خوداوەندی هەمیشە تەڕ، لە بەر خاتری ئایشەگوڵ ژنانە ڕەفتار بکەو لە فرمێسک وشکمان مەکەوە با هەر تەڕ بین....

– من دەبێت بڕۆم.. بە جێتان دێڵم.. کەسیش پرسیار نەکات بۆ..

ئایشەگوڵ بە چاو سڕینەوە، وشە ڕۆیشتنییەکانی لە لێو بەردەبۆوە.. ئەو وشانە نەبان بەری فرمێسک بە کەس نەدەگیرا و چاوەکان تا ڕۆژی حەشر فرمێسکیان دەڕژاند.. چاوەکان یەک لە دوای یەک لە ڕیزی وشکبوونەوە وەستان... وا بزانم چاوەکانی من دوا چاو بوون، دەسبەرداری دوا دڵۆپی تەڕایی بن.. چاوەکان سوور سوور هەڵگەڕابوون لە ڕوومەتەکانی ئایشەگوڵیش سوورتر، لە سووراییی چاوەکانەوە تەنیا و تەنیا پرسیار دەبینرا، پرسیاری ترسناک، ترسناکتر لە ترسناکیی قەندیل.. بەڵام ئایشەگوڵ ئامادە نەبوو سەیری چاوەکان بکات

– ئا من دەڕۆم، کچە جوانەکەم من دەڕۆم، کوڕەکانم من دەڕۆم.. خەمتان نەبێت نایەڵم برسی بن، بە ڕێی ئاگریشدا بێت، دێم و نانتان دەگەیەنمێ.. بەس ئێوە قەندیل چۆڵ نەکەن، بە جێی مەهێڵن و خیانەتی لێ مەکەن، ئەنگۆ بە قەندیلەوە پیاون، بە قەندیلەوە جوانن، بە قەندیلەوە کوڕو کچی منن.. بە جێی بێڵن حاشاتان لێ دەکەم وەک چۆن حاشام لە وانی دی کرد.. ئەنگۆ بە خۆشتان دەزانن، هیچ ڕێگەیەکی دەرچوون نەمایە، لە هەر ڕێگایەکی دەربچن وەکی خۆتان نامێننەوە، دەبنە شتەکی دی، پێشمەرگە بە قەندیلەوە پێشمەرگەیە، پیرۆزە، پێ لە ئاقاری قەندیل ببەنە دەرێ، ئەو ناوەتان نامێنێ، لە پیرۆزی دەشۆرێن، ئا بە دەستی خۆم لەو ناوەی ڕووتتان دەکەمەوە، بە دەستی خۆم بە چڵکاو دەتانشۆم و ناهێڵم پشکەک پیرۆزی لە گیانتان بمێنێ..

– نامـانەوێ لێرە بمێنینەوە، بێـزار بووین دەمـرین، دایکە جـوانەکـەمـان، ڕێی دەرچوونمان نیشـان بدە.. پێویستـمـان بە تۆیە.. دە پێمـان بڵێ ئەتو کو گەیشـتییـە ئێرە، کو دەڕۆیتەوە، دەچییەوە کوێ؟ پرسیارمان زۆرە گوڵەکەی هەموومان، بەزەییت پێماندا بێتەوە..

– پرسـیـار مەکە کوڕە باڵا بەرزە چاو و برۆ ڕەشـەکەم، لە پرسیـاران بێزار بووم.. وەڵامی کــەس کــەس نادەمـــەوە.. ئەمن دەڕۆم، ئـەنگۆ دەبێت لێـرە بن، بە پیـرۆزی بمێننەوە... دنیا هەمـووی بووە جـاش، کوڕەکانم ئەنگۆ مەبنە جاش.. دنیا هەمـووی بووە بازرگان، ئەنگۆ مەبنێ، بۆخواتان پێ دەڵێم لێرە بمێننەوە، ئەنگۆ ناسراون وەکو من نینە، وەکـو ئەوانـی دی نینە، ئـەنگۆ هـەر هێندە نـین، زۆرن قـەندیل ورد بگەڕێن، بیـانبیننەوە، ئەمن وەختم نییە دەنا دەیانبینمەوە... درەنگمە دەبێت زوو بیانگەمێ و پێیان بڵێم قەندیل چۆڵەوانی نییە، ئاوەدانە وەک جاران ئاوەدانە، پێیـان دەڵێم کچ و کـوڕەکـانم سـەنگەریـان گـرتووە و چۆلی نـاکـەن، قـەت قـەت چۆلی ناکـەن.. کـە ئەو خەبەرەم دانێ، ئەو خـەڵکە خەنی دەبن، لە خـۆشییا شایی دەکەن... بە جاشـەکانیش دەڵێم کوڕو کچـەکانم بەفرن و بە قـەندیلەوە، وەرزەکـان دێن و دەڕۆن، ئەوان هـەر بە قەندیلەوەن و لێی نابنەوە، ئا بە جاشـە ڕووڕەشـەکان دەڵێم ئەنگۆ بە ڕووڕەشی دێن و دەڕۆن، کوڕەکانم کچـەکانم بە ڕووسـپێتی لـە بەرزایی قـەندیل دەمێننەوە و تا دنیـا دنیـایە ناتوێنەوە... دەبێت زوو بـڕۆم نامـەیەکی کـراوە بۆئەنفـال دەنووسم، بە دارو دیوارا هەڵیـدەواسم، پێی دەڵێم بـە ئەنفـال دەڵێم قـەندیلییـەکـان بـەردەوام دەبن لە شـەڕی تۆ، هـەتا نەتتۆپێنن، دەست لە شەڕ هەڵناگرن.. ڕاستەو ڕاست دەڵێمە ئەنفالی ئەتو قـەت و قەت دەستت ناگاتە کچ و کوڕە قەندیلییەکان، ئەتو ئەگەر خـۆت بکەیتە (با)ش کچ و کـوڕەکانی من نابینییـەوە... لێم گەڕێن پرسـیـار مەکەن هەندێک قسـەی دیم ماوە بیکەم، هەر پرسیارەکی بکەن، هیچ قسەی دی ناکەم دەڕۆم.... ئەنگۆ ئەگەر بێنەوە..

– ئێمە نایەینەوە نا بەڵام شوێنەکی دیمان نیشـان بدە..

– ئەمن خوا حافیز.. لە قسەی من دەردەچن

– باشە باش هیچ قسەی دی ناکەین، قسـەکانت تەواو بکە





– باش بوو لـە بیـرم نـەچوو، ئەها لـەو چاڵاییـیـە، کـۆلکەدار زۆرن، سـاڵێک بەشی سـاڵێک ئاگرکـردنـەوە، کـۆڵکە دارمـان لە بنی دنیـایێ هێناو لێرە لە بن عـەردیمان شاردەوە، بگەڕێن دەیبیننەوە... بێجگە لە دار شـتی دیکەشی لێیە بەس لە بیرم نییە چ بوون، نـازانم تێکچـوونە یـان نـا...... بە سـەری هـەمـووتان ئەوە دوا جـارە هـەر پرسـیـارەکی دیم لێ بکەن، یان قـسـەم پێ ببـڕن، دەڕۆم و گـوێتـان لە دەنگی من نابێتـەوە... ئەنگۆ لێرە بن و مـێنەوە، ئەگەر بێنەوە، دەبێت وەکی حـیـزان لە مـاڵێ دانیـشـن، یان ببنە جاش، بێنـەوە، خـوێڕیـتـان دەکـەن، دەبێت لە ڕێی قـاحـپـەخـانـەی مـوسڵێ تـەمـەن ببـەنە سـەر، ئەتووش کـچە قـارەمـانەکەم، دەتبـەنە قـاحـپـەخـانەی بەغدایێ، لەوێ پرچی سپی دەهۆنییەوە... ئـەمن دەبێت بڕۆم، درەنگمە، ئێستـا لەوێ باران دەبارێ، کوڕەکانم تەڕ دەبن دەبێت گۆڕەکانیـان بپـەستـمەوە، بن ئاو دەکەون، دەبێت لە دەوری گـۆڕەکانیـان، جۆگـەلەی ئاو هـەڵبـەستم.. قـەت لۆیان نـەگریامە، تامی فرمێسکی دایکیان نەکردووە، دەبێت لە وەرزی نەبارینا، بەسەر گۆڕەکـانیان ببارێم.. ئەنگۆش کـوڕو کـچی مـن لە بەر ئێـوەش دەچمـەوە، دەبێت بڕۆم و تەشـتـەک نـانی گەورەتان بۆ بکەم، یاپراخـتـان بۆ بپێـچمـەوە، گوێزتان بۆ بشکێنم، خـورمـاو قەسـپی بەسـراتان بۆ پەیدا بکەم، دەبێت بڕۆم گوێزتان بۆ بشکێنـم و لە ناو تـوورەگەی بکەم، ئەو جارە خواردنی گەلەک خـۆشـتـان بۆ دێنم، بەس جارێ پێتان ناڵێم چییە... ئا لە بیر ناکـەم سـەرو دەسـتـە جلکی جوان جـوانتـان بۆ دێنم، پێڵاوی بە دڵی خـۆتان بۆ دێنم... دەبێت بڕۆم زۆر درەنگـە، لـەیلـە زانـا لە زینـدانێ چاوەڕێم دەکــات، دەبێت هـەندێک شـتـی لـۆ ببـەم، درەنگمـە زۆر درەنگمـە، برینەکـەی قـاسـملو زۆر تەشـەنەی کـردووە، هـەتا زووە دەبێت هـەنـدێک داو و دەرمـانـی لۆ پەیدا بکەم.. چـەندی زوو بڕۆم درەنگە پیـرەمـێـردەکـەی کونە کـۆتر چاوەڕێمـە، ئەنگۆ نازانن چـەند مـاندییـە چەند تێنیـیـە، بە بـەرانپـیلیش بێت دەبێت هـەندێک ئـاوی بگەیێنمێ... دەی ئەمن گــەلەکم درەنگە، بـا یەک یەکـەتان مـاچ بکەم، بەڵام خـەمـتـان نەبێ زوو دەگـەڕێمـەوە.... ئۆی وەخت بوو لە بیرم بچێتـەوە، بە خـۆشـتـان دەزانن هـەمـوو ڕێگاکانی قـەندیل گیـرانە، هیچ ڕێیـەکی لێ نابێتـەوە، هیچ ڕێیەکیش تێی ناکاتەوە، هەیەو نییـە سێ ڕێ هـەیە، یەکـیـان دەچێتــەوە بەغـدایێ لـەوێشـەوە دەگـاتـەوە شـامێ، دووەم ڕاست و ڕاست لە

تارانێ دەکاتەوە، ڕێیەکەی دیکەش بەرەو لای تورانێ دەکشێ.. ئا بە مەستوورەی بڵێن، نەکا خۆی لە هیچ لەو ڕێگایانە بدا، برایەکانی بە نۆبە لۆی لە بۆسە دان، هەر بیبینن دەیکوژن، نەڵێ نامناسنەوە باشی دەناسنەوە، بە خودای ئەنگۆش دەناسنەوە، ئەنگۆش دەکوژن، ئەوجا نەکەن خۆتان لەو ڕێیانە بدەن، هەتا هەتایێ هەر لە قەندیل بمێننەوە... چیدی قسە ناکەم زۆر درەنگە.. چتان پێویستە شەرمێ مەکەن بیڵێن زوو لۆتان دێنم.. دەرۆم درەنگە.. کەرە جوانەکەم لەوێ لە پەنای سێ بەردان شاردیتەوە، دەبێت بیگەمێ نەوەک ئەنفال بیبات، ئەنگۆ نازانن ئەنفال کەریش دەدزێ، پێم گۆتییە خۆی ئاشکرا نەکات، پێمگۆت هەرچیت دیت و بیست نەکەی بزەڕی دەنا ئەنفال بە ڕێی زەڕینا دەتگاتێ و دەتبات، پێمگۆتییە ئەگەر مێشیش پێوەی دای پێ لە عەردی نەکوتی، کلکان زۆر ڕانەوەشێنی، ئەنفال چاوی تیژە، گوێی سووکە، لە دوورەوە دەنگی پێی کەر دەناسێتەوە، لە دوورەوە کلکی کەرێ دەناستەوە، ئا دەبێت بگەمە کەرە جوانەکەم ئەو کەرەی ئەمن و ئەنگۆش قەرداری ئەون ئەگەر ئەو نەبا ئەمن لەو دوورەوە بە دوو بەرانپیل نانەوە کو دەگەیشتمە ئاقاری قەندیلی! دەبێت بیگەمێ و زۆر سوپاسی بکەم.. کوڕەکانم ئەنگۆ یەک هەڵەتان کرد قەت نەدەبوو بیکەن، من چاوەڕێی هەڵەی ئەوها نەبووم لە کوڕەکانم، هەڵەتان کرد ئەو هەموو هێسترە ناسک و نازدارانەتان کو تەسلیم بە ئەنفال کرد! ئەنگۆ بە هێسترەوە پیاون، لە دنیایێ بەس هێستر چاکەی بە سەرتانەوە هەیە، ئەمن دایکتانم بەڵام هیچ چاکەیەکم بە سەرتانەوە نییە، کوو دڵتان هات، بیاندەنە دەستی ئەنفال! ئەو هێسترانە دەزانن چەند پیرۆزن، بە خودای سمەکی هێستری سەری بابی بابی دوژمنان دێنێ...

ئایشەگوڵ شێتانە پەلاماری داین و یەکە یەکەمانی ماچ دەکرد، بە چاو بە یەکترمان دەگوت دەبێت بە ڕاستی بێت و بڕوات، بە یەکترمان دەگوت، بە ڕاستی ئایشەگوڵ دەستی لێ وەشاوە و تێکچووە، بە چاو بە یەکترمان دەگوت، دەبێت ئەوە ئایشەگوڵ بێت! یان شتێکی دی...

– ئێ خوا حافیز

خواحافیزییەکەی ئایشەگوڵ پۆلاشی هێنایە قسە:

– نا مەڕۆ قسەمان زۆرە، پرسیارمان زۆرە، پێمان بڵێ بۆچی ڕادیۆ قسە ناکات!





ڕێی جاسووسان و دۆڵە کۆگە لە کوێیە! دنیا چ باسە؟...

لەسەر ڕۆیشتن ئایشەگوڵ بە دەنگێ کە هەر لە قورگی ئایشەگوڵەوە دەنگی وا بیسترا، گۆرانییەکی چڕی و یەکسەر بووە کۆپلەیەک لە گۆرانیی جەنگاوەر:

چاوم پڕ پڕە لە خەو
باوەشێ نییە لە خەوم بگرێ
تەمەنێکە بە دیار منداڵەوە
بە دەم لایلایەوە
نەمخەواندوون و نەخەوتووم
درەنگمە ڕۆژ لە ئاوابوونە
درەنگمە کات لە بەسەر چوونە
ئەمشەو لە نێوان دوو گۆڕدا
لە نێوان گۆڕی پڕ نووردا
دەبێ وەک کوڕەکانم ڕابکشێم
تا هێندەی خەونی کوڕی گەورەم
بە قەت بەژنی کوڕی گچکەم
ساڵ ساڵ خەون نەچنمەوە
بڕیارێکەو نابێ بە ئاگا بێم

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***

خواحافیزی کرد و بە هەڵاتن هەڵات، هەڵاتنێ بە منداڵیش هەڵاتنی وای نەکردووە.. هەموومان کەوتینە دوای، دیتمان دەمانچەی دەرهێنا، تا ئەوساتە نەمانزانیبوو دەمانچەی پێیە

– بێنە پێش دەتانکوژم، بە قسەم بکەن بگەڕێنەوە، با کوڕەکانی خۆم بە دەستی خۆم نەکوژم...

هەڵوەستەکمان کرد، ترساین، قسەکەی هەڕەشەی تەواو بوو، چ گاڵتەمان تێیدا

نەدیتەوە، کەچی هەر چووینە پێش... تەپە هات، تەپە بوو زرمە بوو، هات.. گوللە ڕێکاو ڕێک بۆ برادەرەکەی گیڤارا هات.. هەموومان غارمان دایێ.

– چ نییە.. پێم نەکەوت

تەماشا دەکەین، نازانم بە هەڵە بوو یان ڕاستی، گوللە بە ناو لاقیدا ڕۆیشتووە و شەرواڵی کوناودەر کردووە.. ئیدی نەوێراین چیدی بە دووی ئایشەگوڵی گوللەهاوێژ بکەوین.. ڕۆیشتنی ئایشەگوڵ سەرەتای هاتنی زریانێ بوو، زریانێ ئاشنا بە ڕێبوارانی قەندیل و نائاشنا بە هەموو دنیا... ئایشەگوڵ تەواوێ دوور کەوتبۆوە، لە قسە نەدەکەوت:

– بۆ خواتان پێ دەڵێم، کچ و کوڕە ئەزیزەکانم، بێنە دووم، ئەوجارە بە قەسدی کوشتن تەقەی دەکەم.. دەی هەتا گوێم لە دەنگتانە، هەر شتەکتان دەوێ، داوا بکەن، بە سەر چاوان لۆتان دەینم.

من پڕ بە دەنگ هاوارم کرد:

بەس شمشاڵێکم بۆ بێنە، چیدیم ناوێ..

فاتیمە بە دەنگە فاتیمەییەکەیەوە:

هەواڵ، هەواڵی دایکم.....

برادەرەکەی گیڤارا بە دەست ڕاشەقاندنەوە:

ڕاوەستە قسەکی نهێنیم پێیە، هی گیڤارایە بۆ خارە خولە.. ڕاوەستە توخوا ڕاوەستە، قەینا ئەوجارە بە قەستی کوشتن تێم بگرە بەس ڕاوەستە و ئەو ڕاسپاردەیە بگەیەنە خارە خولە...

ئایشەگوڵ تەواو دوور کەوتبۆوە و دەنگی وەک زەنگوڵە دەزرینگایەوە:

– سەلام لە خارە خولە بکەن.. سەلام لە مەستوورە و کوڕی ئاگری و هەڤاڵ خەجۆ بکەن... سەلام...

زریان هەلی کرد و.. دەنگی ئایشەگوڵ زریانی دەبڕی، بەڵام واتای وشەکانی لە زریاندا دەتوانەوە... ئایشەگوڵ هەڵات بە ناو زریاندا هەڵات..لە دەنگدانەوەدا هەڵدەهات.. ئێستاش دەنگی ئایشەگوڵ لە گوێمدا دەزرینگێتەوە... زریان لوولی داین





و فڕێیدداینە دیوەخانەوە.. چووینە باوەشی یەکترەوە... هەموو بێدەنگ لە پۆلا بێدەنگتر.. هەموو تووڕە، لە ئایشەگوڵ تووڕەتر... حەفت بێدەنگی سەریان بە کۆشی یەکدی کردبوو.. حەفت تووڕەیی ئاوێزانی یەکتر ببوون... حەفت مینی چێنراو بووین لە بن زمانی یەکتردا، حەفت ترسنۆکی تاساو بووین، کەس ئەو زاخەی نەبوو کەسی دی بتەقێنێتەوە، حەفت دوژمنداری دوژمن نادیار بووین، زریان لە دیوەخانی شەیتان کۆی کردبووینەوە... زریان ئایشەگوڵی هەڵگرت و بردی.. زریان ئێمەی لێرە داکوتاو لغاوی کردین.. ئایشەگوڵ دەستی زریان لە دەستا و چوو.. ئایشەگوڵ ڕۆیشت و کۆمەڵێ ڕستەی بە دیار ئاگرو گابەردەوە جێ هێشت.. کۆمەڵێ ڕستەی وشە وشە قەندیلی.. ئەوەتا ڕستە ڕستە بە زریاندا پەرتیان دەکەین، چۆڕێ واتایان لێ ناچۆڕێ.. ڕستە ڕستە بە دیار ئاگرەوە ڕایاندەخەین، هەڵمی سووکە واتایەکیان لێ هەڵناستێ... ئایشەگوڵە قەندیلییەکە ئاڵۆزییەکی ئاڵۆزتری خستە تێگەیشتنەوە... ئایشەگوڵە قەندیلییەکە ژنێکە لە زریان شێتتر، ئاڵۆزتر، لە ئەنفال ئاڵۆزتر، شێتتر...حەفت منداڵین لە ماڵێکی گەمژەیی، دایکمان بە زمانێکی ئاڵۆز قسە دەکات.. بە زمانێ قسەی کرد، زمانی هەراشان بوو.. زمانێ بوو لە زمانی دایک نەدەچوو، ئایشەگوڵە قەندیلییەکە ئایشەگوڵی جاران نەبوو، تەمەنی منداڵە گەمژەکانی لە بەر چاو نەگرت....

– من چ سەرەدەریم لە قسەکانی ئایشەگوڵ دەرنەکرد

– من گومانم هەیە ئەو ژنە ئایشەگوڵ بێت

– نا، هەو بوو بەڵام ئەنفال شێتی کردووە و قسان هەڵدەبزڕکێنێ

– نەدەبوو ڕێی ڕۆیشتنمان دابا

– کوو! یان دەبوو بیکوژین یان بمانکوژێ!

– ئایشەگوڵ بوو، لە قسەکانیدا زۆر ڕاستیی درکاند.

– کوا! وەک چی؟

– ئەدی نەیگۆت ئەوانی دیکەش لە قەندیلن، چوزانم زۆر قسەی دی..

– تڕحێو..

– من قەت بڕواناکەم ئەو ژنە ئایشەگوڵەکەی خۆمان بێت، دڵنیام یان جندۆکەیە یان جاسووسەو ئەنفال ناردوویەتی.

– ترحێو..

– هەتا نێتەوە نازانین، ئەگەر بە شمشاڵەوە هاتەوە، ئایشەگوڵە و قسەکانیشی ڕاستن.

– هەر بەتەما بە! کوڕە ئەو دەیگۆت هەر لێرە بمێننەوە، ئێ هەتا کەنگێ؟ هەتا ساڵی سەی!.. قسەی عەنتیکە و پەنتیکەی دەکرد، من ئەگەر ئەو قەندیلەی ترۆ بکەم، دەبمە حیز و خوێڕی؟! شەرت بێ بەس ڕێم بچێتەوە ڕێی دەرچوون، گوو لەو قەندیلە دەکەم، بەشەڕەفم نابێت سواری ئەو تەیارەیەش بم کە بە نزیک ئاسمانی قەندیلێ بفرێ... من تف لەو ناو و پیرۆزییە دەکەم کە ئایشەگوڵ باسی دەکرد... من تەواو بێزارم، لێتان ناشارمەوە، دەزانم ئەنگۆش وەکو من بیر دەکەنەوە، هەر دوعای دەکەم ئەو ئەنفالە قەحپەیە قیچەک دڵی نەرم بێ و لێبووردنێک بۆ من دەربکات، ڕاست و ڕاست و بە سەربەرزی دەچمەوە، کێ لە بیری ماوە من لە کەنگێوە ماڵ و منداڵی خۆم بە جێهێشتووە، بە خودای ئێستا ژنەکەی خۆم ببینمەوە، نایناسمەوە.. منداڵەکانم هەر هیچ، داخوا ئێستا بە چ پیاوەکی دەڵێن بابە.. ئەمن کوو دەزانم خوا بە هەقە ئەوهاش دەزانم ئەو قەندیلە مل حیزە زەفەر بە ئەنفال نابات.. دوایی ئەمن شکم هەیە، بە خودای شکم لەو قەندیلە هەیە، من بزانم شتێکی لەگەڵ بەغدا هەیە، کێ دەڵێ ڕۆژێکی پیلمان ناگرێ و فرێمان ناداتە باوەشی بەغدا، ئەودەم چمان لە دەست دێت!! دەی لۆ خوای بڵێن قسەکانم وایە یان وا نییە؟

– هیچی وا نییە

– کوو وایە! ئەتوو چ دەزانی؟

– نا من دەڵێم هەندێکی وایە و هەندێکی وا نییە.

– با هەمووی وایە.

– وەڵڵا منیش دەڵێم هەمووی وایە.

– وا نییە توخوا!





– واز لەو باسە بێنن باشە، جارێ زووەو چ دیار نییە چەندی وایە و چەندی وانییە.

– نا واز ناهێنم، ئەوانە قسەی قۆڕ دەکەن، نەتدیتییە ڕاست و ڕەوان بە من دەڵێن درۆی دەکەیت، هەتا ئێستا کەسەک درۆی لە من دیتییە؟ شەرمتان بە خۆتان نییە! من ئەگەر هەندێک قسەی خەلەتیش بکەم، ناهەقم نییە، من دەزانم ئەو قەندیلە چەند سەر بە گۆبەندە، چەندی لەو قەندیلە دوور بیت باشە، من هەرچی چیا و چۆلی دنیایێ هەیە دیتمە و تێیدا ژیامە، چیایەکم نەدیتووە، هێندەی ئەو قەندیلە سەر بە گێچەڵ، دڵڕەق و پڕ نهێنیی قەت هەڵنەهێنراو، چیایەکە وەرزی بە وەرزی هیچ چیایەک ناچێت، چیایەکە هەر لۆ ئەوە باشە لە دوورەوە تفی بۆ هەڵبدەیت، تف تف قەندیل تف..

قسەی حیز مەهێنە ئێرە، لەوێی بهێڵەوە
وەرە چا وەرە چا، چا بخۆ بە هێلەوە
بەرانپیلی ئایشەگوڵی گوڵی گوڵان
بەرانپیل نییە هەر دەڵێی کۆگایە
وەرن جوان لێی بڕۆنن، کورە هێلیشی تێدایە

ئەو شیعرەی سەردەستەی مراوی نەبا، ڕەنگبوو قەندیل شەڕێکی دیکەی ناوەخۆی تۆمار بکردبا، ئا بەفر بۆنی شەڕی لێ دەهات، ئاگر بۆنی شەڕی لێ دەهات... خوا کردی سەردەستەی مراوی هاتە ناوبژییەوە، شیعرێ ڕێی لە کردنەوەی شەڕێکی گەورە گرت و نەیهێشت ئاگری شەڕ بکەوێتەوە، ڕەنگە ئەو شیعرە تاقە شیعر بووبێ لە مێژووی چیادا، نەک هەر دنەی شەڕی نەدابێ، بەڵکو چیای لە شەڕ دوور خستبێتەوە.. شیعرێ بوو هەموو ئەو شیعرانەی لە قوونی سەی نا کە هانی تفەنگیان دەدا، تەقە لەوەی تەنیشتی خۆی بکات.. شیعرێ بوو، دەتگوت خزمی نزیکی شمشاڵە، ئەو شمشاڵەی چەندان شەڕ و کێشەی هێناوەتەوە دۆخی ئاوریشمی، چا چ چا! تامی قسەکانی ئایشەگوڵی ئەودەمانێی دەدا، ئەو دەمانەی– جاروبار لەگەڵ گەردوگوڵی بەیانی بە نوردووی نان و مەنجەڵێ ماستی مەڕەوە دەگەیشتە بەرزاییەکانی (هەورێ) و بە دیار چا دێمکردنەوە، لە لێوەکانییەوە، ئەو لێوانەی دەتگوت جمکانەی بزەن، نم نم وشەی دەباراند بەسەرماندا و هەورێی

دەخستە سەمای پێکەنینەوە... چا تامی قسەی ئەو ساتانەی ئایشەگوڵی دەدا کە لە زیندانێ ئەنفالی فریودەدا و دەرگایان لێ دەکردەوە و دەهاتەوە کوڵانێ، لە کوڵانیشەوە تا سەر کانییەکەی بالیسان پشووی نەدەدا.. پێیە شینۆمۆڕ بووەکانی دەخستە ئاوەوە و لە لێوەکانییەوە قل قل ترێی وشە بەردەبوونەوە و پێشمەرگە وەک منداڵی هاروهاج پڕیان دەدانێ... چا ڕێک ئەو چایە بوو، بۆ یەکەم جار کە لە ڕەشماڵێ لە ڕەشماڵەکانی زارگەلی لەگەڵ شێخ شوان دانیشتین و لە دەستی شۆخێ وەرمان گرت، بە مەهناز بانگیان دەکرد.. لە چای بن ڕەشماڵێ، من تامی مەهنازم کرد، شیرینیی مەهنازم لە پیالەی چا خواردەوە.. مەهناز چ مەهناز لە ڕێواس ناسکتر، لە چای شیرین شیرینتر.. ئەو چایەی لە پیاڵەیەکی خەتخەتی و بنپیاڵەیەکی گوڵگوڵی بۆی تێکردم، چاوی مەهناز دەتگوت بنپیاڵەیە، هەر لە حەزی چاوی مەهنازەوە چایەم دەکردە بنپیاڵەکەوە، لە چاوی مەهنازەوە لە بنپیاڵە چام دەخواردەوە.. چایەکەی مەهناز، چا چا سۆراخم دەکرد لە هیچ بنە مەتارەیەک لە هیچ پیاڵەیەک نەمدەدیتەوە، زۆر گەڕام نەمدیتەوە.. تا ئایشەگوڵ نەیهێنا نەمدیتەوە.. شێخ شوان دەیگۆت:

چام لە دەستی هەرچی ژن و کچی عەنکاوە هەیە وەرگرتووە، تامی چای مەهنازیان نەداوە..

خۆزی شێخ شوانیش لێرە دەبوو، تا جارێکی دیکەش تامی چایەکی مەهنازیی بکردایە، چای ئایشەگوڵی، ئەو چایەی شەڕێکی گرژ لە زریان گرژتری، خاو خاو کردەوە، خاوییەک داو داو نیازی شەڕی لە پەژیوانی بەستەوە..

دەبێت کامیان بن، نا ئەو ئیشە ئیشی من نییە، ئەوە پیاوی خۆی دەوێ، لە تەنیشت ڕەشماڵەکە وەستاون.. چرپە چرپ دەکەن.. دەنگیان ناناسمەوە، دەبێت کێ بن! عەیشان، زارێ، مەریەم، نازێ، بێری، مەستان.... یەکیان مەهناز نەبێ!... لە ترسا بوو، لە شەرما بوو، لە خۆشییا بوو، لە هەموویان و لە هیچیان بوو، شێخ شوانم بە ئاگا نەدەهێنا..

– ها خەوتنە!

– نا، ئا.. ئێا. ننا..





باش بوو شێخ بە ئاگا هات.. شێخ ئەو پیاوە بە جەرگەی شەرمی لە ژن نەدەکرد، ئەو پیاوەی لە دیتنی ژن، نە تۆزێ بشڵەژێ، نە زمانی تەتەڵە بکا...

– کچێ دە وەرن، نووستنی چ، ئەوە بۆ وا درەنگ هاتن! خەریک بوو بنووین و تەمامان پێتان نەمێنێ

– نا وا مەڵێ گفتمان دابوو..

لە بن چاوەوە دیتم شێخ شوان دەستی یەکیانی گرت و بەرەو گابەردێ کە لە تەنیشت ڕەشماڵەکەو لە بەرانبەری مانگ قیت وەستا بوو، هەنگاوی نا، ڕووی لە منیش کردو دەستی بۆ ژنەکەی دی درێژ کرد:

– ئێوەش لێرە..

من تا ئەو دەمە سەیری هیچ کامێکیانم نەکردبوو.. لە غیرەتی شێخەوە هەستم کرد، منیش دەماری غیرەتم جوولەیەکی تێکەوت.. بێ سەیرکردن دەستی لەرزۆکم چووە سەر شانی.. هەر هێندەم زانی ژنێک بە ڕووتی وا لە باوەشمە.. لە بیرم نییەو نازانم ئەو ژنە چۆن ڕووت بۆوە!... هێندە دەزانم گوشینێ دەمگوشی، هیچ شتێکم وا نەگوشیوە، بڕوا ناکەم ئەویش قەت ئەوها گوشرابێ.. لەبیرمە پەڵە هەورێک بووم پڕ لە گرمەو برووسکەو زۆری نەبرد ڕژانێ ڕژامە ئەو ژنەوە، هیچ پەڵە هەورێ بەو شێوەیە نەڕژاوەتە هیچ دۆڵێکەوە.. تا نەڕژام، لە لەشولاری ورد نەبوومەوە... نازانم باوەڕ دەکەن یان نا، بەڵام دەمو چاویشم نەدیتبوو... لە بەر تریفەی مانگەشەودا و لە دوای ڕژان ناسیمەوە.. مەهناز.. ئەو کچەی باوەڕم نەدەکرد لە خەونیشدا ماچێکی لێوەکانی بکەم.. ئێستا بە ڕووت و قووتی لە ناو تریفەدا ڕاکشاوە و... ئەو مەهنازەی ئەو ڕۆژە لە بن ڕەشماڵێ بە دەستە ناسکەکانی خۆی چای تێکرد و بۆمانی ڕاگرت، چەند جوان و ناسک و شیرین بوو، ناگاتە مەهنازەکەی بەر تریفەی مانگەشەو.. ژن چەندێ جوان بێت لە ناو تریفەدا، جوانییەکەی جوانتر دەنوێنێ.. لەو مانگەشەوییە هاوینییەدا ئەو شیرینییەی لە مەهنازدا مژیم، ئەگەر لە هەموو ژنانی دنیادا ئەو شیرینییە هەبێت، بڕواناکەم ژن دەستی لە تاڵیی ژیاندا هەبێت و بۆ تامیش تاڵیی نەڕژاندۆتە ژیانەوە.. ئەو جوانییەی من لەو شەوەدا لە مەهنازم چنییەوە، ئەگەر پیاوانی دنیا جوانیی وا لە ژندا بچننەوە، سەرڕێژ دەبن لە جوانی و بۆ ئەزموونیش

پیاوێ شک نابەیت جوان نەبێت... لە لێوەکانی مەهنازەوە تا ڕادەی بەدمەستی تەڕایی عەشقم خواردەوە، تەڕایییەک ئەگەر تووڕەیی ئەنفال بمکاتە بەرد، بمکاتە ئاسن، لە تەڕایی عەشق وشکم ناکاتەوە.. لێوی مەهناز هەر جارەی تامێکی دەدا، لێوی مەهناز هەر جارەی میوەیەک بوو لە میوە بەهەشتییەکان، من ئەو شەوە لەو لێوەوە، هەناری مێخۆشم مژی، پرتەقالم مژی، لیمۆم مژی، چم نەمژی! هەندێ جار وام هەست دەکرد لێوم بە لێوی هەنگوینەوە ناوە... ئەو موچڕکانەی لە مەمکەکانی مەهنازەوە، لە پەنجەوە، لە لێوەوە، دەهاتنە لەشمەوە، موچڕکەی ئاسمان بوون، ئەگەر لە شەیتان پتریش بەربەرەکانێی خوداوەند بکەم، خوداوەند دڵی نایە، لەو موچڕکانە بەتاڵم بکاتەوە.. مەمک چ مەمک ئەوەی من دیتم، دەبێت چەند کەس دیتبیان! ڕێک لە دوو هەرمێ دەچوون، لە جێیەکی گەلەک عاسێ.. سوند دەخۆم لە پەنجەی با بترازێ، بای کوێستان، دەستی هیچ کەسەکیان نەگەیشتبووێ.. ئەگەر دەمزانی مەمکی کچان ئەوهایە، لە سەری بشکوژرابام، دوگمەی کچە جوانەکەی خزممان دەترازاند و تێر تێر گەمانم لەگەڵ دەکرد و بە دڵی خۆم دەممژی... ئەو ساتانەی سەرگەرمی پشکنینی لەشولاری مەهناز بووم، کتێبەکان هەندێک یارمەتییان دام.. ئەو دێڕانەی وشە وشە لەشی ژنیان هەڵگرتبوو، ئەو دێڕانەی تەنها لە ساتەکانی ڕووتبوونەوەی ژندا، واتا دەبەخشن و ڕاست دەکەونەوە... دێڕەکان دەستیان دەگرتم و دەیانبردم و دەیانخستمە گەمەیەکەوە، دیار بوو کەس گەمەی ئەوهای لەگەڵ مەهناز نەکردووە.. گەمەی وام لەگەڵ دەکرد، لە کنە وی گەمەی تازە بوون، دەمدیت چێژ وەک تریفە پێیدا دەڕژێ، پێمدا دەڕژێ.... جارێکی دیکەش چوومەوە دۆخی پەڵە هەورو برووسکە لە دوای برووسکەم بە سەر جەستەی مەهنازدا دەهاویشت.. لە گرمە گرمی منی پەڵە هەور، مەهناز دەتگوت درەختە و حاڵی گرتووە، هەژانێ دەهەژا، هیچ زەویلەرزەیەک لەرزینی وای نەخستووەتە زەوییەوە، چەند جوان بوو حاڵگرتنەکەی مەهناز، شەیتان بیدیتبا، مانی لە یاخیبوون دەگرت و دەهاتەوە ناو کۆڕی عاشقانی خوداوەند و حاڵی خواپەرستی دەگرتەوە.. دیسانەوە ڕژامەوە، بە خوڕ ڕژامە ناو کێڵگەی تینووی مەهنازەوە... من لە بارەی مەهنازەوە تەنها برووسکە چیرۆکێکم دەزانی، برواناکەم لە هەژدە هاوین پتری دیتبێت، چەند





حەفتەیێ بوو شووی کردبوو، دوو شەو لەگەڵ مێردەکەی خەوتبوو کە پیاوانی ڕەشماڵ بە هاواری خزمە کۆچەرییەکانیانەوە بە ڕێکەوتن، مێردەکەی مەهنازیش یەکێ بوو لەو پیاوانە، بەرەو گەرمیانێ بەڕێکەوتن، بە مەبەستی ڕزگارکردنی خزمەکانیان لە چنگی ئەنفال، ئەو خزمانەی ئەنفال ڕێی کوێستانی لێیان گرتبوو.. هەر هێندەم لە مەهناز دەزانی و زانی... بەڵام ئەم شەو، لەم شەو تریفە ڕێژەی زارگەلی، لەو شەوە ڕەشماڵییەی کە لە هیچ شەوێکی من ناچێ، شەوێکە نەبووە و دەڕوا و نایەتەوە، ڕەنگە نێتەوە.. ئا لەو شەوە ڕووناکەی کە (گارە) لە دوورەوە چاوی لێیە، من ورد ورد لەشولاری مەهناز دەپشکنم، پشکنینێ مێردەکەی حەفتساڵیش ڕووتی بکاتەوە، ئەو پشکنینەی من دەیکەم، لە دەستی ئەو نایەت.. بۆ هەموو پیاوانی ڕەشماڵیش خۆی ڕووت بکاتەوە، بڕوا ناکەم وەک لێوردبوونەوەی من لێی وردبنەوە.. ئەوەتا بە هەموو پەنجەکانم لەشولاری مەهناز دەپشکنم، بە لێو دەیپشکنم، بە زمان دەیپشکنم، بە چاوی لە تریفە تیژتر دەیپشکنم.. جێ داوێ لە جەستەی نەماوە لە دەرەوەی دیتنی من... مەهناز چ جێیەک لە لەشی نەماوە بۆ چەندان جار وەک قەندی شەکر لە ناو لێوەکانی من نەتاوێتەوە... داو داوی پرچی خاوی مەهناز لە بەر ئاوێنەی مانگ، بە پەنجە شانە دەکەم بە لێو شانە دەکەم... مەهنازی ڕەشماڵنشین، مەهنازی سەر دەرگای ڕەشماڵ، مەهنازی لە مانگ ڕووتتر، لە مانگ پڕ نازتر، مەهنازی شەوە تاقانەکەی من، ئەو مەهنازەی نەیدەزانی ناوە ناسکەکەی خۆی بنووسێ، منی فێرە لەشناسی کرد، ناسینی لەشی ژن هەر دەبێت لە ژنەوە فێر بی، ئەو ژنەش بۆ من مەهناز بوو.. مەهناز بوو چۆڕ چۆڕ تامی لەشی ژنی ڕژاندە گیانمەوە.. فێری کردم لە جیاتی دوعای چوونە بەهەشت، بۆ هەمیشە دوعای لە ژن نزیککەوتنەوە، دوعای لە ژن توانەوە بخوێنم..... پیاوە کۆچەرییەکەی مەهناز، زاوا دوو شەوییەکە، لەم شەوی توانەوە و ڕژانەدا، وا لە گەرمیانێ شەڕی ئەنفال دەکات... منیش ئەو پیاوەی دەمێکە شەڕی ئەنفالم ڕاگەیاندووە و چەکی پێشمەرگایەتیم لە شانییە، من ئەو پیاوەی هەرچی خەڵکی گەرمیان و کوێستان هەیە، چاویان لە دەستی منە، بچم بەر سینگی ئەنفال بگرم و زەبرێکی وای بخێوێنمێ، خەیاڵی چیا گرتنی لە سەری دەربکەم، وەها چاوشکێنی بکەم، بە کێندەرێدا هاتووە بە وێدا

بگەڕێتەوە و هەتا دەگاتەوە بیابانێ نەوێرێ ئاوڕبداتەوە... پیاوە کۆچەرییەکە لەوێ بەو شەوە شەڕی ئەنفال دەکات.. لە کنە من ئەو شەوە شەوی شەڕ نییە، شەوی توانەوە و ڕژانە لە عەشقدا، ئەوەتا لەگەڵ ژنی پیاوە کۆچەرییە شەڕکەرەکەدا، لە سەر دەرگای ڕەشماڵدا کە بۆ مانگ لەسەر پشتە، لە گەمەیەکی خوداییین، گەمەی ناسک، گەمەیەک کە چێژ تێیدا تریفەیە، تریفە بە تەنێ بۆ من نییە، مەهنازیش لەشرێژە لە تریفە... گەمەیەک ئادەمیش لەگەڵ حەوادا نەیکردووە، نەیزانیوە، بیزانیایە دەیکرد، ئەگەر ئەو گەمەیەی من دەیکەم ئەو لەگەڵ حەوا بیکردایە، منداڵی ئاشقیان دەخستەوە، منداڵی وا هەرگیز بیر لە کوشتنی یەکتر نەکەنەوە... نا نەیانزانیوە، ئەگەر ئادەم و حەوا بیانزانیایە، لە جیاتی ئەنفال، ئایەتێک لە دایک دەبوو، ناویان دەنا تریفە...... نازانم شەو گەیشتبووە کوێ! نازانم گەمەی مەهناز و من چەند کاتی ویست... ئەوەم باش لە بیرە سێ جار بوومە پەڵە هەور، هەورێ جیا لەو هەورانەی لە پایزاندا لە گارەوە بەرەو ئاگری قوڵ لە قوڵی یەکتر هەڵدەکێشن و ئاور لە زارگەلی نادەنەوە و نارژێن بە سەر ئەو گابەردانەی ئەمشەو پاسەوانی لە من و مەهناز دەکەن.. سێ جار خوڕ خوڕ ڕژامە مەهنازەوە.. جاری سێیەم دڵنیا نیم لەوەی مەهناز بە ڕژانەوە ڕانەکانی بۆ ڕژانی من کردەوە یان نا، بەڵام دووەکەی دی ڕژان لە ڕژانەوە بوو... ئەو بەژن و لەشولارە ڕووتەی من دیتم و مەهناز بوو، ئەو شێوە ئەندازەییەی کە سروشت هەموو توانای ستاتیکیانەی خۆی تێدا بە گەڕ خستبوو، مەهناز بوو، چ لەشولارێکی هەبوو خودایە! سمت دەرپەڕیو، سینگ دەرپەڕیو، ڕان گۆشتن، باسک گۆشتن، کەمەر باریک زۆر باریک، گەردن باریکی شمشاڵی، وا بزانم خوداوەند مەهنازی بە تایبەتی بۆ من دروست کردبوو، بەو هەیوەشەوە بۆ منی نارد... من لە ناو تریفەدا بە چاوی مانگ لێی وردبوومەوە، ئەو سپێتییەی لە مەهنازەوە ڕژایە گیانی منەوە، ئەو چێژەی ئەو ژنە بە منی بەخشی، ئەگەر لە هەموو ژنانی دنیا ئەو جوانییانە هەبا، ژنانی دنیا تامی هەموو میوەیەکیان بە تامترەوە بدایە، وەک من لە مەهنازدا تامم کردن... من دەڵێم هەر پیاوێ خولیای ژن گۆڕینی لەسەر با، دەبێت لە سەری بدرێ... ژنەکەی شێخ شوان بانگی مەهنازی کرد:





– درەنگە کچێ، بەس نییە، تێر نەبووی؟

– با بڕۆین

مەهنازی ڕووت خێرا چۆوە ناو جلو بەرگەوە.. بە دەم ڕۆیشتنەوە:

– ئەگەر منداڵێکم بوو کەمێک بە تۆ چوو ناوی دەنێم تریفە

– ناوێکی خۆشە وەک ناوی خۆت.

شێخی شێخان گەیشتەوە بن ڕەشماڵ:

– ها کو بووی!

– تا مردن قەرداری تۆ و مەهنازم.

– قەرداری شمشاڵەکەی خۆتی

– کوو!

– ئەو شمشاڵە مەهنازی هێنایە باوەشی تۆ!

– ئەها!

– خەوت نایە؟ نوستی یان نا!

– نەنوستم و خەویشم نایە، دەڵێن شێت بووە، دەنا بەو ناوەختە مەهنازێکم دەژەنی

– بنوو کاکە بنوو، سبەی ڕێی دوورمان لە پێشە...

ئێستا بیر لە تریفە دەکەمەوە.. هەست دەکەم منداڵێکم هەیە پارچەڵە، ناوی تریفەیە، دایکیشی ناوی مەهنازە، نازانم بابی ناوی چییە! ڕەنگە دنیا پڕ بێت لە منداڵی باب نادیار، تریفەش یەک لەوانەیە.. ڕەنگە من کچێکم هەبێ بە ناوی تریفە،

ڕەنگە کچ نەبێت کوڕ بێت، بەڵام هەر ناوی تریفەیە، بابی تریفە پیاوێکە نە تریفە دەیناسێ نەدایکی تریفە دەیناسێتەوە.. بابی تریفە ڕەنگە ئەو پیاوە بێت، وا لە ناو زریانی قەندیلدا ئەو زریانەی ئایشەگوڵی برد، لە بن سێ گابەردی گەورە، ئەو بەردانەی خوداوەند بەئارەزووی خۆی بۆ ئێمەی لێرە دانا.. بە تەنیشت شەش دنکە پساوەدا، بە دزی و دوور لە چاوان دەچێتەوە مانگە شەوەکەی زارگەلی و مەهناز لە باوەش دەگرێ، ڕووتی دەکاتەوە، گۆی مەمکەکانی دەخاتە لێوییەوە، مژ مژ دەیانمژێ، مژینێ تریفەش وای نەمژیبێ... ئا من منداڵێکم هەیە نازانم کچە یان کوڕ، ناوی تریفەیە.. شێخ شوانیش ڕەنگە منداڵێکی هەبێ، نازانم چ ناوێکیان لێناوە، بەڵام دێتەوە بیرم دایکی منداڵەکەی شێخ ناوی مەستان بوو، مەستان چ مەستان، هەر بە تەماشاکردن مەستی دەکردی... مەهناز و مەستان هەوگیانی یەکتر بوون، ماڵیان بە تەنیشت یەکەوە بوو، گابەردێ نێوانیان بوو.. مێردەکانیان چووبوونە گەرمیان بۆ شەڕی ئەنفال.. بەڵام بابی منداڵەکانیان لە شەوێکی تریفەیی، لە شەوێکی هاوینیی فێنک، توند توند لە باوەشیان دەگرن و دڵیان نایێ بە جێیان بهێڵن..

– بێدەنگی دەتکوژێ.. ڕایەڵی ڕابردوو لە پەلوپۆت دەخات.. ئاگاداری خۆت بە..

– من.. نا..چ نییە

– قسە هەڵدەبزڕکێنی.. مەهناز کێیە! تریفە چییە؟ شێخ شوان چی بەسەر هاتووە هێندە ناوی دێنی، شتێک لە بارەیەوە دەزانی؟

– نا هیچی لێ نەهاتووە.. ئاگام لێی نییە.. نازانم..

– ببوورە..

خوا خوام بوو فاتیمە وازم لێ بێنێ.. من درەنگمە ئێشم بە قەندیل نەماوە.. دەبێت هەتا زووە بگەمەوە زارگەلی..ئا دەبێت سۆراخی مەهنازو تریفە بکەم... من منداڵێکم هەیە، لە شەوێکی مانگەشەوی لە بەردەم ڕەشماڵێ لە ناو لەشی مەهنازدا بەجێم هێشت.... مەهناز ڕاستی گۆت.. ڕستەیەک نەبوو لە بێ قسەیی لە زاری مەهنازەوە بەربووبێتەوە.. ڕستەیەک پڕ لە واتا وەک زگپڕبوون واتادار.. دەڵێن ژن بەر لەوەی





منداڵ بکەوێتە زگیەوە، دڵی خەبەر دەدات، دڵی پێی دەڵێ، ئاگادار بە منداڵێ بە ڕێوەیە.. ئا ئەو ساتانەی دەرژامە مەهنازەوە خۆی لە جوولە دەخست، بۆ چەند ساتێ گیانی تێدا نەدەما... خوێندبوومەوە لە کتێبان خوێندبوومەوە، ژن ئەگەر حەزی زگپڕبوون چووە دڵییەوە، لە دوای ڕژان جوولە لە خۆی دەبڕێت، بە بەر گەزەشی بدەی، ڕانەکانی نابزوێنێ، مەهناز وای کرد، سێ جار جوولەی لە خۆی بڕی... ئا من منداڵێکی چاو گەشی جوانم هەیە، پتر چۆتەوە سەر دایکی، ناوی تریفەیە، دەبێت بیبینمەوە، دەبێت دایکی تریفە ببینمەوە...

– بەس بزانم تریفە کێیە!!

نەدەکرا وەڵامی ئەو پرسیارەی فاتیمە نەدرێتەوە، دیتم فاتیمە هەموو گیانی خۆی بۆ وەڵامێ هەڵخستووە، پرسیارێ بوو تک تک تامەزرۆیی لێ دەتکا..

– تریفە ناوی منداڵەکەمە.

– چی چی! بۆ تۆ ژنت هەیە؟ من تازە بزانم...

– منداڵەکەم ناوی تریفەیە...

– دایکی ناوی چییە؟

– مەهناز

– من واتای مەهناز نازانم چییە

– واتاکەی ئەوها ئاسان نییەو لێرە ناگۆترێ.. بۆ ئەوەی تێی بگەین، دەبێت دنیا لە مانگەشەوی هاوینیدا بێ و مانگەشەوێ پڕ لە تریفە، تریفە بڕژێتە پێش ئەو ڕەشماڵەی لە زارگەلیدا بە سەر هەڵدێرا دەیڕوانی.. من و شێخ شوان لەوێ بووین... ئا بەس لەوێ تێدەگەین مەهناز چییە، تریفە چییە..

***

ئەوشەو سەرم بەتاڵ بەتاڵ لە ئەنفال
نە هورەیەک لە هێرشی ئەنفالەوە دێ
نە شنەیەک لە بەزینی ئەنفالەوە

شەوترین شەوی ترسە

شەوترین شەوی شەرمە

شەوترین شەوی چێژ..

شەوە تاقانەی تەمەنە ئەو شەو

ڕەشماڵ کپ کپ

کوێستان هەمووی خەوتووە..

من خەوم نایە

گوتیان ژنێ وا بە ڕێوە

لە پێشوازیی ژن

ترس بە پێوە

شەرم بە پێوە

چێژێ لە ناو تریفەی پیاوێ

ڕووت ڕووت دانیشتووە..

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***

– ئەها...ئەوە ڕەشماڵی ڕابردووە....

– بە ڕاست کەس لە ئێمە هەیە لە ئێستادا بژی؟

– وا بزانم هەموومان پتر لە ڕابردوو دەژین نەک ئێستا، بەس تۆ لە هەمووان پتر لە ڕابردوو پیاسە دەکەیت و کەمتر لە ئێستادا بە دیار دەکەویت.... وا بزانم بە زۆر چاوت نەکەینەوە کەس لە ئێمە نابینی..

– کوا ئێوەش لێرە بزرن، گوێم لە قسەتان نییە، جاروبار نەبێ.

– ئایشە گوڵ نەختێ بە قسەی خستینەوە، دەنا هەموومان قسەمان لە بیر چوبۆوە، سەردەستەی مراوی جاروبار نەبێ، شیعری بە زاریدا نایە، برادەرەکەی گیڤارا بێ سروود ماوەتەوە... هەموو دەڵێی پۆلان و.... بەڵام کەسمان وەک تۆ..

– بە ڕاست ئەو ژنە ئایشەگوڵ بوو؟







– ئا ئایشەگوڵ بوو، بەڵام ئەو ئایشەگوڵە نا کە پێشتر دەمانناسی.

– من پێشتر وام دانابوو، ئایشەگوڵ لە هەر جێیەک بێ هەر ئایشەگوڵە.

– هەر کەسێ ڕێی بە قەندیل بکەوێ کەسەکەی پێشوو نییە.

– تۆش؟

– تۆش

– من خەریکە چاوم لە چاوەڕوانی بکەوێ.. بە ڕاست چاوەڕوانی چی بکەین؟

– ناشێ چاوەڕوانی لە دەست بدەین.. من تا ئێستا چاوەڕوانی خارە خولەم دەکرد، بەڵام ئێستا چاوم لە ڕێی ئایشەگوڵە..

– پێتوایە جارێکی دی بە قەندیل بکەوێتەوە؟

– ئەگەر لە دەرەوەی قەندیل بێت، ڕەنگە بێتەوە، نازانم..

– لەمێژە هەواڵی دایکت نازانی؟

– ئا.. من زۆر غەریبی دایکم دەکەم، من بێ ماڵئاوایی دایکمم بەجێهێشت

– بۆ بێ ماڵئاوایی؟

– نازانم.. ئێ، جارێک بۆ یەکەم جار ئایشەگوڵم دیت و ناسیم، هاتە گارە، لە نێوان من و مەستوورە دانیشتبوو، دەستی لەسەر شانمان دانابوو، ماچی دەکردین، قسەی خۆشی دەکرد، من هەستم دەکرد ئەوە دایکمە وا لەگەڵمایە..لەسەر ڕۆیشتن بوو پێی گوتین چ پێویستییەکتان هەیە، چ ڕاسپاردەیەکتان هەیە بیڵێن مەترسێن و شەرمێ مەکەن، مەستوورە گۆتی نامەیەکم هەیە بۆ بابە تایەری برام، ئەگەر بیگەیەنی تا مردن لە چاکەت دەرناچم.. ئایشەگوڵ بە مەستوورەی گوت:

دەی کچم زوو بینووسە، ئەوە هەر زۆر ئاسانە، ناوونیشانەکەیم بە دروستی بدێ و خەمت نەبێ، بەسەر چاوی دایکی خۆت، دەیگەیەنم... منیش گوتم:

وەڵڵا منیش نامەیەکم بۆ دایکم هەیە...

ئێ نامەیەکی جوان بە دڵی خۆمم نووسی و هەموو شتێکی لە دایکم شاراوەم تیا نووسی.. ئایشەگوڵی دایک تێر تێر ماچی کردین، بە دوو نامەوە ڕۆشت، نامەیەک بۆ

هەمەدان، نامەیەک بۆ بەسرا .... ئیدی من و مەستوورە بە ئاسوودەیی بە تەنیشت یەکەوە ڕاکشاین ئەو لە پێش من خەوی لێکەوت... ئێ نازانم چەندی پێچوو، حەفتەیەک کەمتر پتر...هەر لە گارە لەو شوێنەی نامەمان نووسی و ئایشەگوڵ لێی وەرگرتین، ئا هەر لەوێ من و مەستوورە بە تەنیشت یە کەوە لە خەوێکی هاوینیدا بووین... هەستم کرد دەستێ بە پەنجەکانی یاری بە قژم دەکات، نەموێرا چاوم بکەمەوە، ترسام، گوتم هەبێ نەبێ ئەوە جەنگاوەرێکی تینووە، گوتم لەمێژە لە ژنی نەخواردۆتەوە و وا ڕێی بە من کەوتووە، لە دڵی خۆم دەمگوت چ بکەم باشە!.. گوێم لێبوو بە دەنگێکی نزم نزم دەیگوت: دەهەستن کچە جوانەکانم دەهەستن، تێر خەو نەبوون... یەکسەر ڕاپەڕیم، مەستوورەش هەستا، کێ بێت باشە! ئایشەگوڵی دایک... هەردووکمانی توند توند لە باوەش گرت، لە باوەشگرتنێ دایکیشم منی وا لە باوەش نەگرتووە، کەس کەس منی وا لە باوەش نەگرتووە..... لە بەڕکی کەواکەی دوو نامەی دەرهێنا... بە پڕتاو لە دەستیم وەرگرت، نامەی دایکم بوو دەستخەتەکەیم ناسییەوە... دایکم زۆر شتی بۆم نووسیبوو... دەزانی نووسیبووی:

تۆ هێندە خەم لە من مەخۆ، منیش لەمەودوا بە شێوەی جاران خەم لە تۆ ناخۆم، چونکە تۆ بێجگە لە من دایکێکیدیشت هەیە، لە من میهرەبانتر، ئەگەر منیش بمرم تۆ بێ دایک نابیت و دایکێکی دیت هەیە ناوی ئایشەگوڵە.....

بابە تایەریش بۆ مەستوورەی وا نووسیبوو:

من تا ئێستا وام دەزانی لە دنیایێ یەک ژن هەیە لە هەموو ژنانی دنیا جوانترو میهرەبانتر ئەویش ناوی مەستوورەیە، بەڵام ئێستا ژنێکی دیکەش لە جوانی و میهرەبانی وا بە تەنیشت مەستوورەوە ڕاوەستایە، ناوی ئایشەگوڵە..

نووسیبووی:

مەستوورەکەم تۆ زۆر خۆشبەختی کە جوانترین خوشک و جوانترین دایکت هەیە، ناویان ئایشەگوڵە....

– دەزانی لەمێژە پرسیارێکم بۆ تۆ هەڵگرتووە..

– پرسیار هەڵگرتن بارێکە، مرۆڤ پەک دەخات، بیکە و ڕەنگە وەڵامت بدەمەوە





– بریا بێ ڕەنگە بایە... تۆ چی پۆڵای؟!

– بە خۆشم نازانم! بۆ پرسیارەکە لە پۆڵا ناکەیت!

– خورما وەڵام نەداتەوە، بەرد وەڵام دەداتەوە!

– ئەو قسانەی لە کن بەرد هەن بروا ناکەم لای خورما دەست بکەون.. بەرد ئەگەر بزانیت لە کوێوە دەیقرنجێنیت، جۆگەیەک لە قسەی پێیە.. دەترسم حەزت چووبێتە خورما..ها ها ها...

کەس نەیدەزانی فاتیمەو پۆڵا چی یەکترن، هەندێک دەیانگوت خوشک و بران، هەر لە منداڵییەوە لێکدی دابڕاون و بە گەنجی یەکتریان دیتیتەوە، هەندێکی دی دەیانگوت نا ژن و مێردن، هەشبوو دەیگوت فاتیمە زڕدایکی پۆڵایە، ئەوی دی دەیگۆت وە نییە، پۆڵا زڕبابی فاتیمەیە.. کەس نەیدەزانی شکت بۆ هەر شتێک دەچوو، لە پڕا نیشانەیەک دەردەکەوت شکەکەی بەتاڵ دەکردەوە...

– تۆ واز لەوە بێنە...من دەمێ دی شێخ شوانم لە خەوێ دیت.. لەو خەوە چاوی زۆر دێشا.. ئیدی نازانم چ بوو.. بەخەبەر هاتم... من باشم نەدەناسی، وابزانم زۆر برادەرت بوو، چی لە بارەوە دەزانی؟

– زۆر، بەڵام چیرۆکی ئەو شێخە چ بە تۆ دەبەخشێ؟

– ڕەنگە هیچ! بەڵام لە ئێستادا حەزم لە گێڕانەوەی سەرهاتە، دەکرێ سەرهاتێکیدیم بۆ بگێڕییەوە، هەر سەرهاتێ، هی هەر کەسێ، گرنگ نییە... ئەگەر سەرهاتی شێخ بێ باشتر..

هەستم کرد فاتیمە حەزی لێیە من قسە بکەم، هەر قسەیەک، پێدەچوو وەک من، وەک ئەوانی دی زۆر قسەی بۆ خۆی کردبێ، بێزار بووبێ لە بیستنیان، دەیەوێ کەسێکی دی قسەی بۆ بکات

– باشە فاتیمە خان

– وازت لەو فاتیمەیە نەهێنا

– چۆن وازی لێ دێنم! ها ها.. ئەو شێخ شوانە وا بزانم خزمی مار شەمعون دەبێتەوە، لەوەتەی دنیا هەیەماڵیان لە عەنکاوەیە، من جارێک چوویتمە ماڵیان،

ماڵەکەیان کەوتووەتە نێوان کڵێسەیەک و باڕێک.. بە خۆت بینیوتە چەند جوانە دەڵێی حەزرەتی مەسیحە، بە خۆی دەیگۆت هەر لەبەر ئەو جوانییە ناویان لێ ناوە شوان..

– ئەدی شێخەکە لە کوێوە هات؟

– بە خۆی بۆی گێڕامەوە ماڵێکی موسڵمان دراوسێیان دەبێت، کوڕەکیان هەیە ناوی زەبر، ئەو ماڵە بە بنەچە دەچنەوە سەر شێخەکانی نازانم کێندەرێ.. ئیدی خەڵک زەبریش بە شێخ زەبر بانگ دەکەن.. شوان و زەبر بە منداڵی زۆر برادەری یەکتر دەبن، بستەک چییە بەبێ یەکتر ناڕۆن.. دواتر شوان دەبینێ ئەو زەبرە زۆر درۆزنە، سەختەچییە، هەتا دزیشی لێ دەبینێ، بیستبووی نێربازیش دەکات.. ئیدی خۆی لێی دوور دەخاتەوە.. بەڵام دەبینێ لە ناو خەڵکی هەولێرێ هەموو هەر بە شێخ زەبر بانگی دەکەن و ڕێزێکی گەلێک زۆری لێ دەگرن، ئەویش هەر لە بەر ناوەکەی.. کەچی نیو هێندە ڕێز لە شوان ناگرن، بۆیە شوان بڕیار دەدات، ئەگەر بە ئاینی مەسیحیش بێت، شێخەک بە خۆیەوە بنێ، وەڵلا شێخایەتی خۆی ڕادەگەیەنێ و دەڵێ:

یەکەم جار بەسەری موحەمەد ئەوجا بەسەری عیسا هەر کەسێک بە شێخ شوان بانگم نەکات، وەڵامی نادەمەوە، ئەوجا خوای دەکرد دایکم دەبوو..

ئۆمەتی موحەمەد و ئۆمەتی عیسا لێی دەچنە تکایێ:

کوڕم وانابێ، بابم وانابێ، لە کەللەی شەیتان وەرە خوارێ، ئەتو و شێخیان نەگۆتییە، پێی دەڵێن خۆت شێت مەکە ئەو دوو ئاینە جوانە پیس مەکە، خۆ ئاین تێکەڵکردن وا ئاسان نییە، چما وەکو تێکەڵکردنی هێلکە و تەماتەیە!..

شێخ شوان بڕیارێکە و پەشیمانی تێدا نییە، سواری پشتی شەیتان بووە و دانابەزێ...

– ئەوە ناسکترین شۆڕشە.. ئێ چیدی!

– زۆر شت هەیە، نیوەی سەرهاتی شێخ شوان لە کنە منە، بەس ئێستا شتێکم نییە بۆ گوتن

– نیتە بۆ گوتن یان حەز بە گوتنی ناکەیت؟!





– نا بۆ حەز ناکەم..

– حەز دەکەم شێخ شوانی بن ڕەشماڵم پێ بناسێنی

– شێخ شوانی بن ڕەشماڵ و شێخ شوانی چیای کۆرس و پێرس و نزیک سێگۆشەی جەنگاوەران ڕەنگە هەر هەمان شێخ بن، خۆ ئەوەی ئەوێ دەناسی...

من نەمدەویست بە ئاگایی فاتیمەوە بەرەو ڕەشماڵ بچمەوە.. نامەوێ بیبەمە شەوە مانگەشەوییەکەی زارگەلی و بە ڕووتی من و مەهناز ببینێ.. حەزم لێ بوو ئەو دیمەنە جوانانەی ئەوێ ببینێ، بەڵام شەرمم دەکرد، زۆر زۆر شەرمم لە فاتیمە دەکرد..

– ئەگەر تۆ شێخی بن ڕەشماڵم پێ بناسێنی، من شێخێکی کۆرست پێ دەناسێنم ڕەنگە نەتناسیبێ

– ئەوە چییە! قەت تۆ نەبووی.. سەرهات لە بری سەرهات

– نا گاڵتەت لەگەڵ دەکەم..

من هەستم کرد، فاتیمە لە قسەکانی خۆمەوە، داوی بۆم داناوەتەوە، لە بیرم نییە بە چ شێوەیەک باسی مەهناز و تریفەم بۆ کردووە.. یان ڕەنگە ئەسحابەکوژ نهێنییەکەی بۆ فاتیمەش گێڕابێتەوە و لە چاوی کراوەی بێئاگای منەوە لە زاری داخراوی منەوە، وێنە وێنە چاوی بە ئەلبوومی شەوە مانگەشەوییەکە گێڕابێت... نا پێویستە پارێزی لە شەرمی خۆم بکەم و نابێت تک تک لە پێش چاوی فاتیمە بیتکێنم...

– ئێ، ئەوجا من و شێخ شوان کە دوعاخوازیمان لە ڕەشماڵەکانی زارگەلی کرد بەرەو ئەوێ بە ڕێکەوتین... لە ڕێ، ڕێی سێگۆشەی جەنگاوەران، تۆش ئەوێت دیوە؟

– کەس هەیە ئەوێی نەدیبێت!

– نا، هەموو جەنگاوەرێک ڕێی بەوێ دەکەوێت، ئەگەر زۆر لەوێ بمێنیتەوە هەرچی جەنگاوەری دنیا هەیە دەیانبینی، لە هەورازەیەک کابرایەکی کەشکۆڵ لە کۆڵمان تووش هات، دوای سڵاو و چاکوچۆنی، گۆتی:

ناوم ئەولیای چەلەبییە، ئیشم سەرهات نووسینە، ڕووداوان لەو دەفتەرە تۆمار دەکەم.

دەفتـەرێکی گـەورەی پێبـوو، ئەو پیـاوە بە زمـانێکی تێکەڵ بە سێ زمـانان قـسـەی دەکرد، ئێـمـە هـەر ئەوەنـە تێی دەگـەیشتن، ئـەو پیـاوە هـەندێک شـتـی لە دەفتـەرەکـەی تۆمـار کـرد، پێم جـوان نـەبوو تەمـاشـای دەسـتـی بکـەم بزانم چی دەنووسـێت، زۆر پرسـیاری لە ئێمە کرد، بەڵام ئێمـە بە شـێوەیەک وەڵاممان دەدایەوە، مـەترسـی نەبێت بۆ سەرمان، شـێخ شوان سەری نایە بن گوێم: من گومـانم لەو پیاوە هـەیە، با.. گوتم: نا، بابە تۆ هەڵەیت.. ئیدی مـاڵئـاواییمـان لێکدی کرد، هێشتـا ئەولیـای چەلەبی دوور نەکەوتبۆوە، شێخ گۆتی:

کوڕە، من بزانم، ئەو پیاوە جاسووسە با ئیزنی نەدەین

گوتم:

بڕوا نـاکـەم، نا، ئێ ئـەوە هـەو بوو بـیگرین چی لێ بکـەین، بەو خـاوە خـاوە چۆن لەگەڵ ئێمە دەردەچێت!

شێخ بە چاوە گەورەکانی کە هێندەی بنپیاڵەیەک دەبوون، تەماشایەکی کردم:

کوڕە، دەرچوونی چی! بە یەک گوللە ساردی دەکەینەوە و تەواو..

ڕازی نەبووم و وازمـان لێی هێنا، ئەو نشـێـو بۆوە و ئێـمـە هێـواش هێـواش هەڵگەڕاین، بڕۆ بڕۆ.. تەواوێک ڕۆیشتین، هێندەمان زانی دوو کـۆپتەر لێمـان پەیدا بوون، لەسـەر سـەرمان وەک چاویەشـە دەسـووڕانەوە، ئێـمەش خۆمـان لە بن بەرد و داران شاردەوە، هێندەمان زانی تەواوێک دوور لە ئێمە کۆپتەرێک نیشت، وەی وەی! یەک دنیـا سـەربازی ڕژاندە گـۆڕێ، لەولاتر ئەویدیش نیـشت، لەویش سـەرباز وەک زەنگەزۆرە بە چیا وەر بوون، من هەتا ئەو دەم نەمزانیبوو، کۆپتەر جێگەی ئەو هەموو سـەربازەی لێ دەبێتەوە، ئیدی سـەرباز هەمـوو لایەکیـان لێ گرتین، بزنەڕێیـەکیش نەمـایەوە بۆ دەرچوون، دەتگوت دەزانن ئێـمـە لە کـوێین، بە دەورەمـاندا بازنـەیان بەست، دوور نەبوون، بێ دووربین بە ڕوونـی لێمان دیار بوون، لە هـەمـوو لایەکیشـەوە هێواش هێواش دەهاتنە پێش، چ چارمـان نەما لە شوێنێکی زۆر عاسێ سـەنگەرمان گرت، شـێخ گۆتی: نەتهێشت بیکوژین! گۆتم: بڕوا ناکەم ئەو پیاوە بە هیچ شـێوەیەک دەسـتی لەوەدا هەبێت، نا، هـەر ئـاگاشی لێ نییە.... تەواو نزیک بوونەوە، لە کەلێنی





دەرەختە کورتە بنەکان و تیشە بەردە گەورەکان دیار بوون بە پارێزەوە دەهاتن، زۆری نەبرد تەقە دەستی پێکرد، گۆتمە شێخ تا نەکەوینە خەتەرەوە با تەقە نەکەین، گۆتی: باشە وا دەکەین، ئاگاداربە گوللە بە خەسار نەدەیت... کار لە کار ترازا، خەریک بوو بکەوینە بن دەست و پێی سەربازانەوە، شێخ گۆتی: بکوژە، کوشتی، کوشتم.. هەر سەرباز بوو پشتاوپشت، زگاوزگ، سەراوسەر، قووناو قوون، بە عەردی دەکەوت و تفەنگ بێ دەست دەمایەوە، بە چەندان زمان گوێم لە هاواری سەربازان بوو، جێی ئێمە گەلێک عاسێ بوو، لە چیا و چۆلان هەندێک جێگە هەیە، خواوەند بە تایبەتی بۆ جەنگاوەری دروست کردووە، تا بێ خەم شەڕی لێ بکات، ئەو جێگەیەی ئێمە بۆ شەڕ هەڵمان بژارد، جێگەیەک بوو لەو جێگایانەی دەگمەن بوون.. بە دڵی خۆمان تەقەمان دەکرد، خەمی بڕانی فیشەکمان نەبوو، تفەنگ و فیشەکی چەندان سەرباز لە بن دەستمان بوو، سەرباز هەر دەهاتن نازانم چەند کۆپتەر سەربازیان ڕوودەکرد، هەر سەرباز بوو دەڕژایە چیا و لە چیاوەش بەرەو مەرگ، مەگەر خوا بزانێت ئەو دەمەو عەسرە چەند سەرباز کوژراوە، ئەو شێخە سەرباز کوژە، بە دوو تفەنگان بە دوو دەستان شەڕی دەکرد

– ئۆی! ئەتو باسی ئەو شەڕە دەکەیت کە ئێستگەی مۆنتیکارلۆ زۆر باسی دەکرد، چما ئەو شەڕە تۆ و شێخ شوان کردتان؟

– ئا من لەگەڵ بووم، بەس شێخ دەوری سەرەکی بینی، ئەو سەربازانەی بە دەستی شێخ شوان کوژران لەو شەڕەدا، ئەگەر جێگەی هەمووان بەهەشت بێت، هەتا دۆزەخ دۆزەخە شێخ شوان دەبێت هەر لە دۆزەخ بمێنێتەوە، بەڵام من زوو زۆر زووتر لە شێخ دۆزەخ بەجێ دێڵم، ئێ، سەرباز شکانێک شکان، هەڵاتنێ هەڵاتن، مەپرسە، دەستیان بۆ کۆپتەر ڕادەشەقاند، کۆپتەر بۆی ڕانەدەگرتن، ڕۆژ لەسەر ئاوابوون بوو، مەترسیمان لەسەر نەما لە ناو تەرمان خۆمان کۆدەکردەوە بۆ ڕۆیشتن، هێندەمان زانی لە ئاسمانەوە شتەک لە نێوان من و شێخ زرمەی هات، بەینی من ئەو تەواوێک بوو، خۆم بە عەردی دادا، دیتم دووکەڵێکی سپی بەرز بۆوە، بۆنیش هات هەستامەوە من کە لە لای سەرەوە بووم سەرەو بەرزایی غارم دا، شێخیش بەرەو نشێوی قوچاندی، من بۆنی سێوم دەکرد، شێخ بانگی کردم، لەو سەرەوە یەکترمان گرتەوە،

برۆ، برۆ.. شـێخ نەرم نـەرم دەکـۆخی، ئاویش لە چاوی دەهات.. هـێندەم زانی شـێخ هاواری کرد:

کوڕە دەستم بگرە، چاوم هیچ نابینێ...

بە هەر حـاڵ گـەیشتینێ... دکتـۆرێک لەوێ بوو لەمێژ نەبوو لە مۆسکۆ گـەڕابۆوە، تەماشای چاوی کرد.. گۆتی چاوی تۆ بەس لە مۆسکۆ چا دەبتەوە.. چەند ڕۆژێک من و شێخ لـەوێ ماینەوە.. پێیانگۆت دەتنێرینە مۆسکۆ.. شێخ بە ئاستەم شتی دەدیت، هێلکەو پیـازت لە بەر دەم دانابا، بە چاو لێکدی جـیـا نـەدەکـردنەوە.... من دەبوو بچمەوە بالیسان، خەبەر هاتبوو دایکم دێتە ئەوێ.. ماڵئاواییم لە شێخ کرد و دوعای چاکبوونەوەم بۆی خواست و پێمگۆت کاتێ بـە چاکبوونەوەوە لە مۆسکۆ هاتییەوە، شـووشـەک ڤـۆدگـای ڕووسـیم بۆ بێنـە..گـۆتی هـا جـارێ ئـەو ڕادیۆیەت بدەمێ من پێویستم پێی نییە.. لێم وەرگـرت، ئەو ڕادیۆیەی دامـە ناسک و ئـەنفـال بردی.. لە سـاتەکـانی مـاڵئـاواییش شـێخ گلەیی ئـەوەی لە من هەبوو کـە نەمـهێشت ئەولیـای چەلەبی بکوژێت، دەیگۆت ئەگـەر ئەو سـەگبـابە چاو مـۆنەم بە قـوربانـی یەک گـوللە بکردایە، تووشی ئەو بەڵایە دەبووین! چاوەکانم لە دەست دەدا! شێخ دڵنیا بوو لەوەی ئەولیـای چەلەبی جاسـووسی لەسـەر ئێمـە کردووە، دەیگوت دڵنیـام کۆڵەپشـتەکەی ئامێری بێتەلی تێدابووە، قسەی لەگەڵ کۆپتەرەکان کردووە و جێگەی ئێمەی نیشان داون، منیش وەک شێخ دڵنیا بووم، بەڵام دڵنیایی من پێچەوانەی ئەو، من چ ئەو دەم چ دواییش چەندی لـەو پیاوە وردبوومـەوە و ورد دەبمەوە، پیـاوی جاسـووسی نییـە و ئەو ئیشە لەو ناوەشێتەوە، ئیدی هەتا لێکیش جیا بووینەوە، هەردووکمان لە دڵنیایی خـۆمـان لە بارەی ئەولیـای چەلەبییـەوە دڵنیا بووین... من ماوەیەکی زۆر چاوەڕێی شێخم دەکرد بە شـووشـەیەک ڤۆدگاوە بگەڕێتەوە... ڕۆژێک بیستم شێخ شوان لە بەغدایە.. کوڕە کـوو! گۆتیان وەڵڵا لە باتی بۆ مـۆسکۆی بنێرن ناردیتـیانە بەغدا.. ئیدی نازانم چی بەسەرهاتووە!

– ئەوە بەڕاستتە ئەتوو!

– چۆنی دەگێڕمەوە ئەوهایە.

– بڕوا ناکەم بەسەر دنیاوە مابێ.. خۆزگە دڵیم نەدەشکاند..





– بۆ دڵیت شکاندووە!

– ئا وەک شووشەی ڤۆدگا شکاندم.

– حەز دەکەم گوێم لە زرینگانەوەی ئەو شکانە بێت.

– ئەو کـوڕە لـە بەلاش نەهاتە خـەونم، شـتـێکی خـراپی بە سـەر هاتووە.. من کـە سەیرم دەکرد وام دەزانی لە پێش وێنەکەی مەسیح وەستاوم.

– وایە هەندێ لە کچانی عەنکاوە بە شوان مـەسیح بانگیان دەکرد... دیارە حەز ناکەیت قسە لە دڵشکانەکەی بکەیت؟

– با باسی دەکـەم، لە بەر تۆ نا لەبەر خـۆم، بۆ کـەسێکی باس نەکـەم دڵم شـەق دەبا... با ئەو کەسە تۆ بیت... ڕۆژ و شەوەکەی کۆرست لە بیرە؟

– باشم لە بیرە، ئەو شـەو و ڕۆژەی کە لە شـەوی پێشتری ئیسرائیل خیانەتی لێ کردین.

– ڕادیۆ درۆزنەکـەی گـوتی بەڕێکەون، هـەتا سێ ڕۆژیدی، ئاسـمـان ڕێ نادا یەک پەڵە هەوری توخن بکەوێ... کەچی ئەو شەو و ڕۆژە هەرچی هەوری سـاڵان هەیە لە ئاسمانێ خڕبوونەوە و بارانی حەفت ساڵان بە سەر ئێمەو کۆرسدا ڕژا.. ئەوە بوو، هەرچۆنێ بوو بە ڕێیە عاسێیەکە هەڵگەڕاین، هێستـرە جوانەکانمان بە هێسـترە بۆزیشەوە لەبەر غەزەبی ئاسمان بە جێ هێشت و خۆمان گەیاندە ئەشکەوتەکە.

– ئەو ئەشکەوتەی وا بزانم بۆ یەکەم جار بوو، مرۆڤ ببینێ!

– ئا.. لە بیرتە چ ئاگرەکی گەورەمان کردەوە و زوو زوو وشک بووینەوە و خەومان هات، وا بزانم ئـەو شـەوە یەکـەم شـەو بوو لە ژیانی مـە، بەبێ ئێشکگر بنووین، وا بزانم تاقە شەویش بوو پێش نووستن، شمشاڵەکەی تۆ دەنگی لێوە نەهاتبێ؟!

– وا بوو گـوتیـان نەک هەر جـاش و عـەسکـەر ڕێیـان بێرە نەکـەوتووە و ناکـەوێ، پێشمەرگەش لە تەمەنی خۆی نەگەیشتووەتە ئێرە، وایە ئەو شەوە شمشاڵیش ماندوو بوو..

– ئا، ئەوە بوو هـەمـوومـان وەک ئـەو شـتـەی بە هەڵەبجـە ناوی ڕۆیشـتـووە، پەلەواژ بووینەوە و خەوتین...

– ئێ خەوتین!

– بە ڕێکەوت من و شێخ شوان کەمێک لێکدی نزیک پاڵکەوتین، پێش نووستن ئەو لێک نزیکییەم لە بیرە...–خەوتبووم.. هەستم کرد دەستێ لەسەر سینگمە و لە دووی شتێک دەگەڕێ ها ها.. چاوم کردەوە دەبینم شێخ شوانە.. زۆر تووڕە بووم.. بە هەموو هێزی خۆم، وا بزانم لەبەر ماندوویێتیش هێزم تیا نەمابوو، ئا مستەکم لە سینگی دا... یەکسەر بە خشپە جێی خۆی گۆڕی و دوورکەوتەوە...

– بۆ ڕۆژەکەی ئەوە نەبوو لە ئەشکەوتە ئاسمانییەکە هاتینە خوارەوە و هێسترەکانمان بە بارەوە دیتەوە، دیار بوو هێسترەکان زۆر لە ئێمە بە وەفاتربوون، لە جێگەی خۆیانەوە چاوەڕێی هاتنەوەی ئێمەیان دەکرد... شێخ زۆر بە شەرمەوە هاتە لام و زۆر داوای لێبووردنی کرد کە هەڵەیەکی شەوانەی کردووە، دەیگوت بڕوا بکە خۆشم ئاگام لێ نەبوو چۆن ئەو هەڵەیەم کرد.. دەیگوت بڕوا بکە لە تەمەنی خۆم بێ خواستی خۆی دەستم بە هیچ کچێک نەکەوتووە... من لەو زیاتر داوای لێبووردنم لێی کرد، نەدەبوو ئەو مستەم لێبدایە، ڕاستە بێ ئیزن وەرگرتن ئەوەی لەگەڵ من کرد، کە لای من جێگەی قبووڵکردن نییە و هەرگیز بێدەنگ نابم لە کاری ئەوها، بەڵام نەشدەبوو، وا توند بام لەگەڵیدا، بە هەر حاڵ تازە ڕۆیشت.. من ئێستاش کە ئەو مستەم بیر دەکەوێتەوە، ڕقم لە دەستی خۆم دەبێتەوە، شێخ شوان کوڕێکی گەلێک نازدار بوو، من دواتر هەستم بە نازداریی ئەو کوڕە کرد...– دوای ئەوەی ئەو قسانەمان کرد... نازانم ئەتو ئەو کات ئاگات لەوە بوو کە من و شێخ بە جووت دەڕۆیشتین یان نا؟

– نا ئەو وێنەیەم لە چاو نەماوە.

– ئێ... ئیدی لەوە بە دوا من چەندێ دەمویست لەو کوڕە نزیک ببمەوە و قسەی لەگەڵ بکەم ئەو هەر خۆی دوور دەخستەوە، خۆ دوورخستنەوەکەیشی دیار بوو لە شەرمەوەیە، چەندێ دەمویست ئاسایی بێتەوە ئەو ئاسایی نەدەکردەوە، چەندێ دەمویست، تەماشاکردنی ئاساییش تەماشام بکات، ئێستاو ئێستا نەمدیت بە تیچاویش تەماشام بکات، جاری وا هەبووە بە ئەنقەست لە کاتی نانخواردنێ ڕێک لە پێش ئەو دانیشتوومە، بەس بۆ ئەوەی ساتێ بمخاتە چاوییەوە، تەواو لە ئاست من





چاوی خۆی داخستبوو نەیدەکردەوە، وا ڕێککەوتووە پێکەوە هێسترێکمان بار کردووە، بە مەبەست ویستوومە پەنجەم بەر پەنجەی بکەوێ ئەوەش هەر بۆ شکاندنی شەرم لە ئاشتبوونەوە نەک بە نیازێکی دی، زوو دەستی خۆی دوورخستووەتەوە و وەک ئەوەی نەهێڵێ دەزنوێژی بشکێ... بەفر و باران بوو، لە ڕێی چیای شیرین بووین، ڕووبارێکی گچکە هاتە ڕێمان بە ڕێکەوت من لە دووی شێخ دەڕۆشتم، ئەو تازە پەڕیبۆوە کە من گەیشتمێ، بە ئەنقەست گۆتم من ناوێرم بپەڕمەوە، ئاوڕی دایەوە بێ ئەوەی سەیری دەموچاوم بکات... پێم گۆت دەکرێ یارمەتیم بدەی لە پەڕینەوە؟ هەندێک داما.. دیتم دارەکی درێژی هێنا، بەسەر ئاوەکەدا بۆی ڕەوان کردم و گوتی توند بیگرە، وام کرد.. من دەستی ئەوم دەویست نەک دار، ئەوەشم هەر بۆ ئاشتبوونەوە بوو، هیچی دی نا... ناهەقی نەبوو، ئەو مستەی من لێم دا، سووکایەتییەک بوو، لەوانەیە لە تەمەنی خۆی سووکایەتی ئەوهای پێ نەکرابێت.

– ئاخر ئەویش سووکایەتی بە تۆ نەکرد!!

– نا، ڕەنگە هی ئەو لە بێئاگاییەوە بووبێ، هەتا لە ئاگاییشەوە بووبێ، نەدەبوو کاردانەوەی من بەو شێوەیە با کە بوو، دەکرا بە شێوازێکی جوان تێی بگەیەنم من ئەو کچە نیم کە تۆ لەو ئەشکەوتەدا لە دووی دەگەڕێی، بۆ ئەو تێگەیاندنە زۆر شێوازی نەرم و جوان هەیە، بەڵام من ئەو کات نەمدیتنەوە....

– ئێ، هەوڵەکانی ئاشتبوونەوە وەستان؟

– زۆرم هەوڵدا ئاشتی بکەمەوە، بەڵام هەمووی وەک هەوڵەکانمان لەگەڵ ئایشەگوڵ شکستیان هێنا.. دوا هەوڵ کە باش لە بیرمە و دوای ئەوە ئیدی شێخم نەدیتەوە، جێییەک هەیە ناوزەنگی دەڵێنێ، ئەتوش بینیوتە، شەوێکی هاوینیی فێنک بوو، چوار پێنج کەسێ بووین، وەڵڵا وابزانم تۆش لەگەڵمان بووی!

– ئەو شەوەی ویسکی و بیرەمان خواردەوە؟

– دەمخۆش!.. نازانم ئاگات لەوە بوو یان نا، من بە دزییەوە ناوە ناوە پێکی خۆشم دەکردە پێکی شێخەوە، بۆ ئەوەی تەواو مەست بێ و لە مەستبووندا ئاشت بێتەوە

– مەزەشمان هەنار بوو، هەناری سوور سوور.

– کووت لە بیرە!

– قەت لە بیرم ناچێتەوە.

– ڕەنگە بۆ تۆ شەوێکی خۆش بووبێ!!

– بەڵام من هیچ هەستم بەوە نەکردبوو ناخۆشییەک لە نێوانتاندا هەبووبێ، تا ئاشتبوونەوەی بوێ.

– نا لە سەرەوە لە بەر چاوان هیچ لە گۆڕێ نەبوو، ئاسایی قسەمان پێکەوە کردووە، کەس هێمای گرژییەکی لە نێوان من و شێخ نەدیتووە، بەڵام کەسیش نەیدیتووە بۆ چرکەیەکیش چاوی شێخ لەسەر من بێ، کەس نەیدیتووە دەستی شێخ بە نیازی تەوقەکردن، بە هیچ نیازێ، بەرەو دەستی من جوولەیەک بکات

– ئەوە نازانم..

– ئێ، هەستم کرد شێخ تەواو مەستبووە، کاتێ بە نیازی دەست بە ئاوگەیاندن هەڵدەستاوە، پێی تێکدەئاڵاو لەنگەری نەدەما... وا بزانم هەمووتان تەواو مەست ببوون جگە لە من.. مەستبوونێ لەو مانگەشەوە ڕووناکەدا ساتمەتان لە یەکتر دەکرد، منیشتان نەدەدیت ها ها ها.. کەمێ دوور لە کەپرەکە شێخ شوانم گرت کە بۆ میزکردن لەوێ بوو، گرتم بە دەستم قۆڵەکانیم گرت و گوتم سەیرم بکە، سەری داخست.. گوتم قسە بکە، نوتقی لە خۆی بڕی.. گوتم بۆچی هێندەت خواردەوە خراپ تێکچووی، گوتی تا قۆڵم بەر نەدەی هیچ قسەیەک ناکەم.. بەرمدا.. گوتم، ئێ بۆ هێندەت خواردەوە؟ گوتی دیتم کەسێ پێکی خۆی لە پێکی من دەکرد بەس نەمزانی کێ بوو! لەو قسەیەی سووکایەتیم خوێندەوە، سووکایەتی بە خۆم، بەڵام بەسەر خۆم نەهێنا.. گوتم بەس پێمبڵێ بۆ سەیری من ناکەیت هیچم لە تۆ ناوێت، گوتی ناتوانم تکات لێ دەکەم لێ مگەڕێ.. گوتم بەس لەگەڵم ئاشت بەوە، چیت لێم دەوێ بۆت دەکەم.. گوتی: من بە هیچ شێوەیەک لە تۆ تووڕە نیم تا پێویست بە ئاشتبوونەوە بکات، من لە خۆم تووڕەم، هەڵەیەکم بەرانبەر تۆ کردووە، ڕاستکردنەوەی بۆ نییە، ئەو هەڵەیە خۆمی لە خۆم تووڕە کردووە، ئەو دووە ئاشت نابنەوە، لەم بارەیەوە تۆ ناتوانی هیچ بکەیت، تکات لێ دەکەم، خوشکی گەورەم تکات لێدەکەم وازم لێ بێنە،





تۆ لای من زۆر پیرۆزی، پیرۆزییەک ناکرێ نە تەماشای بکرێ، نە دەستی لێ بدرێ... چەندی لەگەڵی پێداچووم و داوای لێبووردنم لێ کرد بەلاش بوو... بە ناچاری وازم لێی هێنا...

من دەبێت سەردانێکی ئەو شەوە کەپرییە بکەم، ئەو شەوە مەستییەی فاتیمەی بە دڵشکاوی هێشتەوە.. لەو شەوەدا، فاتیمە دڵی منی هەنجن هەنجن کرد، ئەو شەوەی لە هەڵدانی هەر پێکێ، پشکۆی ئاگری بەر دەدایە دڵمەوە، ئەو شەوە فاتیمە بە سووتان منی سووتان.. خۆ ئێستا یەخەی ناگرم و پێی بڵێم بۆ وات کرد بۆ... ئەو شەوە من جگە لە ڕووی فاتیمە، کەسی دیم نەدەدیت... ڕوومەتەکانی فاتیمە لە دنکە هەنارەکان سوورتر دەچوونەوە، لێوەکانیشی سوورتر... ئەو شەوە هێندەی سەیری ڕووی فاتیمەم کردووە، سەیری کەسم نەکردووە، هەرچی تەماشای من هەیە بۆ ژن کۆی کەمەوە، بە قەد تەماشای ئەو شەوە نابێت کە بۆ فاتیمەم هەڵخست.. بەڵام فاتیمە وەک ئەوەی من هەر لەو کەپرەش نەبووبم، وا خۆی نیشان دەدا... من ڕێک ڕووبەڕووی فاتیمە دانیشتبووم، نێوانمان لە دوورایی دوو هەناسە پتر نەبوو، ئەگەر فاتیمە دڵی نەشکاندبام، دەمتوانی بە فووێ، فووێکی پڕ لە نمەی عەشق، پرچی تازە کراوەی فاتیمە بخەمە سەمای عەشقەوە... ئای تامەزرۆ بووم بۆ ماچێکی لێوی فاتیمە.. لە حەزی لێوەکانییەوە، من دنکە هەنارە سوورەکانم دەخستە لێومەوە و تێر تێر دەممژین تا دوا تەڕایی دەممژین.... بەڵام فاتیمە خوشکانە دەیڕوانییە من، نا بڕوا ناکەم فاتیمە هەستی بەوە کردبێ شەوێ لە شەوان دڵی منی شکاندبێ... نا پێی ناڵێم تۆش ئەو شەوە دڵی منت شکاند و داوای لێبووردنیشت لێم نەکرد.... نا وا ناکەم وا ناڵێم، با فاتیمە هەر بەو جوانییەی ئێستا لە چاوی من بمێنێتەوە، دڵم دەڵێ فاتیمە لە جوانیی خوشکایەتییەوە بچێتە هەر جوانییەکی دیکەوە، ڕەنگە پەشیمانی دامبگرێ و لەو جوانییە بێ بەش بم کە ئێستا لە فاتیمەدا دەیبینم و مەستم دەکات....

– ئێ، چیدی؟

چیدی چی! من بێ ئاگایی فاتیمە چوومە سەردانی کەپری دڵشکاندن.. فاتیمەی قەندیلی هۆن هۆن فرمێسکی دەڕژان و توانای قسەکردنی نەما، ڕەنگە قسەشی پێ





نەمابووبێ، یان ئەوەی بە قسە نەیتوانی بیکات بە فرمێسک دەری بڕی و تێی گەیاندم.. دیتم پیاوە داغستانییەکە لێمان نزیک بۆوە:

– ئەو کچە جوانە بۆ دەگرییێ؟

– گریانێکی ئاساییە، وەک گریانی هەر یەکێک لە ئێمە.

– نا ئەو گریانە جیایە، بە ناوی من پێی بڵێ تکای لێ دەکەم، با نەگرییێ، من لە ئاست گریانی ئەو کچە ناتوانم خۆم ڕابگرم، گریانی ئایشەگوڵ هێندە کاری تێ نەکردم، پێی بڵێ ئەو گریانە دەمسووتێنێ..

دیتم فرمێسک دڵۆپ دڵۆپ لە چاوەکانی پیاوە داغستانییەکەوە ڕوون ڕوون بە سەر سمێڵە زەردبووەکانی دەهاتنە خوارەوە... فاتیمە تێگەیشت پیاوە داغستانییەکە تکای وەستانی گریانی لێ دەکات.. دەبینم فاتیمە بە دەستە ناسکەکانی فرمێسکە ناسکەکانی دەسڕێتەوە.. ئەوەتا چاوەکانی فاتیمە بێ فرمێسکن.. بەڵام پیاوە داغستانییەکە نایبڕێتەوە.. وەک ئەوەی فرمێسکی فاتیمە بەر چاوی گرتبێ و فاتیمەی دوای گریان نەبینێ... ئەوانی دیش لێمان نزیک کەوتنەوە... لە گریان و فرمێسکی پیاوە داغستانییەکە خڕبوونەوە، ڕووی پرسیاریان لە من کرد:

– ها چ بووە پیاوە داغستانییەکە بۆ وا بە کوڵ دەگرییێ؟

– چ نییە گریانێکی ئاساییە، وەک هەر گریانێکی قەندیلی.

– نا وا نییە، ئەو فرمێسکانە لە گریانی ئاساییەوە بەرنابنەوە.

فاتیمە دەستەکانی خستە سەر شانی پیاوە داغستانییەکە، تکای هێور بوونەوەی لێ کرد، تکای لێ کرد با گریان بەس بێت.. پیاوە داغستانییەکە لە تکای فاتیمە گەیشت.. گریان دەنگی نەما، بەڵام ڕێ لە فرمێسک نەگیرا، فاتیمە چەندی کردی نەیتوانی چاوەکانی ئەو پیاوە گریاوە لە فرمێسک چک بکات.. سەردەستەی مراوی بە بنە مەتارەیەکی پڕ لە چا وە گەیشتە پیاوە داغستانییەکە، لێی وەرگرت، دەستی بە گێڕانەوەی نوکتەی بەختیاریی کرد.. دیتم وردە وردە چاوەکانی پیاوە داغستانییەکە بەرەو چکبوونەوە دەچوون.. سەردەستەی مراوی نەبا، کەس کەس بەری ئەو جۆگەلەیەی پێ نەدەگیرا کە لە چاوی پیاوە داغستانییەکەوە سەری

کردبوو.... پۆلا بانگی فاتیمەی کرد، بە ئاستەم گوێم لێ بوو پێی گوت:

تکایە ئەگەر ئەوجارە گریای بە تەنیا بگری، با کەس فرمێسکەکانت نەبینێ، گریانی تۆ لە گریانی ئایشەگوڵ وێرانترە...

من تێگەیشتم فاتیمە بۆچی گریا، تێگەیشتم بۆچی لەگەڵ فاتیمەدا فرمێسکم هەڵدەوەراند، بەڵام ئێستاش لە گریانی پیاوە داغستانییەکە تێنەگەیشتم..

فاتیمە تێر تێر گریابوو، لە چاوە بارانییەکانییەوە دیجلەیێ فرمێسکی هەڵبەستبوو، تا حەفت ساڵی دی و حەفت وەرزی گریانی دیکەش ڕووی تێ بکەن و بە هەنسکان دەوری بدەن، دڵۆپێ فرمێسک بۆ دابارین شک نابات.. هەرچی ناسۆریی دنیایێ هەیە، هەرچی کاری کردە و نەکردەی پەشیمانی هەیە، لە چاوە ڕووبارییەکانییەوە، بەریدابوونە سەر بەفری قەندیلێ.. فاتیمەی دوای گریان، فاتیمەیەکە بێ ئاخ و ئۆف بێ هەڵکێشانی هەناسەی سارد.. فاتیمەیەک بوو لە فاتیمەی پێش گریان تەواو جیا، وەک جیایی منی بێ شمشماڵ و منی ئەو ساتانەی شمشاڵم دەژەند... ئەو فرمێسکانەی لە گریانی ئایشەگوڵەوە بە چاوی فاتیمەدا ورد ورد هاتنە خوارێ، سەرەتایەکی تەڕی بوون بۆ ئەو فرمێسکانەی لە گێڕانەوەی سەرهاتێک بە خوڕ دەبارین و لێی نەدەکردەوە و سەریان کرد و نەدەوەستان... من تا لە چاوی فاتیمەوە ڕیزە فرمێسکم نەدی، نەمدەزانی ژن جێگەی هێندە فرمێسکەی تێدا دەبێتەوە، بووکەکەی پیری شالیاریش هێندە فرمێسکەی نەڕژاندە قەندیلەوە... فاتیمە کەفوکوڵی دڵی خۆی لە ڕێی فرمێسکەوە دامرکاند، تەماشای دەکەم ئاسوودە دیارە.... بەڵام من هەست دەکەم، سەرەتامە بۆ گریان، هێندە پڕم، فرمێسک بەتاڵم ناکاتەوە... پڕیی من بەس لە هەورەوە نییە، زریانێ لە من گێژ دەدا، ڕەشەبایێ لوورەی دێ.. من دەبێت بە تەنێ لە چاوەوە نا، لە پەنجەکانیشمەوە خۆم بە بەتاڵ بکەمەوە... ئەی ئەو فریشتەی لە کونی شمشاڵەوە دەنگت دەنگ دەداتەوە، دەرەنگە و بگە ئەوێ، منداڵانە بە گوێی ئایشەگوڵدا بچرپێنە: هەتا زووە شمشاڵێ بگەیەنە قەندیل، بە بیری بێنەوە، کە دەیگوت بە منی دەگوت: ئەو بەرەبەیانییانەی لەوێوە، لە هەر کوێیەک و لە هەر کێوێکەوە، فوو بە شمشاڵدا دەکەیت، من لە کۆڵانەکانی (بەفری قەندی)یەوە، لە ناو درەختە پرچنە چۆلەکەگرەکان، ئاوازەکان دەبیستم و







پێیان دەشنێمەوە..... فریشتەی هەمیشە لە ناو شمشاڵ، سۆراخێکی خارە خولەم بۆ بکە، لە هەر کوێیە بیبینەو پێیبڵێ: پیاوە شمشاڵژەنەکە لە قەندیلە و لە بێ شمشاڵی هەناسەی چلوورەی گرتووە، دەی فریشتە، بەس هەواڵی بدێ، ئەو لە خدری زیندە سووکتر دەفڕێ، هەر ئێستا بە شمشاڵەوە دەگاتە ئێرە، ئەو پیاوەی هەر کاتێ گوێی لە دەنگی شمشاڵ دەبوو، پڕ بە گەروو هاواری دەکرد: تەقە ڕاگرن، شەڕ حەرامە.. دەیگوت ئەو ساتانەی دەنگی شمشاڵ دێ، هەر کەسێ تەقە ڕانەگرێ، ژن بێت یان پیاو، بێ یەکو دوو هەر سێ تەڵاقی دەکەوێ، بەس دەیانگۆ: کوڕی ئاگری گۆتیتی:

من کە کەوتمە گەرمەی شەڕ و دەستم بە کوشتنی جاش و عەسکەران کرد، شمشاڵ ناتوانێت دەستم بگرێت، نەک سێ، سێسەد تەڵاقیشم بکەوێت، تا گوللەیەکم هەبێت هەر شەڕ دەکەم....

ئەی فریشتەی بەژن و باڵا شمشاڵی، ئەگەر ئایشەگوڵ و خارە خولەش نابینییەوە، برۆ خزمەتی مەستوورە و ژنانە پێی بڵێ: ئەو پیاوەی شمشاڵ بە تۆی ئاشناکرد و پێکەوە چەند ساتێ سواری جۆلانەی با بوون، بڵێ بە بەر چاوی خۆیەوە، ئەنفال شمشاڵەکەی شکاند و باڵی یەکە یەکە ئاوازەکانی بەست و بردنی، فریشتە، پێی بڵێ بە مەستوورە بڵێ: ئەگەر خۆیشی کاتی نییە و ناگاتە قەندیل، بە کوڕە ئاگرییەکەدا شمشاڵێ بنێرێ.. کوڕی ئاگری دەیهێنێ، لە چاوترووکانێ دەیهێنێ، بەس لە شەڕێدا نەبێت دەیهێنێت، دەزانێ سەربەندی شمشاڵ (مەستوورەی مەستان)ە... فریشتەی عەشقە شمشاڵ، تەنێ شمشاڵم لە تۆ دەوێ.. بە شمشاڵ نەبێ بەتاڵ نابمەوە، پڕم لە زریان و ڕەشەبا.. پەنجەکانم سەرڕێژن لە ئاوازی باڵ بەستراوی فاتیمەیی.. ئەو ئاوازانەی هی فاتیمەن، دەبێت بیانبیستێ، لە کونەکانی شمشاڵەوە نەبێ هەرگیز نایانبیستێ، من تەنێ بە زمانی شمشاڵ دەتوانم بێ شەرم بدوێم، دەتوانم وەک چۆن بۆ مەهناز خۆم ڕووت بکەمەوە، ڕووتتر لەوە قسە لە شەرم ڕووت بکەمەوە و فاتیمەش بێ شەرم بمبیستێ.. تەنها لە کونی شمشاڵەوە دەوێرم بە فاتیمە بڵێم، تۆ دڵی منیشت شکاندووە، بۆ ئاشتم ناکەیتەوە! بە شمشاڵ بە فاتیمە دەڵێم: خۆتم پێ بناسێنە، من تۆ ناناسم، تکایە ڕاست و ڕەوان خۆت ئاشکرا بکە، با بزانم تۆ

خوشکمی یان نا، تۆ دەزگیرانمی، دایکمی، کچمی! تۆ چی منی؟! نا وازی لێناهێنم، زمانی شمشاڵ زمانێکە، یەک وشەی درۆ چییە، لە خۆی جێ ناکاتەوە، کە بە زمانی شمشاڵ پرسیارم لە فاتیمە کرد، ناچارە وەڵامی ڕاست بێژێ...





«دەبێت بیبینمەوە، ئایشەگوڵ لە خۆڕا قسە ناکات، لە تەمەنی خۆی درۆی بە زاریدا نەهاتووە، لە زیندانەکانی ئەنفالیش بۆ ڕزگار بوونی گیانی خۆیشی درۆی نەکردووە، نا لەوێش درۆی نەکردووە، ئەگەر پرسیارێکی بە دڵ نەبووبێ، ئەگەر پرسیارێک وەڵامەکەی ترسناک بووبێ، بێدەنگ بووە، لە بەرد بێدەنگتر، هەرچی قامچی ئەنفال هەبووە بە گەڕ خراوە، لەسەر جەستەی ئایشەگوڵ زۆر کەس دیتوویانە قامچی بە قامچی کەوتووە، کەچی ئایشەگوڵ کە بڕیاری بە بەردبوونی خۆی داوە، هەر بە بەردی ماوەتەوە و زاری ئەنفالی تەڕ نەکردووە... ئەو ئایشەگوڵە ئەنفالی لێ دەرچێ، کەس کەسی دەسخەرۆ نەکردووە... من باشی دەناسم، دایکم باشی دەناسێ، بە جحێڵی دەستە خوشک بوون، ماڵیان لە کۆڵانێک دەرگا بە دەرگاوە.. لە دایکمم بیستووە، لە دنیایێ بەس یەک کەس هەڵە ناکات، یەک کەس درۆ ناکات، ئەویش ئایشەگوڵە... ئا دەگەڕێم و دەیبینمەوە...» ئەوە برادەرەکەی گیڤارا قسان دەکاو گوێ بە قسەی کەسیش نادا، لە ناو ئەو بەفرەدا وەها گەرم بووە، زریانیش ساردی ناکاتەوە..

– واز بێنە خۆ لەو هەموو بەفرە مەدە، گووی گەمان نییە، بە هەزار پیاوی چوار شانەش هەڵنادرێتەوە..

– کوڕە واز بێنە، هەموو تەمەنتیشی لێ خەرج بکەیت، لە بن ئەو بەفرە هەر بەفر دەبینییەوە و ناگەیە چیدی..

– واز بێنە جارێ بەشی گەرمبوونەوە ئاگر ماوە، دوایی کوا چ چالاّیی دیارە، بەفر چالاّییەکی لەو قەندیلە هێشتووەتەوە!

– بە من ناڵێی کوو دڵنیای ئەو ژنە ئایشەگوڵ بوو؟

– ئێ با ئایشەگوڵیش بێ، ئەو دنیایەک قسەی هەڵبزڕکاند، کۆلکە داریش قسە هەڵبزڕکان بوو..

برادەرەکەی گیڤارا وەک شێری تووڕە لێمان مووڕ بۆوە، کەس ئەو پیاوەی بەو تووڕەییە نەدیتبوو، بە بێ دەنگی بەفری بڕی، پشت لە ئێمە و ڕوو لەوێ... پۆڵا بە دوویدا چوو:

– ڕاوەستە منیش دێم و چالاییەکەش دەناسمەوە.

– ئەو ناعەجووله پۆڵاشی شێت کرد...

«لێیان گەڕێن ئەوانە کەر بوونە، با بە کەرایەتی لە ناو بەفرێ، تەرسی خۆیان گێرە بکەن، هەتا دەتۆپن.. خۆ کەس بە قسەی کەس ناکات، من جاری وا هەبووە، بەرپرسی دووسەد کوڕە حەفتسەد پێشمەرگە بوومە، بە مانگ لە شوێنی سەخت و عاسێ بێ نان و ئاو شەو و ڕۆژمان کردۆتەوە، کەچی یەک دەمەقرێمان تێ نەکەوتووە، یەک پێشمەرگە لە قسەم دەرنەچووە، ئێستا حەفت پێشمەرگەین، پێکنایەین، کەس بە قسەم ناکات، ئێ بابە بە قسەی من ناکەن، گوێ لە وانی دی ڕابگرن... ئەوەتە خۆ دەبینن کو کلکیان لەسەر پشتی نا و تکای کەسیان بە هەند وەرنەگرت، بە خودای ئەوانە عەجەل هەڵی گرتوون، ئاخر ئەو هەمووە بەفرە بە ئێوە هەڵدەدرێتەوە، ڕاوەستە کوو دەکەونە بن بەفرێ و سەگتۆپ دەبن.. نازانم ئەو ئایشەگوڵە ئاخر شەڕە ئەو قسەیەی لۆ کرد! ئاخر قسە نەما باسی کۆلکەداری چاڵی بن بەفرێ دەکەیت! کوڕە کۆلکەداری چی! مەگەر گوو ببیننەوە!....» ئەوە ئیمامەی پساوەیە بە دەم کەفکردنەوە و بێ پسانەوە قسان دەکاو نایبڕێتەوە..

بە چاوێ تەماشای تووڕەیی و بێزاریی ئیمامەی پساوەمان دەکرد و چاوێکیشمان لەسەر ئەو دوو دنکە پساوەیەی تێکەڵاوی بەفر دەبوون و بزر دەبوون، جاروبار بە دیار دەکەوتنەوە... چاو ماندوو بوو، خەوی دەهات... هاتینەوە دیوەخانێ.. بە چای هێلدار، چای ئایشەگوڵێ، خەومان ڕەواندەوە..

– تۆ بە منت نەگوت پۆڵا چی تۆیە؟

– هەموو شتێکمە، هیچیشم نییە

– من توانای مەتەڵ هەڵهێنانم نییە

– تۆ خۆت داوات لە من کرد مەتەڵت بۆ بڵێم!!





– باشە وەڵام مەدەوە.

– وەڵامتم دایەوە.

– ببوورە دەبوو بە زمانی شمشاڵ ئەو پرسیارەم لێت بکردایە.

– ئەها! ئەوە خوایە، بەڵکو ئایشەگوڵ شمشاڵێکت بۆ بێنێ! ئەرێ لە کوێ لێت ون بوو؟

– لە دۆڵەڕەقە لە بای هەڵاتنێ لێم کەوت، ویستم بۆی بگەڕێمەوە و هەڵی بگرمەوە، دیتم ئەنفال گەیشتێ و شکاندی.. ئاوازەکانی قۆڵبەست کرد...

– خەمت نەبێ، ئاوازی چیایی لە هەر کوێیەک بن دێنەوە...

– من خەم بۆ ئاوازە نەگوتراوەکان دەخۆم....

– دیارە زۆرت پێیە بۆ گۆتن!

خوداوەند، شمشاڵێ بێنە، ئەوجا دەزانی چیم هەیە بۆ گۆتن! چ داستانێکی دارستانیم من، بە قەد گەڵا زەرد و سەوزەکانی، باڵندەی وشەم گرتووە و هەڵگرتووە، لە کونی شمشاڵەوە نەبێ کەس جریوەیان نابیستێ، کتێبی من تەنێ لە ڕێی شمشاڵەوە دەخوێندرێتەوە.... من شمشاڵم نەبێ مەهناز بە چی دەمناسێتەوە، بە چی تریفە بە باوکی ئاشنا دەکاتەوە، شمشاڵ نەبێ هەرگیز مەهناز لەبەر تریفە بۆم ڕووت نابێتەوە!.... خۆزی هەر لە ناو ڕەشمالی خێڵان دەمامەوە، خۆزی تا مێردەکەی مەهناز لە شەڕی ئەنفال دەگەڕایەوە، من هەر پیاوە ڕووتەکەی بەر مانگەشەوی ئەوێ دەبووم، خۆزی تا تریفە دەمی دەنا بە مەمکی مەهنازەوە من هەر شمشاڵژەنەکەی زارگەلی دەبووم و وەخت و ناوەخت (لە ناو ڕەشمالی خێلان)م دەژەنی... ئەگەر شمشاڵێکم دەبوو، ڕەنگ بوو پەشیمانی بخەمە دڵی ئەو دوو پیاوەی خەریکن لە بەفرا گۆڕ بۆ خۆیان هەڵدەکەنن، ئەو دوو پیاوەی هەردووکیان موریدی شمشاڵن، یەکیان بۆ هەر پەنجەیێ، بۆ هەر فووێ، بەرز یان نزم، سروودێکی لە زارییە و لە بای شمشاڵێ دەشنێتەوە.. ئەوی دی بێدەنگ بێدەنگ لە ئاوی وەستاو بێدەنگتر، خۆی بۆ شمشاڵ هەڵدەخا و وەک شەکر ئاوازی تێدا دەتوێتەوە و تامی

بێدەنگییەکەی شیرینتر دەبێت، سیمای بێدەنگییەکەی لە جاران جوانتر خۆ دەنوێنێ... ئەگەر شمشاڵم دەبوو، بەو ناوەختە، نەغمەی مەستوورەییم دەرژاندە بای بەفر لێ نیشتووی قەندیلی و با دەیبرد دەیبرد.. مەستوورە لە بیابانی ئەنفالیش دەسبەسەر بێ، لە فێنکایی بەفرەوە نەغمەی شمشاڵی من دەبیستێ، مەستوورە لە بۆسەی براکانیشییەوە هەناسەبڕکێی پێ کەوتبێ، هەڵدەفڕێ و لە ناو جۆلانەی بای شمشاڵ دەنیشێتەوە.... شمشاڵێ خوداوەند شمشاڵێ! با دەنگم بگاتە گوێی ئایشەگوڵ، ئێستا لەوێ لە نێوان دوو گۆڕدا، خەوێکی قووڵ خەوتووە... خەون دەبینێ، لەو خەونەدا کوڕە پارچەلەکەی گەمە لەگەڵ برا بە سەر پێ نەکەوتووەکەیدا دەکات، ئەوەتا خەریکی گاگۆڵێیە، ئەوەتا دەستی دەگرێ و دارە دارەی پێ دەکات... دەبێت ئایشەگوڵ لەو خەوە خۆشە بکەم، ئاگای لێ نییە سەربازەکانی ئەنفال پێ بە پێ لە گۆڕستانەکە نزیک دەکەونەوە.. سەگەکانی ئەنفال، بۆنی ئایشەگوڵیان کردووە، ئەها وا دەچنە پێشێ، ئایشەگوڵ دوورە زۆر دوورە لێم، بەس دەنگی شمشاڵ دەیگاتێ... خەوەکەی زۆر قووڵە، لوورەی ئەنفالیش هێندە ڕۆناچێ، شمشاڵ نەبێ هیچ دەنگێ خەبەری ناکاتەوە.... ئای بۆ شمشاڵێ! هەر من دەزانم کۆستی بووکەکەی پیری شالیار، چ کۆستێکی چڕە، ئەو کۆستە بە شمشاڵ نەبێت نالاوێتەوە.. دەبێت بەو پەنجانەم، شیوەنێ بگێڕم هیچ کام لە خوشکەکانی گاوانی کورد، شیوەنی وایان نەگێڕابێ.. شیوەنێکی شمشاڵیم پێیە من... خارە خولە ئێستا لەوێ سەرگەرمی گەرمە شەڕە، لە کونی تفەنگەوە تەماشای سیمای ژیان دەکات، لە تەقەی تفەنگەوە، دەنگی ژیان دەبیستێ.. پیاوێکی ماندووە، ماندووتر لە شەڕ، دەبێت لە ڕێی هەورەوە گوێی لە دەنگی پەنجەکانی من بێت... با فووێکی درێژ، درێژتر لە شەڕەکان بە شمشاڵدا بکەم و بە هەوردا بینێرم، بەری ئاسمانی شەڕ بگرێ و بەری نەدا، با دەنگی من داباریت بە سەر شەڕگەدا و خارە خولە ڕووت بێتەوە لە واتای شەڕ.. ماندووە، پێویستی بە پشووە، بۆ وەی شەڕ پشوو بدات، دەبێت تا عەیامەکی درێژ هەر فوو بە شمشاڵدا بکەم و با پشوو بدات من پشوو نەدەم... ئەو پەنجانەم چەندی تینووی سینە و بەرۆکی مەهنازن، سەد هێندە تینووی کونە پڕ لە عەشقەکانی شمشاڵن..





– لەوە پتر بەرگەی کەرتبوون ناگرم، بەرگەی پسانەوەی بێ پسانەوە ناگرم... لە وەتەی هەم لە پسانەوەدا پیاسە دەکەم، ئیدی بەسە، پسانەوە بەسە! دەبێت بچین بیانهێنینەوە، ئەگەر نەهاتنەوەش، با ئێمە لایان بمێنینەوە و هەموو پێکەوە بەفر هەڵدەینەوە.....

– ئێ هەر هەڵدەوە! دەگەیتە کوێ؟ دەگەیتە چی؟

– ئێ لێرە دەگەینە چی؟ هەڵدانەوە هەر هەڵدانەوەیە، جا لێرە بێ یاخود لەوێ، بەڵام خۆشترە پێکەوە هەڵدەینەوە..

– باشە خۆت کەر مەکە، لەوان کەرتر، پەلە مەکە، خۆ وازیان لێ ناهێنین، من دەزانم ماندوو دەبن، هۆری هۆری دێنەوە، چاوەڕێ بکە، هەر بزانە ئاشبەتاڵیان لێ کرد و هاتنەوە و دەستیان لە گونی تۆ بوو.

– ئەمن سەردەستەی مراوی بم ئەوانە نایەنەوە، بێ کۆلکە دار نایەنەوە.

– تۆش پێت وایە بە کۆلکەدارەوە دەگەڕێنەوە؟!

– نەمگوتووە بە کۆلکە دارەوە دەگەڕێنەوە، دەڵێم بێ کۆلکە دار ناگەڕێنەوە.

– یانی تەواو لەوێ دەمرن، وا گۆڕ بۆ خۆیان هەڵدەکەنن، ئێمەش بچین گۆڕ بۆ خۆمان هەڵکەنین!!

– گوتم بەرگەی پسانەوەی پتر ناگرم، دەڵێی لە من تێناگەن!!

فاتیمە نەرم نەرم بەرەو سەردەستەی مراوی چوو... خوشکانە لە تەنیشتییەوە ڕاوەستاو دایکانە دەستی خستە سەر شانی و دۆستانە پێی گوت: جوان تێ تدەگەین، هێندە نیگەران مەبە، وایە دەردی پسانەوە گرانە، هەموومان کوشتەی ئەو دەردەین.. خەمت نەبێ بە هەموو تواناوە هەوڵدەدەین، هیچ نەبێ لەوە پتر پەرتەوازە نەبین، لەوە پتر نەپسێینەوە.. وەرە جارێ دانیشین، با هەندێکی دی چاوەڕوان بکەین، ئەگەر نەهاتنەوە، قسەیەکی لێ دەکەین و.......

سەردەستەی مراوی هێور بۆوە، چۆن هێور نابێتەوە! فاتیمە مەیلی لێ بێت، زریانیش هێور دەکاتەوە، سەردەستەی مراوی ڕووی لە من کرد:

دەزانی ئێستا پێویستم بە شمشاڵە، ناکا ئایشەگوڵ بە شمشاڵەوە پەیدا بێت!.....

ئا دێتە بیرم سەردەستەی مراوی یەکێ بوو لە عاشقانی شمشاڵ... لە ساتەکانی تووڕەیی ئەو ساتانەی لە کنە وی پیاوکوشتن ساناتر بوو لە ئاو خواردنەوە، ئەو ساتانەی لە بەرد ڕەقتر خۆی نمایش دەکرد، ئەگەر لەولاوە گوێی لە دەنگی شمشاڵ بوایە، دەبووە پیاوێ لە نەرمی، نەرم نەرم لە ئاو نەرمتر... سەردەستەی مراوی خۆی گێڕایەوە: جارێک پاسەوانیم لە حەفت سەربازی دیل دەکرد، هاوین بوو، لە دەو زێیەک خۆیان دەشوشت و منیش لە دوورایی دوو سێ گوریسەوە وەستابووم، کە بە پێوە دەوەستان دەمدیتن، منیش ناوە ناوە دەمگۆت هەستنەوە، هەڵدەستانەوە، دانیشنەوە، دادەنیشتنەوە.. لۆ وەی بزانم ماون و بە زێدا هەڵنەهاتوون، ئەو سەگبابانە لە خۆشوشتن نەدەبوونەوە و نەدەبوونەوە، چەند جارێک لێم خوڕین سوودی نەبوو، هەر خۆیان دەگنخاند، گۆتم هەبێ نەبێ شتەکیان لە بن سەرییە، ڕەنگە بیانەوێ خۆ بە زێدا بدەن و لە دەستم ڕابکەن.... ئێ، بەلایەکی دی هەندێکی دی لێیان چوومە پێش ئەوان مەنیان لێوە دیار نەبوو، دیتم لە پەنا بەردێک کە نیوەی لە وشکانی بوو نیوەکەی دی لە ناو ئاوێ، یەکێک یەکێکی داوەتە بەرێ، یەک دووەکیشیان بە دەستی خەریکن.. ئێ گەڕامەوە شوێنی خۆم، هاوارم لێیان کرد هەستنەوە، هەر حەفتیان هەستانەوە، دیار بوو ئیشی خۆیان تەواو کردبوو.. پێم گۆتن ئەوە لۆ خەلاس نابن، خەریکی چین؟! دەبینم ئەوەی قووچی کردبۆوە، گۆتی:

خەریکی نوێژکردن بووین..

ئەوە بە زمانی خۆیان وای گۆت.. بە سەری تۆ چاوم چووە پشتی سەرم، گۆتم سەگباب قووندان لە کنە توو نوێژکردنە! بەس نازانم تێم گەیشت یان نا، بە سەری هەردووکمان کلاشینکۆفم لێراکێشان، سوندم لێ خواردن کە وەکو سەگ دەیانتۆپێنم، خاتر ئەڵڵا خاتر ئەڵڵا دەگەیشتە ئاسمانێ، بەڵام نەگەیشتە کنە من و من بڕیاری کۆتاییم دابوو دەبێت بیانکوژم.. ئێ هەر حەفتیانم بەڕووتی پشت لە وشکانی و ڕوو لە زێ ڕیزکردن... ئەوان هەر خاتر و ئەڵڵا ئەڵڵایان بوو، ئەمنیش بیرم لەوەی دەکردەوە لە چەپەوە دەست پێ بکەم یان لە ڕاستەوە، ئێ، نازانم





کو هێندەم دیت قوونی ئەو سەربازەی لە لای چەپەوە وەستابوو، بە خڕ و خڕی هاتە ناو سێرەی ئەو تفەنگەی وا لە دەستمە، نازانم باوەڕ دەکەی یان نا، لەسەر یەک تڕ و فسی مابوو، پەنجەی پێوە نێم، شمشاڵ گەیشتێ و دەستم شل بوو، شل شل، تفەنگ لە دەستم بەربۆوە.. نازانم تۆ چۆنت زانی، من وا خەریکی کوشتنی سەربازی دیلم و لەو چرکەساتە ترسناکەدا چۆن بۆت هات فوو بە شمشاڵدا بکەیت! هەبێ نەبێ خودا لە دڵی تۆی نا و پێی گوتی زووبە فوو بە شمشاڵدا بکە... ئاخر دەزانی ئەو بەستەزمانانە چەند کەڕەت خاترو ئەڵڵایان بە زارێدا هات و ئەو دۆڵە گەورەیان پڕکرد لەو دوو وشەیە، بەڵام ئەمن فشەم بەو هەموو خاترە هات و خاتری خودام نەگرت، ئێ خۆ من لەسەر خودا بە جواب هاتم، دەزانی چ سووکایەتییەکیان بە خودای گەورە کرد!! بەڵام دیارە خودا بە خۆی باشتر دەزانی چ دەکات، بەس هەر دەکات خاتری خودام گرتووە، وا نییە؟ ئەدی هەر خودا نەبوو وای کرد تۆ شمشاڵ بژەنی؟... دەزانی دوایی بیرم کردەوە، کوڕە باش نەبوو من ئەو سەربازانەم، نەکوشت، ئێ باشە من هەقم چییە، با بۆ خۆیان هەر وا بکەن، من هەقم چییە، ئێ ناهەقیشیان نەبوو درۆ بکەن، خۆ ناڵێن وەڵڵا وا سەربەسەرانێ دەکەین...

***

لێرەوە تا ئەوێ
هەر تەڕاییە دادەکا و
لە گیانمان لەرز لەرز لەرزین دەڕوێ..
ئەی خوداوەندی تارنشین
لە دەروازەی ئەشکەوتێ
چرایێ هەڵکە و
بە کەزیی هەورا هەڵیواسە
بنێرە بنێرە چرایێ بنێرە
پەنایەکی کزرمان نیشان دە و

به خەوی ئەشکەوتیمان بسپێرە

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***

من لە وەتەی بە بیرم دێ هەر بۆ خۆم شمشاڵ دەژەنم، ئەگەر خۆم حەزم نەکردبێ لەسەر خواستی کەس فووێکی شمشاڵی لە لێوی منەوە دەرنەچووە، لەسەر خواستی کەس پەنجەی من بە کونی شمشاڵێ نەکەوتووە، دەیانگوت:

تۆ پیاوێکی تکای کەس بە هێند هەڵناگری، پیاوێکی لە زۆر ساتدا لە بەرد ڕەقتری، خوداوەند چۆن شمشاڵی بە تۆ بەخشیوە...

ڕۆژێک پیاوێکی ئەلەگەزی، بە قەت چیای ئەلەگەز تکای ڕووباریی بە سەرمدا ڕژاند، کەچی بە بەردی مامەوە و نەبوومە ئاو... زۆریشم خەفەت لەوەی خواردووە، کاتێ کەسێ داوای لێم کردووە ئاوازێکی بۆ بژەنم و نەمژەندووە، یان جاری وا هەبووە، شمشاڵ بانگی کردووم و بێ ئەوەی بزانم لە کوێم و کات چ کاتە و چ زیانێکی لێ دەکەوێتەوە، دڵی شمشاڵم نەشکاندووە و تێم هەڵکردووە، تێهەڵکردنێ، شاخەو شاخ، دۆڵاو دۆڵ، بە باڵی با باڵی گرتووە و بە دەنگی ئاو دەنگی داوەتەوە... دێتە بیرم شەوێکی هاوینی بوو، بە دەو زێیەکدا بە پێچەوانەی ئاو دەڕۆیشتین، ئەو بەری زێ تەنراو بە سەربازانی تاران، بەرەکەی دی لێوان لێو لە سەربازانی تورکان... دەبوو لە با خێراتر، لە زێ خێراتر، لە بێدەنگیش بێدەنگتر، بە دەو ئاودا ڕێ ببڕین، بێدەنگ بڕۆین زێ زۆر بە هێمنی ڕێی دەکرد، لە دنیایێ زێیەکی دی نابینییەوە، هێندەی ئەو زێیە بێدەنگ و ئارام بێت، هەزار سوندت دەخوارد، لە جێگەی خۆی وەستایە، لە بەرد جوولەت بەر چاو دەکەوت، لەو زێیەی نەتدەدیتەوە.. من لە دڵی خۆم گوتم هەبێ نەبێ زێ مانی لە ڕۆیشتنێ گرتووە، هەتا بە پارچە کاخەزێ تاقیم نەکردەوە، دڵم ئاوی نەخواردەوە، ئەوجا زانیم زێ لە چ غاردانێکە، با بە بایەتی خۆی نەیدەگەیشتێ... هەموو سەرمان لەو بێدەنگییەی زێ سوڕمابوو.. ئێمە لە ڕۆیشتنێ دژە زێ بووین، بەلام لە بێدەنگیدا دەمانویست وەکو وی بین.. زێ چەندێ خێرا دەڕۆیشت، ئێمە لەو خێراتر.. دەبوو وا بکەین، دەبوو لەو خێراتر ڕێ بکەین، ئەو دەمانێ من تەنها لە یەک شت زراوم چووبوو، ئەویش ڕۆیشتنی بێ قسە،





ڕۆیشتنی قرِوقەپی، لەو شەوڕۆیەی دەو زێدا هێندە ترسام نەبێتەوە، ترسانێ ناوی خۆمی لە بیر بردمەوە، ناوی زێیەکەشی لە بیر بردمەوە، ئێستاش نازانم ئەو شەوەی بە بێدەنگی بە دەو زێدا بەپێی زێ ڕێمان دەکرد، ناوم چی بوو، نازانم ئەو زێیەی ناوی خۆمی لە بیر بردمەوە ناوی چی بوو... ناشزانم زێ ڕووەو باکوور دەکشا یان ئێمە، ئەوەی لە بیری ناکەم، زێ پێچەوانەی ئێمە تیژ تیژ دەڕۆیشت... ئەوەشم لە بیر ماوە، نەمدەزانی لە کوێوە بۆ کوێ دەچووین، عەقڵیشم بەوە نەدەشکا، لەم بارەیەوە پرسیارێک بچرپێنمە گوێی برادەرەکانمەوە... بیرم لە ئارامیی زێ دەکردەوە، دەمگوت هەبێ نەبێ لە بن ئەو بێدەنگییە، دەنگدانەوەیەکی گەورە لەسەر پێیە و ئێستا نا دەمێکی دی زرمەی دێ.. خۆزگەم دەخواست زێیەکی بە هاتو هاوار بایە، بۆ وەی دەنگی ئێمەش لە هی ویدا بزر دەبوو... دۆڵێکی قووڵ پێدەچوو قووڵترین دۆڵی دنیا بێت، پێش ڕۆژئاوابوون، لەو سەرەوە، سەری پشتەوە، ورد ڕوانیم، چ چیاو چۆل و شاخ و داخێ بوو! دوندی وا بە سەر دۆڵدا دەیانڕوانی، هیچ باڵدارێ لە خەونیشدا سێبەری باڵی لەوێ هەڵنەداوە... دۆڵێکی، کپ، کپ، هەمیشە کپ... زێ بڕۆ، تۆ بڕۆ.. هەتا ڕۆیشتن هەیە هەر ڕۆیشتن... ئێمە وا بزانم هەشت نۆ دە جەنگاوەری بە دۆڵ کەوتوو بووین... تاکە ڕستەیەک کە ناوە ناوە و زۆر بە ئەسپایی دەهاتە گوێ:

«پێ هەڵێنن..»

بڕۆ بڕۆ هەر بڕۆ... ماندووم خوداوەند! ماندووم، برسیم خوداوەند! برسیم، خەوم دێ خوداوەند! خەوم دێ! کەسێ ڕێی بکەوێتە ئەو دۆڵەوە، فریادڕەس لە کوێوە دێ!!.... سەری گێژم دێنم و دەبەم، سووکە باوەڕهێنانێک بێنمە سەرمەوە نایەت، نا بڕوام نییە ئەو شاخ و داخانە پێی سەربازێکی پێ کەوتبێ، تا ڕۆخی دڵنیایی لە دڵنیایی نزیک دەبمەوە، لە بنی دۆڵەوە تا دەگاتە سەری دۆڵ کە نازانم سەرو بن دەکەونە کوێ، بێجگە لەو دەستە جەنگاوەرە دۆڵپێوە، بەشەرەکی خودا نە بە زیندوویی نە بە مردوویی ڕێی بێرە نەکەوتووە.. گومانم هەیە لە قسەی سەردەستە کە لە قووڵایی دڵنیاییەوە دەیگوت:

«ئەو بەری زێ سەربازی تارانێ، ئەم بەرە سەربازی توورانێ، ئاگاداربن لە بن

هەر بەردەکی لە بن هەر دارەکی ئەو دۆڵە لە عەردییەوە هەتا ئاسمانێ، سەربازەک جاشەک سێرەی گرتووە»...

تا دەهات گومان لە قسەی سەردەستە پتر دەبوو، پلەی گومان پێ بە پێی ماندوویێتی هەڵدەکشا، بەرز دەبۆوە.. لە دڵی خۆم دەمگوت، باشە ئەو سەرباز و جاشانە دەمیان دووراوە! کۆخەیێ، پژمینێ، تڕێکی گەورە! ئێ خۆ خۆیان بە دار و بەردەکانەوە نەبەستووەتەوە، لەو هەڵدێرە هەزار بە هەزارانە، لەو تەلان و باسکە سەختانە، خلیسکانێ، پێ لە بەرد گیربوونێ، کوڕە بەربوونەوەی تاوێرێک!.. نا جگە لەو دەستە جەنگاوەرەی بەو شەوە بەو دۆڵە سەختە بێدەنگە وەربوونە و بە پێچەوانەی زێ ڕێ دەکەن، هیچ گیانلەبەرێ چ دوو پێ چ چوار پێ، چ باڵدار چ بێ باڵ، ڕێی هەڵەش بێرەی نەگەیاندوون....... نازانم چ کاتی شەو بوو، وەلێ دەمدیت بەرە بەرە ڕووناکی دەکەوتە دۆڵەوە، سەرەتا وام زەن کرد بەرەبەیانە، نەمزانی مانگە و لەو لووتکە بەرزانەوە هەڵاتووە و ڕووناکمان دەکاتەوە....

«پشووێکی کورت دەدەین، بەڵام نە جگەرە نە قسە»..

دانیشتین، نە کەس دەستی بۆ کیسەی تووتن برد، نە کەس ورتەیەکی لێوە دەهات.... ئەودەمانێ دانیشتنی بێ قسە بە قەد ڕۆیشتنی بێ قسە منی دەترساند... پشووێکی باشمان دا، مانگە شەوێکی زۆر ڕووناک بوو، دەموچاوی یەکدیمان بە ڕوونی دەدیت.. ڕزگار تودە لەسەر بەردێک دانیشتبوو، بە دانیشتنەوە وەک فرفرۆکە بە دەوری خۆیدا دەسووڕایەوە، ئەو کوڕە کەم ڕستەی لە دەم دەردەچوو، وشەی توودەهای تێدا نەبێت، هەر بۆیەش تودە نازناوی وی بوو......جەواد ئیتجا بە ئاراستەی مانگ پشتی دابووە تیشە بەردێک و چاوی بڕیبووە ئاسمانێ.. ئەو جەوادەش بەردەوام باسی ئاراستەی بای دەکرد، ئەمڕۆ لە کوێوە هەڵدەکات؟ بەیانی... وشەی ئاراستەشی زۆر لەسەر زاری بوو، جارێک فاتیمە پرسیبووی ئەرێ ئاراستە چییە؟ ئیتجا.. ئیدی لەوەوە فاتیمە بە جەواد ئیتجا بانگی دەکرد تا وای لێ هات ئەو ناوەی بەسەردا بڕاو ئێستاش لێی نەبۆتەوە... (سەپان ئاڵا)ش کە هەمیشە ئاڵایەکی بە تفەنگەکەیەوە بەستبوو، کەسیش نەیدەزانی ئاڵای چ وڵاتێکە، لە پەنای درەختێکی کورتە بنە خۆی گرمۆڵە کردبوو دەتگوت ئاڵای پێچراوەیە.. ئەستێرە





دەستی هەر لە ناو ئاوێ بوو، وا بزانم ئەستێرانی دەژمارد خۆیشی لە ئەستێرەی سیوەیل دەچوو.. لاتە لەسەر پشت ڕاکشابوو لاتە عەردێکی گرتبوو، ژانێکی بۆ ماوە چووبووە پشتییەوە، دیاربوو هەر ئەو ژانەش هەموومانی لە پشووێکدا کۆکردبۆوە، من لای خۆمەوە زۆر سوپاسی ئەو ژانەم کرد، ئاخر ئەگەر ژانی لاتە فریام نەکەوتبایە، دەپسام و کەسیش پێی نەدەزانیم، دەزانن گەیشتبوومە کوێی ماندوو بوون! توخوا کێی دیکەمان لەگەڵ بوو! ئا قاسم دیموکرات بە پێوە پشتی دابووە درەختێک، پێیەکانیشی هەر لە جوولەو سووڕانەوەدا بوون، دەتگوت پایسکل داژوا، ئەو کوڕە دوو پێی سەیری هەبوو، ڕووبار ماندوو بایە ئەو دوو پێیە ماندوو نەدەبوون، ئەو دوو پێیە خوداوەند تایبەت بۆ ڕۆیشتنی دروست کردبوون، هەر بە ڕۆیشتنەوە گرێدرابوون، ئەگەر هەموو پێیەکان وەکو پێی قاسم بان، سەرجەم مرۆڤایەتی شەو و ڕۆژ، چوار وەرزەی ساڵ، کۆچەری دەبوون و لەو دنیایەدا نە شارێ، نە گوندێ ئاوا نەدەبوو... دەڵێن لەو ڕۆژەوەی قازی محەمەدی دیوە وا بە ئاسمانی سێدارەوە دەشنێتەوە، بڕیاری داوە ئاو بوەستێ ئەو نەوەستێ، من بە چاوی خۆم دیتمە لە بای ڕۆیشتنێ خەوی لێکەوتووە... قاسم دیموکرات لە هەموو مەملەکەتی چیا تاکە سەردەستەی هەڵبژێردراو بوو، کە سەردەستەکەی دی نەخۆشکەوت، لە ڕێی دەنگدانی نهێنییەوە بووە سەردەستەمان، بە زۆرینەی ڕەها دەرچوو، هەر لەوەشەوە دیموکرات بە قاسمەوە نووسا، دەنا پێشتر قاسمێکی بێ پاشکۆ بوو.. سیامەند فەیلی ئەو کوڕەی دووراو دوور خزمی پۆلا دەبۆوە و ئومێد عەلەوی کە بە حەفت پشت لەگەڵ هادی عەلەوی دەگەیشتنەوە یەک، ئەو ئومێد و سیامەندە کە بە تڕی سەگ و فڕینی باڵندەش پێدەکەنین، لە گەرمەی شەڕیش لە پێکەنین نەدەکەوتن، بێدەنگ لە تەنیشت یەکەوە، مەلوول مەلوول چوار مەشقی دانیشتبوون، ئەو دوو کوڕە تەنها لەو ساتانە مەلوولی بە سیمایانەوە دیار بوو کە بڕیاری قەدەخەکردنی پێکەنین دەردەچوو.... من لەسەر بەردێک کە نیوەی لە وشکانی نیوەکەی دیکەی لە بن ئاوێ بوو، پێڵاوم لێی داکەندبوو، پێیەکم لە بن ئاوێ، پێیەکەی دیکەم لەسەر پێی ناو ئاوێ، ئەستێرە نەبێ دوو هەنگاوێ لە پێشمەوە، گەمەی بە ئاو دەکرد دەنا ئەوانی دی هەموویان کەوتبوونە تەنیشتمەوە، پشتم لە مەنزڵی نادیاری خۆمان و ڕووم لە ماڵی

زێ بوو...

– ئەرێ شەوی دۆڵەکەت لە بیرە؟

– کام شەو؟

– ئەو شەوەی ناونرا بەزمی شمشاڵ!

– ئەها!

ئۆی سەردەستەی مراوییش وەک من گەڕاوەتەوە ئەوێ، دەڵێی ئاگای لێیە من وا لەوێ دانیشتووم، دەترسم ئەویش شاگردی ئەسحابەکوژ بێت، جاسووس بێت بە سەر گێڕانەوەی سەرهاتەکانم... بە بیری هێنامەوە، خۆ سەردەستەی مراوییش لەگەڵمان بوو، ئەرێ وەڵڵا خڕو خڕ لەسەر بەردێکی خڕ خڕ دانیشتبوو، چاوم هەڵەی نەکردبێ، دەویشی دەجوولا... (سیپان سەلما)ش پێیەکانی توند لە بەردێک گیرکردبوو و پشتی دابووە بنە دار بییەک، دەتگوت منداڵە و پشتی بە پشتی باوکی داوە و منەتی کەس نازانێ، ئەو سیپانە کوڕی ئەو سەلمایەیە کە هەتا نەوژی مەعشووقەی مەلای جەزیرییە، ئەو سەلمایەی سوندی بە مەلەکی تاوس خواردووە کە پرچی سپی بهۆنێتەوە و شوو نەکات.. خەڵکی جەزیرەو بۆتان بە گەورە و گچکەوە سوندی دەخۆن کە دەستی هیچ پیاوێک بە مەلای جەزیریشەوە بە سەلما نەکەوتووە، هەندێک دەڵێن سەلما، سیپانی لە ڕێی سیپانێ هەڵگرتووەتەوە و بۆ خۆی بەخێوی کردووە، هەندێکی دی دەبێژن: سیپان لە زگی سەلمایەوە هاتووەتە دنیایێ و کوڕی حەقی وییە و بابی سیپانیش مەلای جەزیرییە، بەڵام دەڵێن مەلا لە دوورەوە و بە شیعر زگی سەلمای پڕ کردووە، سیپان بە خۆیشی دەڵێت من کوڕی ڕاستەقینەی شیعرم، قسەیەکی دیش لە بارەی زگپڕبوونی دایکی سیپانەوە لەسەر زاران بوو، گوایە لە زاری سەلماوە بیستوویانە:

من ئەو نیوەڕۆ هاوینییەی کە لە گۆماوێک مەلەم کرد، سیپانم کەتە زگی، پێش من بە ماوەی جگەرەکێشانێ مەلای جەزیریش لە هەمان گۆماو مەلەی کردبوو..

خەو بەری نەدەدام، باش بوو کزە بایەکی سارد هەڵی کردبوو، لە پەنجەرەی زستانەوە دەهات و سووکە لەرزی دەخستە گیانی ئەو شەوە هاوینییەی ئەوێوە...





کزە با موچڕکەی دەخستە وەنەوزەکانمەوە، وا بزانم یەک دوو جار خەونیشم بە شلە ساوار بە گۆشتیشەوە دیت... ئەو شمشاڵەی لە دۆڵە ڕەقە لێم کەوت و ئەنفال بردی، هەمیشە لە بەر پشتم بوو، زۆر جار تفەنگم لە بیر دەکرد، بەڵام نایەتە بیرم بۆ جارێکیش شمشاڵم لە جێیەک بەجێ هێشتبێ.. شمشاڵەکەم بە دەستەوە بوو، پەنجەکان جێگەی خۆیان دیتبوّوە... شمشاڵ لە لێوم نزیک دەبۆوە، دوورم دەخستەوە، نزیک دەبۆوە... نازانم کو شمشاڵ و پەنجەو لێو ئاوێزانی یەکدی بوون! ئەوەتا (مەستوورەی مەستان) لەگەڵ زێدا دەڕوا، باڵی بای گرتووە، بە شاخانا هەڵدەگەڕێ، بەرز دەبێتەوە، دەگاتە دوندە بەرزەکان... هێندەم لە بیرە شمشاڵیان لە دەستم فڕاند:

– کوڕە ئەتوو شێت بووی!

– ئەوە دەڵێین وس بە لۆ وس نابی؟!

تێگەیشتم چ کەتنێکی گەورەم کردووە، چ ئاژاوەیەکم ناوەتەوە، من ئەو ساتانەی شمشاڵ دەژەنم، لە کەڕان کەڕترم، جگە لە شمشاڵ گوێم لە هیچ دەنگێکی دی نابێت، جا با ئەو دەنگە ڕووخانی ئاسمان بێ... هێندەی نەبرد ئەوەی نەدەبوو ببێ بوو... گوللە بە گوللە دەکەوت، بووە هاتوهاوارێک، هەموو دەنگەکان تێکەڵی یەکتر بوون، دەنگی جاش، دەنگی سەرباز، دەنگی پێشمەرگە، کەس کەسی نەدەناسییەوە.. من هێندە ترسام، نەهێنیی شەویشم لە بیر نەما.. لە بەدبەختیشدا، شەو تا دەهات ڕووناکتر دەبوو، مانگ تەواو دابەزیبوو، دەتگوت نیازی نیشتنەوەی لە دڵدایە... تەقوهۆڕێ بوو ئەمما تەقوهۆڕ، ڕەنگە نیوەی فیشەکی دنیایێ لەو شەوە مانگەشەوییە و لەو دۆڵەدا و بە سەر ئێمەدا تەقیبنەوە... شەو شەوی تەقە بوو، دەبوایە تەقە بکەیت، ژیان لە تەقەدا دەدرەوشایەوە... من لە ژیانمدا هێندە تەقەم نەکردبوو، ترسانێ ترسابووم، کەس کەس وا نەترساوە، ئەوەی پێی دەڵێن ترسی باڵا، من لەسەر سەری ئەو باڵایە وەستابووم، لە ساتەکانی ترسان تەنهاو تەنها تەقەکردنە ئەگەر فریات کەوێ و کەمێ دڵت بداتەوە.. من بێ وەستان تەقەم دەکرد، تەقەم لە دنیا دەکرد، حەفت مەخزەنی پڕم بە دنیاوە نا... ئێستا هەیە و نییە گوللە حیزەی سەر شانمە و تەواو.. هاوارم کرد، گوللەم نەما..... نازانم کێ بوو:

هاوار مەکە هی هەموومان لە کۆتاییيە.

دەنگێ نەمناسييەوە:

تاکە ڕێگە زێيە زێ...

جاشەکانيش بەردەوام هاواريان دەکرد:

کوڕە خوێڕينە، تەسليم بن، دەنا دايک و خوشکتان دەگێين...

قاسم ديموکرات کە لە ناو دنيايەک دەنگ دەنگی ئەوم دەناسييەوە:

ڕاوەستن خوێڕينە، دەبێت بە قوون دڕاوی يەکە يەکەتان بنێرينەوە.....

لە لای ئێمەوە تەقە بڕا... ترس تەواو دايگرتم، بيرم لە گوللە حيزەکە دەکردەوە...

«ياڵڵا کوڕينە، خۆ بە زێدا بدەن»...

زێ خــۆت بگرە هاتـين.... من هـێندەم لە بيــرە لە نـاو ئاوێ هــەر گــوللە بوو لە تەنيشـتم لە پێشم، لە بن پێم، چزەی دەهات و دەکوژايەوە... جار جارە لەگەڵ زێ دەڕۆيشتم، هەندێ جاريش بە دژی زێ، ناوە ناوەش قەدبڕ زێم دەبڕی، نەشمدەزانی کەناری ئارام کەوتووەتە کێهە لا... نازانم نە دەنگی تەقە نەمابوو، نە لە بەر قرچە قرچی ددانەکانم گوێم لێيان نەبوو، ئەو زێيە هاوينييە دەتگوت لە ساردای ماڵی زستانەوە ڕژاوە.... ئێستا مراوييەکی تەنيام لە ناو زێدا، مراوييەکی دابڕاوی بە نەفرەتکراو... ئەو شەوەم لە ناو زێ کردەوە، دنيا تەواو ڕووناک بووبۆوە، جاش و پێشمەرگە لێکدی جيا دەکرانەوە، ئەودەمە ماڵی من تەنکاوی بوو، تەنکاوييەکی تەواوێک دوور لە کەنار، ئاو دەگەيشتە دامەنم.. بەردێکم ديت بە ئاستەم سەری بە دەرەوە بوو، ئەويش وەک من تامەزرۆی هەواڵ بوو، لەسەر شانی لێی دانيشتم.. دۆڵ کشومات، بێدەنگتر لەو ساتانەی کە هێشتا شمشاڵ تێی هەڵنەکردبوو.. ئێرە کوێی دۆڵە خــودايە! دۆڵ کــوێی دنيــايە خــودايە! برادەرەکــانم چييــان بــە ســەرهات! سەربازەکان، جاشەکان لە کوێن! کوا تفەنگەکەم لە کوێيە! ئەدی کێ تاکە پێڵاوەکەی ديکەی لە پێم داکەند! ئای دەفتەرە جگەرە و کيسەی تووتن! ئەوە چۆنە زێ کۆڵەپشت و شمشاڵەکەمی نەبردووە! ئەو شمشاڵە سەر بە گۆبەندە لە ناو کۆڵەپشتەکەمەوە جوان جوان بە گاڵتەوە تەماشام دەکات.. ڕقی دنيام لە شمشاڵ هەستا، بە نەفرەت







بيت شمشاڵ وەک چۆن منت بە نەفرەت کرد، ئای برادەرە ئازيزەکانم، ئێستا لاشە ساردو سڕەکانتان لە کوێی کەنار کەوتووەو... ئای شمشاڵی سەرەخۆرە! سەری هەمــووانت خــوارد، هەر من مــامــەوە، منی بێ برادەر، منی بێ تفــەنگ، من و فيشەکێکی ڕووت و قووت... وەرە شمشاڵ مەرد بەو سەری منيش بخۆ، بە نيازی تامکردنی مەرگ فووم بە شمشاڵدا کرد دەزانم بەندی يەکەم مەستوورە بوو، حەزم دەکرد لە چڕينی مەستوورە، ڕێژنە گوللە بێ و زێ بمگەيەنێتە لای برادەرەکانم، نەهات.. لە چاوەڕوانی مەرگ بێ پشوو شمشاڵ دەژەنم، بەند لە دوای بەند بەندی چيايی دەچڕم.. ئەوەتا شمشاڵ دەژەنم، لە ناو ڕووبارێ شمشاڵ دەژەنم، نازانم لە کوێوە دێ و بەرەو کوێ دەچێت و برادەرە جەنگاوەرەکانمی بۆ کوێ برد، شمشاڵی ئەو جارەم تايبەتە بە ديتنەوەی خۆم لای برادەرە بە ڕووباردا چووەکانم، شمشاڵ بۆ هاتنی يەک گوللەی گەرم گەرمە، لە پۆلووی دۆزەخ گەرمتر و لە مندا ساردبێتەوە و بڵێ چز چززز... شمشاڵ بۆ مەرگێکە لە ڕووبار خێراتر بگاتە سەرم و بێ سڵاوکردن دەستم بگرێ و بمگەيەنێتە برادەرە جەنگاوەرەکانم، ئەو برادەرانەی بێ خواستی خۆيان من لە ڕێی شمشاڵەوە ڕەوانەی ئەوێم کردن.. با گوللەيەک بێ و هەڵمبگرێ، بارم سووکە، نە تفەنگم لايە نە کيسەی تووتن، بارم سووکە، خۆم و کۆڵەپشتێکی گچکە و شمشاڵێکی مەرگاوی و تاکێ پێڵاوی دڕاو، هەڵمگرە گوللەی جوان هەڵمگرە، سووکم، زۆر سووکم، ماندوو نابيت، کێشی پووشکەيەکی تەڕم نييە.. شەوم بەڕێ کرد، دنيا ڕووناک بۆوە، گوللە هەر نەهات، دنيايەکی چەند کشوماتە، نە دەنگێ، نە جووڵەيێ، دەڵێی دنيای سەردەمی پێش هاتنە گۆی شمشاڵە، دنيای شەوی چووی، بە جياوازيی کاتەوە، بە جياوازيی منی ئێستا و منی ئەو دەمەوە، ڕەنگە مەرگ گوێی گران بووبێت و باش نەبيستێ، نابيستێ، پڕ بە شمشاڵ بانگی دەکەم نابيستێ، مەرگ گوێی گران بووە، دەبێت تيژتر، بەرزتر فوو بە شمشاڵدا بکەم، دەبێت بچمەوە سەر ئەو ئاوازەی زووتر بە گوێی مەرگ دەگات... لەسەر بەردێ کە لە ناوەندی ڕووبار بۆ هەناسە وەرگرتنەوە سەری دەرهێناوە، بە دانيشتنەوەوە، شمشاڵ دەژەنم و خول دەخۆمەوە، وەک ميلی کاتژمێر خول دەخۆمەوە و چرک چرک سات دەژمێرم، ئەو ساتانەی بۆ گەيشتنی مەرگ پێويستن...

چاو دەگێڕم، بە ئاودا چاو دەگێڕم، بە کەناردا چاو دەگێڕم، بە قەدپاڵ و دوندەکانی هەردوو بەردا چاو دەگێڕم، کەس دیار نییە کەس، دەزانم برادەرە جەنگاوەرەکانم ئاوە و ئاو چوون، بەڵام نازانم ئەو هەموو عەسکەر و جاشەی شەوێ بە چیدا چوون! بێ وەستان، بێ پسانەوە شمشاڵ دەژەنم، سوێندم خواردووە ماندوو نەبم، ڕووبار بوەستێ، من نابێ بوەستم، کەنار بپسێتەوە، من نابێ بپسێمەوە.. من ماندوو نابم و شمشاڵ دەژەنم، تا گوللەیەک نەیەت و نەمخاتە ئاوەوە و هەڵمنەگرێ، من هەر شمشاڵ دەژەنم، هەرچی ئاوازی مەرگ هەیە، هەرچی مەرگ پێی خۆشە، دەیژەنم، ئەو دۆڵە ئەو ڕووبارە، ئەو کەنار و لاپاڵ و دوندانە پڕ پڕ دەکەم لە ئاوازی مەرگ... چاو لە دوندە هەرە بەرزەکان دەبڕم، دەڵێن مەرگ لە بەرزاییەوە دێت، با بێت ڕێکاورێک بۆم بێت، نا من ناوێرم چاو لە چاوی مەرگ ببڕم، لە خۆی ناترسم، بەڵام چاوی پڕ ترسە، چاوم شۆڕدەکەمەوە، دەیهێنمەوە سەر ڕووبار و بن کەنار، من هەمیشە حەزم لێبووە لە شیرنەی خەوێ مەرگ بگاتە سەرم، بەڵام ئێستا کوا کاتم هەیە بۆ خەوتن، هەتا زووە دەبێت بمرم، برادەرەکانم چاوەڕێمن، ناچارم لە گەرمەی شمشاڵ ژەنیندا بمرم، ڕەنگە ساتەکانی شمشاڵ ژەنینیش جیاوازییەکی ئەوتۆی نەبێت لەگەڵ ساتەکانی خەوتن، لە بیرمە زۆر جەنگاوەر بە منیان گوتووە:

تۆ لەو ساتانەی شمشاڵ دەژەنی، بە شێوەیەک لە دەوروبەر و دنیا دادەبڕێی، جلوبەرگیشت لەبەربکەنەوە، ئاگات لێ نییە..

دەیانگۆت:

شمشاڵ ژەنینی تۆ خەوێکی قورسە بە هیچ خەبەرت نابێتەوە، خەوتن نییە، چ جیاوازییەکی لەگەڵ مردن نییە، هەر مردنێکە بۆ خۆی..

بە دەوری خۆمدا دەخولێمەوە، چاوم لەسەر ڕووبارە، ئەها ..! چاوم هەڵەتەی نەکردبم، بێ خەوی بینایی سەروبن نەکردبێت، لە ناو ئاوێ شت دەبینم، شتێک وا ڕووەو من دێت، ماسییە! نا هەو نییە، بەس سەری دیارە، دەڵێی زەلامە! ئەوە خەونە یا ڕاستی!! هەر سەری زەلامە لە ناو ئاوێ بە دیار دەکەون.. ئەوەتا سەرەک لەولا یەکیدی لەم لا، لە سەرێ لە خوارێ، هەموویان ڕووەو من دێن... ئەها دەڵێی بێچووە مراویی پەرتەوازەن و گوێیان لە دەنگی دایکیان بووە... هاتن هەر هەموویان لە





دەورم خڕ بوونەوە، ئەوانەی لە چاو تروکانێکدا بزرم کردن لە چەند چاوتروکانێکدا دۆزیمنەوەو... سەردەستە گوتی:

دەی با بچینە ئەو بەر..

چووین.. خۆمان دا بەر ڕۆژێ... من سەری خۆم شۆڕ کردبۆوە، تنۆک تنۆک شەرمەزاریم لێ دەتکا... گوێم لێ بوو دەیانگوت: لە مەترسی دەرچووین... ڕوویان لە من کرد: گوێ مەدێ، ئیشەکەت باش کەوتەوە، شمشاڵ ئەگەر پەرتەوازەشمان بکات، جوانترو ڕێکتر خرمان دەکاتەوە... بە هەموویان دڵمیان دەدایەوە... بەرێ کەوتین.. یەک دووانێکی دیش وەک من بێ تفەنگ بەرێدا دەڕۆیشتن، بەڵام جگە لە من کەسی دی نەبوو تاکە پێڵاوی بەجێ هێشتبێ... ڕۆیشتین.. ڕۆیشتین.. دوور هێندەی دوورایی دیتن، دوو سێ ڕەشماڵ دەرکەوتن.. جەواد ئیتجا کە دەنگێکی شمشاڵیی هەبوو، ڕوو لە ڕەشماڵان تێی هەڵکرد، گۆرانییەکەی هەر زوو بووە گۆرانیی جەنگاوەر:

لە مانگەشەودا شمشاڵ هەڵی کرد
چیلکە داری دەم ڕەشەباین و
بە زێدا دەچین...
شمشاڵ بوو هەڵی کرد و
لە ئاودا پەرتەوازەی کردین..
بەرەبەیانە شمشاڵ هەڵیکرد
بنج بنج پەرتەوازەیی کۆ دەکەینەوە
دەسک دەسک دێینەوە
بەرەوماڵی شمشاڵ دێینەوە
ئەوە شمشاڵە
تەڕ تەڕمان دەکاو وشک وشکمان دەکاتەوە

فوویێ لە شمشاڵ پەرتمان دەکات

پەنجەیێ لە شمشاڵ بانگمان دەکاو

لەوێ خڕ دەبینەوە

درەنگە شمشاڵ، درەنگە

کوشتەی خەونێکی ڕەشماڵیم

لایلایەکی دایکانە، با خەو بمباتەوە

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***

گورگە لۆقە بەرەو ڕەشمالآن دەمانلۆقاند.. نان نان، چا چا، ماست، پەنیر، ژاژی... لە دڵی خۆم دەمگوت:

«ناکا تاکە پێڵاوێکی زیادیان هەبێت!»

پێڵاو بەجێهێشتن، چ عەیبێکی گەورەیە، زۆر کەس ئامادەن سەر بەجێ بهێڵن، بەڵام بە هیچ شێوەیەک پێڵاو نا... من لەوێوە ناوم بووە یەک تاک... زۆری برد تا ناوێکی دی جێگەی یەک تاکی گرتەوە.. ئەو پێڵاوە لە کنە من زۆر بە ڕێز و ئەزیز و لە بەر دڵان بوو، ڕەنگە خۆشەویستیی ئەو پێڵاوە لەوەوە هاتبێتە دڵم، پارەی خۆم پێی نەدابوو، بەری ڕەنجی ئارەقەی نێوچەوانی خۆم نەبوو، من لەوەدا پێچەوانەی خەڵکی بووم، بەوەی هەر شتێک پێوەی ماندوو نەبم و بێ پارە دەستگیری بکەم، پتر ڕێزی دەگرم و دەستی پێوە دەگرم و خۆشمدەوێ... بەر لەوەی ڕێی دوور بگرمە بەر، پێڵاوێکم لە پێ بوو بەرگەی ڕۆژە ڕێیەکی نەبوو، گیرفانیشم لە پێڵاوەکەم نابووتتر بوو، چ بکەم باشە! هەر کو بوو غیرەتم دا بەر خۆ و ناوی خودام لێ هێنا کە ڕوو لە کەسێک بنێم و پێڵاوێکی ڕێی دووری پێ بکڕم... لە گەراج ڕاوەستابووم، گەراجی بەغداو کونەگورگ.. ڕوو لە کێ بنێم باشە! ئەگەر دەستیان بە ڕوومەوە نا!! خۆ دەبمە ئاو و بە عەردی گەراجدا دەچمە خوارێ... ئێ، پیاوێکم دیت (مەلا عەزیز) یان دەگۆتێ، ئەو مەلایە بابەلباب هەر مەلا بوونە، دەڵێن یەکەم مەلا کە لە مەملەکەتی چیا





پەیدابووە، باپیرە گەورەی ئەو مەلا عەزیزە بووە، مەلا عەزیز پیاوێکی زۆر دیبناس و سەرناس بوو، مەلایەک بوو سەرهاتی هەموو کوێخایانی دنیا بە (کوێخا سێوێ)شەوە لە کنە وی بوو... دەمناسی سەلامێکم لێ کرد و چاکو چۆنیمان کرد.. نەمدەزانی چۆن تێی بگەیەنم، لەو قایدە دەمم قەپات بوو، دڵی منی خوێندبۆوە، زانی داخوازییەکم هەیە، دەستمی گرت و بردمییە پەنایەکی.. خوا کردی زارم کرایەوە و گۆتم: مامۆستا ڕێیەکی گەلێک دوورم لە پێشە و پێڵاوی ئەو ڕێگەیەشم نییە! گۆتی:

هەی لە منت نەکەوێ ئەدی لۆ زوو وەناریێی!

یەکسەر دەستی لە بەرکی ڕاکردو پارەی سێ چار پێڵاوی ڕێی دووری لە دوڕ دەستم نا.. بەبێ ئەوەی لێم بپرسێ ئەو ڕێیە دوورە ڕێی دینە یان ڕێی بێ دینانە..

ئای بۆ شمشاڵێ! شمشاڵ نەبێت، ئێرە بن ئەو سێ گابەردە گەورەیە، ئێرە ئەو شوێنەی سەردەمانێ جێگەی کۆبوونەوەی فریشتان بوو، سەردەمانێ بووە ئاودەستی شەیتان، سەردەمانێ حەفت جەنگاوەری هاتێ بە ماڵی ئایشەگوڵەوە، ئەگەر شمشاڵ نەیەت، ڕەنگە ئێرە ببێتە گۆڕستانی حەفت جەنگاوەری لە دنیا هەڵاتوو، حەفت جەنگاوەری لە دنیا بزر بوو، حەفت جەنگاوەر ڕێگەی دیتنەوە نابیننەوە، مەگەر تەنها شمشاڵ سەرەداوێکی دیتنەوە بخاتە دیدەمانەوە.. لە ناو ئاو بزر بووم شمشاڵ بوو دۆزیمیەوە، لە بن عەرد بزر بووم، شمشاڵ بوو دۆزیمیەوە، شمشاڵ بە سووکی دەستمی گرت و شان بە شانی مەستوورە بە ئاسماندا پیاسەی پێ کردین و هەرچی جوانیی دەریا و چیا و پێدەشتان هەیە، ڕژاندییە چاو و دڵمانەوە و پڕاوپڕ هاتینەوە، شمشاڵ بوو.. شمشاڵ.. شمشاڵ بوو هێستری بەتاڵ دەکردەوە لە جەنە و پڕی دەکرد لە هێوریی، لە دەستەمۆیی، لە سەمای ژنانە، کێ لە بیریەتی ئەو ساتانەی بە شمشاڵ هێسترە بۆزم دەخستە سەمای ڕۆژهەڵاتییانەی ژنانەوە، سەمایەک مەستوورە ئیرەیی پێی دەبرد، سەمایەک کوڕی ئاگریی ئەگەر دەستیان نەگرتبا، کلکی هێستری دەگرت و دەیکردە سەمای ڕەشبەڵەکی.. شمشاڵ هەموو دڵێک نەرم دەکات بە بەردیشەوە، بەس دڵی ئەنفال نەبێت، چی هەیە بە شمشاڵ نەتوێتەوە و نەبێتە ئاو بە بەفری قەندیلیشەوە، خۆ ئەو بەفرە لە دڵی ئەو پیاوە بەردتر نییە کە بە شمشاڵ بووە ئاو و ئێستاش وا لە بەری دەڕوات نەگیراوەتەوە.. دێتە بیرم، دنیا نە هێندە گەرم بوو نە وا ساردیش، ڕەنگە ئەو چەند ڕۆژەی ساڵ بووبێت کە بەهار و هاوین لێکدی گرێ دەدەنەوە، چەند جەنگاوەرێکی برسی بووین، لە شەڕێکی براوە دەهاتینەوە، بەڵام برسێتییەکە هێند کوشندە بوو، لە سیماماندا بەس نیشانەی سەرکەوتن نەدەبینرا، نازانم سەری چەند ژەمان بوو، زارمان تامی زادی نەکردبوو، لە بەدبەختی ئێمە نە ئاژەڵێک نە باڵندەیەک چ ئەوانەی چەقۆیان لە سەرە چ ئەوانەی لە سەریان نییە، نە لە عەرد نە لە ئاسمان نەدەبینران، چۆڵەوانییەک بوو، جگە لەو دەستە جەنگاوەرە، ئەوەی گیانلەبەرە ڕێی بەو شوێنە نەکەوتووە.. برۆ برۆ.. دنیایەک





ڕۆیشتین، ئاوەدانی نەبوو، توانای ڕۆشتنمان نەمابوو، پرزەمان لەبەر بڕابوو، یەکێک لە جەنگاوەران گوتی:

ئەگەر بە هەڵەدا نەچووبم، لەو بەرزاییە شۆڕبینەوە، گوندێک هەیە، یەک ماڵی لێیە، دەیانناسم..

وابوو، تاقە ماڵێک بە دیار کەوت، من لێکمدایەوە ئەگەر لەو ماڵەدا سی و شەش نان هەبێت، یەکی شەش نانمان بەردەکەوێت، دەمگوت هەر باشە شەش نان بە ژاژییەوە ڕەنگە کەمێک بەر دڵت بگرێت.. پێش نیوەڕۆ بوو، ماڵەکە کەوتبووە شوێنێکی کەمێک بەرزتر لە دەوروبەری خۆی.. تەواو نزیک بووینەوە، پیاوێکی بە تەمەندا چووی کەڵەگەتی لاواز، بە تفەنگەوە هاتە دەرێ، ژنێکی گەنج و سێ چوار منداڵی ورتکە و پرتکەش:

– کێن ئێوە؟ بوەستن، نێنە پێش

– مام ڕۆستەم نامانناسییەوە، ئێمە پێشمەرگەین

مام ڕۆستەم تفەنگی لێ ڕاکێشاین، لەسەر چیچکان سێرەی لێ گرتین:

– ئەنگۆ جاشی کوڕی جاشن، بەو خودایەی لەسەر سەرانە یەک شەقاوی دی بێنە پێشی هەر شەشتان سارد دەکەمەوە..

– مام ڕۆستەم، کاکە، ئێمە جاش نین، برام پێشمەرگەین، من چەندان جار نمەکی تۆم کردووە..

– جاشی، پێشمەرگەی، عەسکەری، هەر چییەکی کەیفی خۆتە، بێنە پێشێ، دایێتان دەگێم، زوو ئێرە چۆلکەن دەی.

– ئەتو شەرمت بە خۆت نییە جوێن دەدەیت؟!

جەنگاوەرێکی دی کە دەنگی زۆر گەورە بوو، باش بوو برسێتی دەنگەکەی هەندێک نزم کردبۆوە:

– ئێمە ئەوە چەندان ساڵە بۆ ئازادیی ئێوە هەرچیی خۆشیی دنیایێ هەیە وەلامان ناوە، ئەتووش بەو شێوەیە پێشوازیمان لێ دەکەیت! ها؟!

– کێ گۆتی بۆ ئازادیی من وا لە خۆت بکە! من ئازادیم ناوێت، گوو بەو ئازادییەی

تۆ بۆ منی دەهێنیت، واز بێنە گوو بە ئازادیت، ئەتو ئازادی دەهێنیت! ترِحێو!

دیتمان ژنەکە چووە ژۆرێ بە تفەنگەوە هاتە دەرێ و لێی ڕاکێشاین:

– کوڕە هەی جاشینە، هەی ئەنفالچینە، هەی حەرامزادە و بێ نمەکینە، بێ حەیاو ناموسینە، خوێڕی سەرسەرینە، ئێستا هەمووتان دەکوژم.. ئەوە هەر ئەنگۆن هەتا لە ماڵی ئێمە دەخۆن دەخۆن هێندەی گایەکی دەخۆن، دوایش خۆ تەسلیم دەکەنەوە و ئێمە بە گرتن دەدەن، مێردەکەم بە گرتن دەدەن...

دوور کەوتینەوە، خۆمان خستە پەنای بەرد و کۆسپانەوە، تێگەیشتین کە مەسەلە چییە، بەڵام ڕادەی برسێتی هی ئەوە نەبوو بەئاسانی واز لەو ماڵە بهێنین، لەو نزیکانە نە ئاوەدانی هەیەو نە هیچ، ملی هەر ڕێیەک بگرین، ڕێی لە برسا مردنە... زۆر هەوڵمان دا لەگەڵ مام ڕۆستەم و بووکەکەی بەلاش بوو، سواری کەللەی شەیتان ببوون و نەدەهاتنە خوارێ.. ئێ، بەو برسێتییەوە لە بارەی برسێتییەوە کۆبوونەوەیەکمان بەست، هەموو کۆک بووین لەسەر ئەوەی کە بێ نانخواردن دەسبەرداری ماڵی مام ڕۆستەم نابین، یەک دەیگۆت:

کوڕە با گوللەیەک لەو سەگبابە بدەین، بەس بە نیازی کوشتن نا..

جەنگاوەرێک دەیگۆت:

نا، بەس تەقەی هەواییان لەسەر دەکەین و دەیانترسێنین..

ئەوی دی گۆتی:

هەرچۆنێک بێت دەبێت خۆمانیان تەواو لێ نزیک بکەینەوە و پەلاماری چەکەکانیان بدەین..

ئیدی هەر یەکەی پێشنیارێکی دەکرد، نەدەگەیشتنە یەک، هەندێک جار قسەی هێندە توندیان بە یەکتر دەگوت، هێندەی نەدەما تفەنگ لێکدی ڕابکێشن، من قسەم تێدا نەکرد، ئیدی نازانم کوو بە بیریان هاتەوە من قسەم نەکردووەو هیچ پێشنیارێکم نە خستووەتە ڕوو، گۆتیان:

– ئەتوو دەڵێی چی؟

– بە قسەی من دەکەن، با چەکەکانمان ئەها لێرێهێ، دوور لە خۆمان لەسەر یەک





دابنێین و بە خۆشمان ڕێک بەرانبەر دەرگا دابنیشین و ئەوی دی بۆ من لێبگەڕێن..

دیار بوو فشەیان بەو پێشنیارەی من هات، ئەگەر برسێتی هێندە هیلاکی نەکردبان، تێر تێر پێم پێدەکەنین.. بەڵام لە ناچارییەوە، سەری ڕەزامەندییان نواند، جەنگاوەر کە برسی دەبێت، ناچارە زۆر ڕێگە بگرێتە بەر بۆ تێربوون... وامان کرد، چیم گوت بە قسەمیان کرد... لەسەر برسێتییەوە فووم بە شمشاڵدا کرد، ئەو شمشاڵەی لە دۆڵە ڕەقە ئەنفال بردی، لەسەر برسێتی پەنجەکانم دایە شمشاڵ.. لەبەر برسێتی بڕواناکەم، دەنگی شمشاڵ هێندە ڕۆیشتبێت، نازانم چەند بەندم چڕی... نازانم لە ڕێی شمشاڵەوە چەند وردە فرمێسکم بۆ خۆم و گوندی یەکماڵە هەڵوەراند، هێندە دەزانم دەستی ژنێک لەسەر شانم بوو:

وەرنە ژوورێ با نان بخۆین...

شمشاڵ تەنها دەروەستی ئەنفال نایە، تەنها دڵی ئەنفاله بە شمشاڵ نابێتە ئاو و بە کونی شمشاڵدا چۆڕاوگە نابەستێت، شمشاڵ سەگەکەی بابەگیسکی دەستەمۆ کرد، چۆن خاوەنی یەکماڵە ناگرێنێ، سەگی بابەگیسک ئەو سەگەی هەزار جار پتر پڕی داوەتە قاچی ئەنفال و ئێشی پێ گەیاندووە، ئەنفالیش هیچی لەگەڵی پێ نەکراوە، هەزار تیری تێ گرتووە هیچیانی بەر نەکەوتووە، دەڵێن زۆر جار ئەنفال ڕێی خۆی گۆڕیوە و لە بابەگیسکی لاداوە، لە کن سەگەکەی بابەگیسک هەر شتێک بە ڕەچەڵەک بابەگیسکی نەبایە، دوژمن بوو، دوژمنی سەرەکی و بە هیچ شێوەیێک گفتوگۆی لەگەڵ نەدەکرد، بە چ چاوێک تەماشای ئەنفالی دەکرد بەو چاوەشی تەماشای گورگ و جەنگاوەرانی دەکرد، تەماشای هەموو شتێکی دەرەوەی ئاقاری بابەگیسکی دەکرد، سەگێک بوو ئامادەبوو لە پێناوی پاراستنی بابەگیسک، لە پێناوی مانەوەی بابەگیسک وەک خۆی، خۆی بکاتە قوربانی، هەندێک کەس دەیانگوت:

ئەگەر هەموو مرۆڤێک وەک ئەو سەگە پارێزگاریی لە زێدی خۆی بکات، هیچ زێدێک قەت و قەت داگیر ناکرێت، ئەگەر هەموو دنیاش هێرشی بۆ بێنێت:

کەسانێکی دی ئەو گۆتنەیان بە دڵ نەبوو دەیانگۆت:

ئەو سەگە زۆر ڕەگەزپەرستە مەگەر ئەنفال ئەوها ڕەگەزپەرست بێت..

کەسیش نەیدەزانی ئەو ڕق لێبوونەوەی سەگەکەی بابەگیسک بەرانبەر دنیای دەرەوەی بابەگیسک لە چییەوە هاتبوو، کەس ئەوەی نەدەزانی... جەنگاوەر نەبوو ڕێی کەوتبێتە بابەگیسک و داوی بە داوی سەگەکەیەوە نەبووبێت، شەرواڵی کەم جەنگاوەر هەیە بەر کەڵبەی ئەو سەگە نەکەوتبێت و زۆر جاریش بن شەرواڵی بریندار نەکردبێت، کەم جەنگاوەر هەیە بە قەستی کوشتن تەقەی لە سەگەکەی بابەگیسک نەکردبێت، بەڵام سەگێک خۆی لە تیری ئەنفال لابدات، گوللەی جەنگاوەری پێ دەکەوێت! سێ جەنگاوەر بووین، سبەینێیەکی زوو، لە بەرزاییەوە بەرەو بابەگیسک شۆڕ دەبووینەوە، ترسمان لێ نیشتبوو، دوعامان دەخوێند کە بەر لەوەی سەگەکەی بابەگیسک پەلامار بدات بابەگیسکییەک پەیدا بێت و بە سەلامەتی بمانگەیەنێتە ئاوایی.. چارەسەر هەر ئەوەیە، سەگێک لە زمانی چەغ چغغ چەغە چغە تێ نەگات، فشەی بە بەرد و دار و ئەو شتانە بێت، سەگێک شەیتانیش سێرەی لێ بگرێت گوللەی پێ ناکەوێت.. چارە هەر ئەوەیە کەسێک لە ڕەچەڵەکی بابەگیسک بێت و بمانخاتە پەنای خۆی و ڕزگارمان بکات.. ئێمە لە دوعاخوێندن بووین، دەنگێ هات دەنگ چ دەنگ! لە دەنگی هیچ سەگێک نەدەچوو، ئەوەی من گوێم لێی بوو چ وەڕین نەبوو، وەڕینی ترس بوو، دەنگی ترس بوو... بە دیار کەوت سەگ چ سەگ هێندەی حەفت سەگان دەبوو، من هێندەی لێ ترساوم قەت نەموێراوە بە وردی تەماشای بکەم، بۆیە ئێستاش ئەگەر لێم بپرسن ڕەنگەکەی چۆن بوو؟ وەڵامێکی تێر ڕەنگم لا نییە.. ترساین هەرسێکمان ترساین، ئەنفالیش بەرەو ڕوومان بهاتایە هەر هێندە دەترساین، چ بکەین باشە! ئەوان دوو سێ گوللەیان هاویشت، بە ئاسانی خۆی لە بەر لادەدا، وەک ئەوەی خۆت لە بەر بەردێکی لە دوورەوە هاوێژراو لابدەیت، خۆلادانی سەگەکەی بابەگیسک لە گوللە ئەوها بوو، چ بکەین باشە! ڕێگەی لێ گرتووین، وابزانم سوێندی بە سەری بابەگیسک خواردووە، شەقاوێکی دی بچینە پێش جلکمان بە بەرەوە ناهێڵێت، ڕووتمان دەکاتەوە، لە جلک و چەک ڕووتمان دەکاتەوە، لە جەنگاوەریی ڕووتمان دەکاتەوە..چ بکەین باشە! گۆتمە دوو جەنگاوەرەکەی دی:

ئەنگۆ بەرگری بکەن و نەهێڵن پڕمان بداتێ، من بزانم شتەکی لەگەڵ ناکەم..





بە ترس و لەرزینەوە لەسەر بەردێک دانیشتم، شمشاڵم لەبەر پشتم دەرهێنا، فووم پێدا کرد، پەنجەکانم دایە بای شمشاڵی.. وا بزانم گەیشتبوومە بەندی (هاوار دەلال) دیتم سەگ وا کلکی بادەدات، ئەو کلک بادانە بادانی پێشوازی بوو، سەگ لێمان نزیک بۆوە، کلکی بەخێرهاتنی لە چۆکمان هەڵدەسوو، لە پێشمان نەرم نەرم دەڕۆیشت، جار جارەش ئاوڕی دەدایەوە، بۆ ئەوەی بزانێت بە دوویدا دەڕۆین، من کەمێک پشووم دا، گوتیان:

وەختی پشوو نییە، تێهەڵکە، با پەشیمان نەبێتەوە..

وام کرد، لەبەر خاتری ئەوان نەبوو، لە ترسی خۆم، فووم بە شمشاڵدا کرد، سەگەکەی بابە گیسک بەردەوام بوو لە جوولانەوەی کلکی مێوانداریی، بڕۆ، بڕۆ ئێمەی گەیاندەوە ماڵ.. بابەگیسکییەکان سەریان سوڕما، پیرێکیان گوتی:

شتێکی گەورە ڕوودەدات، خوایە لە بابەگیسکی بە دوور بگریت!

کاتێک ماڵئاواییمان لە بابەگیسک کرد و ڕۆیشتین سەگەکەی بابەگیسک بە گریانەوە بەڕێی کردین، زۆر گریا، فرمێسکی ڕانەدەوەستا، هەتا لە بابەگیسک بزربووین هەر بە دوومانەوە بوو... ئەو سەرهاتی شمشاڵ و سەگەکەی بابەگیسکمان بۆ هەر کێ دەگێڕایەوە باوەڕی نەدەکرد...

ڕەشماڵەکان دەتگوت لە سەراب هەڵدراون، بڕۆ بڕۆ.. نەدەگەیشتینێ....

– ها ها واااااااا.

– کوڕە، ئەوە برادەرەکەی گیڤارایە بانگمان دەکات.

– وس بن وس.

– وەرن وەرن... دیتمانەوە دیتمانەوە..

– دیتیانەوە!!! هەڵێن.

یەک پێ هەموومان غارمان دا.. لە ناو بەفرێ ساتمەمان لە یەکدی دەکرد، بەسەر یەکا بەردەبووینەوە.... من لە پێش هەمووان گەیشتمێ..

– ها چ بووە!!

– کورە، کۆلکەدار، کۆلکەدار!

کۆلکەدار چ کۆلکەدار! هەر کۆلکەدار بوو لەسەر کۆلکەدار...

– ئەو گونییە چییە!

– وەڵا برنجە، ئەوەیان گوێزە گوێز

– ئەها قۆدی ئاوە تەماتەیە

– ئەوە پیازە!

– کورە، خوێ، شەکر، تۆ چا

– ئەها مەنجەڵی کۆڵێ

– وەرن ئەو چینکۆیە گەورانە ڕاکێشن..

– ئەوە وا بزانم چادرە، ئەها تەشتە نان، تەنەکە هەنگوین

– ئەوانە، ئەوانە بەتانین، ئەها دۆشەک دۆشەک

– تەماشاکەن، نۆک، فاسۆلیا،...

– تایت، سابوون. لیفکەی خۆشووشتنێ

– کورە، ئەو هەموو قاپو قاچاخە، ئەها فەردە ئارد، تەنەکە ڕۆن..

– کورە ئێرە ماڵی ئایشەگوڵ و...

یەک ماڵی تەواو لە بن ئەو کۆلکە دارانە ئێخستبووی، ماڵێک بە دیوار و بانەوە.. بە ڕایەخ و کەرەستەی ناندین و گەرماوەوە... شوێنەکە لە ئەشکەوتێکی گچکە بوو، بەڵام زۆر هەڵکەندرابوو، ببووە خانووێکی تەواو گەورە، دیار بوو بۆ حەوانەوەی ئێمە دەستی نەدەدا، یەک چاڵایی بوو، دوو بەفری زۆر دەگرتەوە، دەبوو بە بەردەوامی حەفت جەنگاوەر بەفر بماڵن، ئەگەر ژمارەمان سێ حەفتی بایە، بێ سێودوو لێ کردن لێی پاڵمان دەدایەوە و خەنی دەبووین، هەر جارەی دوو حەفتمان پشوومان دەدا و حەفتێکمان بەفرمان دەماڵی.. دەستمان بە کێشانەوەیان کرد... لە تەنیشت ماڵی شەیتان چادرمان هەڵدا.. گەرماوێکمان لە چینکۆ دروست کرد... ئاگرێکی





دۆزەخیمان کردەوە، سێ چوار مەنجەڵمان خستە سەر ئاگر.. بەفر بێنەو بیخە ناو مەنجەڵەوە.. مەنجەڵی کۆڵێ زۆر گەورە بوو بەشی خۆ شووشتنی خێزانێکی گەورەی دەکرد... لەولا برنج دەکولا، لە تەنیشتی فاسۆلیا، بەتەنیشتییەوە قۆریەی گەورە...

– دەی با نان بخۆین، ئەوجا نۆبەی خۆشوشتن بگرین..

– دەبێت یەکەم جار برادەرەکەی گیڤارا و پۆڵا خۆیان بشۆن...

– ئەرێ نانەکە تێک نەچووبوو؟

– ناوەڵڵا دەڵێی دوێنێ نا پێرێ برژاوە

فاتیمە کۆڵەپشتێکی لە دەستی بوو، هەر هەڵگێڕو وەرگێڕی دەکرد...

– ئەوە چییە! لە کوێت بوو؟

– لە ناو شتەکان بوو، بەس سەیرە، دەرگای چوونە ژوورەوەی نییە! ها ها

– ئەگەر دەرگاشی نەبێت، پەنجەرەیەکی هەر هەیە، لە پەنجەرەوە برۆ ژوورەوە، ها، ها ها.

– بڕوات بێت، هیچی نییە، کۆڵەپشتێکی سەیرە!

– کا بینە، کوو وەیە!

تەماشا دەکەم کۆڵەپشت، ڕێک لە هێلکە دەچێت، داخراو لە بەرد داخراوتر.. جێی تەقەڵ چییە پێیەوە دیار نییە، کۆڵەپشتێکی تەواوێ گەورە، کەمێک لە هی من گچکەتر، نە زۆر سووکە نە زۆر گرانیش، دیار نییە چی تێدایە، وەک بڵێی تۆپێکی کەم هەوا بێت، چەندی پەنجەی پێوە دەنێی و پاڵی دەدەیت، بە هیچ ناگەیت...

– ڕاوەستە بیدڕێنم..

– نا ئەوە نەکەیت، لێی گەڕێ.

– بۆ خۆ نووشتە نییە بەکردنەوە بەتاڵ بێتەوە.

– وازی لێ بێنە بۆ خۆم دەیکەمە سەرین.

قەندیل قەت ئاگری وای بە خۆیەوە نەدیتبوو، ئەو ناوە یەکپارچە پشکۆی ئاگربوو، پشکۆی دار بەڕوو... هێندە برنج و فاسۆلیامان خوارد، خەریک بوو بە دان بکەوین،

وا بزانم پێی کەوتین... لەو قەندیلە گەرماوێکمان داخستبوو، سەردەستەی مراوی گۆتەنی لە تارانیش گەرماوی وا گەرم دانەخرابوو، دەبوایە تا جلەکان وشک دەبوونەوە، خۆ لە بەتانی بپێچی و بە دیار پشکۆی ئاگر و جل وشککردنەوەدا سەمای ئاگریی بکەیت...

ئای چەند ماندووم، ماندووتر لە خۆم، ماندووم وەک ئایشەگوڵ ماندووم، خوداوەندی خەو! ئەو پیاوەتییەم لەگەڵ بکە، دەستم بگرە و فڕێم دە خەوێکی قووڵ قووڵەوە، لە خەونێکم هەڵکێشەو بمهێنەوە، خەونێک تک تک نهێنییەکانی ئایشەگوڵی لێوە بتکێ.... زۆر تامەزرۆی خۆشوشتنم دەکرد، بە خۆشم نازانم لە کەنگێوە خۆم نەشوشتووە، ئەگەر بزانم لە کەیەوە لە ئاقاری قەندیلم، ڕەنگە بتوانم پەنجەی کات لەسەر شوێنی دوا خۆشوشتن دابنێم... ڕەنگە ئەو تامەزرۆییەم بۆ گەرماو بە مەبەستی خۆشوشتن نەبێ و بەس... خوا خوامە نۆبەی من بێت، زانیم من شەشەمین کەس بووم، بەس نازانم پێنجەمین کێیە! پێنجەمین بۆ من گرنگە، زۆریش گرنگە، حەز دەکەم فاتیمە بێت... لەوەتەی هەم حەز دەکەم بچمە گەرماوێکەوە، تازە ژنێکی لێ دەرچووبێ و هێشتا کەفی لەشولاری وی گەرماوی بەر نەدابێ..

– تۆ لە دوای منی، بەڵام لە پێش من بڕۆ

– لەبەر چی ناچی؟

– حەز دەکەم پتر گەرم بێ

خودایە چوارەمین کەس کێیە! ئیشمان بە پێنجەمین نەما، بڕوا ناکەم چوارەمین کەس فاتیمە بێت، ئەو بایە سەردەستەی مراوی بە پێنجەمی دەمایەوە و ئەو چاکەیەی لەگەڵ من نەدەکرد.. زۆر ماندووم، حەزم لەخەوتنە و خەونی پێوە دەبینم، تەواو شەکەت و پرزە لێبڕاوم، توانای سەر بەرزکردنەوەیەک و چاو گێڕانێکم بە دەوروپشتی خۆمدا نییە، ئاگادار نیم کێ خۆی شوشتووە و کێ ماوە! ڕەنگە بەو ڕادەیەش بێ توانا و دابڕاو نەبم، باشترە بە خۆم درۆ لە خۆم سپی بکەمەوە، ڕاستییتان دەوێ، من نامەوێ یان ناوێرم، بزانم کێ لە پێش من گەرماو دەکات، دەمەوێ بە هیواوە لە چاوەڕێی گەرماودا بم و حەز ناکەم لەم بارەیەوە پرسیار لە کەس بکەم... ئێستا دوو شت لە ناو سەرمدا گێژەلووکەن و بە تەنیشت یەکەوە





گێژدەدەن، ئەوانیش ئایشەگوڵ و فاتیمەن... ئایشەگوڵ لەو قەندیلە سەهۆڵبەندانە، گەرماوێکی کردەوە! فاتیمەش نازانم چەندەمین کەسە دەچێتە گەرماوەکەی ئایشەگوڵ و خۆی خاوێن دەکاتەوە، لە ئێستا بە دواوە لە قەندیلێ، گەرماوێک هەیە بە ناوی گەرماوی ئایشەگوڵ..

– هەستە بڕۆ خۆت بشۆ حەمام چۆڵە

– کا کێ لەوێ بوو هاتە دەرێ؟

دیتم فاتیمە بەتانییەکی لە خۆی ئاڵاندووە و دەموچاوی سەد سوند دەخۆی مانگی ناو بەفرێیە.. بە حەز و شەوقەوە بەرەو حەمام هەیپەم لێ کرد، وەک ئەوەی مەهنازێک، ژنێک لەوێ بە ڕووتی لە چاوەڕێی مندا وەستابێ و لێو بکرۆژێ.. حەمام بۆنی ژنی لێ دەهات، حەمام پڕ بوو لە تاڵە قژی ژن، ژنێک نەمدەزانی چی منە! نەمدەزانی بۆ کەس ڕووتبۆتەوە یاخود لە خۆی و دیجلە بترازێ کەس بە ڕووتی نەیبینیوە.... لە بۆنی فاتیمەوە ئەو بۆنەی لە گەرماوەکەی ئایشەگوڵ بەجێی هێشت یان لە بیری کرد، خەیاڵم لە گەرماوە قەندیلییەکە هەڵفڕی... بەو بۆنە ژنانییە گەیشتمەوە ژوورە خەونییەکەی مەستوورە و لەوێشەوە ڕاستەوڕاست بەرەو ڕەشماڵی مەهنازی، گەرماو مەستی کردم دەتگوت بە دیار چاوەکانی مەستوورەوە دانیشتوومە، گەرماو ئارام بوو وەک نیگای فاتیمە ئارام، گەرماو لە ناو ئەو سەهۆڵبەندانە گەرم بوو، گەرم وەک ڕانە گۆشتنەکانی بەر تریفەی مانگەشەوی مەهناز، گەرم گەرم... مەهناز چەند بە وەفایە، خۆی گەیاندە ناو گەرماوەکەی قەندیلێ و تێر تێر لە ئامێزم گرت و بە یادی ڕەشماڵی خێڵان و مانگەشەو بوومەوە پەڵە هەور و بە خوڕ دامکرد... لە چاو نووقاندندا مەستوورە و مەهناز بە ڕووتی هاتنە گەرماوە یەک نەفەرییەکەی قەندیل، بەڵام فاتیمە نەهات، نەک لەبەر ئەوەی جێگەی نەدەبۆوە نا گەرماوە یەک نەفەرییەکەی قەندیل جێگەی حەفتاوحەفت ژنیشی تێدا دەبۆوە، بەڵام جێگەی فاتیمەم نەکردەوە، چونکە کە لە گەرماوێ بۆنی فاتیمەم کرد و تاڵە قژی ئەوم لە کەلێنی بەردەکانی عەردی گەرماو دیتەوە، فاتیمە هێندەی بۆنی خوشکی دا، بۆنی لە خوشک دوورتری لە خۆی نەدابوو، هێندەی وەک دایک خۆی نیشان دا هێندە لە دایک دوورتر نەهاتە پێشێ... من قەت لە حەمام زۆر

نەدەمامەوە لە خۆشترین حەمام چ هاوین چ زستان لە چارێگە سەعاتێک پترم پێ نەچووە، زۆر کەس بە دایکیشمەوە دەیانگۆت ئەتو دەچی ئارەقەی لە شت نەرم دەکەیتەوە و یەکسەر لە حەمامێ دێیتە دەرێ، بەس ئەو جارە زۆرم پێچوو... حەمامێکی گەرم و خۆش بوو، پۆلا نەخشەی حەمامەکەی کێشابوو، هەر خۆیشی دروستی کرد، هەموو ئەو کارانەشی بە بێدەنگی و بێ ئەوەی داوای شتێک بکا، ئەنجام دا.. حەمام درێژییەکەی دوو شەقاو و بەرینی هەر شەقاوێک دەبوو، بڵندییەکەشی ئیمامەی پساوە دەبێت خۆی نەوی بکات، بەڵام ئەوانی دی سەریان پێی نەدەکەوت، مەنجەڵەکە گەورە بوو لەگەڵ تەشتێک و مەنجەڵێکی گچکەتر جێگەی نەفەرێک و نیویان گرتبوو، لە دەرەوە ئاگرت دەدا، پۆڵای ئەندازیاری حەمام بە شێوەیەک دایمەزراندبوو، دووکەڵ نەدەهاتەوە ناو حەمامێ.. حەمام بوو نەک گەمە، ئەگەر مەرگ مەودا بدا و ڕۆژێک لە ڕۆژان بە مەهناز شاد ببمەوە و من بە تریفە بناسێتەوە، ئا کە هەرسێکمان پێکەوە دانیشتین و داوای گێڕانەوەی سەربردەیان لێم کرد، من پێش هەموو شتێک باسی ئەو گەرماوەیان بۆ دەکەم، ئا ئەو گەرماوە ئەگەر لە گێڕانەوەیدا بەهاراتیشی پێوە نەکەیت، چیرۆکێکە نزیک لە ئەفسانە، ئەوە نییە لە دوو سێ پارچە تەنەکە لە سەهۆڵبەندانی قەندیلێ گەرماوێک دروست کراوە، کە دەچیتە ناوییەوە ئارەقە لە هەموو لەشت چۆڕ چۆڕ دادەچۆڕێ، لەشت حەفتا چین چڵکیشی لەسەر بێت، لە چەند ساتێکدا دەگاتە ساخە و لە بەفر خاوێنتر دەبیتەوە... خۆم جوان جوان بەتاڵ و خاوێن کردەوە، هێندەی بزنێک مووم لە خۆم کردەوە، چڵکی وەرزێکم لە خۆم داماڵی، جلەکانمم شوشت، بەتانیم لە خۆم لوول دا و هاتمە دەرێ، هەستم کرد لەشم زۆر سووکە، سووکتر لەو کلوو بەفرەی وا لە ئاسمانێ با سەمای پێدەکات، سووکتر لەو تاڵە قژەی وا فاتیمە جاروبار دەیداتە دەستی با، هەر بە فرین هەڵفڕیمە ناو چادرەکە، لەم سەرەوە تا ئەو سەر بە ڕیز پشکۆ گەش گەش دەگەشانەوە، منیش دەستم بە وشککردنەوەی جلەکانم کرد، فاتیمە لە ناو هۆڵەکە بوو، لەوێ خەریکی جل وشککردنەوە بوو، ئەویش پشکۆڕێژ بوو.. ئێمە ئێستا سێ پەناگەمان هەیە، سێ گابەردی گەورە کە ناومان ناوە هۆڵ، ئەو هۆڵە هەر بە فشە جێگەی حەفت کەسی تێدا دەبێتەوە... چادرێک ئەویش حەفت کەسییە، حەمامێکی







تاکە کەسیش.. ئەو سێ پەناگەیە، دوورایی هەر پەناگەیەک لە ئەوی دی هەر حەفت هەنگاوی پیاسەیی دەبێت، ئەگەر لە هەر یەکیانەوە بۆ ئەوی دی خەتێک ڕابکێشی جا ئەو خەتە لەسەر بەفر بێت یان لەسەر پشکۆی ئاگر، سێگۆشەیەکی بەفری یان ئاگریی بە دیار دەکەوێت، دوای ڕاکێشانی سێ خەتەکە، بە سڕینەوەی هەر خەتێک لەو سێ خەتە، ئەگەر حەز بکەیت، خۆت لە ناو ژمارە (٧) دەبینیتەوە ئەو ژمارەیەش بە ڕێنووسی ئەنفال... لە ناوەندی هۆڵ و چادر و گەرماو، بڵێسە هەمیشە بڵێسەی ئاگر، ئەگەر بەفری هەموو ئاسمانان کلوو کلوو بە سەر قەندیلدا داکات و تا قیامەت لێ نەکاتەوە، زەفەر بەو بڵێسانە نابات کە لە کۆلکە دارەکانی ئایشەگوڵەوە بڵێسە دەدەن، داربەڕوو کە دایە گڕو ڕێگەی ئاگری گرتە بەر، ئاگر لە ناو زریانیش هەر بە ئاگری دەمێنێتەوە و خۆ بەدەستەوە نادا، جەنگاوەریش زۆر جار خۆی لە بەرەی ئاگر دەبینێتەوە..

هەموو لە خۆشوشتن بووینەوە، هەندێکمان هەر لە ناو بەتانی بووین، ئەوانی دی جلەکانیان وشک ببوونەوە، لە بەتانی هاتبوونە دەرێ... هەڵمی جلکی لەسەر پشکۆ هەڵدراو، لە پەڵە هەورێکی ناسک دەچێت، هەر زەینەتە تەماشای بکەیت، من دەمێدی کە تیچاوێکم دایە هۆڵەکە، پەڵە هەوری باوەشی فاتیمەم دیت، ڕوخساری فاتیمە دەتگوت مانگە، بەڵام هەور بەری گرتبوو، جوان نەدەبینران، کەچی سەمای دەکردو جوانتر خۆی دەنواند، فاتیمەی دوای گەرماوکردنی ناو پەڵە هەور، لە هەموو فاتیمەکانی دنیا جوانتر بوو... هەر فاتیمە نا، گەرماوەکەی ئایشەگوڵ هەمووانی جوان کرد، پێشتر کەس بێزی نەدەهات دەست بخاتە ناو پرچی خۆیەوە، ئێستا پرچێکی نەرم و شل، من کە پەنجەکانم بە ناو پرچمدا دەگێڕم، نەشئە وەردەگرم، ئێستا لەبن چادر دانیشتووین... بڕیار دراوە لەمەودوا هۆڵەکە بکرێتە نانخانەی ئێرەش جێگەی دانیشتن و خەوتن، ئەگەر پێویستیشی کرد یەک دوانێک لە نانخانەی دەخەون... شەش جێگەی خەو پێویستە، چادرەکەش جێگەی شەش جێگە دەکاتەوە، بۆ حەفتیش سەری پێوە نییە.. بە زمانی سووتاوم گوتم:

– وا بزانم ئێرە جێگەیەکە نە دوو پێ نە چوار پێ نایگاتێ، بۆیە پێویست ناکات ئێشکگریی بگرین.

– وەڵڵا بابە باش هەر ئەوە مابوو، ئەوجا بە چاکەت و بێجامەش دەخەوین!

– باشە ئەگەر ئێشکگریی و نهێنیی شەو لە پێشمەرگە وەربگریتەوە، چی تێدا دەمێنێتەوە! ئەدی نازانی پێشمەرگە لەسەر سێ شت ڕاوەستایە و خۆی گرتووە: ئێشکگریی، نهێنیی شەو، تفەنگ، ئەگەر...

– نا، ئەوە دەیەوێت کۆپتەرێک بێت، لە خەوێ وەکو کەروێشک بمانگرێ و بمانبا بمانبا، لە ئاسمانی هەولێرێ فڕێماندانە خوارێ و وەکو شفتی شەق ببەین، ئەو دەم چ بە خۆمان بڵێین بۆ هەتا هەتایێ حەیا و نامووسمان دەچێت، دەڵێن حەفت پێشمەرگە لە خەوێ گیران!

– کوڕە دە وازی لێ بێنن، هێندە سەرکۆنەی مەکەن، گاڵتەی کرد.

هەر پۆلا و پیاوە داغستانییەکە بە بێ دەنگی مانەوە و باش و خراپ قسەیەکیان نەکرد، بێدەنگییەکەی پیاوە داغستانییەکە بۆنی لایەنگیریی منی لێ دەهات، بەڵام بێدەنگییەکەی پۆلا، درێژەی بێدەنگییە هەمیشەیییەکەیە و هیچ نیشانەی لایەنگیری و دژیی پێوە دیار نییە... کەس قسەی فاتیمەی نەشکاند، وازیان لە سەرکۆنەکردنم هێنا و قسەیان بە لایەکی دیکەدا ڕاکێشا، نازانم بە چ لایەکدا چوون، کۆپتەر وەها زراوی نەبردم ئاگام لە قسە و باسی ئەوان بمێنێ، ترسام لە کۆپتەر ترسام، ترسانێ، ڕاستە و ڕاست چاومی بە ئاسمانەوە هەڵواسی و ئێستا نا ئێستا کۆپتەر دەگات و هەڵمدەگرێ... ترسانێ، بەهای بەخشییەوە بە ئێشکگریی و پڕاوپڕی کردەوە لە واتا، ئەو ئێشکگرییەی پێش ناوهێنانی کۆپتەر، بۆ گاڵتەش لە لای من واتایەکی تێدا نەما بوو... کۆپتەر چیرۆکێکی ترسناکە، سەراپا سەرهاتێکە لە وەیشوومە، بەر لەوەی کۆپتەر و فڕۆکە بە ئاسمان وەربن، ئاسمان خاوێن بوو، جوان بوو، من هەر جوانییەکم لەسەر زەوی لێ بزر بایە لە ئاسمان لە دوای دەگەڕام، بەڵام کۆپتەرو فڕۆکە گوویان لە ئاسمانیش کرد.. کۆپتەر دنیایەک سەرهاتی هەیە، دەڵێن: دوو پێشمەرگە زۆر ماندوو دەبن، لە شەڕێکی گەورە دەگەڕێنەوە، لەسەر گردۆلکەیەک پشوو دەدەن، خەویان لێ دەکەوێت، کۆپتەر دەگاتە سەریان، گڕ گڕ لە سەریان دەسووڕێتەوەو گێژ بە پێشمەرگەکان دەدات و بە گێژی بە ئاگایان دێنێتەوە و سواریان دەکات و دەیانبات، ئەوە شوانێک لە دوورەوە چاوی لەو دیمەنە دەبێت،





کۆپتەر دەیانبات و دەڕوات.. زۆر کەس ئەوەیان دیتووە کە لە بەرزایی ئاسمانەوە لە کۆپتەرێکەوە دوو شتی بۆر بەردەبێتەوە، دێن دێن لەو کۆڵانە بە عەردی دەکەون کە ماڵی ئایشەگوڵی لێیە... ئایشەگوڵ بۆ زۆر کەسی گێڕاوەتەوە:

من یەکەم کەس بووم کە گەیشتمە سەریان، یەکیان هەپڕوون ببوو، ئەوی دی هەندێک ڕوحی تێدا مابوو، بەو گوێیانەی خۆم گوێم لێ بوو دەیگۆت: پێشمەرگە بە ئێشکگرییەوە پێشمەرگەیە، دەنا وەکو ئێمەی لێدێت...

دەڵێن کۆپتەرەکە بۆیە ئەو دوو پێشمەرگەیەی لە پێش ماڵی ئایشەگوڵ فڕێدابوو، هەتا ئایشەگوڵی پێ بترسێنن و بچێت کوڕەکانی بهێنێتەوە، ئەگەر نەیانهێنێتەوە، ئەوانیش بەو دەردە دەبەن، بەڵام ئایشەگوڵ گوتبووی:

کوڕی من ئەگەر کوڕی من بن ناخەون و هەر بە ئاگان...

جەنگاوەرێک هەبوو ناوی شاخەوان برنۆ بوو، دوایی گۆریی بۆ کۆپتەر، تا ئێستاش ڕەنگە هەر شاخەوان کۆپتەر بێت، زۆر حەزی لە برنۆ بوو، بەڵام کە هەڵی دەگرت لە بەژنی خۆی درێژتر بوو، بۆیە بە ناچاری و لە شەرمەوە، وازی لە برنۆ هێناو کلاشینکۆفی کردە شانی، ئەو شاخەوانە لە شەڕێکی درێژخایەندا لە برادەرەکانی دادەبڕێ و بە تەنێ دەمێنێتەوەو ڕێ بزر دەکات، نازانێ کێندەر کێندەرێیە.. لە ڕووتەنێک خۆی دەبینێتەوە، لە پڕ کۆپتەرێک لە دوورەوە بە دیار دەکەوێت و وەک بزبزۆک بەرەو لای وی دێت، چاو دەگێڕێ پنچکەکیش بۆ خۆشاردنەوە نابینێتەوە، هەر هێندەی لە دەست دێت کە کلاشینکۆفەکەی بخاتە بن قەمسەڵەکەی و دەستی خۆبەدەستەوەدان بەرز بکاتەوە، شاخەوان بە زمانی خۆی بۆی گێڕامەوە، لە ناو ورەوڕ و ترەترِی کۆپتەردا، پەیژەیەک لە کۆپتەرەوە هاتە خوارێ و دەمویست دەستی بۆ ببەم و سوار بم، گوێم لە دەنگێک بوو، زۆر لە دەنگی خارە خولە دەچوو وا بزانم هەر هەو بوو، دەنگەکە گۆتی:

کوڕە دەست بۆ پەیژە نەبەیت، لە منت نەکەوێت دەست بۆ تفەنگەکەت ببە.

منیش وەکو مەردان بە قسەم کرد، دەستوبرد، دەستم بردو یەک دەستڕێژم بە کۆپتەرەوە نا، کۆپتەر بە تەقلە بەرز بۆوەو هەڵات و لە چاو ون بوو.. دەڵێن

کۆپتەرەکەی شاخەوان، لە نزیک ماڵی موختاری کونەگورگ بە ئاگرەوە کەوتبووە خوارێ، شاخەوان دەیگۆت کە دیتم کۆپتەر بە تەقلە دەڕوات و زانیم بەردەبتەوە دوعام کرد خوایە لە حەوشەی ماڵی موختارێک بکەوێت و کاوڵی بکات، جا هەر موختارێک بێت گرنگ نییە.. ئەو کوڕە کۆپتەرکوژە ڕقی دنیای لە موختار بوو، دوژمنی سەرەکی ئەو موختار بوو، جا ئەو موختارە لە بن دەستی با، یان لە بنی دنیا، موختاری گەڕەکی مەلیک با، یان هی کونەگورگ، دەیگۆت:

موختار هەر موختارە لە هەر شوێن و سەردەمێک بێت، بڕۆ بیکوژە و ئۆباڵ بە ئەستۆی من، ئەو کوڕە دژە موختارە هەمیشە دەیگۆت و دەیگۆتەوە، هەرچی فیتنەی دنیایێ هەیە لە بن سەری موختارەکانە، ئەگەر موختار نەمێنێ دنیا ئاسوودە دەبێت، دەیگۆت:

موختار چاوساخیی ئەنفالیش دەکات، ئەگەر موختار نەبێت ئەنفال بە شەوان ماڵی کەس نابینێتەوە، دەیگۆت بڕنۆ بۆ من باشە، نیشانەی ڕاستە، لە دوورەوە قل قل موختاران سەگتۆپ دەکەم...

هەموو خەریکی جلک وشککردنەوەن، هی هەندێک لەسەر وشکبوونەوەن، هی هەندێک کزر بوونەتەوە، من جلکم لەبەرکرد و چایەکی ئایشەگوڵیم خواردەوە و بە دوایدا جگەرەیەکی پیاوە داغستانییەکەیشم کێشا، ئێستا نۆرەی خەوە، ئا خەوم دێت، ڕەنگە خەوهاتنەکەم لە ترسی کۆپتەرەوە بێت، جگە لە من و پۆلا ئەوانی دی سەرگەرمی قسە بوون، لە دوای دیتنەوەی ماڵی ئایشەگوڵ و گەرماوکردن و نان خواردن لەو ماڵە، ئاهی قسەیان هاتبووەوە بەرو باسوخواس دەکرایەوە، سەردەستەی مراوی شیعری دەگۆت، برادەرەکەی گیڤارا سروودانی دەچڕی، پیاوە داغستانییەکە هەرچی جوێن هەیە بە قەندیلی دەدا، ئیمامەی پساوە سەرهاتی کۆنی دەگێڕایەوە، فاتیمە جاروبار وەک گوڵ پێدەکەنی... ئێستا ئێمە وا لە ماڵی ئایشەگوڵین و خواردنمان لە بڕانە، ئەوەی لەو ماڵە دەست ناکەوێت تەنها گۆشتە، چوار پێنج قوتووە گۆشت هەبوو، زوو لرف کرا، جێ و ڕێشمان خۆشە و لە تێری جێمان دەبێتەوە، چ زۆرە بەتانیش زۆرە، ئاگریش، هەتا ڕۆژی حەشر کۆلکەدار بسووتێنەو لە بن نایەت...





ئایشەگوڵ لە هەموو لایەکەوە دەهاتەوە ناو قسە، قسە بە هەر لایەکدا دەڕۆیشت، دەگەیشتەوە ئایشەگوڵ و قسە ئایشەگوڵی ڕادەکێشا... ئەوەتا ئەو دوو پیاوە لەسەر ئایشەگوڵ پیس تێک گیراون، پیاوە داغستانییەکە دوو تەمەنی برادەرەکەی گیڤارای هەیە، کەچی سەری شێرزادەکە دوو هێندەی سەری بایزەکە مووی سپیی تێدایە، برادەرەکەی گیڤارا خۆی گۆتەنی هەر لە تەمەنی هەرزەکارییەوە سەری داوی سپی تێ کەوتووە...

برادەرەکەی گیڤارا دەیگۆت هەموومان قەرداری ئایشەگوڵین، ئەو نەبایە ئێستا نا دەمێکی دی لە سەرماشدا نەمردباین، لە برسان دەمردین، دەیگۆت نابێت لە قسەی ئایشەگوڵ دەربچین، پێویستە هەر لە قەندیل بمێنینەوە و بگەڕێین تا ئەوانی دیش دەبینینەوە، هەرچی پیاوە داغستانییەکەیە هەزار سوندی دەخوارد کە بێجگە لەو حەفت کەرە، ڕوحلەبەرێکی دی لەو قەندیلەدا هەناسە نادا، دەیگۆت هەرچی دەڵێی لێت قەبووڵ دەکەم بەس مانەوە لە قەندیل نا، ئاخر بۆچی بمێنینەوە؟ تا کەی بمێنینەوە؟ ئایشەگوڵ ئەو قسە گەورانە دەکات، ئەدی بە خۆی لۆ نەیتوانی لێرە بمێنێتەوە! بە کوڕو کچی خەڵکی دەڵێ لێرە بمێننەوە، بەڵام بە خۆی قووچاندی! بە خودای بە قسەی ئەو ژنە ئاخر شەڕە بکەین، لە ترێ سەی دەچین، برادەرەکەی گیڤارا دەیگۆت:

ئەوەی بە قسەی ئەو ژنە بکات زەرەر ناکات، ئایشەگوڵ قەت زەرەری مەی نەویستووەو ناوێ...

ئەو دوو پیاوە لە بارەی ئایشەگوڵەوە نەدەگەیشتنە یەک. نەک هەر ئەو دووە، قسەی کەسمان لە بارەی ئەو ژنەوە تێکی نەدەکردەوە، ئەوە نەبوو دوو بەرە بین، نا کە سەری قسە دەگەیشتەوە ئایشەگوڵ، حەفت ڕستەی لێکدی جیا بووین و بە ئامرازێکیش خزمی یەکدی نەدەبووینەوە.. پیاوە داغستانییەکە لە ڕێی برادەرەکەی گیڤاراوە ڕقی قەندیلی بە ئایشەگوڵ هەڵدەڕشت، دەنا پێ نەدەچوو کێشەیەکی ئەوتۆی لەگەڵ ئایشەگوڵ هەبێت... دیتم سەردەستەی مراوی سەگانە خۆی لە پیاوە داغستانییەکە نزیک دەکردەوە:

– ها جگەرەیەک لەو تووتنە بپێچەوە، بزانە چتۆ تووتنە؟

– کا تووتنی چ! هەر لە هی خۆم نییە!

– نا لە ماڵی ئایشەگوڵم دیتەوە، لە سایەی ماڵەکەی ئایشەگوڵەوە، چایەش لە کوپ دەخۆینەوە.

بڕوای تەواوم بەوەیە لە ناو بەفرێ، ئاڵۆزترین کێشەو بێ سەروبەرترین دەمەقاڵێ و بگرەو بەردە، بە کوپێ چای بە هێلەوە دەبنە هەڵم و ئاسەواریان نامێنێ، پیاوە داغستانییەکە خەریکی جگەرە پێچانەوە بوو، لە چاکەی دەرناچم زۆر جار بۆ منیشی دەپێچایەوە، مژی زۆر قووڵی لە جگەرەکەی دەدا، مژی کریاڕی بوو:

– ئەوە خۆشترین تووتنە لە دنیایێ لە مۆسکۆش جگەرەی ئەوهام نەکێشایە.

– بە ڕاستی وایە، ئەو جگەرەیەی لە گیڤاراشم وەرگرت ناگاتە ئەو جگەرەیە.

بە ڕاستی تووتنە نەک گەمە، من یەکەم جارمە جگەرەی وا خۆش بکێشم، سەد ئەو سۆمەرەی بە قوربان بێت کە کاتی خۆی لە پیاسەی عەسرانی ناو قەیسەری هەولێرێ دەمکێشاو دووکەڵەکەیم بە پرچی ئەو کچانەدا دەکرد کە تیچاویان دەدایە هەموو شتێک، بەس من نەبێت، ئەو هەموو پێکەنینەیان بە سەر دوکاندارەکاندا دەڕژاند، بەڵام بۆ جارێکیش بزەیەکیان بۆ من نەدەکرد، منیش لە داخان لە ناو دووکەڵی جگەرەم هەڵدەکێشان و بە کۆخەم دەیێخستن... خەو بەرم نادا، دەڵێن چایە خەوڕەوێنە، بەڵام وا نییە، بۆ من وا نییە، بۆ منی قەندیلی، بۆ منی چێنراوی ناو بەفر و زریان، بۆ منی ترساوی هەمیشە ترساو، چ پێ ناچێ من ببمە جەنگاوەر، نا بە جەنگاوەری نامرم، بشمرم نامخەنە لیستی جەنگاوەرە شەهیدەکانەوە، بشژیم تا دنیا دنیایە هەر بژیم، نامخەنە لیستی جەنگاوەرە دێرینەکانەوە، نا من بۆ جەنگاوەری لە دایک نەبووم، جەنگاوەر دەبێت بە جەنگاوەری لە دایک بێت، جەنگاوەر لە ساتە ترساوەکان نابێت نزیک ببێتەوە لە ماڵی خەو، ئەوەتا من لە هەر ترسانێکدا ڕاستە و ڕاست دەگەمەوە ماڵی خەو، نا من بە جەنگاوەریی نامرم، بە جەنگاوەریی نامێنمەوە، نا من جەنگاوەر نیم و نابمە جەنگاوەر، من دەبێت تا زووە بگەمەوە شمشاڵ و بچمەوە ناو ڕەشماڵی خێڵان... لە بیرمە پێش خەوتن لەگەڵ خۆم زۆر بگرە و بەردەم کرد و دەستم بۆ گەلێک سەرەداوی باسان برد، لە بیرم نییە تا کوێ ڕۆیشتم و بە چی گەیشتم و ئەوەی هەمبوو لە کوێ خستم!





– باشترە بنووسی.

– نا، وادەی نییە، هێشتا زووە.

– درەنگ هاتووم زوو نەهاتووم، بینووسە.

– زۆر زوو هاتی، ڕەنگە هەڵەت کردبێت، بیر بکەوە، ناوی چی بوو تەمەنی چەند بوو!

– خۆتی و هەڵەم نەکردووە، ئەگەر ناینووسی دەڕۆم و دەڵێم نەینووسی.

– تۆ ڕاوەستە با تێکبگەین

– قسەمان لەسەر تێگەیشتن و تێنەگەیشتن نییە وەسیەتەکەت بنووسە و تەواو.

– ناینووسم، پێی بڵێ هێشتا زۆر زووە ناینووسم.

خراپ ڕاچڵەکیم، ڕاچڵەکینێ مەگەر هەر خۆم لە خەونی خەوێدا وا ڕاچڵەکیبم..

– هێشتا زووە، نا....

– زووی چی!!

برادەرەکەی گیڤارا بە ئاگای هێنام، وا بزانم تێگەیشت خەو و ئاگاییم تێکەڵ کردووە، بۆیە لە سەری نەڕۆیشت و لیستی ئێشکگریی خستە دەستم، دەمویست بخەومەوە و خەونەکەم تەواو بکەم و بزانم چی بەسەردێت، ئەو کابرا تارماییە بۆچی دەیویست وەسیەتم پێ بنووسێ! من بۆ نەمنووسی! حەزم لێ بوو ئەنجامی ململانێیەکە ببینم و پێبکەوم کاممان لاملترین.... نەموێرا بنوومەوە، جارێکی دی وام کرد، لە مێژە، سزایان دام، سزایەکی قورس، حەفت ڕۆژ شێویان پێم لێنا... ئا ئەوەی لە کاتی ئێشکگریی بخەوێت، زۆر جار سزای زۆر قورس دەخوا، سزاکەی من لە چاو سزایان هەر هیچ نەبوو... پۆلا لە دوای من بوو، شەوێ بوو خوێنی دەبەست، قەندیل کپ کپ، سپی سپی، دەتگوت نە زریان نە تۆپی بەغدا و شام و تاران و توران قەتاوقەت ڕێیان بە قەندیل نەکەوتووە، دنیا لە ئاوێنە ڕوونتر و لووستر بوو، خۆت بۆ خلیسکانێک شل بکردایە، شەیتانیش نەیدەزانی لە کوێ خۆت دەبینییەوە... چوومە ناندێنەکە و پشکۆم گەشتر کردەوە، سەیری پارچە کاغەزەکەم کرد، پۆلا لە دوای من

ئێشکگر بوو، نهێنیی شەویش (حەیدەر)... حەیدەر کێ بوو! کێ بوو!! ئا ناسیمەوە، ماڵیان لە ڕۆژهەڵاتی پردەکە بوو نزیک ماڵی گامێشەوانەکان، خانووەکەیان دوو قات بوو، لە قاتی سەرێ ژوورێکی گەورە هەبوو، پەنجەرەیەک لەو ژوورە دەیڕۆنییە سەفینێ، من هەموو سبەینان بۆ ماست کڕین ڕێم بە کۆڵانی ئەوان دەکەوت، من بە تەمەن زۆر لەو گچکەتر بووم، لە پەنجەرەوە بانگی کردم، چووم... ژوورەکەی پڕ پڕ لە کتێب، جێگەی یەک کتێبی دیکەی لێ نەدەبۆوە، جێی دانیشتنی خۆیشی نەدەبۆوە...

– تۆ کتێب دەخوێنیتەوە؟

– بەڵێ، کتێبی مەکتەب

– نا، کتێبی مەکتەب ناڵێم، کتێبی مەکتەب هەموو شتێکی تێدا نییە و هەموو شتمان فێر ناکات..

– ئەدی!

– کتێبت بدەمێ دەخوێنیتەوە؟

– بەڵێ

ئەو سبەینێیە بە ماست و کتێبەوە گەڕامەوە ماڵ، هەر لە ڕێ دەستم بە خوێندنەوەی کتێبەکە کرد، وەخت بوو جامە ماستەکەشم لە دەست بڕژێ، چیرۆکێکی خۆش بوو ئێستاش بە وردی لە بیرم ماوە، باسی لە بە ئەفسانەبوونی چەند کەسێکی ئاسایی دەکرد... ڕۆژێک دەمەو عەسران بوو قسە بە کۆڵانێ وەربوو، حەیدەر ژوورەکەی لەسەر خۆی داخستووە و لە کەس ناکاتەوە، گەڕەک خڕبوونەوە، حەیدەر، بیکەوە کوڕم بیکەوە، بابم بیکەوە، وەکو ئەوەی هەر لەگەڵ حەیدەریشمان نەبێت، بێ هەست و خوست... خەڵک گۆتیان چ چار نییە دەبێت دەرگای بشکێنین، دەرگا گەلەک پتە و و قایم بوو نەدەشکا، هەر کو بوو دەرگایان شکاند... ئەولا حەیدەر ئەملا حەیدەر، حەیدەر چ دیار نییە، دایکیشی سوندی دەخوارد، بە چاوی خۆی بینیویەتی حەیدەر چۆتە ژوورێ و دەرگای لەسەر خۆی داخستووە، ئێ، خانوو جگە لە دەرگا چ کونەکی دەرچوونی تێدا نییە، دەی، بن کتێبان بگەڕێ، ناو کتێبان بگەڕێ، حەیدەر بووە بەردی بن گومێ، حەیدەر بووە وشەیەک لە ناو ئەو هەموو





کتێبانە، کەس نەیدیتەوە، ئیدی من حەیدەرم لە ژوورەکەی خۆی ون کرد و نەمدیتەوە، ئەوەتا ئەوشەو لە قەندیلێ و لەسەر ئەو پەڕە کاغەزە دیتمەوە، دەنگم ناگاتە دایکی، دەنا پێی دەڵێم: کوڕەکەت لە ناو پەڕە کاغەزان بزر بوو، لە ناو پەڕە کاغەزانیش لە دووی بگەڕێ... دەڵێن ژوورەکەی حەیدەر هەتا ئێستاش وەکو خۆیەتی و دەستی لێ نەدراوە، دایکی دەرگاکەی داخستووەتەوە و ناهێڵێ کەس لێی نزیک بێتەوە، هەرکێ لێی دەپرسێ سۆراخێکی حەیدەر نییە؟ دوور لە گومان و بە دڵنیاییەوە دەڵێ: با وا لە ژوورەکەی خۆیەتی، خەریکی خوێندنەوەیە... ئەگەر بتەوێ دیدەنی بکەیت، توند دەستت دەگرێت و بە میهرەبانی پێت دەڵێت: نا وازی لێ بێنە، لە خوێندنەوەی مەکە....

خەو بەرم نادا، ئاگرم جوانتر گەشاندەوە، قۆرییەکەم خستە سەری، دوو پەتاتەی گەورەم هەر یەکەی هێندەی مستێ هاویشتە ناو پشکۆوە، بخۆ چایە و پەتاتە بخۆ، مژی وا لە دار جگەرە دەدەم، هەر مژێک ئاسمانێک دووکەڵ دەخاتەوە... خەو هەر بەرم نادا، لە نێوان ناندێن و ژووری نووستن دەستم بە پیاسەکردن کرد، پیاسەیەکی پڕ ترس، ترس لە هەڵخلیسکان، لەو قەندیلە هەر کەسێک پێی بڕوا و پێی نەگیرێتەوە، ڕۆیشتنێ دەڕوا، نە ڕێی بە دۆزەخ دەکەوێت، نە بە بەهەشت، شەیتانیش نازانێ لە کوێ بە عەرد دەکەوێت... لوورەی تۆپێک، چ نییە دوور خۆی بە عەردی دادا، تۆپێکی دی، یەکی دیکەش، نزیکتر، زۆر نزیک... هەموو ڕاپەڕین: چییە؟ چ بووە؟! چ نییە نە، تۆپانێیە!

– ئەوە لە کام لاوە دێن!

– لە بەغداوە

– ئەوەیان لە تارانەوە هات.

– وا نییە لە توورانەوە بوو.

– دە بە فەخری عالەم ئەوەیان لە ناوەڕاستی شامەوە هات.

– من بزانم قسەی هەمووتان ڕاستە، لە هەر چوار لاوە تۆپبارانە.

پێدەچوو قسەی برادەرەکەی گیڤارا ڕاست بێت، من چ تێنەگەیشتم تۆپەکان لە چ لایەکەوە دێن، هەموویان کۆک بوون لەسەر ئەوەی کە تۆپەکان لە هەموو لایەکەوە دێن... هەر تۆپ بوو لە ناو بەفرێ تەپەی دەهات، بەڵام هەندێکیان وا بزانم بە بەرد دەکەوتن، دەنگێکی وایان لێ بەرز دەبۆوە، قەندیلیان کاس دەکرد، برادەرەکەی گیڤارا دەیگۆت ئاگرەکە کز کەن و تەواو هیچ لە گۆڕێ نییە، ئیمامەی پساوە لێی وەردەگرتەوە: من دڵنیام ئێرە تۆپی هیچ دەوڵەتێک نایگرێتەوە، نابینن چەند دوور لە ئێمە دەکەون، کوا هەتا ئێستا چ مەترسییەکیان لەسەر ئێمە دروست کردووە! دڵم





بەو قسانە ئاوی خواردەوە، ئەوەی ترسە لێم نزیک نەکەوتەوە، ئەو تۆپانە نەبان قەت خەو بەری نەدەدام.... جێی خەوتنمان گۆڕی چووینەوە ناندێنەکە، گوتیان بۆ ساچمە ئێرە باشترە، ئەگەر بشگات، گابەرد دەیانگێڕێتەوە.. من زۆر حەزم لێبوو لە تێری بخەوم، بەڵام دەنگی تۆپ نەیهێشت چاوم بچێتە خەو، ئەو تۆپە دنیا هەژێنانە دێڵن کەس خەوی لێ بکەوێت! ئەوەتا دەبینم ئەوانی دیش خۆیان هەڵگێڕ و وەرگێڕ دەکەن و خەویان لێناکەوێت... جارێک، وەڵڵا وا بزانم هەر ئەو ساتانە بوو پیاوە داغستانییەکە هات هات تا گەیشتە نێوان من و فاتیمە هەر هات و نەوەستا: بە ناوی من بەو کچە تاقانەیە بڵێ، کووت پێ دەڵێم ئەوهای پێ بڵێ، ئەویش کووی بە تۆ گۆت ئەوها بە منی بڵێوە، نەگۆڕی قسە گۆڕین ئەگەر بە نیازی چاکەش بێت هەر خراپە.. گۆتم قسەی تۆیە فەرموو بڵێ، گۆتی: پێی بڵێ بەو کچە بەسرایییە بڵێ، ئەوا ئێمە وەکو دەڵێن قەدەرمان قەندیلە بە گچکەیی نا، بە جحێڵی، بە جحێڵی نا، بە پیری هەر دەبێت سەرمان پێی بکەوێت، بەڵام پێم ناڵێی ئەتوو چ جێگەیەکی دی نەبوو ڕووی تێ بکەیت، ئەو قەندیلە سەر بە گۆبەندە نەبێت؟! فاتیمە وەک بڵێی کەوتبێتە بەر پرسیارێکی وا کە قەت چاوەڕوان نەبووە کەسێک لێی بکات، تەواوێک داما، چاوی لە چاوی پیاوە داغستانییەکە بڕی، ئەوجا بە بزەیەک لە دەم و لێوە قەسپییەکانییەوە، شیرین شیرین هاتە گۆ:

بە ڕاستی من نەک هەر قەندیل هیچ چیایەکم لە خەونی شەوانیش نەدیتبوو، نەک هەر قەندیل خولیای چوونە سەر هیچ چیایەکم لەسەر نەبوو، ڕۆژێک لە ڕۆژانیش کەسێک نەهاتە بن گوێم و گەشتی چیام بۆ بخوێنێت، تا وردە وردە خۆشەویستیی چیا بێتە دڵمەوە، خۆشم نازانم چۆن بوو! هێندە دەزانم ڕووداوێکی دیاریکراو، منی گەیاندە ئێرە، مەلیک منی گەیاندە ئێرە.....

پیاوە داغستانییەکە گۆتی:

دەی پێی بڵێ ئەو ڕووداوە چی بوو؟ مەلیک بۆچی تۆی ناردە قەندیل؟

فاتیمە هیچ وەڵامی نەبوو، بێدەنگ ما، دیتمان چاوەکانی پڕ بوون لە فرمێسک، خەریک بوو بڕژێن، باش بوو پیاوە داغستانییەکە زوو گرتییەوە و نەیهێشت بڕژێن:

پێی بڵێ بەس نەگریێ شەرت بێت لە شەرتی پیاوان جارێکی دی پرسیاری ئەوها

قۆڕی لێ نەکەم...

***

لە کۆڵەپشتی کۆچەری
خەو ورتکە نانی لە خۆ ئاڵاندووە
ئێشک دەستم گرێ دەدا بە تفەنگەوە
پێم وا بە کەلەپچەی بای ڕۆیشتنەوە
شەو و ڕۆژانی تەمەن لە ئێشکگری دەکەمەوە..
شینبە پێی نادیار شینبە
بەرپێنەیێ بە ڕۆیشتن ببەخشە
دابەزە دەستی نادیار دابەزە
هێشووە خەوێ بگوشە ناو چاومەوە..
لێم وەرگرنەوە بینایی ئێشکگریی
بمدەنەوە چاوێ بۆ خەوتن

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***





تۆپەکان جیا بوون لەوانی پێشی، لە دەنگ جیا بوون، لە جێگەی کەوتنەوە جیا بوون، لە بەدوای یەکداهاتنیش هەر جیابوون، ئەوانەی پێشان قل قلەیان نەبێ کە دەنگیان زۆر گەورە بوو مردوویان زیندوو دەکردەوە، دەنا ئەوانی دی وا نەبوون بۆ جەنگاوەر لە مێشوولەیەک کەمتر کاریگەرییان بەجێ دەهێشت، ئەوانی دی لە هەزار تۆپ تۆپێک نزیک دەکەوتەوە، ئەمانە بە گشتی لە دەوروبەر زرمەیان دێ، ئەوانی دی ناوە ناوە پشوویان دەدا، ئەمانە پشوو ناناسن، ناپسێنەوە، هەر دەڵێی تەزبێحی نەپساوەن، وەک تەزبێحەکەی دەستی پیاوە داغستانییەکە دنک دنک، هەندێ جار سێ دنک و زیاتریش خێرا خێرا دێن و ئاودیو دەبن، تۆپەکان ناپسێنەوە، دنیا دەپسێتەوە، تۆپەکان ناپسێنەوە، تۆپەکان پشوو نادەن، بەفر پشوو دەدات، زریان پشوو دەدات، تۆپەکان پشوو نادەن.. جەنگاوەران لەگەڵ نەپساوەیی تۆپەکانیش ڕاهاتوون، لە ناو زرمەدا پاڵکەوتوون، هەر دیتت خەویشیان لێ کەوت، ڕەنگە خەونی ناسک و وەنەوشەییش ببینن.. لە بەدبەختیمە تۆپەکان نامترسێنن، دەنا ئێستا بۆ خۆم پوختە دەخەوتم، خەوێکی درێژ درێژ، خەوێک وەک تۆپەکان نەپساوە، خەوێکی پڕ لە خەون.. نا هێشتا هەموویان بەئاگان، ئەوەی پاڵکەوتووە و لەسەر خەوتنە، بەئاگاترە لەوەی دانیشتووە و مژی ئێشکگریی لە جگەرە دەدات.. پۆلا ڕێک بەرانبەرم نیوە پاڵدانەوە لەسەر تەنیشت پاڵی دابۆوە، دەستی خستبووە بن چەنەگەیەوە، ڕۆچوونێ ڕۆچووبوو، قووڵتر لەو چاڵەی، کچە خەونییەکە بە ئەسحابەکوژی ئاشنا کرد، دەتگوت لە ئاقاری بیستنی ئەودا نەک هەر زرمەی تۆپ بگرە زیکەی زیکزیکەش نایەت، نەمکردە نامەردی ڕاستوڕاست چوومە ناو چاوی و هەست و خوستم لە خۆم بڕی، هەرچی دوعام لەبەر بوو خوێندم، ئێ، ئەوە خوایە بیگرێ و هەندێ ئاشنایەتی لە دیرۆکی پۆلا پەیدا بکەم.. دیتم پۆلا بە چیایەکدا هەڵدەگەڕێ بە تەنێیە، بەڵام ناوە ناوە ئاوڕ لە پشتی خۆی دەداتەوە و دەست ڕادەوەشێنێ، دەڵێی چەند کەسێک لە دواوەن، بە ئاستەم گوێم لە دەنگی پۆلایە:

دڵنیام هەوە، ئەو دیو ئەو لووتکەیە هەوە، دەبێت بیگەمێ، ئا هەوە، لەوێوە هەموو دنیا دەبینم، بە دەنگ و ڕەنگەوە هەموو دنیا دەبینم، دنیا بە کۆن و تازەیەوە دەبینم...

پۆڵا زۆر خێرا هەنگاو دەنێ، وا گەیشتە سەر لووتکەکە، لە شوێنی خۆی ڕاوەستا، چاو بەو دیودا دەگێڕێ، ئەو دیو لە من دیار نییە، ئاوڕی دایەوە دەست ڕادەوەشێنێ و هاوار دەکات:

وەرن وەرن، دیتمەوە، دۆڵە کۆگەم دیتەوە.....

زرمەیەک دەنگی پۆڵای پێچایەوە و هێندەم لە خۆم هەڵدا، پۆڵاش ئانیشکی گۆڕی، ڕووی وەرسووڕاند و لە بینینی دۆڵە کۆگەی کردم.. زۆر دڵم خۆش بوو بەوەی پۆڵاش کەوتە چاڵەکەوە، بەڵام من حەزم لە ڕابردووی پۆڵا بوو نەک ئایندە.. لەگەڵ زرمەی تۆپەکە ئەوانەی بە نیازی خەوتن متەقیان لە خۆیان بڕیبوو، هەستانەوە و دەست کرا بە گوێز شکاندن، چایەش دێمی دا، بخۆ لە گوێز و چایە... نازانم وابوو یان من وام دیت کە پۆڵا سەیر سەیری دەکردم، وەک ئەوەی هەستی کردبێت شتێکم لێی دزیوە.. کاتی خۆی کە دزیم لە فاتیمەش کرد، هەستم بە سەیرکردنێکی وا کرد... دەبێت زیاتر لە پۆڵا بدزم، ئەوە چ نەبوو، من ڕابردووی پۆڵام مەبەستە، نا ئەوەش گرنگە، ئا زۆریش گرنگە، ڕەنگە لە ئێستادا لە ڕابردووەکەی گرنگتر بێت، ڕابردووەکەی زیاتر هی خۆیەتی، بەڵام ئایندەکەی ڕەنگە بەشی منیشی پێوە بێت، ئا کێ ناڵێت ناگاتە دۆڵە کۆگە و یەکێک لەو کەسانەی کە لە دوایەوە دەڕۆیشتن، من نیم! من زۆر لەو بێدەنگییەی پۆڵا دەترسم، شتی گەورەو وێنانەکراویش لەو بێدەنگییەیدا وێنادەکەم، بە دووری نازانم لە ڕێی پۆڵاوە، ڕێمان بکەوێتە دۆڵە کۆگە و لەوێوە هەرچی نهێنیی دنیا هەیە دەیکەینە ئەنگوستیلە و لە پەنجەمانی دەکەین.. ئا من لەو بێدەنگییە قووڵەی پۆڵا ڕادەبینم کە ئەو توانایەی لە خۆیدا هەڵگرتبێ....

– قەت وا نەبووە، بێ پسانەوە لە هەر چوار لاوە، زرم زرم...

– چ نییە، هەر ماندوو دەبن، گرنگ ئەوەیە زۆر هاتوچۆ نەکەین

– باشە دەبێت ئاگرەکەی ئێمەیان نەدیتبێ؟

– نا، بڕوا ناکەم، بەس با حەفت ساڵ، تۆ بڵێ حەفتا ساڵ، تۆپ بهاوێژن، وەک





گوتم ئێرە تۆپی هیچ تۆپخانەیەک نایگرێتەوە

– ئەرێ تۆ بە چ دەزانی ئێرە تۆپ نایگرێتەوە؟

برادەرەکەی گیتارا ئەو پرسیارە توندەی هاوێشتە ناو ڕستە پڕ لە باسوخواسەکانی ئیمامەی پساوە و ئەسحابەکوژ.

– ئێ، کوا تا ئێستا تۆپێک لە نزیکت کەوتووە؟

– کە تا ئێستا نەکەوتووە، مانای ئەوە نییە کە ناکەوێت! دەبا پێت بڵێم و باوەڕیش بکە، وەک من لێرە وردبووبمەوە، لە دوو لاوە تۆپ نایگرێتەوە، لە دوو لاوەش تۆپێک ئەگەر زیرەک بێت ڕێک جێمان دەکاتە ئەو جێ و بەو سێ گابەردەوە تەختمان دەکات

– بڕوا ناکەم لە هیچ لایەکەوە ئێرە تۆپ بگرێتەوە.

– وەرە بچینە دەرێ نیشانت بدەم بە چ شێوەیەک تۆپ دەمانگرێتەوە و گوومان پێدەکات

چوونە دەرێ، پۆڵا و فاتیمە و من ماینەوە، دیار بوو ئەوانیش وەک من بە لایانەوە گرنگ نەبوو داخوا تۆپ لە کام لاوە دەیگرێتەوە، لە کام لاوەش نایگرێتەوە.. پۆڵا بە ڕێی خۆیدا ڕۆیشتبوو، بێ من ڕۆیشتبوو، ڕەنگە ئێستا لە ناو دۆڵە کۆگەدا پیاسە بکات، من پۆڵام مەبەست بوو، بەڵام ڕووم لە فاتیمە کرد:

– دەبێت لە دۆڵە کۆگە چ باس بێت؟

– دیارە، زۆر بیری لێ دەکەیتەوە!

– نا، کەمێک، ئەدی تۆ هیچ بە لایدا ناچیت!

– منیش لە بیرم نەچۆتەوە، بەڵام هێندەش خەریکم ناکات

– پێدەچێت پۆڵا زۆر بیری لێ بکاتەوە!

پۆڵا هەر بە پۆڵایی مایەوە، نە نای هەبوو نە ئا، پێدەچوو هەر گوێی لە ئێمە نەبووبێت، جا با گوێیشی لێ بێت چ ناچار نییە وەڵام بداتەوە، ئەو هەرگیز وەڵامی پرسیاری لابەلایی ناداتەوە، ئەگەر بتەوێ وەڵامت بداتەوە، دەبێت بچیتە ناو چاوی و دەست بخەیتە سەرشانی و ڕاستوڕەوان پرسیاری خۆت بکەیت، یالا ئەگەر وەڵامت

بداتەوە، چ وەلامێکیش! نا بەلاشە، گێچەڵکردن بە پۆلا جگە لە شەرمەزاری بۆ خۆت چیدی لێ ناکەوێتەوە...

پۆلا زۆر بە خەمساردی تەماشایەکی کردین:

بەس ئەستێرە هەڵبێن، دەرچوون ئاسانە..

فاتیمە دەتگوت لە دڵی منە، لەباتی منیش بە نەرمییەوە لە پۆلای پرسی:

ئەستێرە لەو قەندیلە دەتوانێت ببێتە ڕێنیشاندەر؟ نا بڕواناکەم ئەو ئیشە لە دەستی چ ئەستێرەیەک بێت، ئاخر کە نەزانرێت یان وەهامان لێ تێکچووبێت، قەندیل کەوتووەتە کوێی دنیا، با هەر بزانین باکور باشوور دەکەونە کوێ، چ کەلکی نییە، لات وایە ئەستێرە بە کەلکی ئێمە بێت؟

پۆلا بێ خۆ شێلووکردن:

با ئەستێرەیەکم لێ هەڵبێت، ئەو ئەستێرەی خۆم دەیلێم، ئەوجا دەبینن!

لەوێوە دوعای ئەستێرەی پۆلاش هاتە سەر دوعایەکانی دی، ناوە ناوە، لە دڵەوە دەڵێم:

خودایە، خودای ئەستێران، بە ئەستێرەکەی پۆلا بڵێن خۆی نیشانمان بدا، دنیامان نیشان بدا، لە لای تۆ ئاسانە زۆر ئاسانە، هەڵاتنی ئەستێرەیەک کوا چی تێ دەچێت!

نا ئاسان نەبوو، لە ئاسمانی قەندیلێ چ شتێک هێندەی بەدیارکەوتنی ئەستێرە زەحمەت نییە، نەک هەر زەحمەتە، پەرجووە، ئەوەی لە قەندیلێ ئەستێرە ببینێ، مرۆڤ نییە، نا نابێت مرۆڤ بێت، شتێکی دیکەیە، فریشتەیە، بزانە شەیتانە، چییە! دەڵێن بۆیە ئەستێران نابینرێن، چونکە شەوی قەندیل گەلێک سپییە زۆر لە بەفر سپیتر، ڕاستە زۆر لە بەفر سپیترە، لەبەر ئەوە چاو هەر چ بکات، چەندێ تیژ بێت، ئەستێرە نابینێت، نا کەس لە قەندیل ئەستێرەی نەدیتووە و نادینێت

فاتیمە لە هەمووان جوانتر خۆشوشتنی پێوە دیار بوو، ئەگەر هەموو ژنێک لە دوورەوە گەرماوکردنی پێوە دیار بێت، هی فاتیمە زۆر لە دوورترەوە دیار بوو، چەند ناسک بوو هێندەی دی ناسکتر دەینواند.... تۆپەکان نایبڕنەوە، بەفریش دەستی





پێکردەوە و چ پێ ناچێ لێی بکاتەوە، سەردەستەی مراوییش وا دەستی بە خوێندنەوەی شیعرێک کرد، ئەگەر خوا بە خوایەتی خۆی زمانی لە گۆ ببات، یان شەیتان ئەو پیاوەتییەی بکردبا ڕێشکەوپێشکەی بخستایەتە چاوییەوە، دەنا وەها زوو لەو شیعرە نابێتەوە، ئیمامەی پساوە بە بێدەنگی خۆی بە بن گابەرددا کرد و لەسەر پشت تەخت کەوت، دەتگوت بە دۆڕاوی لە شەڕدا گەڕاوەتەوە، تێگەیشتم برادەرەکەی گیڤارا پێی سەلماندووە کە ئێرە تۆپ دەیگرێتەوە، فاتیمە کۆڵەپشتە بێ دەرگا و پەنجەرەکەی لە باوەشی خۆی دانابوو، گەمەی پێ دەکرد، وام هەست دەکرد گەمە لەگەڵ بووکە شووشە دەکات... پۆلا هەتا ئێستاش هەر ڕوو لە دیوار، دەست لە بن چەنەگە، برادەرەکەی گیڤارا هات، هات لە بن پێی ئیمامەی پساوە چوار مەشقی لێی دانیشت و وابزانم چاوەڕوانی بێدەنگبوونی سەردەستەی مراویی دەکرد، بۆ ئەوەی تێهەڵکا لە سروودێک و ورە ببەخشێتەوە گیانی جەنگاوەران، گوێم لێ بوو لە ناو دەنگی سەردەستەی مراوییەوە گوێم لێ بوو، پیاوە داغستانییەکە دەیگۆت: دە بەسە بابم بەسە، لە لایەک دەنگی تۆپ لە لایەک دەنگی تۆ ئەوجا وەرە شێت مەبە.. ئەوانیش هاتنە ژوورەوە.. من چایەم ئامادە کردبوو، چایە چ چایە! بە خۆدا هەڵدان نەبێت، چایەکی وەهام لێنابوو، باشترین چایەچیی هەولێر چای وەها بەتام لێ نانێ، هەموو دەستخۆشییان لێ کردم، فاتیمە کە لە تەنیشتم دانیشتبوو، فڕی ناسکی لە چای دەدا:

– ئەگەر کاری چایەچێتیت بکردایە، چایخانەکەت شەو و ڕۆژ جمەی دەهات

– لە سەری دەمنووسی بە ڕۆژ بۆ ژنان، بە شەو بۆ پیاوان

– دە وەڵڵا من بە ڕۆژ دەهاتم و شیعریشم لێی دەخوێندەوە، ئەرێ بە ڕاست من قسەیەکم هەیە، بەڵام وەک بڵێی شەرم دەکەم بیڵێم..

– وەی چەند شەرمنە!

– بە قوربانی ئەو سمێڵە ستالینییەت بم، ناوێرم شتێک بڵێم یەکسەر لە دەوم دەدەیتەوە.

– کوڕە سەیە فشەت لەگەڵ دەکەم، دە بیڵێ دەی، هەر دەیڵێی

– ئێ ئەنگۆ بە من بڵێن، ئێمە لە مێژە لێرەین؟ بە ڕاستی و بە بێ درۆ من لێم تێکچووە، نازانم لە کەیەوە لێرەین!

– ها ها ها ها ها.. کوڕە وەڵڵا پرسیارێکی خراپ نییە بە خودای منیش بە تەواوی نازانم لە کەنگێوە لێرەین

– ئێستا کێ بە دروستی دەزانێت، با پێم بڵێ.

هەموو تەماشای یەکدییان دەکرد، وا دیار بوو کەس چاوەڕێی پرسیارێکی لەو بابەتە نەبووە و هەرگیزیش پرسیاری وەهای لە خۆی نەکردووە.. من لە دنیایێ هیچ پرسیارێکم هێندەی ئەو پرسیارە لا نامۆ و سەیر نەبوو، نازانم بۆ! ئێ، خۆ پرسیارێکی زۆر سادە و ئاساییە، هەموو کەسێک بە ئاسانی و بە ژمارەیەک دەتوانێ وەڵامی بداتەوە، ئەدی بۆچی لای من و لای ئەوانی دیش وا قورس و ئاڵۆز کەوتەوە؟! بە ڕاستی ئاڵۆزە من لای خۆمەوە چەندی سەر دێنم و دەبەم ناگەمە وەڵامێکی دروست بۆ ئەو پرسیارە، هەستم کرد ئاڵۆزییەکە لەوەوە هاتووە کە ڕۆژمێری قەندیل لەگەڵ هی دەرەوەی ئاقاری قەندیل بە هیچ شێوەیەک تێک ناکەنەوە، ئا ئەو تێکنەکردنەوەم بیرکەوتەوە، دوای لێکدانەوە و لێبڕین و تێکردنەوەیەکی زۆر گەیشتمە ئەوەی یەکەم کەس بم وەڵامی پرسیارەکە بدەمەوە:

– وا بزانم حەفت شەو و حەفت ڕۆژی ڕێکە ئێمە لێرەین

– وەی تڕحێو! تەڕت زانی، من بزانم، بە مانگ و ڕۆژ حەفت مانگی ڕێکە

– بە خودای من دەڵێم زیاترە زۆر زیاتریشە، حەفتساڵیش دەبێت

حەفت ڕۆژی من، حەفت مانگی ئیمامەی پساوە، حەفت ساڵی پیاوە داغستانییەکە، لە ناو ئەو هەموو حەفتانە هەر یەکە بە حەفت چاو تەماشای یەکترمان دەکرد، من نەک هەر گومانم لە حەفتەکەی خۆم کرد، بگرە خۆم بە گەمژەش هاتە بەر چاو باش بوو تا ئەو دەمەش ناوەکەم هەر گەمژە بوو، بەڕاستی وای بۆ چووم نزیکەی نیوە تەمەنێکم لێرە کردۆتەوە.. برادەرەکەی گیڤارا بە ئەسپایی گۆتی:

– باشە ئەنگۆ لە خۆوە حەفت حەفتی فڕێدەدەن، چ بەڵگەیەکتان لە دەستە؟ دەزانن





چەند جار دەستتان بە ئاو گەیاندووە؟ دەزانن چەند ژەمە نانتان خواردووە؟ دەزانن چەند جار سەر و ڕیشتان تراشیوە؟ دەزانن چەند تاڵە موو لە قژتان سپی بووە؟ دەزانن..

– دەی واز لەو هەموو دەزانن دەزاننە بێنە، ئەگەر دەزانیت ئەتو بیڵێ و وەڵامی پرسیارەکەم بدەوە.

– بە خودای منیش بە تەواوی نازانم بەس دەڵێم بۆ ئەوەی بزانین لە کەیەوە لێرەین دەبێت وەڵامی هەندێ پرسیاری دی بدەینەوە، ئا دەبێت بزانین لەوەتەی هاتووین کاتژمێر چەند جار بە دەوری خۆیدا سووڕاوەتەوە، چەند چینە بەفر باریوە، چەند لۆچ لە نێوچەوانمان پەیدا بووە؟!

لە دڵی خۆم گوتم، نا بەهەڵەدا مەچن، باشترە ئەو پرسیارە لە فاتیمە بکرێ، ڕەنگە ئەو بە هۆی تایبەتمەندییەکەی خۆی کە تایبەتە بە ئەو و هیچمان نیمانە، بزانێت ئەو سەری چەند دەورانە ئێمە لێرەین، هەر زوو، لەو بڕیارەی خۆم پەشیمان بوومەوە، گوتم، نا بێنوێژیش لە قەندیل وەک بێنوێژی دەرەوەی قەندیل نییە

فاتیمە هێشتا چایەکەی تەواو نەکردبوو، ئەو دەست و ئەو دەستی پێدەکرد، پێ نەدەچوو حەز بکات کووپەکە دابنێ، زۆر بە ناسکی کەوتە قسە:

– ئەوجا کەس هەیە وەڵامی ئەو پرسیارانەی لا دەست بکەوێت! من بڕوا ناکەم وەڵامی پرسیارەکە لای هیچ کام لە ئێمە چنگ بکەوێت، وەڵامی ئەو پرسیارە وا لە لای ئەو کەسانەیە کە لە دەرەوەی ئاقاری قەندیل، لە سۆراخی ئێمەدا شەو و ڕۆژ دەکەنەوە، وا بزانم پێویست ناکات خۆمان بەو جۆرە پرسیارانەوە خەریک بکەین، چونکە وەک من تێگەیشتبم لێرە تەمەن بە ئاسایی و سروشتی بە ڕێدا ناچێت، بۆیە لە ڕێی تاڵە ڕەش و سپییەکانی سەر و ڕیشەوە، لە ڕێی لۆچەکانی دەست و قاچ و نێوچەوانەوە، لە ڕێی نینۆک و ددانەوە، زەحمەتە ئەو تەمەنە ببینینەوە کە لێرەدا بە سەرمان بردووە و دەیبەین..

– یانی کەس وەڵامی پرسیارەکەی منی نەزانی! ئەنگۆ زۆر دوور و قووڵتان کردەوە، من بمزانیایە وای لێدێت لە جیاتی ئەو پرسیارە قۆڕە شیعرێکم بۆتان دەخوێندەوە

– نا چاوەکەم نەکەی، سەد پرسیار بکە بەس شیعرێک مەخوێنەوە

– بەس پۆلا هیچ قسەیەکی نەکرد!

– من پێمـوایە ئەو پرسـیارە لە ئایشـەگوڵ بکرێ باشـە، ئەگـەر هاتـەوە، من ئەو پرسـیارەی لێ دەکـەم، هەر هێندە دەزانم لە نێوان حـەفت کـاتژمێـر و حـەفت سـەد ساڵە!

من ئەزمـوونی زۆرم لەگـەڵ پۆلا هـەیە ئـەزمـوونێک مـەگـەر چیـا هێندە ئەزمـوونەی لەگەڵ پێشـمەرگە و بەفر هـەبێت، مـەگەر هێستر و پێشـمەرگە هێندە ئەزمـوونیان لەگەڵ یەکتر هـەبێت، ئا دەزانم هـەر کاتێک پۆلا بە درێژی وەڵامی پرسـیارێکی دایەوە، ئەوە بزانـە ژیان ئاڵۆزە و بـارودۆخ ترسناکـە... بە ڕاست ئێـمـە لە کـەیەوە لێـرەین! سـەیر نیـیـە کـەس نازانێت! باشـە خـۆ دەکـرێ لە ڕێی جلەکـانمانەوە لە ڕێی پێـڵاوەکـانمانەوە، بزانین چـەند دەبێت لێـرەین، تو بڵـێی پێـڵاوناسـی و جلکناسـی کارێکی هێندە گران و لە دەستنەهاتوو بێت، ئەو کێشـەیە یەکلا بکەینەوە، تۆ بڵێی جلک و پێڵاویش لێـرە لەو قـەندیلەی هیچ شـتێکی بە هی دنیـا ناکـات، تـەمـەنێکی جیـایان هـەبێت لە جلک و پێـڵاوی دنیـایێ! من زۆر بە گـرنگی و قـووڵیـیـەوە وا ئەو پرسـیـارانەم ڕووبەڕووی خـۆم کردۆتەوە... خـەیاڵم گـەیشـتـەوە دووبارە بوونەوەی ئەو ئەفسانە ناسکەی کە پیاوە داغستـانییـەکە سـەردەستـەی مراوییی لە جێی سـەگەکە دانابوو... دێتەوە بیرم جـارێکی دیش بەو شێوەیەی ئێستا کاتم لێ تێکچوو، نەمزانی لە کوێی ساڵ و سـەدەم، کەوتمە نێوان دوو شـەڕەوە، من ئەو کات لە بەرەی شـەڕەکان نەبووم، بە ڕێکەوت ڕێم بەوێ کەوتبـوو، ئا لەوێ کەوتمە دەستی قاجارییەکان، بە چاو بەستراوی و قۆڵ بەستراوی بردمیان، ئێستاش نازانم چەند ڕۆژ و حەفتـە و مانگ و ساڵ بە ڕێدا بردمیـان، لە جێگەیەگ دەست و چاومیان کردەوە، ئێسـتاش نازانم کوێ بوو، تاریک تـاریک، هـەر وەک ئەوەی چاوم بەسـترابێت وابوو، ئێسـتـاش شـتـێکم چ گـەورە چ بچـووک، نەدیت و نـەدیت، چەندی دەسـتم گـێـڕا دەسـتم بـە هیچ شـتـێک نەکەوت نە ڕەق نە شل، ئێستاش نازانم چەند لەوێ مامەوە، کاتێ بەرەڵلایان کردم و گـەیشـتـمـەوە مـاڵ لە نێـوان من و مـاڵەوە لەسـەر ئەو مـاوەی زیندانیی مـن، بووە کـێـشـەکـێـشم مـن دەمگوت هێندەیە ئەوان دەیانگوت نا هێندە نیـیـە و هێندەیە،





ئێـسـتـاش نـەگـەیشـتـینـە یەک، وا پێـدەچێت ئەمـجـارەش بۆ من دووبـارە بوونەوەی زیندانی قـاجـارییەکان بێت... مـەستووورە بۆ ئەمـە باش بوو، هەمـوو شتێکی، هەمـوو ڕووداوێکی نەک هـەر بە ڕۆژ بـە خـەولەکـیش دەزانی، لـە هەر کـوێیـەک لایدابا و دانیشـتبا، دەیزانی ماوەی دانیشـتنەکەی چەند بووە، بێ ئەوەی بە سـاتێکیش هەڵەی تێدا بکات، ئەگـەر مـەسـتـوورەمـان لەگـەڵ با ئێـسـتـا زۆر بە ئاسـانی وەڵامی پرسیـارەکەی سەردەستەی مراوی و هەمـوومانی دەدایەوە و تووشی ئەو هەمـوو سەر ئێشـە و دڵەڕاوکێیە نەدەهاتین... نا بڕوا ناکەم مەستوورەش لەو قەندیلە سەرەدەری لە کـات دەر بکات، ئاخـر قـەندیل نە شـەوی شـەوە نە ڕۆژی ڕۆژ، لە قـەندیل مـیلی کـاتژمێـریش هەر جـارەی بە لایەکدا دەسـووڕێتـەوە، ئەو قـەندیلەی هیـچی بە دنیـا ناچێت، کێ دەزانـێ کات لێرە چۆنە و چ کـاتە! پیرەی کونە کۆتری سـەرەدەری لێی دەرنەدەکرد، خارە خولە وەک دەڵێن قەت خۆی لەو باسە نەداوە... نا، کەس هیچی لە بارەیەوە نازانێت... تەمـاشـا دەکەم هەمـوو کز و مـاتن، بێدەسـەڵاتی لە سیـمـایاندا دەبینم، پتر دڵم توند دەبێت، دڵنیام لە ئەوان پتر بێ ڕەنگوڕوویم پێوە دیارە، بەوەی باشە وەک چۆن سیمای ئەوان بە بەردەوامی لە پێش چاومن ئاوا سیمای خۆم نابینم و لێم دیار نییـە.. دەنا لە خەفەتـان بە زگم دەدا.... دیتم سەردەستـەی مراوی یەک پێ هەستا و غاری دا

– چ بوو؟ ها

– چ نییە زگم پێچ دەدات

گوێمـان لە فیڕ و هـۆڕ بوو، سەردەستـەی مراوی بوو دۆشکەی دەتەقاند، تەقاندنێ، دەتگوت لە گـەرمەی شـەڕداین، سـەردەسـتـەی مـراوی هێشـتـا نەهاتبـۆوە پۆلاش بۆی دەرچوو، هێـشـتـا پۆلا نەیتـەقـاندبوو، برادەرەکـەی گـیـڤـارا دەسـتی بە زگی خـۆی دادەهێنا:

منیش زگم دێشێ! ئەوە چییە هی خواردنەکەیە یان هی خۆ شوشتنەکە!

زۆری نەبرد وابزانم بەس پیاوە داغستـانییـەکە و فـاتیمـە بە سەلامەتی مـانەوە، لەو ناوە بووە یەک شـیـڕ و هۆڕ، تـرڕڕڕ تتتتتتتت... کەس تڕی خۆی نـەدەناسییـەوە، یەک تڕ و هۆڕ بـوو، تڕی لە تۆپەکـان بڕیبـوو... ئیـدی ڕێگەی ڕیخـاندن چۆڵ نـەدەبوو یەک

دەهاتەوە دوو دەچوو، دوو دانیـــشـتـــبـــووین سێ لـە ڕێ، هەمـــووانی گـــرتـەوە بە فـاتیمـەوەش، باش بوو کـۆڵەپشـتـەکـەی من و فـاتیمـە پڕ لە داو و دەرمـان بوو، من وەختی خـۆی بۆ ماوەی حەفتەیەک دەورەی پزیشکیم دیتبوو، دەمزانی دەرزی لێبدەم و زۆر دەرمانیشم دەناسییەوە و دەمزانی بۆچی بە کاردێن، برادەرەکەی گیڤارایش شتێکی لێدەزانی، فاتیمە هەر نیوە دکتۆرێک بوو.. پیاوە داغستانییـەکە نە هێشتی دەرزی لێبدەین نە دنکە حـەبێکیشی خـوارد، چوو گۆلێک تۆچای هێنا و بجوو تۆ چا بجوو...

– خەتای خواردنەکەیە، تێکچووە.

– خەتای خواردنەکە نییە، خواردن هیچ عەیبی نییە، خەتای گەدەی خۆمانە لەمێژە چەوریمان نە خواردووە.

– ڕاست دەکات، زۆرمان خوارد، بە دان کەوتین

– من دەڵێم هی خۆشوشتنەکەیە سەرمامان بوو

– دوور نییە وابێت، جلکەکانمان باش وشک نەکردەوە، لە بەرمان کرد

– من دەڵێم خەتای هەردووکیانە هی خۆشوشتن و هی خواردنەکە

– من دەڵێم خەتای هەرسێکمانە خۆمان و دووەکەی دیکەش.

قـەندیل زکچوونی وای بـە خـۆیەوە نەدیتـبوو، ڕشـانـەوەشی هاتە سـەر، بـەلووعـەی سـەرێ و خـوارێ کرابۆوە و بە کەیفی خـۆی لەبەری دەڕۆیشت، نە دەرزی نە حەب ئەو دوو بەلووعـەیەی پێ نەدەگیـرایـەوە، هەرچی خـواردبوومـان بە زیادەوە هێنامـانەوە هێشـتـا ڕانەدەوەسـتـا، ڕەنگی بەفـر بە تەواوی گۆڕا، بە چاوی خـۆم دەمـدیت کـەرتە فـاسۆلیا لەسـەر بەفر غاری دەدا.. پیاوە داغستانییەکە زۆر تووڕە بوو، ڕێک و ڕێک ڕووی لە ئاسمان کرد و گوتی:

– خودایە هەردوو کونت کردۆتەوە، ناڵێم هەردووکیان بەس هەر نا یەکیان بگرەوە.

– کو دوژمنایەتیت لەگەڵی نییە؟ کوا دەزانی کابە لە کام لایە؟

– برادەری گیڤارا، قسـەی حیز دەکەیت، پەیامبەر بە پـەیامبەرایەتی خـۆی لە جێی من بێت، بە کابە دەکەوێتەوە!





– پێشتریش کابەناس نەبووی، هـەر تۆ نەبووی لە مۆسکۆ دەچوویە گەرماوی ژنان؟

– خـودا ڕووت ڕەش بکـات یاخـوا، من کـەنگێ شـتی وام کـردووە؟ جـارێک نـەبێت ئەویش هـەر بۆ تاقیکردنەوە بوو گۆتم بزانم، ژنانیش وەک پیاوان خۆیان دەشۆن یان نا! دوایی چوونە حەمامی ژنان شتێکە و کابەناسی شتێکی دی..

ئەو دوو پیـاوە بۆ لە بیـربردنەوەی دەردی خـۆیان کـەوتبـوونە گـاڵتـە و فـشـقـیـات، هەسـتم بەوە کـرد پۆلا دەیویست لە ڕیـخـاندن و ڕشـانـەوەشـدا هـەر بێدەنگ بێت، لە هەمـــووان دوورتر دەڕۆیشـت بۆ ئەوەی کـــەس گـوێی لـە باو و بڕی ئـەو نەبێت، من و فاتیمە حاڵمان لە حاڵی ئەوانی دی باشتر بوو، لەبەر ڕۆیشتنی ئێمە هـەر لە خوارەوە بوو... پیاوە داغستانییەکە جاروبار هاواری دەکرد:

– کوڕینـە واز لە دنکە حـەب و دەرزی بێنن، تـۆ چا بەوشکی بجـوون و قـووت بدەن، ئەگەر ئەوەشتان پێ ناکرێ، چایەی تفت و تاڵ بخۆنەوە، باش دەبن.

– کوا تۆ باش بوویت!

– ئا، من زۆر باشم، فەرقم زۆر کردووە

– تەڕ باشی! ئەدی ئەوە تۆ نیت، قەندیلت لە گووی هەڵهێنا!

– ئەوجا هـەی سـەردەستەی مراوی، ئەو قەندیلە تورەهاتە بۆچی باشە، ئەرێ وەڵلا مـاڵی ئەوەیە لە گووی وەربدەی، بە قـوربانتـان بم، تا پێتـان دەکرێ بـە گوو سـواخی بدەن، من نازانم سـتـالین کوو باسـی خـۆ دووبارە کردنەوەی مێـژووی کـردووە، بەس ئەوە لێرە لە بەر چاومان خۆی دووبارە کردەوە، ئەدی ئێرە ئەو قەندیلە سالانێک پێش ئێـسـتـا ئـاودەست نـەبوو! ئاودەسـتی شـەیتـان، ئەوە ئـێـسـتـاش بۆوە ئـاودەست، ئاودەستی ئێمە... دەڵێم باشترم و بڕایەوە، بە قسەم بکەن زەرەر ناکەن..

– تۆچا خوارێش ڕابگرێت، سەرێی پێ ڕاناگیرێت.

– ئێ با خوارێ ڕاوەستێ، خوا کەریمە بۆ سەرێ.

پیاوە داغستانییەکە جارێکی دی ڕووی لە ئاسمان کردەوە، بە تووڕەییـیـەک، ئاگر لە چاوی دەباری:

– بیگرەوە، بەسە، چەندمان خوارد دە هێندەمان هێنایەوە، بە گوللە نەتکوشتین دەتەوێ بە ڕشانەوە و زگچوون سەکتۆپمان بکەیت!

– خۆت ماندوو مەکە، تاقەتی گوێڕاگرتنی نەمایە...

– بۆچی تاقەتی نەمایە، ئیمامە، ها!

ئیمامەی پساوە زانی پیاوە داغستانییەکە زۆر تووڕەیە، قرِوقەپی لێ کرد... نازانم ئەوان، بەڵام من ترسم لێ نیشت، ترسی مردن، ڕەنگە قسەی پیاوە داغستانییەکە بێتە دی، خودا بە زگچوون و ڕشانەوە بمانکوژێت، بۆ ئەو دەردە کەم کەسی کوشتووە! باشم لە بیرە ساڵێک ئەو دەردە بە گەڕەک وەربوو، خەڵکی گەڕەکی برا بەش بەش کرد و نیوەی بەرەو گۆڕستانێ برد.. من زۆر دەترسم، لە ترساندا خەوم دێت، بەڵام پێچی زگ بوار دەدات سەرخەوێک بشکێنم! لە فاتیمە نزیک بوومەوە:

– تۆ بڵێی ئەو دەرمانانە ئێکسپایەر نەبن؟

– بڵێم چی ڕەنگە چ ڕێکەوتیان لەسەر دیار نییە، نازانم

فاتیمە دەزانێت زۆر ترساوم و نیوەی ڕەنگپەڕیوییەکەم هی ترسە نەک هی ئاو لە بەر ڕۆیشتن، دایکانە سەیرم دەکات و خوشکانە دڵم دەداتەوە:

– جێی مەترسی نییە، وابزانم سماقمان هەبوو، دەیخۆین چاک دەبینەوە.

پێکەوە لە ماڵی ئایشەگوڵ بە دوای سماقدا دەگەڕێین، پرێسکە پرێسکە دەکەینەوە و دەگەڕێین، لە گەرمەی گەڕان بووین، من هەلاتم، بە تەنێ نەبووم ئەوانی دیش سەنگەریان گرتبوو، شەڕ گەرمە، زرم و هۆڕە، لەو قەندیلە دەنگ هەر دەنگی تۆپ و ترە.. سەردەستەی مراوی گۆتەنی: بەرگری بەهێزە، قەندیل شەڕ دەکا و خۆ بە دەستەوە نادا..

– وەرن سماقاو بخۆنەوە، سماقاو

– سماقت دیتەوە!

فاتیمە یەک کیسە سماقی لە ماڵی ئایشەگوڵ دیتەوە، بخۆوە سماقاو بخۆوە.. خۆش بوو، هەناومان دەسووتا.. پیاوە داغستانییەکە لەبەر خۆیەوە دەیگوت: مەگەر





تۆ چا هێندەی سماق بە کەلک بێت، بەلام ئەوە هەیە سماق تامی خۆشترە و بە لەزەتە... ئیمامەی پساوە بە پەنجە شەقرەییەکانی برۆ کەپرییەکانی لەسەر چاوی لادا:

– بە خودای من بزانم چارەی ئەو دەردە بەس شێلان و خۆ سوورکردنەوەیە، ئێمە سەرمامان بووە، سەرما، سماقاویش خراپ نییە..

– دەمخۆش، وەڵڵا وەیە، دەی با دەست پێبکەین... وەرە من تۆ بشێلم دوایی..

سەردەستەی مراوی قسەکەی تەواو نەکرد، بە پەنجەیێک ڕۆنەوە غاری دایە پیاوە داغستانییەکە و پشتی هەڵکرد.. ئاگر خۆش کرا، شەش پیاو بە نۆرە یەکتریان سوور دەکردەوە، فاتیمەی تاقانە، سەیری دەکردین، قاقا پێدەکەنی، سەردەستەی مراوی پێی گۆت:

– گۆرانییەک هەیە، (هەر من مامەوە  هەر من مامەوە) بۆ خۆت بیڵێ

– پێویستم بەو گۆرانییە نییە، هەر بزانە ئایشەگوڵی دایک هات، خۆم بەو دەشێلم..

هەتا ئێستا دڵم بە فاتیمە نەسووتابوو، بەو شێوەیە هەستم بە تەنیایی و تاقانەیی ئەو نەکردبوو، ئێستا تێگەیشتم ئەو لە هەموومان تەنیاتر و کەساسترە، لە دڵەوە خۆزگەم دەخواست کچێکی دی لێرە با و لەگەڵ فاتیمە یەکتریان بشێلایە، بۆ خۆیان هەندێ قسەی تایبەتی ژنانەیان بکردایە، فاتیمە زۆر تەنیایە، تەنیاترین جەنگاوەری دنیایە، کەس لەو تەنیاتر نییە، بریا مەستوورەی لەگەڵ بایە، بریا ئەستێرەیەک، گەلاوێژێک، فیردەوسێک، دایکی بەدرێک و بەهارێک، بووکەکەی پیری شالیاری لەگەڵ بایە، ئەو فاتیمەیە لەو قەندیلە چەند تەنیایە خودایە، تەنیاتر لەو ساتانەی کە بە چاوی خۆم دیتم لە کەناری دیجلە دەستی خستبووە بن کەلەکەی و نەیدەزانی سەری خۆی بۆ کوێ هەڵبگرێ... فاتیمە نەرم نەرم پێدەکەنێ و دەیەوێ لە ڕێی پێکەنینەوە تەنیایی خۆی لە ئێمە بشارێتەوە.... ئەوەتا چوو تفەنگەکەی هێنا، لێکی کردەوە، دەستی کرد بە چەورکردنی تفەنگەکەی، ئێمە یەکتر چەور دەکەین، فاتیمەش تفەنگەکەی، دەیەوێت بەوە دڵی خۆی بداتەوە، فاتیمەی تەنیا، پێکەنین فریای نەکەوت،

هات تەنیایی خۆی بە خاوێنکردنەوە و چەورکردنی تفەنگەکەی دەشارێتەوە... ئۆی! من لەمێژە تفەنگەکەم خاوێن نەکردۆتەوە، فاتیمە بە بیری هێنامەوە....

– هەمووومان بە خولامی ئەو کچە پێشمەرگەیە بین، بە ڕاستی ئەوە پێشمەرگەی تەواوە، بزانە کەس تفەنگ خاوێنکردنەوەی لە بیرە....

لەگەڵ قسەکەی پیاوە داغستانییەکە هەموو ڕوویان بۆ فاتیمە وەرگێڕا:

– وەڵڵا وایە

– من ئامادەم ببمە خولامی

– ئەوجا کو سەگ بە خولام وەردەگرێت!

پیاوە داغستانییەکە نەیهێشت سەردەستەی مراوی ببێتە خولامی فاتیمە، فاتیمە کە تێگەیشت مەسەلە چییە، پێکەنینێ پێکەنی، قەندیل لە تەمەنی خۆی پێکەنینی مێیینانەی وای گوێ لێ نەبووە، جوان پێکەنی خودایە! مرۆڤ ناوە ناوە گوێی لە پێکەنینی ئەوها بێت، بڕواناکەم، بتوانێ هێندەی دنکە نیسکێ ڕق لە دڵی خۆی جێ بکاتەوە و کەڵەکە بکات، پێکەنینی وا دەرمانی هەموو دەردانە، بە زگچوونیشەوە، من لە دوای ئەو پێکەنینەوە، بە تەواوی زگم چاک بۆوە...

پیاوە داغستانییەکە پێدەچوو کەمێک باشتر بووبێت، هەر بە دانیشتنەوە سەری هەڵبڕی و لەگەڵ خوداوەند کەوتە قسە:

«خودایە، بە خراپەی ئێمە مەکە، بنیادەم شیری خاوی خواردووە و خەلەت هەر دەکات، خودایە، بە زگچوون نەمانکوژی، مردن بە زگچوون بۆ جەنگاوەران حەیا چوونە، جەنگاوەر لۆیە پێی دەڵێن جەنگاوەر نابێت نە بە نەخۆشی نە بە مردنی خۆی بمرێت، جەنگاوەر دەبێت لە شەڕدا بکوژرێت، دەبێت بە گوللە بکوژرێت، هەتا دەمرێت دەبێت هێندەی حەفت بەرازان خوێنی لە بەر بڕوات، جەنگاوەر دەبێت لە جەنگدا بە پێوە بمرێت، نابێت بە هۆی زۆر خواردن، یان خواردنی پیس، یان سەرماوە بمرێت، نا ئەو جۆرە مردنانە هی جەنگاوەر نین، ئەوجا خودایە نەکەی ئەوەمان لەگەڵ بکەیت، بە نەخۆشی بمانتۆپێنی، ئاخر سبەینێ خەبەر لە ناو خەڵک بڵاو بێتەوە کە حەفت جەنگاوەر مردوون، خەڵک کووی تێدەگەن!....»





پیاوە داغستانییەکە بێ پسانەوە قسان دەکات، ئێمەش هەموومان بە حەپەساوییەوە تەماشای دەکەین

«خودایە دەزانی کووی تێدەگەن، دەڵێن ئەو حەفت پێشمەرگە قارەمانە لە شەڕێکی حەفت شەو و حەفت ڕۆژە قارەمانانە شەهید بوون، شەڕ چ شەڕ! حەفت سەد دەبابە ڕووبەڕوو تەقەی لێ دەکردن، حەفت سەد هەزار سەرباز و جاش دەوریان دابوون، حەفتا فڕۆکە لە ئاسمانەوە دەیانکوتان، کۆپتەر! هەر ناژمێردرێت... ئا ئا ئەوهای لێکدەدەنەوە، ئەگەر دەزانن بە زگچوون مردین، حەیا و ناموسمان دەچێت، خودایە، لەو قەندیلە مەمانکوژە، من نامەوێ لە قەندیل بمرم، لە کوێ دەمکوژی بمکوژە، بەس لە قەندیل نا، من هەقم لە شێرە نییە حەز دەکات لە قەندیل شەهید بێت، کەیفی خۆیتی، بەس ئەو بە ناوی من قسە ناکات، من لەگەڵ قسەی ئەو نیم، من لە جێگەیەکی دی وەک سەگ بتۆپێنە بەس لەو قەندیلە شەهیدم مەکە، نا من شەهید بوونم لە قەندیل ناوێ، من قەد شانازی بەو مردنەوە ناکەم کە ئیزرائیل لە قەندیل سەردانم بکات... خودایە، بە خودای هەر کەسێک لەو قەندیلە بمرێ شەهید نییە، شەهیدی چی! تەڕەماشە.. خودایە، ئەگەر بە هانای منیش نایەیت، بە هانای ئەو کچە وەرە، تاقانەیە لە ناومان، خەڵکی مەملەکەتێکی گەلێک دوورە، لە بنی دنیاییە، ئا ئەدی کوو، مردن، لە ناو، ئەها گوو، بەفری چی، جاش، ئایشەگوڵ...»

دەستی بە زگییەوە گرت و هەڵات، وا نەبا، نەیدەبرییەوە، پێنەدەچوو وەها زوو دەسبەرداری پاڕانەوە بایە، وەها یەخەی گرتبوو، تا لەگەڵی یەکلای نەکردبایەتەوە، بەری نەدەدا... دیار بوو هەموو بە سەرسوڕماوی تەماشای یەکترمان دەکرد...

– ئەوەش تێکچوو!

ئەوە لەو پتر جێگەی سەرسوڕمانە، پۆلا لە خۆوە قسەی کردو پیاوە داغستانییەکەی بە تێکچوو هەژمارد، ئا پیاوە داغستانییەکە لە قسەکانی کۆتاییدا تێکچوونی پێوە دیاربوو، هێندە تۆ چای وشکی کرۆشتبوو، وشەکانی دەتگوت تۆ چای بەر بای توندن...

– منیش دەڵێم تێکچووە، دەبێت لەمەودوا بزانین کوو قسەی لەگەڵ دەکەین

– کورە ڕاوەستە هەموومان تێکدەچین

– ئێ، باشە خەڵک شێت دەبێت بە قەندیل دەکەوێت، ئەدی ئێمە کە شێت بووین بە کوێ بکەوین!!

– جوانە سەردەستەی مراوی، قسەی پێشینانیش دەگۆڕی.

برادەرەکەی گیڤارا هاتە لای دەرگاکە و تەماشایەکی دەرێی کرد لەو کاتەدا سەردەستەی مراوی دەرپەڕی، بە ڕێی پیاوە داغستانییەکەدا ڕۆیشت :

– من خەمی هیچم نییە و فشەم بەو زگچوونە دیت، من تەنها لە یەک شت دەترسم و زۆر بیری لێ دەکەمەوە، دەزانن چییە؟

– بە چ بزانین!

– ئەگەر ئێستا ئایشەگوڵ پەیدا بێت و بەو حاڵە بمانبینێ، چ بکەین و چ بە خۆمان بڵێین! کورە بۆ ئێمە گەلێک عەیب و کەموکورتییە، هیچ نموودێکمان لای ئایشەگوڵ نامێنێ، ئاخر ئەو هەموو ئومێدێکی بە ئێمەیە، ئەوهامان ببینێ، نائومێد دەبێت، ببینێت، لەباتی خوێن، وا گوو قەندیل دەبات

– هیچ خەم لەوە مەخۆ، چاوت بە ئایشەگوڵ ناکەوێتەوە

هێند لە دڵەوە ئەو قسەیەم کرد، بڕوا ناکەم لە تەمەنی خۆم، هیچ ڕستەیەکم وا بە دڵنیایی بێ دوودڵی لە دەم دەرچووبێت، بەڵام بە برادەرەکەی گیڤاراوە دیاربوو فشەی بە قسەکەی من دێت، کەچی چیدی لە سەریشی نەڕۆیشت.

ئیدی پێویستمان بە شەکر نەما، چای تاڵ و بەس، پێدەچوو بەرەو چاکبوونەوە بچین، وا بزانم دوعاکانی پیاوە داغستانییەکە کاری خۆیان کرد، دوعا بوو، تۆ چا بوو، حەب و دەرزی یان سماقاو، یاخود شێلان و سوورکردنەوە، یەک لەوانە یان هەموویان پێکەوە، هەندێ کاری کرد و بەلووعەکانی کەمێک هێواش کردەوە.. من تۆزێک ترسم ڕەوییەوە، لە دڵی خۆم گوتم پێناچێت ئەو جارەش ئەجەلمان هاتبێت، تۆپ بە لوورە و زرمەوە، بەردەوام بوو، نەدەپسایەوە، بەفر کلو کلو دادەکا، دەتگوت هەستی کردووە قەندیل پیس بووە، پەلەی کرد لە بارینا بۆ ئەوەی زوو تا ڕادەی پاکێتی سپی بکاتەوە، ئاگر هەمیشە ئاگر، کۆلکە دارەکانی ئایشەگوڵ ناکوژێنەوە....





ئیمامەی پساوەی هەمیشە ماندوو لە هەموو ساتێک ماندووتر دەهاتە پێش چاو، کۆخینێ کۆخی، ئەگەر بەفر قەندیلی نەگرتبا، لە هەموو لایەکەوە، بەرد جێ لەق دەبوون و بەردەبوونەوە، هەستم کرد کۆخینەکەی قوڕگ خاوێنکردنەوە بوو بۆ قسەکردن، گوتم خودایە دەبێت لە دوای ئەو کۆخینە، چ قسەیەکی بێ سەر و بن سەربکات، ورد تەماشای هەموومانی کرد:

«کوڕینە، قسەیەکم هەیە، بەس بە غەڵەتی تێم مەگەن و بە خراپی لێکی مەدەنەوە، جارێک لە دەوروبەری مەهاباد، بە عەسکەر و جاشی دنیایێ دەوردراین، زستان بوو، بەفر چۆکێک کەوتبوو، ئێمە نزیکەی پازدە کەسێک دەبووین، چەندی سەرمان هێناو برد، بە هەموو لایەک لێکمان دایەوە، هیچ ڕێگەیەکی دەرچوونمان نەدیتەوە، هەیە و نییە، شەڕکردن تا مردن، ئیدی بڕیارمان دا شەڕ بکەین، ئەمن فەرماندەیان بووم، جێگرەکەم یادی بەخێر ناویم لە بیر نەمایە بەس دەزانم خەڵکی قامشلۆ بوو، گۆتی: براینە بەر لەوەی دەست بە تەقە بکەین، وا چاکە هەموومان وەسیەتنامەی خۆمان بنووسین، پێمانگۆت لە بەرچی؟ گۆتی:

جەنگاوەر ئەگەر مردنیشی لێ دوور بێت هەر پێویستە وەسیەت بکات، چونکە وەسیەتی جەنگاوەر بۆ دوای مردنی زۆر گرنگە و خەڵک وەک چاویەشە بە دوای دەگەڕێن..

ئیدی هەموومان وەسیەتمان نووسی، دوایش، دوای ئەوەی شەڕێکی گەرم و درێژمان کرد، بێجگە لە سێ پێشمەرگە کە یەکیان خاوەن پێشنیاری وەسیەتنامە بوو، ئەوانی دی هەموو دەرچووین... نا نا خۆ ئێمە هیچ مەترسییەکی ئەوتۆمان لەسەر نییە، بەڵام پێم باشە هەریەک لە ئێمە وەسیەتی خۆی بنووسێت، ئەوەی ناشنووسێت کەیفی خۆیەتی....»

نازانم قسەی دیکەی مابوو یان تەواو، بە ئەسپایی خشی و ڕۆیشت، بە بێ دەنگی تەماشای یەکترمان دەکرد، چاوەڕوان بووم، پۆڵا بێتە دەنگ و بڵێت: ئەوەش تێکچوو، نە پۆڵا و نە کەسی دی ئیمامەی پساوەیان بە شێت دانەنا، بێدەنگییەکە منی پتر ترساند، لەبەر خۆم ئاگام لەوان نییە ترساون یان نا، من زۆر دەترسێم، ئاخر

وەسیەت، یانی سەر لێواری مەرگ، یانی ئیزرائیل بە ڕێکەوتووە، هەر بزانە گەیشت، وەسیەت، یانی کۆتایی، کۆتایی ئەو چیرۆکەی لە خانووێکی قوڕی دەو کەندەکەی بەلاشاوەوە، پایزانێک بە دەم باوە دەستی پێ کرد، ئەو خانووەی زستانان لە ساتەکانی بارینی زۆر و ئاو هەستاندا، دەتگوت کەشتییە بە تاقی تەنیا دەمایەوە و خانووەکانی دی لە دوورەوە بە چاوی بەزەییەوە تەماشایان دەکرد، من گوێم لێیان نەبوو، بەڵام دەیانگوت بە گەورە و بچووکەوە دوعایان دەخوێند، دوعای خۆشکردنەوە، دوعای لێکردنەوەی باران، من بە چاوی خۆم نەمدەدیت، بەڵام دەیانگۆت، هەموو گەڕەک نوێژی نیشتنەوەی ڕووباریان دادەبەستا، ئەوەی من لەوێ دەمدیت، پیاوێک بوو بە ناو ڕووباردا بەدەوری خانووەکە دەسووڕایەوە دەستی بە دیوارەکانەوە دەگرت و نەیدەهێشت خانوو بڕووخێت، نەیدەهێشت خانوو ئاو بیبات، ئەو پیاوە خەڵک سەریان لێی سووڕمابوو کە چۆن ئەو ڕووبارە گەورە تیژڕۆیە نایبات، چۆن لە ناو ئەو ڕووبارە کە بوار بە پەڕینەوەی کەس کەس نادات، زۆر بە شێنەیی خانووی ڕاگرتووە و ناهێڵێت بە ئاودا بڕوات، ئەو پیاوە زۆر کەس بە ئەفسانە ناویان دەبرد، ناهەقیان نەبوو زستانی وا بووە حەفت شەو و حەفت ڕۆژ لە ناو ڕووبار خانووە قوڕەکەی ڕاگرتووە و نەیهێشتووە ئاو چی لێ بکات، ژنێکیش ژنێکی هەمیشە بێدار، لەسەر بانەوە، دەمدیت جاروبار نانێکی پڕ لە خورمای دەدایە دەستی پیاوەکە، ئا من کوڕی ئەو ژن و پیاوەم و پایزانێک منیان بوو... من بیرم لە زۆر شتی پڕ واتاو بەتاڵ بەتاڵ لە واتا کردۆتەوە، بەس قەت و قەت بیرم بۆ وەسیەت نەچووە، من زۆر جار مەرگ لە تەنیشتم بووە، لە بەر دەمم بووە، کوڕە لە پشتی ملم بووە، بەڵام قەت بیرم بەلای وەسیەتا نەچووە و نەچووە.... فاتیمە نەبێت ئەوانی دی پێدەچوو وەسیەتەکەیان بە ئاسایی وەرگرتبێت، بەڵام فاتیمە ڕەنگە هێندەی من پێی تێکچووبێت، دیار بوو لە سیمایەوە دیار بوو وەسیەت ترساندبووی......

لە نێوان خۆیان وا ڕێککەوتن هەر کەسە وەسیەتنامەی خۆی لە حەفت جار لە حەفت پارچە کاغەز بنووسێتەوە، هەر حەفت جار ڕێک وەکو یەک بێت و بە پیتێکیش جیاوازییان نەبێت... برادەرەکەی گیڤارا زۆر جەختی لەوە دەکردەوە کە وەسیەتی هەر یەکەمان پێویستە لای هەر حەفتمان بێت، بۆ ئەوەی ئەگەر شەش کەسیشمان





شەهید بووین، ئەوەی دەمێنێتەوە وەسیەتەکەمان بپارێزێت.... پۆڵا پێی باش بوو کەس وەسیەتی کەس نەبینێ و نەخوێنێتەوە، تەنها ئەو کاتە نەبێت کە دڵنیا دەبین لە ژیان نەماوە، هەموو پشتگیرییان لە قسەکەی پۆڵا کرد، ئیمامەی پساوە هەر زۆر زۆری لا پەسەند بوو، بۆ ئەوەی زیاتر دڵنیا بن لەوەی پێش مردن وەسیەتی کەس ناخوێندرێتەوە، هاتن ڕەشنووسی سوێندێکیان ئامادە کرد، یەکە یەکە دەمانگۆت:

بە گۆڕی شەهیدان، هەتا لە ژیاندا مابن، وەسیەتی هیچتان نەخوێنمەوەو ڕێگەش نەدەم بە هیچ جۆرێک کەس بیانبینێت

کە سوێند خواردن گەیشتە پۆڵا گوتی:

دەبێت سوێندنامەکە بۆ من دەسکاری بکەن، چونکە....

پیاوە داغستانییەکە هەڵیدایێ: چونکە وەسیەتەکەی منیش ئەو دەینووسێت و دەیبینێت...

سوێندەکەی وەک خۆی خوارد، بەڵام لە کۆتاییەکەی پیاوە داغستانییەکەی هەڵاوێرد.... ئێ هەریەکەو حەفت پارچە کاغەزمان لە دەست بوو، بەس هی پۆڵا چواردەیە..... دەستمان بە نووسینی وەسیەتنامە کرد، لەو ساتەی یەکەم وشەی وەسیەتم نووسی، خەونەکەمم بیر کەوتەوە، ئەو خەونەی دەیانویست وەسیەتم پێ بنووسن، هەر زراوم چوو، یەک بە دەنگی خۆم هاوارم کرد:

– من وەسیەت نانووسم، نا...

– ئێ مەنووسە، نا ئەو هاوارەی بۆ چییە!!

– بە قسەم بکەن ئێوەش مەنووسن

– هەقت لە ئێمە نەبێت

سەردەستەی مراوی باش لە دەوی دامەوە، فاتیمە بە سۆزەوە تەماشای کردم:

– بۆ خۆت سەخڵەت دەکەیت؟ هیچ نییە، بینووسی و نەینووسی، فشەیە، ئەگەر حەز ناکەیت مەینووسە

– من لەوە دەترسم، تکایە مەینووسن

هەموو دایانە پێکەنین و کردیانە فشقیاتێک خوا خوام بوو وەک خۆی لێ بێتەوە، بەڵام نەمدیت فاتیمە و پۆلا پێبکەنن، فاتیمە هاتە بن گوێم و نەرم نەرم دەستی بە قسان کرد:

تۆ زۆر بە ئاڵۆزی و قورسی شتەکەت وەرگرتووە، بڕوات بێت شتێکی زۆر ئاساییە، ئێ، خۆ مەرج نییە ئەوەی وەسیەت بکات بمرێت، کورە بە فشەی وەربگرە، دەترسم خەونت دیتبێت! زۆر خۆت بە خەونەوە مەبەستەوە، ڕاستە جاری وا هەیە خەون ڕاست دەکەوێتەوە، بەڵام زۆربەی جار ئێرەو بنی دنیا لێک دوورن و...

دەمویست بڵێم کووت زانی خەونم دیتووە، پەشیمان بوومەوە... یەکسەر دەستم دایەوە قەڵەم و دەستم بە نووسینی وەسیەت کرد، فاتیمە لە خەونەکە بەهێزتر بوو، تەواوم کرد، هێندە بە سووندەکەوە پەیوەست بووم، نەموێرا هی خۆشم بخوێنمەوە یەکسەر هەر حەفت پارچە کاغەزەکەم تەن بە تەن لوولدا.... ئیدی دەست کرا بە دابەشکردنی وەسیەت بە سەر یەکتردا، ئێستا بە هی خۆمەوە وەسیەتنامەی حەفت جەنگاوەرم لە گیرفاندایە، خەمی ئەوەشم نییە تەڕ بێت و بسڕێتەوە، نایلۆنم تێیان ئاڵاندووە و جوان لە ناو جزدان تەقەتم کردوون...

فاتیمە بە نەرمی بە زمانی خۆی دەستی بە گۆرانی گوتن کرد، فاتیمە ناوە ناوە لەبەر خۆیەوە و بۆ خۆیی و بەس گۆرانیی دەگوت، بەڵام گۆرانییەکە ئەو جارەی هەر بۆ خۆی نەبوو، کەسی لە دەنگی خۆی بێ بەش نەکرد، پیاوە داغستانییەکە لە هەمووان پتر گوێی بۆ دەنگی فاتیمە شل کردبوو، من لەو گۆرانییەوە زانیم فاتیمە چ دەنگێکی خۆش و پڕ سۆزی هەیە، لەوێ فاتیمە منی گریاند، گریانێک مەگەر ئەو ساتانەی لە شمشاڵدا ون دەبم ئاوا فرمێسک دابارێنم، فاتیمە هاتبۆوە، گۆرانی لەمێژ بوو تەواو ببوو، من هەر خەریکی گریان بووم، پیاوە داغستانییەکە داوای لێم کرد گۆرانییەکەی بۆ وەرگێڕم، برادەرەکەی گیڤارا هەڵیدایێ:

ڕاوەستە، تێکی مەدەن بە گۆرانی دەیڵێمەوە، بزانن چۆنی دەڵێمەوە:

دێمەوە دایە، دێمەوە

لە دیجلەوە بێ



کەریم کاکە (١٤)



یا بە ڕێی هەورا، دێمەوە

بانە و بان بێ

یا بە بەردەمی ماڵی پادشا، دێمەوە

دێمەوە دایە، من دێمەوە

سپێدەیەک، بە چاوی خۆت دەبینی

لە حەوشە لەو جێگەیەی

بە شانەی ددان ورد

نەرم نەرم پرچمت شانە دەکرد

لەوێ لەو جێگەیەی چەندان تاڵی قژم

زویر دەبوون و دەکەوتنە سەر زەوی

ئا لەو جێگەیەی سبەینان درەنگ هەتاوی دەگەیشتێ و

تێر تێر دەخەوتم، ببینە

درەختێ ڕواوە

لەوێ کەس درەختی وای نەدیوە

هاتمەوە دایە، هاتمەوە

کچەکەت درەختێکە

بەوێ، بە حەوشەی خۆمان نامۆیە

سەر هەڵبڕە دایە

کچەکەت ڕێک لە پێشت وەستایە..

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***

برادەرەکەی گیڤارا فاتیمەشی بە گریان ئێخست، پیاوە داغستانییەکە هەر کڕ نەدەبۆوە، کەس نەبوو فرمێسک هەڵنەوەرێنێ، سەرم سوڕما لە دەنگی برادەرەکەی گیڤارا، دەنگی خۆش بوو، بەس ئەو دەنگەی لەو گۆرانییە گوێم لێ بوو، تازە بوو، پێشتر نەمبیستبوو، نا پێشتر دەنگی ئەوها خۆش نەبوو، سەرم لەوەش سوڕما کو

بەو دەستوبردە گۆرانییەکەی لە زمانی فاتیمەوە هێنایە سەر زمانی پیاوە داغستانییەکە، ئەو گۆرانییە هەر دەستبەجێ بووە گۆرانیی جەنگاوەر و کەس نەبوو، لەبەر خۆیەوە نەیلێتەوە..





من ئێستا ئامادەم بۆ مەرگ، بەڵام ئامادەبوونێکی ڕووبەڕوو نا، نا من ئەو پیاوە نیم ڕێک و ڕێک چاو لە چاوی مەرگ بنێم و منەتی بە هیچ نەزانم، بەڵام وا بێ منەت دەچم بۆی دەخەوم، مەرگ ئەگەر ئازایە با لە ساتەکانی خەوتن بێت و چی نەکردووە با بیکات، لە بەر خاتری فاتیمە نەبا قەت ئەو وەسیەتەم نەدەنووسی، من و وەسیەتکردنیان نەگوتووە هێشتا زووە، ئاخر وەسیەت واتە مردن، لە بیرمە باپیرم ئەو ئێوارەیەی وەسیەتی کرد بۆ شەوەکەی ماڵئاوایی لێمان کرد، کەس شک نابەم وەسیەتی کردبێت لە دوای ئەوە ماوەیەکی درێژ ژیابێت، ئەوەی وەسیەتی کرد، زۆری نەبرد، مرد، سیامەند فەیلی لە بەرزایی چیای پێرس وەسیەتی نووسی، گەیشتە هەورێ و نەگەیشتێ، مار پێوەی داو جێی کردە ئەو جێ، ئومێد عەلەویش دەمەو عەسرانێک لەو بەری گارەوە بەدەم ڕێوە وەسیەتی خوێند، هەر ئەو ڕۆژە درەنگانی ئێوارە، فەرماندەکەی خۆی تومەز دەسچێنی مەلیکی بەغدا دەبێت لە ناو جەنگاوەران، ئومێد بە ناو بۆسەیەکی ئەنفالدا دەبا، گۆڕەکەی وا لە باوەشی گارەیە، ئەوەی وەسیەتی کرد، مرد، فازیل ڕەیحانە ئەو کوڕەی چوار وەرزەی ساڵ و هەمیشە دەسکێ ڕەیحانەی لەسەر سینگی بوو، لە سەری سەفینێ وەسیەتی نووسی، لە شۆڕبوونەوەدا، دیاربوو، بای مەرگ هەڵیگرتووە لە چاو تروکانێکدا دەگاتە قەراسنج و بە کڵاوەی ئەژنۆ گوللەیەکی براکوژی دەگرێتەوە، بەو چلەی هاوینە یەک ڕووبار خوێنی لە بەر دەڕوات، من بە دەستی خۆم لاشەی خوێن لێگیراوی فازیل ڕەیحانەم خستە ژێر خۆڵەوە، سەپان ئاڵا و جەواد ئیتجاش نێوانی وەسیەت و مەرگیان، چەند هەناسەیەکی کورت بوو، ئا من دڵنیام لەوەی مەرگمان نزیک بۆتەوە، لە خۆڕا نییە وەسیەت دەنووسین... نەدەبوو بینووسین هێشتا زووە بۆ مەرگ، ڕاستە مردن بۆ جەنگاوەر زوویی و درەنگی نازانێت، هەقی نییە گەنجی یان پیر، منداڵت هەیە یان زگورتی، بەڵام هەست دەکەم بۆ من گەلێک زووە، چ تەمەنم نەکردووە، ئەگەر لە تەمەنی ئیمامەی پساوە، یان پیاوە داغستانییەکە بام، چ گوێم لە مردن نەبوو، ئەوان زۆر ژیاون، ماڵ و منداڵیان هەیە...

– کوڕینە، دەزانن، مردن لە چ تەمەنێک خۆشە؟

ئەوە سەردەستەی مراوییە دیسان بە پرسیارێک هەموومانی لە خۆی کۆ کردەوە، پرسیارێک دەڵێی ئاگای لە گفتوگۆکانی ناوەوەی منە، ئەویش نانێکی لەگەڵ ئەسحابەکوژ خواردووە، ڕەنگە هەستی بە.....

– یان زۆر زۆر پیر بووبی، یان زۆر زۆر گەنج کە هێشتا ماڵت پێکەوە نەنابێت.

وەڵامەکەی پیاوە داغستانییەکە بۆ من سەیر و جێی سەرنج بوو، زۆر هێنام و بردم هیچی تێنەگەیشتم، لێیم پرسی:

– بۆ ئەوها؟

– دەزانی بۆ؟ کە زۆر پیر دەبیت، ئەوە خێزانت نەماوە تا بۆت بگری، منداڵەکانیشت گەورە بوونە هێندە خەفەت لەو مردنەت ناخۆن، لە کاتی گەنجیش کە دەمری لە دوای خۆت گرفت بە جێ ناهێڵی، واتە نە ژن نە منداڵ، هیچت نییە، بەڵام ئەگەر لە تەمەنێک بمریت کە ژنت ماوەو منداڵی وردت هەیە ئەوا دنیایەک کێشەو گرفت بۆ بێوەژن و هەتیوەکان بەجێ دەهێڵیت، ئەدی وا نییە!

– ڕاستە وایە، بە خودای منیش هەر خەم لە ماڵ و منداڵەکانم دەخۆم، دەنا چ گوێم لە مردن نییە، خۆ ڕاستە مرۆڤ چەندی بە تەمەندا بچێت، پتر ژیانی خۆشدەوێت، مرۆڤی گەنج زۆر ڕێزی ژیان ناگرێت، هەندێک سەرەڕۆیە، فشەی بە ژیان دێت... بە ڕاستی من کە بیر لە مردن دەکەمەوە، خەریکە شێت دەبم، نەک لە ترسی خۆم کە دەمرم و چیدی ژیان نابینم، تامی ناکەم، هەناسەی لێنادەم، نا، لەبەر ئەوانە نا، لەبەر منداڵەکانم، هەتیو دەبن، ڕاستە ئێستاش هەر هەتیو حیسابن، چونکە کوا چ دەمبینن و دەیانبینم، بە خودای ئێستا ئەوی گچکە ببینم نایناسم، دەزانن لە کەیەوە نەمدیتنە! بەس هەر باشە خۆ بە خۆیان ناڵێن هەتیو، دەزانن بابیان هەیە و جەنگاوەرە، ماوەو شەڕ دەکات...

تەنها پیاوە داغستانییەکە و ئیمامەی پساوە وەڵامی پرسیارەکەی سەردەستەی مراوییان دایەوە، هەستی کرد، پرسیارەکانی گرنگیان نەماوە، ئەوە یەکەم پرسیاری سەردەستەی مراوی بوو، تەنها دوو کەس وەڵام بدەنەوە و ئەوانی دی فەرامۆشی





بکەن، بەڵام ئەو پرسیارەی سەردەستەی مراوی بە لای منەوە زۆر گرنگ و لەجێ بوو، دەمویست وەڵامێک بدەمەوە، نەمدەزانی چ بڵێم، خۆم بێدەنگ کرد، سەردەستەی مراوی خۆی پێ نەگیرا:

– دیارە کەسی دی وەڵام ناداتەوە! وەڵامی خۆشم بۆ پرسیاری خۆم، ئەوەیە، من حەز ناکەم بمرم، تا ئەو ساتەی ژن دێنم و کوڕێکم دەبێت، کە کوڕەکەم زمانی گرت و پێیگوتم بابە، کە پێی گرت و بە ڕێدا ڕۆیشت، ئەوجا بشمرم، فشەم پێ دێ، من دەمەوێ وەچە بخەمەوە، دوای خۆم دەڵێن ئەها ئەوە کوڕی بەختیارە یان کوڕی سەردەستەی مراوییە! دەزانن چەند خۆشە!

من وەڵامەکەی سەردەستەی مراویم بە دڵ بوو، ئا پیاو ژن و منداڵی هەبێت خۆشە، ئەگەر بشمرێت، بێ ئاسەوار نابێت و لە دوای خۆی بۆ ماوەیەکیش بێت لە ڕێی منداڵەکانییەوە ناوی دەمێنێ، جگە لەوەش پیاو پێش ژنهێنان بمرێت، زۆر نامرادە، ئاخر دەکات هیچ تامی ژیانی نەکردووە، تامی ژیان بۆ پیاو وەک من تێی گەیشتبم لە تامی ژنەوەیە، هی ژنیش هەر دەبێت لە پیاوەوە بێت، سەردەستەی مراوی جوانی بۆ چووە، کە چەند ساڵێک تامی ژنت کرد و منداڵت بوو، ئیدی مردن فشەیە با بێت، من چوار پێنج ساڵ لە باوەشی مەهناز بنووم، کوڕە بەسمە ژیانم بەسە... کە بیرم لە تریفەش دەکردەوە، هەستم دەکرد پیاوە داغستانییەکە و ئیمامەی پساوە جوان قسان دەکەن، کێ ناڵێ من ئێستا کە هێندە لە مەرگ دەترسم لەبەر خاتری تریفە و مەهناز نییە، ئا تریفە بێ باوک دەبێت، دڵنیام مێردەکەی مەهناز لە شەڕی ئەنفال سەری تیاچووە، مەهناز ئێستا چاوەڕێی من دەکات، خۆ کە لە بن ڕەشماڵەکە دەرچوو، وابزانم قسەیەکی کرد بۆنی یەکتر دیتنەوەی لێ دەهات، ئا ئەگەر ئێستا بمرم، مەهناز بێوەژن دەبێت، تریفە هەتیو دەبێت، نا من لەگەڵ قسەی سەردەستەی مراوی نیم، ئەوەتا ژن و منداڵیشم هەیە، کەچی زراوم لە مەرگ چووە... نا سەردەستەی مراوییش ڕاست دەکات، ئەوانی دیش ڕاست دەکەن!...

مەژی بۆ مردن بمرە بۆ ژیان
چۆن قازانج دەکەی تا نەکەی زیان
لە زڕەی زنجیر دڵت نەلەرزێ

پێوەن بۆ لەشە نەوەک بۆ گیان

شیرین دەزانم....

ئەوە برادەرەکەی گیڤارایە سروودان دەچڕێ و فشە بە مردن دەکات، لە کاتێکی باش سروودی چڕی و منی پەرت و بڵاو کردەوە و خڕی کردمەوە، زۆر جار سروود دەرمانترین دەرمانی دەردانە، باشترین دکتۆری دەروونییە، ئەو سروودە نەبا، من ڕەنگبوو لە نێوان وەڵامەکانم بۆ پرسیارەکە، تووشی سەرگەردانییەک دەبووم کە هەموو ڕێگاکانی بەرەو شێتبوون دەچوون، برادەرەکەی گیڤارا زۆر جار بە کەلکم هاتووە، ئەو جارەشی هاتە سەرێ.... تۆپەکان ناپسێنەوە، بەفر ناپسێتەوە، ئاگریش ناپسێتەوە، ئێشکگرییش هەر بە نەپساوەیی دەمێنێتەوە، زریان وا لەسەر هەڵکردنە، قەندیل ئەوەی خۆشە شەو و ڕۆژی دیار نییە، ژەمەکانی خواردن دیار نین، میلی کاتژمێر بە هەوەسی خۆیەتی هەر جارەی بە لایەکدا دەسووڕێتەوە، من تەماشای کاتژمێرەکەی خۆم و فاتیمەم کرد، پێچەوانەی یەکتر دەسووڕانەوە، من سەرەتا ئەوەم زۆر لا سەیر بوو، ئێستا لام زۆر ئاساییە، ئەگەر وانەبێت، ڕەنگە نائاسایی دەکەوێتەوە... ئێستا برنجە سوورەمان هەیە بۆ ئەو ژەمە پۆڵا کابان بوو، تێر تێرمان برنجی ماڵی ئایشەگوڵ خوارد، چای ماڵی ئایشەگوڵیشمان بە سەریدا کرد، بەڵام بە مەیلەو تاڵی، من پاڵکەوتم، هەندێک بەرەو بەفرماڵین چوون، نۆرەیان بوو... لە کۆڵەپشتەکەم کاغەز و قەڵەمم دەرهێنا....

***

نامناسنەوە

سیمام پرووشەی بەفرە و

بایێ هەڵیگرتووم بۆ ئەوێ

رامسپاردووە لە ناو چاوی دامبەزێنێ

بەڵام نامگرێتەوە

نیشانەی هیچ وەرزێ لە من نابینێتەوە

نایناسمەوە

چاوم پڕ پڕە لە بێخەوی





تیچاوێ نەماوە بۆ دیتن..

تفەنگ بوو ڕەنگی بێ وەرزیی پێدا پژاندم و

ماڵی خۆمان نامناسنەوە

تفەنگ بوو ڕەنگی ماڵی ئێمەی کاڵ کردەوە و

لەوێ کەس ناناسمەوە

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***

هێندە بەفرمان بە دەوری خۆمان هەڵداوەتەوە، شوێنەکەمان لە شێوەی چاڵێک خۆ دەنوێنێ، چاڵێک لە ناو بەفری قەندیل، لەو چاڵەدا دوو ژووری هەریەکە حەفت نەفەری و گەرماوێکی گچکە هەیە، ژوورێک لە چادر کە لە ماڵی ئایشەگوڵ دیتمانەوە، ژوورەکەی دی لە بەرد ئەو ژوورە لەوەتی دنیا دنیایە هەیە، ڕەنگە بەر لە ئێمە جێی کۆبوونەوەی فریشتان، یان ئاودەستی شەیتان بووبێت، گەرماوەکەش پۆلای ئەندازیار لە چینکۆی ماڵی ئایشەگوڵ درووستی کردووە... لەو چاڵەدا حەفت جەنگاوەر، ژنێک و شەش پیاو، لە چاوەڕوانیدا دەخۆن و دەخەون و کاری بەفرماڵین و... ناوە ناوەش دادەبەستنە شایی و سەما، قەتیش ناهێڵن ئاگر بکوژێتەوە، هەناسەدان و وەرگرتنەوە لە بیربکەن، خۆشکردنەوەی ئاگر لە بیرناکەن.. ئەگەر ئەوانیدیش وەک من بیربکەنەوە، ئەوا حەفت جەنگاوەر لە ناو یادەوەریی خۆیاندا دەژین و وەک گوڵەبەڕۆژە دنک دنک کات دەقرتێنن.. حەفت جەنگاوەری تەمەن هەمە ساڵ بە دووی یەکدا ئێشک دەگرن و لەو بازنەیەی ئێشکگری هەڵە ناکەن... حەفت جەنگاوەری هەمیشە گوێ قوڵاخ، بێ پسانەوە گوێیان هەڵخستووە بۆ لوورە و زرمەی تۆپ.. حەفت جەنگاوەری چاو تیژی دنیا دیتە، ڕێیان بزرکردووە و بە دنیا ناکەونەوە.. حەفت جەنگاوەری لاسار، وەک چۆن بنێشت بە قژەوە دەنووسێت، ئەوها بە قەندیلەوە نووساون و لێی نابنەوە... حەفت جەنگاوەری هەمیشە بە ئاگا، هەر حەفتیان لە دەستی خارە خولەوە تفەنگیان وەرگرتووەو لە ڕێی کونەگورگیشەوە گەیشتوونەتە کونەکۆتر و لەوێوە دنیایان کردووە، هەر لەوێوەش ئاودیوی دیوی قەندیل بوونە و ئێستاش ڕێی دنیا نابیننەوە، لەو حەفت جەنگاوەرە سیانیان هەر ئەو جارە نا پێشتریش قەندیلیان دیتووە، بەڵام وەک من دەبینم هیچی لە بارەوە نازانن، یان ئەو قەندیلەی ئەوان بینیویانە ئەو قەندیلە نییە کە ئێستا ئێمە دەحەوێنێتەوە... کچێکمان لەگەڵە خەڵکی ناو دارخورماکانی بەسرایە من ناوم ناوە فاتیمە، سەرم سوڕماوە نازانم چی منە! چی ئەوان دەبێتەوە.... حەفت جەنگاوەری تینووی خەوین، بە دزی جاسووسانەوە خەونی خۆش بە دۆڵەکۆگەوە دەبینین و هەترەشیشمان لە





چەکوچ چووە، ناوێرین سەر بەرز بکەینەوە... حەفت جەنگاوەرین، ئەگەر شەشەکەی دی وەک من بیربکەنەوە، هیچمان دڵنیا نین لەو ژنەی لە سیما و بەرگی ئایشەگوڵدا بە ناو ئەنفال و زریاندا خۆی گەیاندە ئێمە و بەرانپیلێ خواردنی بۆمان هێنا و ماڵێکی تەواویشی بۆ دۆزینەوە، دڵنیا نین کە ئەو ژنە ئایشەگوڵ بوو یان نا...

– ئەوە چی دەنووسیت؟

– ئەها! خەریکم یاداشت دەنووسمەوە.

– جوانە، بەردەوام بە، منیش هەندێکم لێی نووسییەوە، بەڵام گەیشتمە جێگەیەک، ڕایگرتم و نەمتوانی چیدی بنووسم

– ئەو جێگەیە کوێ بوو ڕایگرتی؟

– لە کونەکۆتر ڕاوەستام.

– ئەو جێگەیە نەبێت کە پێکەوە سەیری ناسک و دایکی ناسکمان دەکرد؟!

– ڕەنگە ئەوێ یان جێگەیەکی دی بێت، نازانم، بە هەرحاڵ ئەوەی نووسیبووم هەمووییم دڕاند، بە دڵم نەبوو، دەمەوێ سەرلەنوێ بنووسمەوە، ڕەنگە ئەو جارە لە کۆتاییەوە دەست پێ بکەم..

فاتیمە قسەی تەواو نەکرد، ڕەنگە تەواویش بووبێت، یەکپێ هەستاو دیاربوو بەرەو سەر پێشاو چوو.. فاتیمە لە یاداشت نووسینی کردم، ئەوەی نووسیبووم پێچامەوە و خستمە ناو کۆڵەپشتەکەمەوە، بیرم لەو کۆتاییە کردەوە کە فاتیمە دەیەوێ لێیەوە دەست پێ بکات، هەوڵدەدەم تێبگەم ئەو کۆتاییەی ئەو دەیڵێ ئەو کۆتاییەیە کە من کردوومەتە دەسپێک، یان کۆتاییەکی دی هەیە، چاوەڕوان دەکەم فاتیمە بێتە ژوورەوە ئەو پرسیارەی لێ بکەم، لێشی دەپرسم، بێ شەرم پێیدەڵێم لە یاداشتەکەم بە ژن ناوت بێنم یان کچ، دەزانم بەو پرسیارە توورە دەبێت، تووڕەش نەبێت لە دڵی خۆش نییە، بەڵام هەر لێی دەپرسم، ئەدی ئەوانەی یاداشتەکەم دەخوێننەوە نابێت بزانن، فاتیمە کچە یان ژنە! با بێتەوە ئەو شتانەی لەگەڵ یەکلا دەکەمەوە، پێی دەڵێم بە چی خۆم، بە چی پۆلا، بە چی ئەوانی دی ناوت بێنم، با بێتەوە خۆم دەزانم، چۆن چۆنی قسەی لەگەڵ دەکەم و بە نەرمی قسەی لێ دەردێنم.. نا واناکەم، جوان نییە،

چۆن دڵی ئەو کچە تاقانەیە لە خۆم دەڕەنجێنم، بەس دێم بۆی دەخوێنمەوە، بە ژن ناوی دێنم تامی زاری دەکەم، بزانم هەڵوێستی چۆن دەبێت، ئەگەر قسەش نەکات بە سیمایەوە بە دیار دەکەوێت، ئا لە کاتی خوێندنەوەی یاداشتەکەم چاوێکم بۆ ئەو تەرخان دەکەم و لەسەر سیمای ئەو هەڵیناگرم... زرمەیەک ڕایچڵەکاندم، دەنگی گەلێک گەورەبوو، وام هەست کرد وا لە ئاسمان بەرد بە بەرد دەکەوێت، هەموو بە پرتاو هاتنە ژوورەوە، بێدەنگ بە دەوری یەکتر و بە دەوری ئاگردا خڕبووینەوە، کەس قسەی نەدەکرد، وابزانم هەموومان حەپەسابووین، لەوەتەی لە ماڵی فریشتان و ماڵی ئایشەگوڵ مێوان بووین، زرمەی وا گەورەمان نەبیستبوو.. دوای کەمێک برادەرەکەی گیڤارا چووە دەرێ بە دوای ئەودا ئیمامەی پساوە، هەموومان بە دوایاندا، دیاربوو زۆر نزیک نەکەوتبوو، دوورایییەکەی هەر وەک ئەوانی دی بوو، بەڵام پێدەچوو بەر بەردێکی گەورە کەوتبێت.. من هێندە گرنگیم پێ نەدا هاتمەوە ژوورێ، بە دووی مندا یەکە یەکە بە ژوور کەوتن، چاوەڕێ بووین، بزانین زرمەی وا گەورەی بە دواوەیە یان هەر ئەوە بوو، برایەوە.. پێدەچوو جگە لە من و پۆلا ئەوانی دی قسەیان لە زاردا بێت و بیانەوێت بەرەڵلای بکەن، برادەرەکەی گیڤارا چەند جارێک قورگی قسەی خاوێن کردەوە، هەستم بەوە کرد دەیەوێت قسەیەکی گرنگ و ترسناک بکات، سەیری هەموومانی دەکرد، دەیویست بیکات و دەیگێڕایەوە، من بە تیچاو تەماشایم دەکرد، وابزانم کەس بەوەی نەزانیبوو کە برادەرەکەی گیڤارا دەیەوێت قسەیەکی گرنگ بکات، بەس من ئاگام لێی بوو، باش شارەزای ئەو کوڕە ببووم، هەرکاتێک گۆلێک قسەی گرنگی لە کن با، بە زەحمەت بە هەزار ئحم ئحم بە گۆڕێی وەردەکرد، دەیهێناو دەیگێڕایەوە، دەهاتە سەر زاری و قووتی دەدایەوە، بە تەواوی تێگەیشتم قسەیەکی گەلێک ترسناکی لە زارییە، لە خۆوە ترسم لێ نیشت، نا لە خۆوە نەبوو، زانیم مەترسییەک لە پێشمانە، یەکسەر خەوم هات، دەمویست جێی پێیەکانم بکەمەوە و ڕابکشێم..

– وا بزانم مانەوەمان لێرە زۆری نەماوە..

– کوو وایە بە شەڕ یان بە خێر! ئەی ڕوو لە کوێ دەکەین؟

– ڕوو لە کوێ دەکەین نازانم، بە خێر دەکەوێتەوە یان بە شەڕ ئەوەش نازانم، چۆن





و کەنگێ، هەر نازانم، ئەوەی دەزانم دەبێت بیرێکی وردی لێ بکەینەوە، وەک دیارە تۆپباران تا دێ خەستتر دەبێتەوە، بە خۆتان لە من باشتر دەزانن ئەو تۆپبارانە بەلاش نییە، لە خۆوە نییە، دوای هەر تۆپبارانێکی لەو شێوەیە هێرشێکی گەلێک گەورە بە دواوەیە، ئەگەر بە تۆپیش تیا نەچین و بە ڕێکەوت نەمانگرێتەوە، ئەوا هێرش دێن و زوو یان درەنگ ڕەنگە بگەنە سەرمان..

ئیمامەی پساوە کە شانی دابۆوە، یەکسەر قیت بۆوە، بە دەنگە تایبەتییەکەی خۆی:

– نا من بڕوا ناکەم سوپا و جاش هێندە دەبەنگ بن بەو بەفر و زریانە، بەو دنیا خراپبوونە، هێرش بکەنە سەر قەندیل، نا من قەت بەو دوعایە ناڵێم ئامین... ئێ، با هێرشیش بێنن، وای دانێ هێرشیان هێنا، کێ لە ترێ سەی دەچێت! هەر بە خۆیان، هەر لە ناو زریانێ سەگەنازیان دەگاتێ، با بێن، هەر پێویست بەوە ناکات ئێمە یەک تەقەش بکەین، بەڵام ئەوەی نازانم ئەگەر بە قەزا و قەدەر تۆپێک لە نزیکمان بکەوێت، چ دەبێت یان نابێت، بۆ ئەوە هیچی لێنازانم..

– من دەڵێم بە قەزاو قەدەریش، هێرشهێنان بە دوور نازانم، ڕەنگە ئەتو لە من باشتر بزانی، بێگومان باشتر ئاگات لێیە، زۆر جار بە بەفر و بارانێش هێرش کراوەتە سەر جەنگاوەران، دوایی بە خۆت دەزانی نیوەی دنیا جاشە، مەلیکەکان ئەگەر قیچەک دەست بە سەربازیشەوە بگرن، دەست بە جاشەوە ناگرن، چەندی لێیان بکوژرێ گوێیان لێ نییە، جاش کەرن هێرش دەکەن ئەگەر نەشی کەن پێیان دەکەن، چەندی دەکوژرێن جێگەیان چۆل نابێت، سەد جاش دەکوژرێن دووسەد جاشی دی جێگەیان دەگرنەوە.... من دڵنیام لەوە کە دوای وەستانی تۆپ یەکسەر هێرشێکی گەلێک گەورە لە هەر چوار لاوە دەکرێتە سەرمان، ئەوەش بزانن ئێمە بایی شەڕێکی دوور و درێژ فیشەکمان لا نییە...

برادەرەکەی گیڤارا و ئیمامەی پساوە ملیان لە بەر ملی یەکدی نابوو، هیچیان بۆ ئەویدیان نەدەسەلماند، هێرش دەکرێ هێرش ناکرێ درێژ بۆوە، من لە قسەکانی برادەرەکەی گیڤارا پتر ڕاستیم هەڵدەگرتەوە، وا بزانم ئەوانی دیش هەر بە لای

برادەرەکەی گیڤارادا دەیانشکاندەوە... بە تەواوی ترس هێرشی بۆم هێنا، لە چاومدا سێبەری جاش و سەرباز جووڵە جوولیان بوو، ئا زۆر ترسام، وەک چۆن بەفر قەندیلی داگرتووە، وەک چۆن تۆپ قەندیلی داگرتووە، وەک چۆن بێدەنگی پۆڵای داگرتووە، وەک چۆن توورەیی پیاوە داغستانییەکەی داگرتووە، ئاواش ترس منی داگرتووە و لێم نابێتەوە.. ئێستا لە دەنگی تۆپ ناترسێم، ترسی من لەو ساتانەیە کە تۆپ قروقەپی لێ دەکات، هەتا چەند ساتێکیش لەمەوپێش دوعام دەخوێند بۆ بێدەنگبوونی تۆپ، دەمگوت ئەی خوداوەندی تۆپ، تۆپەکان زۆر ماندوون پشووێکیان بدێ، ئێستا حەز دەکەم هەتا دنیا دنیایە، هەتا قەندیل قەندیلە، هەتا ئێمە جەنگاوەرین، لوورەی تۆپ، لرمەی تۆپ، هەر بەردەوام بێت و نەبڕێتەوە، با قەندیل لە ناو دەنگی تۆپدا تەمەن بە ڕێ بکات، خوداوەندی تۆپ، دەنگی تۆپ زۆر خۆشە، با هەر بێتە گوێ و نەپسێتەوە، خودایە لێمان تێک مەدە لە هیچمان کەم نییە، جێمان خۆشە، بە قسەی پیاوە داغستانییەکە مەکە، ئەو پیاوە هەر لە منداڵییەوە ناشوکرە، چ زۆرە لە سایەی سەری ئایشەگوڵەوە خواردن زۆرە، چایە زۆرە، تووتن و پەڕە جگەرە لە بڕانە، دوو ژوورمان هەیە، گەرماو هەیە، هەتا ڕۆژی حەشر کۆلکە دار بسووتێنین لە بن نایە، لە هیچمان کەم نییە، دەنگی تۆپیش چ نییە، هیچ بێزارمان ناکات، خوداوەند لێمان تێک مەدە، لە چوار لاوە ئەو هەموو جاش و سەربازە هێرش بێنن ئەگەر دنیایەکیشیان لێ پەلەواژ بکەینەوە، دنیایەکی دی جێگەیان دەگرنەوە و هێرش دەکەن و پارچە پارچەمان دەکەن...

– دەڵێی تێکچووی! ئەوە چ خوداوەند خوداوەندتە!

فاتیمە گرتمییەوە دەنا دەست بە دوعاوە دەگەیشتمە ئاسمان، تێگەیشتم هەر بە لەش لە ناویانم، دەنا گەلێک لێیان دوور کەوتوومەتەوە و هیچ ئاگام لە باسوخواسان نەماوە.

– کوڕینە، من لە بەلاش و لە خۆوەو بێ هۆ ڕقم لەو قەندیلە تورەهاتە نابێتەوە، ئەو گوللەی لە ناو دڵی منە، لە دڵی هەر یەکێک لە ئێوە بێت، لە من پتر ڕقتان لە قەندیل دەبێتەوە، ئەو گولله لەو قەندیلەوە هاتە دڵی من، بە بەردێکی ئەو قەندیلە کەوت، ئەو دەمەی من دەڵێم لە هەندێک جێگە بەرد بە دیارەوە بوون، ئا لە بەردەکەوە





هەڵبەزییەوە و ڕێک خۆی کوتایە ناو دڵی من، سوندی خوارد نایەمە دەرەوە، بە نەفرەت بێت قەندیل بە بەفر و بەردییەوە، بە هەموو شتێکییەوە، هەزار جارم گۆتییە ئەو قەندیلە بەڵایە، بە خودای هەزار پشتئاشانی لە خۆی حەشارداوە، ئەنگۆ نازانن، من ئەو قەندیلە حیزە باش دەناسم، بە قسەی من دەکەن هەتا زووە با بڕۆین، بە هەر لایەکدا بێت با بڕۆین، با سەری خۆمان هەڵبگرین، لە دەرەوەی ئاقاری قەندیل هەر چییەکمان بە سەر بێت خۆشترە لەوەی لە قەندیل بە سەرماندا بێت، ئەو قەندیلە بەس بۆ ئەوە باشە پێیدا بڕیخێنیت، ئێ لە تێریش پێیدا ڕیخاندمان، بە گوو سواخدانێک سواخمان دا، بەفریش ئەوهای سواخ نەدایە، بە خودای هەتاهەتایە هەر بۆنی گووی ئێمەی لێ دێت، شەیتانیش هێندە گووەی پێدا نەکردووە، قەندیل هی ئەوە نییە ئێمە خۆمانی لەسەر دابنێین...

برادەرەکەی گیڤارا دیار بوو خۆشی لە قسەکانی پیاوە داغستانییەکە نەدەهات بە دزییەوە هەر سەری لێ بادەدا، بە خۆی نەوەستا:

– من پێموایە باش نییە، هیچ جەنگاوەرێک سووکایەتی بە قەندیل بکات، قەندیل هێمای مانەوەیە، هێمای سەربەرزییە، لە دوای ڕووخانی ئیمپراتۆریەتی ماد، قەندیل بۆتە جێگەی مانەوە، ئەگەر باوەڕیش ناکەن بڕۆن بۆ خۆتان پرسیار بکەن، لەو دەمەوە هەتا ئێستا ئەگەر قەندیل نەبا، ئەنفال یەک هەناسەی بە چیاوە نەدەهێشت، بۆیە نابێت سووکایەتی بە قەندیل بکرێت، بۆیە مردن لە قەندیل شانازییە، بە دەست هەموو کەس ناکەوێت

– ئەو کچەش خوشکی خۆمە، دایکی ئەو کەسە بگێم کە ئەو دەرسەی دا...

هەموو دایانە قاقای پێکەنین و لە سەرپشت کەوتن، پێکەنینی فاتیمە لە ناو پێکەنینان، دەتگوت شنەی شەماڵە بە ناو قژی پرژی هاویندا گوزەر دەکات، پێکەنینی فاتیمە خۆ پێکەنین نەبوو، سەدایەک بوو لە گەڕەکی فریشتانەوە بەرز دەبۆوە، پێکەنینێ بوو، ئارامیی دەبەخشییە ئەو کەسانەش کە خوێن بەری چاوی دەگرتن، ئارامتر لەو ئارامییە گۆتی:

– باشە ئەوە بڕیارمان دا بڕۆین، وا خۆمان کۆ کردەوە، فەرموو کێ پێشمان دەکەوێت؟ کەس هەیە توانای شکانی ئەو بەفرەی هەبێت، کە ناشزانێت بەرەو کوێ

دەڕوات و ڕێگە چەند دوورە!

سەردەستەی مراوی کە ماوەیەک بوو بێدەنگ بوو، قەت سەردەستەی مراوی نەبووە، هێندە بە بێدەنگی بمێنێتەوە:

– بەس یەک کەس هەیە توانای شکانی ئەو بەفرەی هەبێت.

– کێیە ئەو کەسە؟

– ئەسحابەکوژ

– تەح! شیر دا لۆ داپیر دا.... ئەوجا کێ دەستی دەگاتە ئەو پیاوە!

ئای! ئەسحابەکوژ لە کوێی، من دەزانم تۆ چ ڕچەشکێنێکی ئەفسانەیی، خۆزگە لێرە دەبووی، من دەزانم تۆ چۆن بەفر دەشکێنیت، بە خودای سێ بەژنە بەفر بکەوێ و ڕێگەش ڕێگەی نیوەی دنیا بێت، گوێت لێی نییە، دەیشکێنیت و دەردەچیت، هەر من دەزانم چۆن بە شان و سینگ بەفر دەشکێنی و ڕێگە دەکەیتەوە، ئەگەر لێرە دەبوویت، چەند بە ئاسانی بەفرت تەخت دەکرد و ڕێگەت بۆمان دەکردەوە، ئەی خوداوەند، ئەسحابەکوژمان بۆ بنێرە هەموومان چاوەڕێی دەکەین، ئەوەتا لە چاوی هەمووانەوە، چاوەڕێیی ئەسحابەکوژ دیارە، ئەو قسانەم لە دڵی خۆم گوتەوە، بەڵام هەر لە خۆوە ئەو قسەیەم هەڵدا ناو قسان:

– بە خودای یان خارە خولە یان ئەسحابەکوژ نەگەنە ئێرە، ئێمە بەو بەفر و زریانە بە هەرلایەکدا ڕێگە بگرین تیا دەچین.

– ئەوجا ئەگەر خارە خولە لێرە با، خەمی چیمان بوو، لە چاوترووکانێکدا دەیزانی ڕێی نزیک کامەیە، ڕێی دەرچوون کامەیە، ئەو پیاوە وەک دەڵێن هەر بە بن بەفرێدا دەڕوا خۆ پێویستی بە بەفر شکاندنیش نییە، ئەسحابەکوژ تاکە پیاوە لە دنیایێ ئەو توانایەی هەبێت لە بەفر شکاندن، هەر شۆفەڵێکە بۆ خۆی من دیتمە کوو لە ناو بەفر ڕێگە دەکاتەوە

– ئەدی مەستوورە! نەتانبینیوە، کوو لەسەر بەفر بە فڕین دەفڕێت، پێی لە بەفر نوقم نابێت، لێرە با ئێستا هەتا حەفتت نەدەژمارد، ئەو نیوەی قەندیلی کردبوو.

– ڕاست دەکات، من بە چاوی خۆم ڕۆیشتنی ئەوم لەسەر بەفر بینیوە.





پۆلا چاوی بڕیوەتە ئاسمان، دەگەڕێت دڵنیام لە ئەستێرە دەگەڕێت ئەو ئەستێرەی هەر خۆی دەیناسێت و کەسی دی نا، ئەو ئەستێرەی لەگەڵ هەڵهاتنی دەستی پۆلا دەگرێت و ئێمەش بە دوایەوە، دەمانبات، دەمانبات، هەر دەمانبات، هەتا لە دنیامان نەکاتەوە، ناوەستێت..

– بەڵام ئایشەگوڵتان لە بیرکرد!

– ئەو گیڤارۆکە کوو بە ئایشەگەڵی گرتووە، ئێ کوڕە ئەگەر ئەو جارەش بگاتە ئێرە، کە ناگات، چمان بۆ دەکات، هەندێک خواردنمان بۆ دێنێت، تێر دەمانگرییێنێت، پێمان دەڵێت: لێرە بمێننەوە ئێوە بێرەوە پیاون، نەکەن قەندیل چۆل بکەن، ئیدی هەتا شل دەبێت ئەو قسە بێ کەلکانە دەکات و دواییش بۆ خۆی لێیدەدا و دەڕوا..

– من وای دەبینم ئایشەگوڵ دێت و بە تەنێش نییە، خارە خولە و ئەسحابەکوژیشی لەگەڵە، ئا هەردووکیانی لەگەڵە، ئەگەر هەردووکیشیان نێن، یەکیان هەر دێت، من دڵنیام ئایشەگوڵ بە تەنێ نایەتەوە... من هێندە باوەڕم بە خەون و ئەو شتانە نییە، بەڵام ئەو خەونەی دەمێدی دیتم، هی ئەوە نییە، جێگەی بڕوا نەبێت، ئایشەگوڵ هات هەردووکیانی لەگەڵ بوو، ئەنگۆ نوستبوون، پرخەپرختان دەهات، من ئێشکگر بووم، نهێنیی شەویش ئایشەگوڵ بوو، نزیک بوونەوە، سەلامیان کرد، تەوقەمان کرد، ئایشەگوڵ گۆتی: دەی کوڕم، برادەران بە ئاگا بێنە و پێیان بڵێ، با خۆیان ئامادە بکەن، پێیان بڵێ، ئێمە دەرچووین و سەرکەوتین...

برادەرەکەی گیڤارا هێندە بە خۆشی و بە بڕواوە خەونەکەی دەگێڕایەوە، من هێندەی نەمابوو تەقەی خۆشی بکەم، لە چاوی ئەوانی دیشەوە، خۆشی و گەشاوەییم چنییەوە، بەس پیاوە داغستانییەکە نەبێت:

– تڕحێو! برادەرەکەی هاوڕێ گیڤارا! لە ڕێی خەونەوە، بە تەمای ڕزگار بیت، لە ڕێی خەونەوە ئایشەگوڵ ڕزگارت دەکات، بە خوا جوانە!

– فشەی بە ئایشەگوڵ دێت! دە ئەو هاتنەی ئایشەگوڵ بۆ قەندیل ئەو هاتنەی کە هەتا ئێستا تۆ خواردنەکەی دەخۆیت، لە ناو چادرەکەی دەخەویت و لە گەرماوەکەی خۆت دەشۆیت و بە کەیفی خۆت کۆلکەداری ئەو ئاگر دەدەیت، ئەگەر ئەو هاتنەی

ئایشەگوڵ بە ناو ئەنفال و زریاندا وەک خۆی بگاتە گیڤارا، من دڵنیام ناوی خۆی دەکاتە گیڤارای ئایشەگوڵ، ئەتوو بزانە ئەوەی ئایشەگوڵ بە بەر چاوی ئێمەوە نواندی، بە حەفتا پیاوی وەک من، ئەتو بڵێ بە حەفسەد ناکرێ، غەدرە قسە بە ئایشەگوڵ بگوترێ..

پیاوە داغستانییەکە وەک بڵێی لە قسەی خۆی پەشیمان بووبێتەوە، وا هاتە بەر چاو، مژێکی زۆر قووڵی لە جگەرەکەی دا و بە شێنەیی گوتی:

– کورە، بە خەڵەت لە من تێمەگە، قسەی خراپم بە ئایشەگوڵ نەگوتووە.. باشە ئەتو دەڵێی هەر ئەو تۆپانە ڕاوەستن، هێرش دەست پێ دەکات، منیش هەر وای بۆ دەچم، لەو لایەش دەڵێی با چاوەڕوانی ئایشەگوڵ بکەین، تێناگەم، ئەگەر هێرش گەیشت و ئایشەگوڵ بە خۆو بە دوو خدری زیندەوە نەگەیشت، ئەو دەم چ بکەین؟!

– چ قەیدییە! خۆ دەستمان نەبەستراوە، شەڕ دەکەین، هەتا شەهید دەبین، شەڕ دەکەین، جێگاکەمان بۆ شەڕ عەیبی نییە، دەبێت شەڕێک بکەین، لە دنیا و قیامەت دەنگ بداتەوە، دەبێت هێندە سەرباز و جاش لە خوێن وەردەین لەو قەندیلە ڕووباری خوێن هەستێ و سەران ببا، داستانێک تۆمار دەکەین، تا دنیا دنیایە، دەبێت ناوی ئەو حەفت جەنگاوەرە لەسەر زاران بێت، گەورە و گچکە بە حەفت قارەمانە نەمرەکە ناومان بێنن، ئەگەر یەک دوانێکیشمان دەرچووین، ئەوا باشتر، بە جوانی داستانەکە بۆ خەڵک دەگێڕێتەوە، ئەوە وەسیەتیشمان کردووە، خەمی چیمانە!!

– کورە ئەتوو بۆچی لە من تێناگەیت؟ دەڵێی سوندت خواردووە لە من تێنەگەیت! کاکە، من نامەوێ لەو قەندیلە بمرم و بڕایەوە، گوو بەو....

– دوایی کێ دەڵێ لە گەرمەی شەڕ، ئەو برادەرانەی کە ئێستا لە ئاقاری قەندیلن فریامان ناکەون، بە دووری نازانم خارە خولەش هەر لەو دەوروبەرە بێت، ئەو دەم ژمارەمان گەلێک زۆر دەبێت، پێکەوە شەڕ دەکەین، مسۆگەر شەڕەکە دەبەینەوە، ساخ و سەلامەت دەمێنینەوە، با یەک دوو شەهیدیش بدەین، بە خۆتان دەزانن شەڕی ئەوها گەورە شەهیدی هەر دەوێت، بە خودای ئەودەم سوپاو جاشی هەر چوار دەوڵەت وەها تەمبێ دەکەین، جارێکی دی ڕوویان نەیەت هەر ڕووش بە لای قەندیلێ وەربگێڕن، ئەنگۆ ڕاوەستن با هێرش بکەن، ئەو دەم خۆیان دەبیننەوە....







– وەڵڵا چ بڵێم، ئەتوو لە ناو ئەو بەفرە ئەستوورە کە کەس نازانێت چەند بەژنە، بەهارت هێنایە چۆکان و...

ترسام لەوەی کە لەم یەک دوو شەهیدە یەکیان من بم، لە دڵی خۆم گۆتم هەبێت نەبێت من و پیاوە داغستانییەکەین، چونکە ئەو حەزناکات لە قەندیل شەهید بێت و منیش زۆر لە مردن دەترسێم، ئیزرائیلیش زۆر جار عەکسی ئیش دەکات، ئیدی دێت ئێمە دەبات...

حەزم لێ بوو، لە دڵەوە حەزم لێ بوو، ناوی هێستەرە بۆزیش بێتە ناو ناوانەوە، ئەو هێستەرەی لە هەموو هێستران هێسترتر بوو، ئەو هێستەرەی زۆر کەس دەیانگۆت بە حەفت جەنگاوەر هێندەی وی هۆشیان نییە، ئەو هێستەرەی خۆشەویستی هەمووان بوو، نازانم بۆچی ناوی هێستەرە بۆزم نەخستە ناو ناوانەوە، وابزانم لە بیرم چوو، دەنا هەر ناوم دەهێنا، من دڵنیام ئەوانیش هێستەرە بۆزیان لە خەیاڵ نەبووە، دەنا دەیانخستە لیستی فریادڕەسانەوە.. هێستەرە بۆز هەر من دەزانم چ چاوساخێ بوو، چاوساخترین چاوساخی دنیایێ بوو، هەرچی چیاو چۆلی دنیا هەیە، هەرچی ڕێگەی سەختی دنیا هەیە، هێستەرە بۆز گەڕابوو، دیتبووی، یەکجار بتبردایەتە قیامەت، لەوێ بەرەڵلات بکردایە، بە یەک هەچە هەتا ناو دنیا گیر نەدەبوو، بە بێ ئەوەی ڕێگە هەڵە بکات، کوڕی ئاگری گۆتەنی:

مەگەر هێستەرە بۆز هێندەی من دنیا گەڕابێت!

هەقی نەبوو، دنیا شەوە، ڕۆژە، بەفرە، بارانە، ڕێگە ئاوە، وشکانییە، خۆڵە، قوڕە، بەفرە، ئاگرە، شاخە.. گوێی لێنەبوو، ڕێگەی خۆی دەدیتەوە و دەڕۆیشت، وەک دەڵێن ئەو هێستەرە لەوەتەی هەیە بۆ یەک جاریش ڕێگەی هەڵە نەکردووە، من ئێستاش تێنەگەیشتم هێستەرە بۆز لە دیتنەوەی ڕێگەی مەبەست لە ناو ئەو هەموو ڕێگایانە، دیتنی بەکار دەهێنا، یان بۆنکردن... شەوێکی درەنگانی پایزی، سێ جەنگاوەر بووین، هێستەرە بۆزیشمان بە بارێکی گەورەی فیشەکەوە لەگەڵ بوو، کەوتینە کەمینی جاش و عەسکەرانی تورک، دەستمان کردەوە، شەڕێ دەستی پێ کرد، ئەمما شەڕ.. ئیدی ئێمە لێکدی دابڕاین و پەرتەوازە بووین، کەس بە کەس نەبوو، هێستەرە بۆز منی دیتەوە، دوو جەنگاوەرەکەی دی نەمزانی چییان بە سەر هات، من و هێستەرە بۆز، تەواوێک لە شەڕگە دوورکەوتینەوە و خۆمان شاردەوە، تاکو شەوی داهاتوو هەر لەوێ ماینەوە و چاوەڕێی جەنگاوەرەکانمان کرد، چ سۆراخیان نەبوو، من قەت ئەو ڕێگەو بانەم نەدیتبوو، جاری یەکەمم بوو، ڕێم بەوێ بکەوێت، نەمدەزانی کوێ کوێیە، ڕۆژهەڵات و ڕۆژئاواشم لێکدی نەدەکردەوە، ڕاستە ئەستێرە بە





ئاسمانەوە بوون، بەس لە چاوی من ئەستێرەکان هەموویان وەکو یەک بوون، نەدەناسرانەوە، ناوی هێستەرە بۆزیشم بیستبوو، بۆمیان باس کردبوو، چتۆ شارەزاو چاوساخە، بەڵام چ ئەزموونێکم لەگەڵی نەبوو، لەو شتانەش هەتا بە چاوی خۆت نەبینیت، باوەڕهێنان زەحمەتە، چ بکەم خودایە، ناوی خودام لێ هێنا، هەچەم لە هێستر کرد و هێستر بڕۆ، من لە دووی هێستر بڕۆ، ڕێگە زۆر سەخت و هەڵدێر بوو، پێت بڕۆیشتایە، تا دەروازەی دۆزەخ گیر نەدەبووی، زۆری نەبرد دنیا بووە تاریکە شەو، باران نم نم دایکرد، دنیا تاریک تاریک، بەر پێی خۆم نەدەدیت، بیرم بۆ ئەوە چوو کە شەوکوێر بووبم، ئیدی تەواو خۆم دەخیلی هێستەرە بۆز کرد، توند دەستم بە کلکییەوە گرت، لە بەر خۆمەوە دەمگوت:

بە قوربانی ئەو کلکە جوان و نەرمانەت بم، بە ڕێی زۆر ترسناکدا مەمبە، هەر بکەوم، لە تری تۆ دەچم..

بڕۆ بڕۆ.. دنیای پێ کردم، ترسم لێ نیشت، ترسام لەوەی ئەنفال هێستەرە بۆزیشی بە چەند مستە جۆیەک کڕیبێت و تەسلیمی ئەنفالم بکات، چەند جار هێسترم ڕادەگرت و دەمویست بە ڕێی هاتنێ بگەڕێمەوە، پەشیمان دەبوومەوە، من بیستبووم، لە جەنگاوەرانم بیستبوو:

مەترسن، قەت لە هێستەرە بۆز مەترسن، دڵنیا بن برا خیانەتتان لێ بکات هێستەرە بۆز خیانەت ناکات و ناکات..

بەڵام دڵی من وای نەدەگۆت، دەترسام، دەمگۆت:

خۆ هێستەرە بۆزیش لەو جەنگاوەرانە زیاتر نییە کە دەبنە پیاوی ئەنفال...

دنیا هەندێک ڕووناک بۆوە، بەر پێی خۆم بە ڕوونی دەدیت، کەپکە شاخ و بنە دارم لێکدی جیا دەکردەوە، دەستم لە کلکی هێستر بەردابوو، لە نشێوێکی گەلێک سەخت شۆڕبووینەوە، کەوتینە پێدەشتێک، تووشی چەند ڕیانێک بووین، ژماردم بە ژمار حەفت ڕێگە بوو، ترسام، لەبەر خۆمەوە گوتم، ئەگەر هێستەرە بۆز هۆشی حەفت جەنگاوەریشی لە سەری بێت، هەر هەڵە دەکات... هێستەرە بۆز کە گەیشتە حەفت ڕیانەکە، قیچەک ڕاوەستا، دیتم تەماشای هەر حەفتیانی کرد، لمووزی بە هەر

حەفتیانەوە نا، لە لای چەپەوە سێیەمی گرت و خێرا ڕۆیشت، وەک ئەوەی تۆڵەی هێندە وەستانە بکاتەوە، ئیدی قەدەری منیش دووی کلکی هێستەرە بۆزە، کەوتمە دووی، بڕۆ بڕۆ... زۆری نەبرد بارەگـــایەک بە دیار کـــەوت، لە دوورەوە هەردوو جەنگاوەری بزربووم ناسییەوە... ئیدی هێستەرە بۆز لە کنە من بووە شتێکی دی شتێکی پیرۆز، دەمویست هەزار ماچی لێ بکەم، هەزار ڕەحمەتم بۆ دایک و باوکی هێستەرە بۆز نارد، من ئەگەر ئەو کەرە ببینمەوە کە دەکاتە باوکی هێستەرە بۆز، مەدالیایەکی بە ملییەوە دەکەم، من نەمدەزانی کوو چاکەی هێستەرە بۆز بدەمەوە، چم لە دەست نەدەهات، بیرم کردەوە ئاوازێکی جوانی بۆ دابنێم لە ناو هەموو ئاوازان بناسرێتەوە، حەفت شەو بۆی دانیشتم تا ئاوازێکم دانا، ناوم لێنا ئاوازی هێستر، ئیدی هەر جارێک من و هێستەرە بۆز، بە دیداری یەکدی شاد باین، ئاوازەکەم بۆی دەژەند، زۆری پێ خۆش بوو، کلکی بادەدا.. من دڵنیام هێستەرە بۆز لێرە بایە چارەیەکی لێ دەکردین، ئەوەی کلکی هێستەرە بۆز بگرێت و هەچەیەکی لێ بکات و بڕوات، تووشی هیچ گرفتێک نابێت و دەگاتەوە جێگەیەکی ئارام، هێستەرە بۆز چاوساخی هەموو دەور و زەمانێکە... لە بەفر شکاندنیش هەر شارەزایە و توانای حەفتاو حەفت جەنگاوەری هەیە، من دیتمە بە چاوی خۆم دیتمە کوو بەفر دەشکێنێت، بە لووز بەفر لادەدا و بە چۆک دەیپەستێتەوە، من گوێم لە ئەسحابەکوژ بووە دەیگۆت:

لە بەفر شکاندن، هێستەرە بۆز لەگەڵ من دەردەچێت..

ئەگەر هێستەرە بۆز لێرە بایە، دەیبردینەوە ڕێگەیەکی بێ گرفت و سەرئێشە، ڕێگەیەک دوور لە چاوی ئەنفال، دوور لە چاوی جاسووسان.. هێستەرە بۆز لێرە بایە، بە ڕێگەیەکدا دەیبردینەوە دنیا.. خوداوەندی قەندیلی، ئەگەر خارە خولەش نانێری، ئەگەر ئەسحابەکوژیش نانێری، ئەگەر مەستوورەش نانێری ئەگەر ئایشەگوڵیش نانێری، ئەگەر ئەستێرەکەی پۆلاش نانێری، ئەگەر شمشاڵێکیش نانێری، ئەگەر بە خۆشت نایەیت، هێستەرە بۆزمان بۆ بنێرە، هێندەمان بۆ بکە، بڕۆ ماڵی ئەنفال، دەڵێن لەوێ هێستەرە بۆز بە زنجیرێکی حەفت لۆیی بەستراوەتەوە، زنجیرەکە بپسێنە و بەس، خوداوەندی خۆم، من لە هێستەرە بۆز پتر چیدیم لە تۆ ناوێت..





زریان وەک پیشەی هەمیشەیی خۆی بە دیوێکدا ئاودیو بوو، بەفر بە شەرمەوە، کەم کەم لێی دەکردەوە، ئەوەی پشووی نەدا و نەدا، ئاگری ئێمە و تۆپی ئەوان بوو، تۆپ بە دوای تۆپ، بڵێسە لە بڵێسەوە... جەنگاوەر لە قەندیلی بەفردا، بە زۆر دانیشتن وێران دەبێت، وێرانییەک ڕەنگە هەرگیز ژیان نەکەوێتە گیانییەوە، دەبێتە کەلاوەیەک لە ڕابردوو، بە سەردانیش ڕێی بە ئایندە ناکەوێتەوە... فاتیمە سەر چۆپی گرتبوو، شایی بە دەوری ئاگردا دەسووڕایەوە، سەردەستەی مراوی بە دەنگە گڕەکەی بەندان دەڵێ، هەموو بۆی دەسەننەوە بە فاتیمەوەش، بەڵام پۆلا بە بێدەنگی شایی دەکات، لە شایی چیاییەوە بۆ سەمای چیایی، ئاگر زەردەشتییانە بڵێسە دەدا، سەما لەگەڵ جوولەی ئاگر جوان دێتەوە، وەک چۆن فاتیمە لەگەڵ بەفردا جوان دێتەوە، وەک چۆن بە دیوی چۆڕاوگەدا بەفر لەگەڵ ئاگر جوان دێتەوە، وەک چۆن ژمارەی حەفت بە ئەفسانەییەوە لەگەڵ ئێمە جوان دێتەوە، ئاگر ئەوها لەگەڵ سەما جوان دێتەوە.... تا ڕێگەت نەچێتەوە ڕێبەندانی قەندیلێ و باوەش بە زریاندا نەکەیت و بۆ چەند ساتێ نەچییە هەناسەی چلوورەوە، نازانیت ئاگرپەرستی چییە، نازانیت ئاگرپەرستی چ چێژێکی خودایی دەرژێنێتە ناختەوە.... لە بیرمە فاتیمە جارێک بە منی گوت:

ئەگەر عەشقی ئاگر نەبا، لەمێژ بوو لە بەسرام کردبۆوە..

من ئەودەم قسەکەی فاتیمەم بە هەند وەرنەگرت، ئێستا دەزانم عەشقی ئاگر چ عەشقێکە و پرچی چەندان فاتیمە و ڕیشی چەندان پۆلای لە دەستی خۆی ئالاندووە و بەری نادا، ئەو ساتانەی لەگەڵ ئاگر سەما دەکەیت، تۆپ لە بن پێشت بە عەردی بکەوێت، دەنگی نایەت، فاتیمە بە دەم سەماوە دەیگۆت: جەنگاوەر ئەگەر ناوە ناوە دەستی ئاگر نەگرێ و تێر سەما نەکات، دەبێتە بەرد، دەبێتە ئاسن، لە کەس ناگات و کەس تێی ناگات، فاتیمە وا دەڵێت و منیش بە زمانی دەروێشان و حاڵگرتووانە دەڵێم: وایە، وایە، فاتیمە وایە، ئەوەی تۆ دەیڵێیت هەر هەمووی وایە.... ئەوانی دیش وایەکەی منیان پێ خۆش بوو، بێ ئەوەی بزانن چ وایە، تێکڕا وایە وایە دەگوترێتەوە، قەندیل لەو سەرەوە بۆ ئەو سەر وایە وایەی لێ بەرز دەبێتەوە، کێ ئاگای لە دەنگی تۆپە!

***

دوور نیشتمەوە، زۆر دوور
دوورتر لە باڵی فڕین
لێرە نیشتمەوە
دوورتر لەو نێوانەی
لە نێوان من و ماڵئاوایی هەبوو
لە نێوان تۆ و تەنیایی هەبوو
نیشتمەوە لێرە
لێرەوە نە ڕێیێ دەڕوا
نە ڕێیێ دێ
ئەوەی هەیە لە مەرگەوەیە
بەرەو لای مەرگ دەچێ
لە خۆم شکستە باڵێ،
دەنگێک نییە بمبا بمبا
بمباتە ماڵی دنیا..

(گۆرانیی جەنگاوەر)

***





ماندووم، لە خۆم ماندووتر، ئەگەر ئێشکگریی لێبگەڕێ، دەمەوێ چاوێ گەرم بکەم، بە نیازی خەونێ کە یەک جار دیتم و نەمدیتەوە، حەز دەکەم بچمە باوەشی خەوتنەوە، خەونێک خەریکی چنینەوەی ماچ بم و خارەخولە بە ئاگام بێنێ، بە ئاگاهاتنەوەم لە لایەن خارەوە، پێکەوتنەوەیە بە ڕێگەی دەرچوون، دەرچوون لەو مەرگەی وا لە قەندیلەوە سەرە دیقانێ لەگەڵ حەفت جەنگاوەری بێ چاوساخ دەکات، گەیشتنە بەو جێگەیەی کە جەنگاوەر بۆ ماوەیەکی دی گرێبەست لەگەڵ ژیان نوێ دەکاتەوە.... کەمێک چاوم گەرم کرد، نە خەونم دیت نە خارە خولەش بە ئاگای هێنامەوە، ئەوە ئیمامەی پساوەیە لەسەر سەرمە، نهێنیی شەویش (ئاگر)ە... لە ساتەکانی ئێشکگریی ئەگەر بە پێی خۆیشی نەهات دەبێت تۆ بە دوایدا بچیت و دەست بە خەیاڵێکەوە بگریت و بۆ کوێی بردیت پرسیار نەکەیت، ئێرە کوێیە؟ بۆ کوێم دەبەیت؟ ئەگەر وا نەکەیت، ئێشکگریی کۆتایی نایەت و دەتکوژێت، من چەندی بەو لاو بەم لادا هەڵمدەدا، خەیاڵێک نەیدەگرتمەوە و نەیدەبردم، نازانم لە سەرما بوو یان لە ترسان تۆ بڵێ لە ترسان بوو، چونکە گڕ گڕ هاتمەوە سەر وەسیەتی گۆڕینێ، وەسیەت لە کەللەی دام، دەمەوێ بزانم ئەو برادەرانە لە وەسیەتەکەیان چییان نووسیوە، دەمویست بچم کۆڵەپشتەکەم بێنم و وەسیەتەکانیان بخوێنمەوە، بەڵام ئەوە خیانەتێکی گەورەیە، شکاندنی پەیمانە، لە بن پێنانی سوێندێکە گەلێک گەورەیە، گۆڕی شەهید پیرۆزترین پیرۆزییە لای جەنگاوەر، لای جەنگاوەر یەک پیرۆزیی گەورە هەیە ئەویش گۆڕی شەهیدە، نا ئەو سوێندە هی گاڵتە نییە.. ئەدی چ بکەم بە چ ڕێگەیەک ئەو وەسیەتانە ببینم و بیانخوێنمەوە و سوێندیش نەشکێنم، پیرۆزیی نەخەمە بن پێمەوە، تا دێت تامەزرۆییم بۆ بینینی ئەو شەش پارچە کاغەزەی ناو کۆڵەپشتەکەم زیاد دەکات... چیم لە دەست نایەت، لەو بارەیەوە بێ دەسەڵاتترین جەنگاوەرم، ئای لە خۆم بێ دەسەڵاتێ! ڕەنگە قەت ئەو وەسیەتانە نەبینم، دەمرم و وەسیەتەکەی فاتیمە نابینم، هی کەسیان نابینم، تۆ بڵێی ئەوانیش وەک من تامەزرۆی بینینیان نەبێت! ڕەنگە هەر بیریشی لێ نەکەنەوە، نا بڕوا ناکەم، وا بێت،

خودایە، زوو یەکلای بکەوە، یان من بکوژە یان ئەوان، ئەوها بڕوا دەبێت گەورەترین سوێند بشکێنم، وەک چۆن ئەو کۆلکەدارانە بەو بیورە دەشکێنم ئاواش سوێندەکە دەشکێنم، نا کاری وا ناکەم، یان من بکوژە یان ئەوان.... ئاگرەکە لە کزی دابوو، کۆلکە دارێکی گەورەم ڕاکێشا، سووک بوو، تومەز ناوی کلۆڵ بوو، بیورێکم لێی دا لەو سەر بۆ ئەو سەر شەق بوو، دیتم شووشەیەکی گەورە لە ناو دارەکە هاتە دەرێ، تەماشا دەکەم، ئەوە چییە! هەوە، عەرەقە و سەر مۆر، هەر خەنی بووم خەنی، غارم دایە کۆلکەدارەکانی دی، هەڵگێڕ و وەرگێڕم دەکردن، بزانم چ شووشەی دی خۆی حەشار نەداوە، خوداوەندی شەرابی، لە تۆ بە زیاد بێت، خوداوەندی مەستی، زۆر سوپاس بۆ ئەو دیارییە کە بەو ناوەختە بۆت ناردم.. سەریم کردەوە و کەمێکم هەڵقوراند... پەشیمان بوومەوە لەو دوعایانەی پێش کەمێک دەمخوێندن، هەستم کرد کاتی ئێشکگرییەکەم تەواو بووە، کێ لە دووی منە، فاتیمە، کە چوومە سەری دەتگوت فریشتەیە خەوتووە، دڵم نەهات خەبەری بکەمەوە، گەڕامەوە، خۆی بە ئاگا هات:

– نۆرەی منە؟

– ئا، بەڵام ئەگەر خەوت دێت، بخەوە، لە جیاتی تۆیش دەیگرم

– نا، واهاتم،

ڕۆیشتم و هات، پێم گوت کە بوتڵێک عەرەقم لە ناو کۆلکەدار دیتەوە، بە باوێشکێکی ناسکەوە گوتی:

جوانە، داربەڕوو بە سەوزی و بە پێوە بەڕوو دەگرێت، لە ساتەکانی پاڵکەوتنیش عەرەق!

دیار بوو حەزی لێ بوو، کەمێک بخواتەوە، لە ژوورەکەی دی دانیشتین، خواردمانەوە، ئەو زۆر کەمی خواردەوە، من چارەگێک پتر، فاتیمە چوو پۆلا بانگ بکات، پۆلا عەرەقخۆرێکی عەجایب بوو، فیرعەونانە هەڵی دەدا، دەتگوت سەپانی ماندووە، دۆ دەخواتەوە، من ئەوانم لە بیر نەکرد، سەردەستەی مراوی بەس لە عەرەق لە مراوی نەدەچوو، کەمی دەخواردەوە، دەنا هەر شلەمەنییەکی لە پێش بایە وەک مراوی هەر دەیخواردەوە هەتا قوڕاوی بنی دەردەهێنا، برادەرەکەی گیڤاراش کەمی





دەخواردەوە، دووەکەی دیش لەمێژ بوو وازیان لێ هێنابوو، هەبوو نەبوو پۆلا و من، پۆلا هات، شێتانە بینی پێوەنا... من و فاتیمە بە جێمان هێشت، بە نیازی خەوتن، چووینەوە ژووری نووستن، گوێم لە دەنگی دار شکاندن بوو، تێگەیشتم ئەوە پۆلا بە دووی شووشەی عەرەقدا دەگەڕێ.. ڕاکشانێک ڕاکشام، لە ماڵی بابیشم وا ڕانەکشاوم، نووستنێک نووستم، مەگەر لەسەر کۆشی دایکم خەوی وام کردبێت، خەونێکم دیت، هیچ بنیادەمێک خەونی وای نەبینیوە، خەونێک بوو لە ناو خەونان جێگەی نەدەبۆوە، خەونێک بوو، کە دەمەوێت بیگێڕمەوە، ڕستەیەکم بۆ نایەت بۆ بە دیار خستنی دیمەنێکی، نا ناتوانم بیگێڕمەوە، هەرچی بیڵێم ئەو خەونە نییە کە من دیتم، دەبێت خۆم جوان کۆ بکەمەوە بۆ گێڕانەوەی ئەو خەونە، دەبێت قەڵەم و کاغەز بێنم و ورد ورد بینووسمەوە، نا ئەو خەونە بە من نانووسرێتەوە، من دیتم بە چاوی خۆم دیتم، خۆم لە ناوی بووم، بەڵام من ناتوانم وێنەکانی بە لێڵیش نیشان بدەمەوە، ناتوانم قسەکانی بە نیوەچڵیش بڵێمەوە، لە بیرمە ئایشەگوڵی تێدا بوو، گوێم لە دەنگی بوو... برادەران هەموو هەستابوون، خەریکی خواردنی پەتاتە و چایە بوون، من دەمەوێت بە دەم چایە خواردنەوە هەندێک لە خەونەکەم ئەگەر بە پچڕپچڕ و شێواویش بێت بگێڕمەوە، قەت ڕستەیەکم بۆ نایەت لێیەوە بچمە گێڕانەوەی خەونەکە...

– دەزانن من خەونێکی گەلێک سەیرم دیت لەو خەونە، نازانم....

– کا، وس بن دەڵێی دەنگێک دێت!

– وەڵڵا قسەیەتی منیش گوێم لێیە،

هەموو یەکپێ بۆ دەرەوە، دەنگ دەهات و پێ بە پێ نزیک دەبۆوە، من بە دەنگی ئایشەگوڵی تێگەیشتم بەس قسەم نەکرد، گوتم نەبادا هەو نەبێت، با وا نەڵێم

– من سەردەستەی مراوی نیم ئەگەر ئەوە دەنگی ئایشەگوڵ نەبوو.

– کوو! دوور نییە هەو بێت.

تا ئێستا بە تەواوی ڕوون نییە، دەنگەکە لە کام لاوەیە، دەنگ تەواو لە گوێمان نزیک بۆوە، هەر دەنگە و بێ وشە، یان هێشتا مەودای وشە چنینەوە نییە،

منیش گومانم نەما لەوەی کە ئەو دەنگە دەنگی ئایشەگوڵی گوڵی هەموو گوڵانە... «کوڕەکانمممممممممممممم..»

– کوڕە خۆیەتی، ئەوەتا لەو لایەوە دێت.

غاردە بە ناو بەفرێ غاردە، دەنگ چووە لایەکی دی، لەو لاوە بە ڕوونی و بێ قرتانی دەنگ:

– کوڕەکانم، تۆش کچە تاقانەکەم، ئەو جارە لێتان نزیک نابمەوە، جارێ دی زۆر ئازارتان دام..

بە هەموو لایەکدا چاو دەگێڕین، دیار نییە، دەڵێی لە بن بەفرەوە قسە دەکات.

–جارێ، ئەها شتێکی ڕەش دیارە، ڕێک بەرانبەری کچە چاو ڕەشەکەم، بڕۆن بیهێنن، جلوبەرگ و خواردنی تێدایە، دەی زوو بن، دوایی هەندێک قسە هەیە دەیکەم

– کوا لە کوێیە؟

–من گۆتم ئەو جارەش بێتەوە!...

– دە دایکی دایکان خۆتمان پیشان بدە و با چاکوچۆنی بکەین، بزانین چ بووە چ نەبووە!

– خۆتان ماندوو مەکەن، چ دەڵێم ئەوە بکەن، دەنا گوێتان لە دەنگی من نابێتەوە.

– باشە باش، بە قسەت دەکەین.

وا بوو، لەو شوێنەی ئەو گۆتی بەرانپیلێکی گەلێک گەورە لە ناو بەفر داندرابوو، من قەت بەرانپیلی ئەوها گەورەم نەدیتووە، بە چوار کەسان هەڵمان گرت و هێنامانە ماڵەوە کردمانەوە، حەفت دەستە جلکی تێدا بوو بە پشتێنیشەوە، حەفت جووت پێڵاو بە گۆرییەی ئەستوورەوە، حەفت ساقۆ بە سەرکڵاویشەوە، نازانم چەند نوردی نان، گۆشتی نەرمک، ئامادە بۆ لە شیشدان، سماق و خوێش کرابوو، جا چی تێدا نەبوو، شمشاڵێکی بەژن باریک، دەتگوت بەژنی مەستوورەیە، من کە شمشاڵم دیت، هیچ شتەکم نەهاتە بەر چاو.. فاتیمە چاوی لە شمشاڵ بڕیبوو، لە چاوییەوە دیارە، تامەزرۆی شمشاڵە، فاتیمە لە چیاییەک پتر حەزی لە شمشاڵی چیاییە، پێم گوت بە چاو بە فاتیمەم گوت، ئارامت بێت دەمێکی دی ئاوازێکت بۆ دەژەنم، چ ئاواز! بۆ





مەستوورەشم نەژەندبێت، ئاوازێک بتبا بتبا بتخاتە دیجلەوە و لەوێوە بەرەو ماڵە بابان...

– دەی کوڕەکانم جلەکانتان بگۆڕن، پێڵاوە نوێیەکانتان لە پێ بکەن، بزانن کووە لۆتان؟ دەی نانیش بخۆن، زوو بن، تکەی لێدەن، خەمی منتان نەبێت، من برسیم نییە، خێرابن، هەندێک قسە هەیە دەبێت بیکەم، دەی، زوو، زوو...

خۆمان گۆڕی، هەمووی بە پێوان هێنابوو، نازانم کوو، ژمارەی پێی ئێمەی زانیبوو، دەتگوت ئێمەی هەڵگرتووە، ئێمەی بردۆتە لای بەرگدروو، لای دوکانی پێڵاوان! ئێستا نوێ بووینەوە، خاوێن خاوێن تازە لە ناو پاکەت دەرهاتووین، چ بایەک نەیگەچڵاندووین، شەش پیاوی قۆز و کچێکی شۆخ کە جلی پیاوانەی لەبەرە، چەند جوانین بە جلکی خاکییەوە، بە جلکی تازەوە، بە پێڵاوی تازەوە، من تا بڵێی کەیفم بە پێڵاوەکەم هات، هەستم کرد بست بەبست باڵا دەکەم، مەگەر بە منداڵی هێندە بە پێڵاوی نوێ باڵام کردبێت، نەمدەهێشت بەفر داپۆشێت، دەمویست هەر لە بەر چاوم بێت، لە تەماشاکردنی تێر نەدەبووم، پێڵاوەکەم ئەوەی دایکە ئایشەگوڵ بۆی هێناوم، جوانە، پڕ بە پێمە، پێڵاوێکی لاستیکە و لێواری هەندێک بڵندە، وەک بڵێی نیوە پۆتینە، ناوی تووکنە، ڕەنگی پێڵاوەکەم ڕەشێکی گەلێک جوانە ڕێک لە ڕەنگی قژی خۆم دەکات، ڕەنگی قژی من قسەی خۆم نییە، زۆر جوانە، لە بیرمە بە منداڵی کچە جحێڵەکانی دەرو دراوسێ دەیانگوت:

جوانترین ڕەنگ بۆ پرچ ڕەنگی ڕەشە، جوانترین ڕەنگی ڕەشیش ڕەشیی پرچی ئەو کوڕەیە...

شیشکەی تفەنگمان هێنا گۆشتی پێوەکە و لەسەر پشکۆی دار بەڕووی دانێ، بەفر بە نەرمی دەباری، تۆپ لە بەفر خێراتر دەبارێت، بە دزییەوە چاو بە هەموو لایەکدا دەگێڕین، ئایشەگوڵ دیار نییە، لە بەینی خۆمان چرپەچرپ دەکەین، سەرمان تێدا مایە، هەندێک دەڵێن:

ئەوە ئایشەگوڵ نییە، بیستوومانە جندۆکەیەکی تایبەتی هەیە لە قەندیلێ ڕەنگە ئەوە هەو بێت.

هەندێک دەیانگۆت:

نە بابە، وەڵڵا ئایشەگوڵە و ئایشەگوڵ..

من لەو بەینە تێدامابووم نەمدەزانی کیهانیانە، حەزم دەکرد دەست بە شمشاڵ لێدان بکەم، یەکسەر پەشیمان دەبوومەوە، خۆشم نازانم بۆ! لە ترسانە  یان لە خۆشییان! ڕەنگە بمەوێت سەربەند بگۆڕم، لە مەستوورەی مەستانەوە بۆ فاتمۆکێی کێڵگەردن، شمشاڵەکەم لە ئامێزم گرتووە، لە ئامێزگرتنێ، مەگەر لە ژوورە خەونییەکەی گارە مەستوورەم وا لە ئامێز گرتبێت، بڕوا ناکەم مەهنازیشم بەو شێوەیە لە ئامێز گرتبێت، لە هیچ لە خەیاڵەکانیشم، فاتیمەم وەک شمشاڵ بە سینگمەوە نەناوە...

– ئەها ئەوەتێهێ، لێرێهێ ڕاوەستایە!

– ئەرێ وەڵڵا هەوە، سەراپا ڕەشپۆشە!

– باشترە قسە لە قسەی نەکەین، با بزانین چ قسەیەکی پێیە.

– دایکی هەموومان، ئەوە ئێمە لە نان بووینەوە، فەرموو وەرە لامان و قسان بکە

– نا کاتتان ناگرم، نزیک نابمەوە، منیش وەکو ئێوە کارم هەیە، درەنگمە، زۆر درەنگمە، کوڕەکانم، کچە چاو ڕەشە تاقانەکەم، لەو ماوەیە زۆر شت ڕووی داوە، زۆر شت گۆڕاوە، یان دەگۆڕێن نازانم.... بە خۆتان دەزانن، لە من باشتریش دەزانن، جاش و جێژی چوار دەوڵەتێ، هی دنیایێ، وا وەک کلۆ و مێرووستانێ بەرەو قەندیل دێن، دەڵێن پادشای بەغدایێ، دەک هەتا دەگەمەوە هەولێرێ، لەسەر تاتە شۆری دانێن، لەگەڵ پادشای جێیەکانی دیش سوندیان خواردووە، دەڵێن بە بەردە ڕەشەکەی کابە سوندیان خواردووە، کە قەندیل بتاوێننەوە و بیکەنە تاریکستانێک ڕووناکی ڕووی تێ نەکات، وای لێ بکەن ئیدی گوڵە بەفرێکی لێ هەڵنەگیرێتەوە، سوندیان خواردووە، پێشمەرگە بکەنە دڕکی ناو ئارد و کەس کەس نەیانبینێتەوە، بەڵام گوویان خواردووە، هەموو پاشایەکان بە باب و باپیرەوە گوویان خواردووە، قەندیل خواردنی ئەوان نییە، هەتا دنیا دنیایە قەندیل بەفری لێ ناچێتەوە، هەتا دنیا دنیایە، قەندیل ئاگری لێ ناکوژێتەوە، هەتا دنیا دنیایە، پێشمەرگە لە قەندیل





نابێتەوە، ئەوانە با لۆ خۆیان هەر وا بڵێن... بیستووشمە لە خەڵکم بیستووە، قسەی من نییە، گوایە، لە بەینی قەندیل و بەغدا فسکە فسکەک هەیە، بەس نازانم وایە یان نا، ئەنگۆ باشتر دەزانن...

– نەمگۆت! ئەمن دەڵێم وایە و زیاتریش.

– وسبە با گوێی لێ نەبێت دەنا قسان ناکات.

– ئەوە چییە! ئەو فسکە فسکە لە بەینی خۆتان، ڕەنگە من بە شێت تێبگەن؟ نا کوڕەکانم من شێت نیم، منی جەرگ سووتاو قەت شێت نابم، من دەبێت بە سەلامەتی بمێنمەوە، دەبێت بۆ ئەو ئەنفالە گوێ ڕەشە هەر بمێنمەوە، دەبێت بە دەردێکی ببەم، عارەب بە حوشتری نەکردبێت، ئەنگۆ بە هێسترە جوانەکانی خۆتان نەکردبێت، من شێت نابم و ناشمرم تاکو ئەو حەفتاو حەفت منداڵە گەورە نەکەم... پاش کەمێکی دی دەڕۆم، دەچمە لای کوڕو کچەکانی دی ئەوانەی وەک ئێوە وا بە قەندیلەوەن، پێیان دەڵێم با وەک ئێوە کوڕو کچی تەنگانە بن و نەکەن خۆ بەدەستەوە بدەن، پێیان دەڵێم ئەنگۆ بە قەندیلەوە چەنگاوەرن، ئەگەر لە قەندیل ببنەوە دەبنە پێڵاوی دڕاو، فڕێ دەدرێن و جاشی خوێڕیش لە پێتان ناکەن، دەیانلێمێ خەمی نانتان نەبێت، لە بنی دنیاییش بێت بۆتان پەیدا دەکەم، بە ناو کەڵبەی ئەنفالیشدا بێت دەتانگەیەنمێ، خەمتان نەبێت... ئەوجارە زۆرم پێچوو، درەنگ هاتمەوە، لە دەست خۆم نەبوو، چوون لە دەست خۆتە، هاتنەوە لە دەست خۆت نییە، من چوون و هاتنم لە دەست خۆم نییە... لە دەست خۆم نەبوو لە گۆڕستان زۆر مامەوە، نووستم، زۆر درەنگ بە ئاگا هاتمەوە، خەوێکی گەلێک درێژ بوو، لەو خەوتنە هەزار خەونم پتر دیت، دەبێت زوو بە زووییش بچمەوە، ئەنگۆ نازانن حەفتاوحەفت شیرەخۆرەم بە ملیدا کەوتووە، دەبێت شیر بۆ هەموویان بگرمەوە...

– ئێ کا ئەتوو شتێکی وات بە ئێمە نەگۆت

لەسەر قسەی خۆی بەردەوام بوو وەک ئەوەی گوێی لێ نەبووبێت.

– دایکی دایکان، پێویستمان بە تۆیە

وەرە لامان با پێکەوە قسە بکەین

دوورتر کەوتەوە، بە ئاستەم گوێمان لە دەنگی دەبوو

– کاکە، قسە مەکەن، با قسە بکات، شتی گرنگی پێیە با لە دەستمان نەچێت.

قرِوقەپیمان لێی کرد.

.. کچە چاو ڕەشە تاقانەکەم، دەمویست بچمە لای دایکت و هەواڵی تۆی پێ بگەیەنم، بەڵام مەستوورە هەمووی لە بیر بردمەوە، کوڕەکانم ئەنگۆ غەدرتان لە مەستوورە کرد، قسەی منتان بە هەند وەرنەگرت، مەستوورەتان بە ئاوێ دادا، ئەوەی بێباکانە ئاقاری قەندیل جێ بهێڵێت ئەوهای بە سەر دێت.

– مەستوورە چی بەسەرهاتووە؟

یەک بە دەنگی خۆم هاوارم کرد، ئەوانی دیش بە هاوارەوە ئەو پرسیارەیان لە ئایشەگوڵ کرد

.. هاوار مەکەن، لە قەندیلێ هیچ شتێک بە هاوارکردن نە چاک دەبێت نە خراپ، قسان مەکەن دەنا قسە ناکەم، دەنا باسی پیاوی ئەسحابەکوژو خارە خولە ناکەم

– وس بن کاکە وس بن، قسەی گرنگی پێیە

هەموومان دەلەرزین، لەسەر ئاو و ئاگر بووین، متەقمان لە خۆمان بڕی، من خەوم دەهات لە ترسان

.. دەڕۆم، سەرێک لە کوڕ و کچەکانی دیشم دەدەم دوور نین لە پشت ئەو بەرزاییەن، دەبێت زووش بگەمەوە ماڵ و حەفتاوحەفت شیر بگرمەوە، حەفتاوحەفت ساوای دایک و باوک ئەنفالکراوم بە دزیی چاوی ئەنفالەوە لە دەوروبەری تۆبزاوە هەڵگرتووەتەوە، دوعا بکەن کەس ڕێی بەو تۆبزاوەیە نەکەوێت، تۆبزاوە دەروازەیەکە بە سەر دۆزەخەوە، لەوێوە گەشتی ڕاستەقینەی ئەنفال دەست پێ دەکات، ئەوەی من دیتم لەوێ کەس نەیبینێت، ئۆی خودایە! ئەو ئەنفالە ببینم ئەنفال بکرێت، من ئەو ساوایانەم لەوێ هەڵگرتووەتەوە، دەبێت جوان بەخێویان بکەم، ئازایانە گەورەیان بکەم، بۆ ئەوەی وەک ئێوە بێنە قەندیل و بەرگی پیرۆزیی لەبەربکەن و تۆڵە لە ئەنفالی قوون ڕەش بکەنەوە.... بە قسەی دایکی خۆتان دەکەن لێرە بن و قەندیل چۆل مەکەن، هەتا ئەو حەفتاوحەفت قارەمانە گچکەلەیە پێدەگەیەنم، قەندیل چۆل مەکەن،





حەفتاوحەفت قارەمان لە کچ و کوڕ، کە ئەوان هاتنە ئێرە ئەوجا ئەنگۆ کەیفی خۆتانە دەچنە کێندەرێ، بەس بزانن ئەنگۆ لە هیچ جێگەیەک عانەیەکی ناکەن.... ئێ دێنەوە چ دەکەن، دەبنە مجێوری چ ئەسحابەیەک، ئەوە ڕەسووی ئەسحابەکوژ لۆ خۆی لەسەر ئەو بەردەی کە پەڕۆکێکی کەسکی پێوە بوو، دەیانگۆت وەختی خۆی بە دەستی خۆیشی ئەو ئەسحابەی لە بن ئەو بەردە نایە، ئێستا وا بۆ خۆی بۆتە مجێور، خزمەتی مەزاری ئەسحابەی فەقیر دەکات، باشە ئەنگۆ دەبنە مجێوری چ ئەسحابەیەک؟ ئێ کچە تاقانەکەی دایکی، دەتەوێت ئەتووش وەک مەستوورە لێ بکەن، بە شەش ژن بتگۆڕنەوە، بتدەنە مەلایەکی ئەو سەری دنیایێ. کا ئەتوو حەفت برات هەیە ژن لۆ شەشیان بکەیت؟ مەستوورە گوناحە کچەکەم، مەستوورە گوناحە، لە ڕێگەی نازانم کێندەرێ، کەوتە کەمینی براکانییەوە، گرتیان و بە زۆر دایانە مەلایەک کە حەفت کچی عازەبی هەبوو، مەلا، مەستوورەی لە ژوورێ بەند کردووە، دەنا هەتا ئێستا دەگەیشتەوە ئێرە، دەڵێن بابە تایەری برای بە دزییەوە ئیشی لۆ دەکات ڕزگاری بکات، بەس نازانم دەگاتە کوێ!.. دە باشە کوڕەکانم من دەبێت بگەمەوە حەفتاوحەفت قارەمان و شیریان بۆ بگرمەوە...

– ئەدی خەبەری خارە خولە نازانی؟

نازانم، چی لە بارەیەوە نازانم، من ڕۆیشتم، دێمەوە، ئاگاتان لە خۆتان بێت، نەکەن خۆ بە دەستەوە بدەن، نا، من چ هەواڵی تەواوی ئەو نازانم، قسە زۆرە هەر کەسێک قسەیەک دەکات، نا، من چ هەواڵی ئەو نازانم..... ئا دەڵێن پیاوێک لە کونەگورگ لە تەنیشت ماڵی خۆیان لاتە عەردێکی دابڕیوە، توور و پیازی لێی چاندووە، لە سبەینێ هەتا ئێوارێ خەریکی ئاودان و بژارکردنی توور و پیازە، ئەگەر ئەنگۆش حەز دەکەن توور و پیاز بچێنن، وەرنەوە، وەکو ئەو پیاوە بکەن، بە قسەی خەڵکی، قسەی من نەبێت بە چاوی خۆم نەمدیتووە، بەس خەڵک زۆر وادەڵێن، وەکو گۆتم من بە چاوی خۆم نەمدیتووە، بەس ئەوجارە بچمەوە بە تەواوی پێدەکەوم بزانم وایە ئەو پیاوەی خەریکی توور و پیاز چاندنە، خارە خولەیە!

ئایشەگوڵی بێ ڕەنگ دەنگیشی نەما، ڕۆیشت، ئاودیو بوو، لە ئاودیوبووندا، تۆپێکی هاوێشتە قەندیلێ زرم بە ناوەندی ئێمە کەوتەوە، بە چاوی خۆم دیتم بووە

حەفت پارچەی تیژ، تیژتر لە شمشێری ئەنفال، هەریەکەی پارچەیەکمان گرتەوە، لەبەر چاوم نییە ئەوان چۆن چۆنیان گرتەوە، بەڵام ئەگەر گرتنەوەکەیان بە وێنەی گرتنەوەکەی من بێت، دڵنیام مێژووی جەنگاوەر لێرەوە کۆتایی دێت، ئا جەنگاوەر لەوانەوە لە منەوە کۆتایی دێت، نا نابێت گرتنەوەی من ڕێک گرتنەوەی ئەوان بێت، من بە ئاستەم گوێم لە برادەرەکەی گیڤارا بوو، دەیگوت:

نا، وا نییە، بڕوا ناکەم، ئەگەر واش بێت، من قەندیل چۆڵ ناکەم، نا چۆڵی ناکەم...

نازانم قسەی ئەوانی دی چی بوو، من گوێم، لێیان نەبوو... ئایشەگوڵ تۆپی خۆی هاویشت و ڕۆیشت، هەموو ئەو تۆپانەی لە چوار ئالی دنیاوە هاتن و بە قەندیل کەوتن، هەموو ئەو تۆپانەی یەک یەک پێش کەوتن و دوای کەوتن دەنگیان دەهاتە گوێی من، هەموو ئەو تۆپانەی کەوتنەوەیان وا لە چاوی منە، بە قەت تۆپەکەی ئایشەگوڵ لە مندا دەنگیان نەدایەوە، نازانم ئەوان... من ئەوەم لە بیرە، لۆژە لۆژ چووینەوە ژوورەکەی ئایشەگوڵ، دەبینم زریان لە ناو زریاندا هەڵدەکات و زریان و زریان تێک هەڵدەقژێن، من شەڕی زریان و زریانم دیت، گوێم لێیە لە ئاسمانێ شت بە شت دەکەوێت، بەوە دەچێت لە ئاسمان، لەسەر سەری ئێمە کەپکە شاخ کەرت بن و بە یەکتر بکەونەوە، شەڕ کەوتووەتە ئاسمانێ، شەڕ گەرمە لە ئاسمانێ، نازانم لەو ئاسمانی قەندیلە چ بە چ دەکەوێت! نازانم شەڕ لە نێوانی کێ و کێیە! کاتی پرسیارکردنیش بەسەرچوو.. نازانم نە چاوم ڕەنگ تێکەڵ و پێکەڵ دەکات، نە ڕەنگێکی تازە هاتووەتە قەندیلێ، هاتووەتە دنیایێ، ڕەنگێک قەندیل قەت و قەت ڕەنگی ئەوهای بە خۆیەوە نەدیتووە، منیش یەکەم جارمە ئەو ڕەنگە ببینم، ڕەنگێکە جیا لە هەموو ڕەنگەکانی دی، ڕەنگێکە لە هیچ ڕەنگێکەوە نەهاتووە، هەرچی ڕەنگێک تێکەڵی ئێکدی بکەیت، ئەو ڕەنگەی من دیتم، دەرناچێت، گۆتم هەبێت و نەبێت ئەو ڕەنگە ڕەنگی مردنە، نا نابێت هەو بێت، من لە نزیکەوەو زۆر بە ڕوونی ڕەنگی مردنم دیتووە، چ ئەوها نەبووە، نا ئەو ڕەنگە ڕەنگی مردن نییە... وەک زریان بە ناو یەکدیدا دێن و دەچین، هەموو سەراسیمە، هەموو شڵەژاو، هەموو هەڵلەرزیو.. ئیمامەی پساوە لە هەمووان پتر شڵەژاوی پێوە دیار بوو، نا ڕەنگە من لەویش شڵەژاوتر







بووبم، بەڵام ئەوم دەدیت خۆم لێ دیار نەبوو، گوێم لێبوو، پیاوە داغستانییەکە بە لەرزینەوە کە دەتگوت درەختی ناو زریانە دەلەرزێت لە ئاسمانی خوڕی:

بەسە، بەسە، وا نابێت، دوو غەزەب نابێت، یان غەزەبی خۆت، یان غەزەبی بەشەر، یەکیان بە لایەکی دی ببە، بۆ وا دەکەیت، کێت کەوتووەتە بەردەست!

خوداوەند ئەو جارەش گوێی نەدایە پیاوە داغستانییەکە.. چاوم چووە سەر ئاگرەکە، دیتم بەرەو کزی دەچوو، ویستم بە کۆلکەدارێک گەشی بکەمەوە، نەمکرد، دەستم هیچی نەدەگرت، گوێم لە پۆڵا بوو:

بەس ئاگرەکە نەکوژێتەوە، چ دەبێت با ببێت..

هەندێ وێنەی ژوورەکەم، وێنەی ساتەکانی دوایی، تا ئێستاش جاروبار خۆ نیشانی چاوم دەدەن، ئەوەتا فاتیمە دوو کۆڵەپشتی هەڵگرتووە، ئەوەی لە ماڵی ئایشەگوڵی دیتەوە، بە سینگی خۆیەوە ناوە، برادەرەکەی گیڤارا تفەنگەکەی خاوێن دەکاتەوە، من شمشاڵەکەم توند بە دەستمەوە گرتووە، ئێستا نۆرەی شمشاڵە، دەبێت فووی پێدا بکەم، فوویێ بگاتە ئەوسەری دنیا، فوویێ بگاتە گوێی خارە خولە و بمگاتێ، دەبێت شمشاڵ بژەنم.. چەندی بیر دەکەمەوە، بە بیرم نایەتەوە بۆ شمشاڵم نەژەند، دەبوایە بمژەندایە، بۆ نەمژەند!! دێتەوە بیرم وا بە خێرایی خۆمان خڕ دەکەینەوە، ئیمامەی پساوە قسان دەکات من تێی ناگەم، پیاوە داغستانییەکە لە بەر خۆوە:

چەندی گۆتم کوڕە با زوو لێرە بڕۆین.....

پۆڵا دەڵێت:

باشترە بەو لایەدا بڕۆین..

سەردەستەی مراوی شیعرە پەرتبووەکانی خڕدەکاتەوە.... تۆپەکان سات دوای سات زۆرتر و نزیکتر دەکەونەوە، دێتە بیرم وەک خەون دێتە بیرم، برادەرەکەی گیڤارا بە پۆڵای گۆت:

نا ئەو لا باش نییە، با بەو لایەدا بڕۆین..

پۆڵا ملی نەدا، سوور بوو لەسەر ئەوەی کە ئەو لا باشترە، برادەرەکەی گیڤاراش

لە قسەی خۆی نەدەهاتە خوارێ، دەزانم بە لایەکدا ڕۆیشتین، بەس نایەتە بیرم لای کامیان بوو، نازانم قسەی کامیان بە سەرکەوت، تا ئێستاش ئەو ئاوڕدانەوەی خۆمم لە چاوم پاراستووە، ئاوڕدانەوەیەک کە دایکیشم بەجێ هێشت ئەوها ئاوڕم لێی نەدایەوە، زەردەشتییانە ئاوڕم لە ماڵی شەیتان و ماڵی ئایشەگوڵ دایەوە... پێش دوا پسانەوە چی وام لە بیر نییە، کە نیوەی دوا زرمەم گوێ لێ بوو، بەس یەک وێنەم لە چاو ماوە، پۆلاو فاتیمە توند یەکتریان لە باوەش گرتبوو، نەمزانی بە کام لادا غلۆر بوونەوە... چیدیم نەدی، وا بزانم لە دەنگی برادەرەکەی گیڤاراوە، گوێم لە «نامرێ ناو و نیشانتان..» بوو، ئەوەش دەنگی پیاوە داغستانییەکەیە: «وا هاتن پێشمەرگێت مە..» گوێم لە چیدی نەبوو، با نازانم کام لە شەش جەنگاوەرەکە بوو، بە دەنگێک، دەنگێکی نووساو: «رادیۆ بە قسە هات» فریای ڕادیۆ نەکەوتم.. ئا بیرمە نهێنیی شەویش ئایشەگوڵ بوو..





ئەوەتا پیاوێ شمشاڵ دەژەنێ، پیاوێ جگە لە سەر و ڕیش، سەراپا ڕەش، شمشاڵ دەژەنێ، کێ دەبینێ، کێ دەبیستێ! پیاوێ بەو جێگەیەوە نووساوە و شمشاڵ دەژەنێ، پیاوێ لە تووڕەبووندا، لە پەنجەکانییەوە زریان هەڵدەکات، پیاوێ لە هێوربوونەوەدا، لە هەناسەیەوە بارینێ نەرم نەرم دەبارێ، پیاوێ بە سیمایەوە نە گریان دەڕژێ نە پێکەنین... بێ پسانەوە شمشاڵ دەژەنێ، پیاوێ هەموو ساتەکانی بێ شمشاڵی لە ژەنینێکدا بە شمشاڵ دەکاتەوە.. شمشاڵ سەرهاتی پیاوێ دەگێڕێتەوە... پیاوێ خۆی نازانێ لە کوێ کەوتووەتەوە، لە ناو ئاودا ملەقوتێ دەکات یان لە وشکانی هەڵتووتکاوە، پیاوێ نازانێ لە کوێ کەوتووەتەوە، لە بن عەرد داکوتراوە یان بە ئاسمانەوە هەڵواسراوە..

ئەو جەنگاوەرانە چییان بە سەرهات؟ بۆ کوێ هەڵدران؟ کەسێ هەیە وەڵام بداتەوە! من چ لە بارەیانەوە نازانم، نێوان ئێرە و ئەوێ، چ ڕێگەی نییە، پێی ناکەومەوە، لەو ڕێگەیە نە وێنەیەکی دیتنم بەجێ هێشتووە، نە دەنگێکیش لە بیستنم، من بە دنیایەک پرسیاریش بەو قەندیلە نەکەوتمەوە، ئەو قەندیلەی خۆمم تێدا بزر کرد و برادەرەکانم نابینمەوە، فاتیمە نابینمەوە، ئای پێڵاوە جوانەکانم بە پێیەکانەوە لە کوێ کەوتنەوە؟ ماندوو بووم.. نازانم ئێرە کەوتووەتە کوێی قەندیلەوە، قەندیل کەوتووەتە کوێی ئێرەوە!! ئەدی کونەکان! نازانم ئێرە کام دیوی حەمرینە، ئێرە کوێی دنیایە! ماڵی ئایشەگوڵ لە کام لایە! هێندە دەزانم بە دیار دەرگایەکەوە دانیشتووم، دانیشتن نییە، وەک بڵێی پێوەنووسانە بە جێگەیەکەوە، ئێرە جێگەی پیاوێکە نازانێت لە کەیەوە جەنگاوەرە، لە کەیەوە لە جەنگاوەری ڕووت ڕووت بۆتەوە، پیاوێکە بەشمشاڵ یادەوەریی خۆی دەنووسێتەوە، پیاوێکە شەش پارچە کاغەزی پێچراوەی لە بن چۆکی داناوە، ناوێرێت بیانخوێنێتەوە، پیاوێکە لە هەزار و یەک پرسیار کەس وەڵامی پرسیارێکی نەداتەوە، پیاوێکە بە ژمار سەد و یەک جار پساوەتەوە، ئیدی جێگەیەک نەمایەوە بۆ پسانەوە، پیاوێکە سەر و ڕیش سپی سپی، سپی وەک قەندیلی یاد،

پیاوێکە نە خۆی دەزانێت تەمەنی چەندە نە کەس، پیاوێکە لە سەردەمێک شمشاڵ دەژەنێ، پێ ناچێت سەردەمی شمشاڵ بێت، پیاوێکە نە کەس دەناسێت، نە کەس دەیناسێت، پیاوێکە جگە لە چاوەڕوانی کەس ناناسێت، پیاوێکە چاوەڕوانیی دنیا دەکات لەو دەرگایەوە خۆی نیشانی بدات، چاوم لە دەرگایە، دەرگایەک دیار نییە بە سەر کوێدا کراوەتەوە، بە سەر کوێدا دەڕوانێت، چ دنیایەکی چۆڵەوانییە، نە جەنگاوەرێ دیارە، نە دۆستێ، نە ناسیاوێ، چاوم لە دەرگا نابێتەوە، لێوم لە شمشاڵ نابێتەوە، پەنجەم لە شمشاڵ ناپسێتەوە، ڕەنگە سەردەمی بەتاڵبوونەوەی شمشاڵ گەیشتبێت، من هەر شمشاڵ دەژەنم و چاوم لە دەرگایە، کەس نەهات و چاوم هەر لە دەرگایە، دڵم دەڵێت: لێو با بە شمشاڵەوە بێت، پەنجە با بە شمشاڵەوە بێت، برژانگ با پەرژینی دەرگا بێت، کەسێک وا بە ڕێوەیە، دڵم دەڵێت: ئێستا نا ئێستا شۆخە کچێکی کەڵەگەتی کەمەر باریکی شمشاڵی، پیاڵەیەک چای بە دەستەوەیە، بە شەرمەوە، بە خەندەیەکی ناسکەوە، پیاڵەکە لە پێشم دادەدنێ و خۆی لە ئامێزم داوێ و دەڵێ:

ئەوەتە ماڵمان، ئەو چایە دایکم بۆی تێ کردی، نامناسیتەوە من تریفەم!